# سیمیا لەشانۆدا

سەڵاح جەلال عەبدوڵا

گۆڤاری تیپی شانۆی سالار
2009
خاوه نی ئیمتیاز ئه حمه د سالار
سه رنووسه ر ئه رسه لان ده روێش
بەرێوه بەری هونه ری رێبوار ئه وره حمان
بەرێوه بەری کارگێڕی ئاشتی عوسمان دانش
چاپ چاپخانه ی کارۆ

**ناوی کتێب: سیمیا لەشانۆدا.. بەرەو دامەزراندنی شانۆی کوردی**

**نووسینی: سەڵاح جەلال**

**بابەت: لیکۆڵینەوە**

**چاپی: یەکەم**

**چاپخانە ی: کارۆ**

**تیراژ: 1000 دانە**

**ژمارە ی سپاردن: 1850 ساڵی 2009 ی وە زارە تی رۆشنبیری**

ناوە رۆك

پێشەكی............................................................ 5
ئاركیۆلۆژیای شانۆی كوردی........................................... 7
سۆسیۆلۆژیای گوتارە جیاكارە كان...................................... 36
فەزای شانۆ........................................................... 61
سیمیا ی شانۆو دراما.................................................. 91
خوێندنەوەی جە ستەلەبونیادی شانۆدا............................... 10

**ڤاتی بێشانۆ**

**ڤاتی بێکلتورە**

**نیوەنـــدی رۆشـــنبیریمان، نێوەندیکـــە کـــەخۆی لەســـەر پایـــەو پەیوەندییـــە خودیـــو کۆمەڵایەتییـــەکانو میزاجیـــی تاکەکـــەس راگرتـــووە، هەربۆیـــە حوکمـــەکانی ئـــەم نێوەنـــدە تاڕادەیـــەکی زۆر نـــا ئـــەقڵانیو نادروســـت دەیبـــات بـــەڕێووە، چـــونکە حوکمـــەکانی لەســـەر ســـپیی یـــان رەش، خـــراپ یـــان بـــاش بینادەکـــات، پەیوەندییـــەکانی خـــۆی دەپـــارێزێتو دەهێڵێتـــەوە، بـــەکورتی واتـــە دوالیزمێکـــی نێگەتیڤ دەیبات ئاراستەی دەکاتو دەیبات بەڕێووە.**

**هەرئەمەشـــە وایکـــردووە، کەچـــەندین رۆشـــنبیریو نوســـەری وەك(ســـەلاح جـــەلال)لـــەبیر بکرێتـــو لەنێوەندەکـــەدا نەخوێندرێتـــەوە. بۆیـــە کاتێـــك لەنێوەندێکـــــدا پەیوەندییـــــە تاکەکەســـــیو کۆمەڵایەتیـــــەکان پـــــێش پەیوەندییـــەکانی رۆشـــنبیرییو بەرهـــەم بەهەنـــد وەربگیرێـــت، ئـــەوا بڕیارەکـــانی ئەونێوەنـــدە بڕیارێـــك دەبێـــت هـــەموو پێوانـــە رۆشـــنبیرییەکان ئاڤـــەرۆز دەکـــاتو هەڵدەوەشێنێتەوە.**

**ســـەلاح جـــەلال خـــاوەنی ئـــەو قەڵەمـــە زیندووەیـــە، کـــە زۆرجـــار لەنێوەنـــدی رۆشـــنبیری عێراقیـــدا جێگـــەی گرنگـــی پێـــدان بـــووەو ئـــاوڕی لێدراوەتـــەوە، بـــەڵام بەداخـــەوە هەمیشـــە لەنێوەنـــدی رۆشـــنبیری کوردیـــدا وەك رۆشـــنبیرێکی پـــەراوێزخراو نـــەخوێنراوەو فەرامۆشـــکراو تەماشـــاکراوە .جـــا ئـــەم هەوڵـــەی گۆڤـــاری شـــانۆ بـــۆ بەچـــاپگەیاندنی ئـــەم بەرهەمـــە متمانـــە بەخشـــینێتی بـــەم نوسەرە پڕخولیاو تورەیە.**

ئـەم نوسـەرە ئـارتۆ ئاسـایە، تورەیـە لەنێوەنـدە کلتورییەکـەی خـۆی کـە تێیـدا دەژی. یاخییـەکی سەرکەشـەو خـاوەن قەڵـەمێکی بەبڕشـتە لـەبوارەکانی رۆمـانو شـیعرو تێکسـتو رەخنـەی شـانۆیدا، چـەند بەرهەمێکیشـی لـەو بوارانـەدا بڵاوکردۆتـەوە، کەئەمـەش نیشـانەی باڵادەسـتی ئـەم نوسـەرە یاخیەمان بۆ دەردەخات .

سـەلاح لـەم کتێبەشـیدا (سـیمیا لەشـانۆدا) هەوڵـدەدات سـیمیا وەك چـەمکێکی هـەڵکۆڵینو گـەڕان بـەدوای بنـەما مەعریفیەکانـدا پێناسـە بکـاتو ئامـاژە بـەوە بـدات کـە شـانۆی کـوردی خـاوەنی شـوێنەواری مێـژوویيو دێرینـە نییـە. هەربۆیـە شـانۆ وەك هونـەرێکی بێبـاوانو خواسـتراو لـەنێو کلتـوری کوردیـدا نـاوزەد دەکـات. هـەروەها پێشـیوایە هەوڵـەکانی شـانۆی کـوردی لەئاسـت شـانۆی جیهانیـدا وەك منالێکـە تـازە گڕوگـاڵ دەکـات. لەمەشـدا توێـژەر بـاس لەچـۆنییەتی بەرهـەم نـەهێنانی مەعریفـە بەگشـتیو شـانۆ بەتایبـەتی دەکـاتو دەیبەسـێتەوە بـە فاکتـەری شـوێنکاتو پەیوەندییـە کۆمەڵایـەتیو ئـابووریو سیاسـیو مێژووییەکانـەوە. هەرلێرەشـەوە دەیـەوێت جڤاتی کوردی بخوێنێتەوە لەبەرهەم نەهێنانی شانۆ لەمێژوی دوورماندا.

هـەروەها نوسـەرلەکتێبەکەیدا بـاس لەبەرهەمـەێنانی جۆرێـك هۆشـیاریی دەکـات، کـە خـودێکی رۆشـنبیر لەپەیوەندییـەکانی ئێسـتاو داهاتویـدا پـرۆژەی گـەورە بەرهـەم دەهێنێـت. دیـارە ئـەو پرۆژەیـەش شـانۆ وەك کەلـەپورێکی دۆگمـاو نـەگۆڕ ناهێڵێتـەوە، بـەڵکو وەك زمـانو میتـا زمـانو کـەلتور دەیناسـێنێت. لـەپاڵ ئەمانەشـدا توێـژەر ئامـاژە بەهـەژاری خوێندنـەوەو رەخنـەی شـانۆییمان دەکـاتو پێیوایـە لەتوانایـدا نـەبووە کـەدەقو سـەرجەم پێکهاتـەکانی نمـایش بـدوێنێتو لێـك بونیادیـان بکـاتو بیانخاتـە

بەرپرسیاروگوتارگەلی جیاوازیان لێ بەرهەمبهێنێت. نوسەر جگە لەوەی کە شانۆ بە گوتارێکی ئیستاتیکیو مەعریفی لەقەڵەم دەدات، هەروەها وەك بونیادێکی سیمۆلۆژیش دەیناسێنێت. هەربۆیە بەشێکی کتێبەکەی تەرخانکردوە بۆ خوێندنەوەی جەستە لەفەزای شانۆدا، جەستە وەك زمانوکلتور، وەك تێکستێکی رامنەکراوی زیندوو دەناسێنێت .هەربۆیە ئەم گوتەزا گرنگەی (دریدا) دەهێنێتەوە کە دەڵێت:

(ئەوەی دەبارەی جەستە دەیلێین، هەرئەو شتەیە کەلەبارەی شانۆ دەیلێین).

بەکورتیو پوختی جڤاتی بێشانۆ، جڤاتی بێکەلتورە.

هەروەها ئەم نوسەرە گرنگییەکی بێوێنەی بە چەمکەکانی زمانو دەلالەتەکانی زمان داوە لەچنینی تێکستە شیعریو شانۆییو رۆمانەکانیدا، دیارە هەر ئەم زمانە ئاڵۆزو گرانەشی لە توێژینەوەو بەرهەمە رەخنەییەکانیشدا رەنگی داوەتەوە. بۆیە پێش خوێنەری ئەم کتێبە دەکەومو دەڵێم: دەبێت ئەم کتێبە بەهێمنییەکی تەواوو بێ پەلەکردن بخوێنرێتەوە.

گرنگی ئەم کتێبەش لەوەدایە کە دانەر کۆمەڵێك باسوخواس دەوڵەمەند بەتێرمو چەمکی نوێ پێشکەش دەکات، وەك (ئارکۆلۆژیای شانۆی کوردی، سۆسیۆلۆژیای گوتارە جیاوازەکان، خوێندنەوەی جەستە لەبونیادی شانۆدا، سیمۆلۆژیا لەشانۆدا ..هتد). کەلەراستیدا بەکاربردنی چەمکە نوێکانو ناساندنی ئەو تیۆرو میتۆدە رەخنەیانەی، کەسالآنی نەوەتەکان تاڕادەیەك بەشانۆکاری کورد نامۆبوون، (سەلاح) پێی ئاشنا کردین.

بورهان قەرەداخی

سلێمانی 2009

## ئاركيۆلۆژياى شانۆى كوردى

ئەگەر بەوردى گەڕانێك بكەين لەكلتوردا ئەوا توشى سەرسامى دەبين.. تا ئێستاش لەسەر ئاستى فەلسەفەو زانستەكان نەگەيشتۆتە زەمەنى سەرەتايى.. ئەمەش بەرەو كۆمەڵێك چەمكو بۆنيادى گرنگ دەمانبات كەڕاستەوخۆ بە قولاّيى ئەو هۆكارانەدا شۆڕ دەبينەوە كە بۆ هۆكارى نەبونو دامەزراندنى شانۆى كوردى دەبنە بەردى بناغەى، بەمەش دەكەوينە نێو پرسيارى سەرسورهێنەرەوە.. كام مێژوە بخوێنينەوە.. ؟ زانستەكان يان ئەدەبو هونەر؟ لەم گەڕانەشدا بەرەو دۆزينەوەى چەمكو شوێنەوارى سەرەتاييو ڕوانينى نوێ لەبەرامبەر ژيانى ئێستادا، ميكانيزمى هونەرو مێژو كەلەپورو شوێنەوارو پەيوەندى كەسێتى كۆمەڵ بە هونەرو خاڵى سەرەتاييو گريمانەو زەمينەى لەبارى هونەريو پەيوەندى تاكو كۆمەڵو پەيوەنديان بەداستانو ئەفسانەى ژيانو كاركردنو پەيوەنديو دۆزينەوەى

ئەمانــە لــەڕوانینو کــارکردنی بنچــینەیی ئێســتاداو چــۆنیەتی پانتــایی کۆمــەڵو ئاستە مەعریفیەکانی.

ئــەم گەڕانـــەمان لـــەناو پانتـــایی مەعریفـــەی ســـەرەتا بـــەرەو گـــەڕان بـــۆ مەعریفـەی زانسـتی توشـی گومانمـان دەکـات، چـونکە گـەڕانی ئێمـە پرسـیارە بـــۆ دۆزینـــەوەو پەیوەنـــدیو مێـــژوی زانســـتەکانو ئـــەدەبو هونـــەر کـــە دەبنـــە پێکهاتــەی هونــەری شــانۆ.. بــۆ بنچــینەو بناغــەو پێکهاتــەی شــانۆو هۆکــارو بونیاتنـــــانی لـــــەمیکانیزمی ئێســـــتادا، ئەمـــــەش زۆر قورســـــەو لێـــــرەدا ئارکیۆلۆژیامــان وەك ئــەو گەڕانــە وەرگرتــوە.. چــونکە خوێندنــەوەی ئێمــە لــەم روەوە ترســـناکە لەکاتێکـــدا هیچـــمان لەزانســـتەکاندا نیـــە.. لێـــرەدا بـــۆ دۆزینـــەوەو دروســـت بـــونی جـــەدەل لەســـەر شـــانۆی کـــوردی ئـــەم چـــەمکەمان وەرگرتــوە.. چــونکە تــا ئــەم ســاتەو تێپــەڕبونی بیســتوپێنج چــەرخ بەســەر شــانۆی جیهانیـدا هەوڵـەکانی وەکـو منـداڵێك وایـە تـازە گڕوگـاڵ بکـات، لێـرەوە بـەرەو ســـاغکردنەوەی چـــەمکەکانو شـــۆڕبونەوەی هەڵکۆڵینـــەکانی مـــەعریفی، کـــە پێناســەی تــەواوی کارکردنمــان بــداتێ.. چــونکە ئــەو خوێندنەوەیــە هــەتا ئێســتا لەشــانۆی کوردیــدا هــیچ هــەوڵێکی بــۆ نــەدراوە، ئایــا بۆچــی شــانۆی کــوردی نــەیتوانیوە پێکهاتــەی دامەزرانــدنی خــۆی بکــات لــەروی پراکتیکــو تیئــورەوە.. ؟ کامەیــە ئــەو ڕۆڵــە تیئوریــو مەعریفیــەی کــە کــاری لەســەر کــردوەو دەیــەوێت لەســەری دابمــەزرێت.؟ تــا ئێســتا تــەنیا ئــەو وەرگرتنەیــە کــە وەریگرتــوەو هیچــی تــر.. ئەوەشـــی کـــە ئـــەم جیاکاریـــە دەکـــات داهێنانـــە ئەمـــەش پرســـیارێکی سەرسورهێنەرە.

بۆدامەزراندنو بناغە دارِشتنی ئەم شانۆیە پێویستمان بەگەڕان هەیە، بەدوای بنەمای مێژوییو کەلەپورو هەلکۆلینی مەعریفیدا، هەتا شوێنەوارە مێژوییو دێرینەکان بدۆزینەوە.

لەم گۆشەنیگایەشەوە شانۆی کوردی لەسەر هەردو بناغە سەرەکییەکە، حەفریاتەکانی مەعریفیو ئێستاو هاوکێشەبونو کارکردنیان لەسەر بناغەیەکی پەیوەندی کاری بۆ دامەزراندنی شانۆی کوردی، ئەو زەمینەیە بەرەو سەرەتای مێژوی کوردو پانتاییەکانی ترمان دەبات ئایا چیمان هەیە؟ کامەیە بناغە تیئوریو چەمکە مەعریفیەکانی.. هتد.

ئارکۆلۆژیا چەمکێکە هەولێ هەلکۆلینە لەشتێك، بۆ جیاکاری وشەو مادەکان، بەو واتایەی ئەو هەلکۆلینەی جێ هێشتبێو ئەوەی لایەتی بماندات چونکە بەواتای(علم أپار المعرفە) دێت، واتا (زانستی شوێنەواری مەعریفی)بریتییە لەگەڕان بەدوای بنەما بنەڕەتییەکانی مەعریفیدا.. هەولدانی بەرهەمهێنانی شتی نوێیە. لێرەدا هەمو ئەبستیمێك، هەمو دابرِانێکی مەعریفی هەلگری سیستەمی مەعریفی تایبەتە(نڤام المعرفی) یاخود گیانی گوتارێکی تایبەتی هەیە.ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئارکیۆلۆژیا بکەوێتە شی کردنەوەی واقیع.. بەلکو ئەو خوێندنەوەی بۆ بەلگەنامەکانو بەلگەنامەکانی ترە:

(مێژو چۆنایەتیەکە لەچۆنایەتیەکان کە کۆمەلگایەکی تیا بەدیدەهێنێت، کۆمەلگای بەلگەکان کەلێی جیا نابێتەوە.1 )

هەولدانی ئەو بۆ دوبارە بونەوەی پەیوەندیە لەگەل مێژوی ڕاستەقینەدا.. چونکە تاکە مێتۆدێك کە جیاکاری گوتارەکان ڕزگار بکاتو ڕێکیان بخات ئارکیۆلۆژیایە، کەلەسەر ئاستێکی مێژوییو ئەنتەربۆلۆژیو ئەبستمۆلۆژی

ئەمــــە مەنهەجیـــەتی، بـــەم جـــۆرە گــــەڕانمان بـــەدوای بنــــەماو بونیـــادە مەعریفیـــەکانی مێـــژوی کـــورد بـــۆ دۆزینـــەوەی بنـــەما بنەڕەتیـــەکانو هـــــەڵکۆڵینی مــــــەعریفی بێگومـــــان گومـــــانێکی سەرســـــورهێنەرەو مانـــدوبونێکی زۆری دەوێـــت، چـــونکە ئێمـــە تـــەنیا خۆمـــان دڵنیـــا دەکـــەین لـــەوەی کەزەمـــەنی ســـەرەتایی زانســـتەکانمان نیـــە.. بـــەڵکو هەوڵـــدەدەین بـــەرەو خوێندنـــەوە بچـــین بـــۆ ئامادەکـــاری.. ئاشـــکرایە زۆربـــەی خوێندنـــەوەی ئێمـــە بـــۆ مێـــژو (ڕابـــردو ئێســـتا) ســـاکار بـــوە، چـــونکە مێـــژو (ڕابـــردو ئێســـتاو داهـــاتو)ی هـــەمو نەتەوەیەکـــە، ڕۆشـــنبیری کـــوردیش تـــا ئـــەم ســـاتە لەگێـــژەنگی تراژیـــدیاو مـــەرگی پرســـیارو مەعریفەدایـــە، ئەمـــەش زمانمـــان پێدەکاتـــەوە لـــە(بـــون، مێـــژو، خودو کۆمەڵ، زانستو ئەدەبو هونەرو مەعریفە).

مێـــژوی ئێمـــە لەبەرگـــە کۆنەکەیـــدا خوێندراوەتـــەوە لـــەناو کایـــەکانی مەعریفـــەدا خوێندنـــەوەی نـــەکراوە، پـــڕۆژەی ڕەخنـــە بـــیرورای جیـــاوازی لەســـەر هەیـــە، ئێمـــە ڕابـــردو مێـــژو، ئێســـتا چـــۆن بخوێنینـــەوە؟ کـــە مێـــژو مانـــای لـــەدایك بـــونی کۆمـــەڵگا هـــەڵبگرێت.. پێویســـتە مێـــژو بناســـین، ئەوســـا هـــەڵکۆڵینی بەرهەمـــەکانی مەعریفـــە بکـــەین، چـــونکە کەلـــەپور گوڵدانێکـــە بـــۆ ئێســـتاو ڕابردو:

(هەریـــەك لـــەڕابردو ئێســـتا بـــە بـــەردەوامی تیـــادا دەگونجێـــت لـــەم تێگەیشـــتنەوە دەبنە کرداری بەشێك لەمێژو . 2)

بـــەم پێیـــە گرنگـــە پەیوەندیـــەکان بدۆزرێنـــەوە، دەبـــێ مێـــژو لەپشـــت زەمـــەنی ڕوداوەکانـــەوە ناوەنـــدی مانـــا دابمـــەزرێنێت لەبەرئـــەوەی هێڵێکـــی ئاســـۆییە، لای فۆکـــۆ یـــەك مێـــژو نییـــە، بـــەڵکو چـــەند مێژویـــەك هەیـــە، ئـــەویش مەبەســـتی چـــڕکردنەوەی مێـــژو وە لەیـــەك فاکتـــەردا، ئـــەو بـــە دوای داڕشـــتنەوەی یاســـاکانو

ڕزگــارکردنی جــۆری پەیوەنــدیو دیــاریکردنی ســنوریان دەگــەڕێت، لەســەرو ئەمانــەوە پەیوەنــدی لــەنێوان زنجـیرە جیاوازەکـان بـۆ دانـانی زنجـیرە لـەزنجیرەکان، یـان نەخشـەکان (الجـداول)، چـونکە ڕەخنـەکانی لەمێـژو ئەوەیـە کـە مێـژوی کــۆن بـــە دامەزرانـــدنی (نصـــب)ی ڕابـــردو جێماوەکـــانو بیرکردنـــەوەو یادەوەری(زاکیرە)وەیە دەگۆڕدرێت بۆ بەڵگەنامەکان.

(بــەلاّم ئــەمڕۆ مێــژو ئەوەیــە، کەبەڵگەنامــەکان دەگۆڕێــت بــۆ جێگیربــونی جێماوەکــان، هەنــدێك لەتوخمــەکان نمــایش دەکــات، کەپێویســتە دابــڕێن وەکۆبکرێنــەوە، دەرخســتنیانو پەیوەنــدیانو کۆکردنــەوەیان لەکۆمەڵەکانیانــدا (3.

ڕۆشـنبیری ئێمـە بـۆ مێـژو چـۆن سـەیری بەڵگەنامـەی کـردوە لێـی دابـڕاوین یـا بـەکارمان هێنـاوە بـۆ ئـیش یـان دوری خسـتوینەتەوە لـەواقیع یـان بـەمردویی خوێندومانەتــەوە، یــان نیشــاندانی نــاکۆکیو دۆزینــەوەی میراتــو تــەعبیرکردن بــوە؟، ئەمانــە ئــەو پرســیارانەن کــە دەکــرێن.. بــەم پــیّیــەش لەوێنــەی ڕوداوەکانــەوە ســەیری مێــژو دەکرێــت، ئەحمــەدی خــانی لــەو شۆڕشــە تازەیــەی ســەردەمی خۆیــدا ئێســتا وەکــو ئــەو ســەردەمەی خــۆی دەخوێندرێتــەوە، بەهــەمان کـالاّو زەمــەنو مێـژوی تایبـەتی خۆیـەوە، مــەمو زیـن لەخوێندنـەوەی ئێمــەدا بەعەشــقو شــوێنکاری خــۆی لــەپڕۆژەی شــانۆو ئەدەبــدا تەنانــەت ڕەخنەشـدا ڕەنـگ دەداتــەوە.. جگـە لەمــەش هەوڵـەکانی تـر لـەڕابردوا نوقمـان دەکـات، بـەبێ ئـەوەی هۆشـیاری سـاتەوەختی ئێسـتا بنـو کێشـەکانمان بگرنـە خۆ،

واتــە هــەر لێــرەوە مێــژومان لەبــەرگێکی کۆندایــە لەســەر ئاســتی گوتارەکــان جیاکاریــان نــەکراوە بەئایــدۆلۆژیای خواســتراوو پــیرۆز کــردن پەیوەســتە، لەبــەر

ئــەوەی دەســەڵات نــەیتوانیوە مەعریفەیــەکی ئایــدۆلۆژی لەپشــت بێــت، کــە ئــیتر گــۆڕانی فکــری بەرهــەم نــەهات، ئــەو گۆڕانانــەی نــاو بــبڕێن هــیچ ڕۆڵێکیــان نەگێڕاوە.

(لەڕاســتیدا زۆربــەی لێــك دابڕانــەکان بریتیــە لــەو دابــڕاوە کــە گــۆڕانی تیــۆری بــــەجێیان دەهێنێــــت، کاتێــــك کــــە زانســــتێك دێتــــو جیــــای دەکاتــــەوە لەئایــــدۆلۆژیای ڕابــــردوی ئــــەو ڕابــــردوە بەڕابردویــــەکی ئایــــدۆلۆژی تاوانبــــار دەکات. 4)

لێرەشــدا بــەدوای شــێوازی دەســەڵاتدا دەگــەڕێین، ئایــا ئێمــە لەکامیانــەوە بــۆ ئــەوەیتر چــوین؟ یــاخود پەیوەندیــەکانمان چییە؟ ئەمــەش مشــتومڕی لەلایــەن دڵســۆزانەوە لەســەر کــراوە، ئــەوەی جێگــەی مشــتومڕە هــەمو ئــەو خوێندنەوانــە ڕۆڵــی باشــیان گێــڕاوە بــۆ ئــەوەی پەنجــەرە لەســەر ئــەم بابەتــە ترســناکە بخرێتــە ســەر پشــت، هــۆی ســەرەکیش کەســی تایبــەتمان نــەبوە وەکــو (دۆلــۆزو فۆکــۆ) خــۆی بــۆ ئــەم کێڵگەیــە تــەرخان بکــات، بۆیــە ئێمــەش لێــرەدا تــەنیا بــە گــەڕانمان لەسەر بناغەی شانۆ بەئامانەتەوە لەسەری دەدوێین.

ســەرەتا ئاشــکرایە هــەمو دەســەڵاتێك دەبێــت مەعریفەیــەکی لەپشــت بێــت، چــــونکە مەعریفــــە بەرهەمەێنــــەری دەســــەڵاتە، دەســــەڵاتی ئێمــــە هــــیچ مەعریفەیــەکی زانســتیو ئایــدۆلۆژی لەپشــتەوە نــەبوە، بــەڵکو هــەڵقوڵاوی کۆمــەڵگای کــوردەواری خــۆی بــوە، بــە پاشــخانی ئــەو مەعریفــە گشــتیەی کــە هــەیبوە، ئەمــەش لەلایــەك بــۆ بــەرگری لــەخۆی چــەکی هــەڵگرتوەو ئــەم هۆیــەش کاریگــەری ئــەوەی هــەبوە کــە هــەرگیز خــۆی بــۆ بنیــات نــەنراوە، لــەم ســەردەمەش ئــەو دەســەڵاتەی کــە هەمانــە فۆتــۆی دەســەڵاتەکەی ڕابــردوی بــەر لــەخۆیو جوینــەوەی مەعریفــەی بــاوە، دەســەڵاتی کــوردی دەســەڵاتێك نــەبوە

لەسـەر بنـەماکانی مەعریفـە دامـەزرابێت، لێـرەدا پـۆلێن کـاری دەکرێـت، مەعریفـەی گشـتی لەمەعریفـەی زانسـتی جیـا بکرێتـەوە، چـونکە دەسـەڵات لەسـەر بونیـادی مەعریفەیـەکی زانسـتی یـان ئایـدۆلۆژی بونیـات نـەنراوە.. ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێت کـە دەسـەڵات بـەبێ مەعریفـە بنیـات بنرێـت، وەك هـەمو گـەلانی ڕۆژئـاواو دنیـا دەبێـت ئێمـەش لەمەعریفـەوە بـۆ دەسـەڵات چـوبین ؟ بـەڵام مەعریفـەی ئێمـە مەعریفەیـەکی ناکامڵـەو گشـتیە، چـونکە لـەزۆر بـواری شارسـتانیو ئاکـاری کۆمەڵایـەتی، مێـژو، ئـایین، جوگرافیـا، زمـان، بەشـدارین کـە ئەمانـەش ڕۆڵیـان لەلقـەکانی مەعریفـەدا هەیـە، بـەڵام ئـەو بنەمایـە نـین کـەوەکو ڕۆژئـاوا دەسـەڵاتیان بنیـات نابێـت، لـەدۆلۆزەوە ئەودەرگایە دەکەینەوە:

(بەچـی مانایـەك دەسـەڵات پێشـترە بەسـەر مەعریفـەدا؟ پەیوەندیـەکانی دەسـەڵات پێشـترە بەسـەر پەیوەندیـەکانی مەعریفـە، ئەمـەش بـەوەی پەیوەندیـەکانی مەعریفـە بـێ توانایـە لـەوەی کەشـتێك بلکێنێـت لەشـتەکان، لەکاتێکدا هیچ پەیوەندیەکی چاکتر بۆ دەسەڵات لەئارادا نەبێت. 5)

بـەچ پێوەرێـك بـاس لەدەسـەڵات بکـەین یـان مەعریفـە؟ بێشـك لەمەعریفـەوە بـۆ دەسـەڵات چـوین، ئـەوەی گرنگـە مەعریفـەو دەسـەڵاتی ئێمـە، لـەناو کایـەکانی خۆیانـدا، تـا ئێسـتا ڕون نیـە پەیوەندیـەکانیان چـین؟ دوای ئـەو خوێندنەوەیـە دەسـەڵات واتـای خـۆی وەردەگرێـت چـەمکەکانی مەعریفـەش دەردەکـەون، لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵاتو مەعریفـە پێویسـتیان بـە گـەڕانێکی زۆر هەیـە لـەبواری خۆیانـدا بـۆ ئـەوەی ناسـنامەی هەریەکـەیان لـەبونیادی ئێمەوپەیوەنـدیان بەیەکـەوە دەربخرێـت.. ئەمـەش پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوەی جیاجیـا هەیـە لەحەقلـەکانی مەعریفـەدا، ئـەو ئاڵۆزیـەش کەلـەبواری

ڕەخنەدایــە هۆیــەکی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی پەیوەندیــەکانی ڕابــردوو ئێســتا یــاخود خوێندنــەوەی ئــەو ڕابــردوە لەلایــەن کەســی تایبەتمەنــدەوە لەپانتاییــە جیاجیاکانــدا. چــونکە ئــەو خوێندنــەوەی جــۆراو جــۆرە لەبوارەکانــدا بەگشــتی نــەکراوە، لێرەشــدا پەیوەنــدی مەعریفــەو دەســەڵات دیــاری دەدا لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەمــە دیــارە دەســەڵات مەعریفــەی لەپشــتە، ناکرێــت ئێمــە لەدەســەڵاتەوە بــۆ مەعریفــە چــوبین، ئەگــەر بگەڕێینــەوە بــۆ ســەردەمی دەوڵــەتی ساســانیو شــی بکەینــەوە دەبیــنین ئێمــە بناغەیــەکی گــەورەمان هــەبوە.. بەتایبــەت لــەدو ئــاینی وەکــو زەرادەشــتیو مەســیحیەت.. کــە زۆربــەی پیــاوانی نــاوداری مەســیحی جیهــان بــە هــۆی نــاکۆکی نێوانیانــەوە هاتونەتــە کوردســتانو دوای ئــەوەیش کەدەوڵــەتی ساســانی دوای هــاتنی ڕۆمــی بێــزەنتی روخــا ئــیتر پچــڕان کۆمەڵگــەی کــوردی گرتــەوەو نــەتوانرا ئــەو بنــەما مەعریفیــەی ئــەو ســاتەی لەئاینی زەرادەشتیو مەسیحیەوە گەشەی پێبدرێتو لەدەستیشیدا.

بۆیــەش ئێمــە لەمەعریفــەوە بــۆ دەســەڵات هــاتوین.. بــەڵام دەســەڵاتێکی کــاتیو پچــڕ پچــڕو مەعریفەیــەکی گشــتی کــە توانــای پێگەیشــتنو بــەردەوامی نــەبوە بــەهۆی نــەبونی دەســەڵاتەوە.. بــەم پێــەش مەعریفەیــەکی وامــان نــەبوە بەدرێــژایی مێــژو دەســەڵات بــە مانــای خــۆی دروســت بکــات، مەعریفــەو دەســەڵات هیچیــان نــەیانتوانیوە ئــەوی تــر پێشــبخات.. دەســەڵاتی سیاســی ئێســتاش لەهــەمو ڕویــەکی ســەربازیو ئیــداریو کۆمەڵایــەتیو فیکریــەوە پاشمــاوەی دەســەڵاتەکەی پێشــوەو هــیچ داهێنــانی تیئــوری نــەبوەو ئــەو مەعریفەیــەش کەلەســەری دروســت بــوە لــەوەوە وەرگــیراوە، بــەم پێیــەش دەســەڵات وەرگــیراو(اقتبــاس)لــەزۆر لایەنــەوە، چــونکە عــەقڵی ئێمــە ئایــدۆلۆژیای بــۆ بەرهــەم نــەهاتوە، هەرلەســەر چــەمکی ئایــدۆلۆژیای بــاو بــە

شـــێوەیەکی ناعەقلانیانـــە کـــاری کـــردوە، ئەمـــەش بـــەو مانایـــە نـــا کـــە ئـــیتر قورسـایمان لەمێـژودا نیـە، یـاخود لـەبوارەکانی مەعریفـەدا، بـەلام واتـای ئێمـە لێـرەدا پەیوەنـدی دەسـەلاتو مەعریفەیـە، کـە ئێمـە لەچـیەوە بوچـی چـوین! ئـــەوەی گرنگـــە دەســـەلاتو مەعریفـــە وەکـــو دو دلـــدار عەشـــقیان هەیـــە بـــۆ پێکهێنـــانی خێـــزان، کـــە دەســـەلات دێـــت مەعریفەیـــەك پـــالی پێـــوە دەنێـــت، مەعریفـــە زمانـــە، مێـــژوە، شارســـتانیە، هـــەمو بوارەکـــانی زانـــینی مرۆڤایەتیە،واتا مەعریفە نەبێ، دەسەلات چییە؟

(دروســـتە ئـــەم پەیوەندیانـــەی دوایـــی یـــان لـــەوەی کـــەدەکرێت یـــان کەپەنهانـــە ئەگـەر لکاندنەکـەی تـەواو نـەبوبێت، ئەمـەش کاریگـەریو کـارلێکی ئـالوگۆڕ لـــەنێوان پەیوەندییـــەکانی دەســـەلاتو پەیوەندییـــەکانی مەعریفـــە لەســـەری چەســـپاوە، بـــەلام ئەگـــەر چـــەند پەیوەندیـــەکی ســـەرەتایی هـــەبێت شـــێوەی مەعریفـــە گۆڕاوەکـــان پێکـــدێت لـــەو لکاندنـــەوە، لەســـەرو ئـــەو کەلێنـــەی کـــەجیامان دەکاتـــەوە لەســـەروی نـــەبونی پەیوەندیـــەکان، کەلەنێوانیاندایـــە، نیشـــانەیەکی ناڕاســـتەوخۆی جێکەوتـــە دروســـت دەبێـــت لـــەنێوان شـــێوەکانی مەعریفـە، کـە شـێوەیەکی هاوبـەش ناسـەپێنێت، کـە هـەردوکیان یەکبگرنـەوەو هاوجوت بن بەشێوەیەکی دیاریکراو لەنێوانیاندا. 6 )

دەســـەلاتو مەعریفـــە لـــەبواری ڕۆشـــنبیری ئێمـــەدا کێشـــەیەکی زۆری دەوێـــت، چـونکە جگـە لەچـەند خوێندنەوەیـەکی ئـەم دواییـە خوێندنـەوەی ترمـان نـەبوە بـۆی، لـەم خالەشـەوە دەسـەلاتی کـوردی مەعریفـەی بـۆ بەرهـەم نـەهاتوە لەســـەرەتای مێـــژوەوە تـــا ئێســـتا، مەعریفـــەش جگـــە لەمەعریفـــەی گشـــتی هیچـی ترمـان نـەبوە، کـە زانسـتی بـوبێ هـەتا دەسـەلاتێك لەسـەر بنـەماکانی دابمـەزرێت کـە واتـای خـۆی هـەلبگرێت، عـەقلی کوردیـو مێـژوی سیاسـی

نــەیتوانیوە مەعریفــە بەرهــەم بیهێنێتــو ئەمــەش خــاڵێکی ترســناکە مێــژو هینانــە قســەی ڕابــردو کەســایەتیو جێمــاوەو مــیرات بــوە، ڕابــردو وەکــو خــۆی نوسراوەتەوە وەکو پڕۆژەی مێژونوس:

(مێــژوو لەبەرگــە کۆنەکەیــدا کــە هــەوڵ دەدات جێگیربــونی ڕابــردو جێماوەکــان بکــات بــە بیرەوەریــو گۆڕانیــان بــۆ بەڵگەنامــە، وەهــانی ئــەو جێماوانــە دەدات بــۆ هێنانە قسەیان ئەو جیٚماوانەی کە زۆرجار لاڵن لەبواری خۆیاندا . 7 )

مێــژوی ئێمــە پەیوەنــدی ڕوداوەکــان نــەبوە لەزەمەنــدا نــەکو زنجــیرەی زنجیرەکــان.. خوێندنــەوەی مێــژو وەك خــۆی نــەکو لەپشــت مێــژوەوە لــە(میتــا مێــژو) ڕەخنــەکانی یــان ســفربون بــوە یــان پیرۆزکردنــو نوســینەوەیان.. ئەمــەش کاریگــەری تــەواوی هــەبوە لەســەر گەشەســەندنی دەســەڵاتی ڕەمــزو نیشــانەکان ڕێگــر بــوە لەبــەردەم پەرەســەندنی ئــەو واتایانــەی لــەبواری سیاســیو کۆمەلاّیــەتی بەرهــەم بــێن.. زۆر جــار کەلــەپور بەکەلــەپوری ئــەوروپی پێوانــە دەکرێــت ئــەوەش هەڵەیــە هــەروەکو(محمــد عابــد جــابری)ئــەو ڕەخنەیــە لەعــەقلی عــەرەبی دەگرێــت.. زۆر لەڕەخنــەگرانی ئێمــە بــە گواســتنەوەی نوســینی بیریــاری ڕۆژئــاوا کەوتونەتــە چــاڵی قوڵــەوە، لەســەر کلتــورو ڕابــردو، بــەبێ ئــەوەی جیــاوازی بکــەن، کەلــەپوری ئــەوان پابەنــدی ئــەو هــەمو بــوارە مــەعریفیو فەلســەفیو زانســتیو ئــەدەبیو هونــەریو شارســتانیەی بــەو مێــژوە دورو درێــژەی کــە هەیانــە، ئەمــەش ئــەوە ناگەیــەنێت ســود لەمیتۆدەکــەیان وەرنــەگرین، ئــەم شــێوازە جیــاوازە زۆر جــار بــەم پێودانگــە هێڵــی ســفر بەسەرســەرجەمی مێــژوی ئێمەدا دەهێنرێت هەروەکو بالاّندیە ئەو تێبینیە دەدات:

(پێویســتە ئــەوەمان لــەیاد نەچــێت هــەمو کۆمەڵگایــەك لــەناو خۆیــدا قورســاییەك لــەڕابردو یــان بەواتایــەکی تــر قورســایی ڕابــردو هەڵــدەگرێت:وە

ناتوانێـــت بـــەخاوەن بـــونی ئـــیرادە بـــەجۆرێك هەڵســـو كـــەوت بكـــات كـــە ئـــەم ڕابـــردوە بـــونی نیـــە، وەپێویســـتە لەســـەری كـــە ئێســـتاو داهـــاتوی بەلەبەرچـــاو گرتبێـت، ڕابـردو دروسـت بكـات، وە هـیچ كـات نـاتوانین كـە ئـەم خاڵـە لـەیاد بكەین . 8 )

پێویســـتە خوێندنـــەوەی ڕابـــردو لەســـەر هێڵـــە ئاســـۆییەكان بكرێـــت، كـــە لـــەڕابردودا وێنـــەی ئێســـتامان بـــۆ بكێشـــێت، نـــەكو لـــەودا نوقمـــان بكـــات، چـونكە قورسـایی ڕابـردو هەیـە پێویسـتە هـەوڵی مـادە بـدرێت بـۆ بنیـاتكردنی سیسـتەمێك كـە ڕابـردو وێنـەی تێـدا هەیـە، مێـژوی ئێمـە خوێندراوەتـەوە بـەبێ بەرهـــەم هێنـــانی مـــادی، كـــاری مێـــژوونوس بـــوە بـــەكاری ئـــەدیبو هونەرمەنـــدو تەنانـــەت ڕەخنـــەگر، تـــازەترین بەرهـــەمی مێـــژو دۆزینـــەوەی ڕوداوێـــك بـــوە كـــە بێگانــە شــاردوێتیەوە ئەمــەش مێــژوی پــیرۆز كــردوە، لێــرەدا پێكهــاتنی مێــژو دامەزرانـــدنی ئەنســـرۆپۆلۆژیایە وەكـــو باڵاندیـــە ئامـــاژەی پێـــدەكات، ڕەخنـــەی ئێمـــە تێكـــەڵاوە، بـــا بـــزانین ڕابـــردوی ئێمـــە چـــییە؟ چـــی لـــەواتای خۆیـــدا حەشـــارداوە بماندـــاتێ؟ ئەوســـا ئـــەو ڕابـــردوە بناســـین ئـــەو پەیوەندیانـــەش لەســـەر ئاسـتی ئێسـتا، واتـا پەیوەنـدی ڕابـردو بـە ئێسـتاوە.. ئـەوەی كـە گرنگـە وێنـەی ڕابـــردو لـــەبیناكردنی مـــادەوە ڕەنـــگ هەڵـــدەگرێت پەیوەنـــدی ئـــەو هێڵـــە جیاجیایانـــەی مێـــژو كەپێویســـتە بـــەردەوام بنـــو مانـــای لـــەدایك بـــون لەســـاتی ئێســـتادا دەربخـــەن ئـــەوەش پابەنـــدی ڕابـــردوە.. ڕابردومـــان ئـــەو زنجیرانـــەی تیـــا دانەمـــەزراوە ڕابردویـــەكی لاوازو بـــێ واتـــا بـــوە بۆیـــە ئێســـتا خوێندنـــەوەی قورسە.

لێـرەدا بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ ڕابـردو سـاتێك دابمـەزرێنین، كەلـەدایك بـون بگرێتـە خـــۆ ئـــەویش بـــە گەڕانـــەوەمان بـــۆ بنـــەڕەت (الاصـــل) هـــەتا پەیوەندیـــەكان

بدۆزینــەوە بــزانین لــەکوێوە دەســت پــێ بکــەین لەبنەڕەتــەوە بــۆ ئێســتا، یــاخود پەیوەندیــەکی ئاســۆیی یــاخود ســەردەم؟ چــونکە ئاشــکرایە خــودی بنــەڕەت هەمیشــە هەوڵــدەدات ســەرلەنوێ لــەدایك ببێتــەوە، پەیوەنــدی ڕابــردو ئێســتا پەیوەندیــەکی ئاســۆییە یــاخود گەڕانــەوە بــۆ بنــەڕەت پەیوەندیــەکی جەدەلیــە، کــە دەبێــت لــەدایك بــون بێــت نــەك خــەون.. چــونکە دەبێــت خــودی قســەکەر لــەپاڵاوتنی دەنگــی خــۆی دەســت هــەڵبگرێت، ئەمــەش لای هایدگــەر دەبەســترێتەوە بــە ڕاکردنــی مــرۆڤ، بــۆ ئەمــەش بنەمایــەکی فەلســەفی قــوڵی هەیــە ڕاکردنــی مــرۆڤ لــەخودی خــۆی بــەجیاواز لــەڕاکردنی پێنەگەیشــتو (ناشــئ) لــەترس، کــە ئەمــەش لەشــتێکی دیــاریکراوەوە لــەناوەوەی عالەمــەوە دێــت بــۆ ئــەوەی جــێگیری بۆخــۆی دەســتەبەر بکــات بــۆ بــونێکی نابنــەڕەت، لێــرەدا گەڕانــەوە بــۆ بنــەڕەت پەیوەنــدی شــتێك بەشــتێکەوە، نــەکو پەیوەنــدی بــەهیچ شــتێکەوە، ناکرێــت نــوقم بــون لەبنەڕەتــدا چــونکە بنــەڕەتو کــۆی ســیفاتەکانی لەچوارچــێوەی پارچــەیەکدا لەگــەڵ بنــەڕەتی یەکــەم، چــونکە توانایەکــە لەعەقڵــدا وەمەرجــە لــەبواری ڕوداو لەوێنــەی ڕوداودا، ئێمــە تــا ئێســتا نەگەڕاینەتــەوە بــۆ بنــەڕەت وەچــۆن بگەڕێنــەوە لەســەر کــام بنەمایــە؟ چــی جــەدەلێك دابمــەزرێنین؟ پەیوەندیــەکانی خــودو کۆمــەڵ لەســەر ئاســتی ســەرخانو ژێرخانــدا دانەمــەزراوە، مێــژوی ئێمــە بــە سیاســەتو ئــاینو ئایــدۆلۆژیاوە شــوبهاوە، خــودی خنکانــدوە دەرگــای لەســەر داخســتوە بەهــەمو بــەها تایبەتیەکان:

(ئەوانــەی بەتایبەتمەندییــەکی ڕەهــاو داخســتن لەســەر خــودەوە قســەدەکەن ئاســۆ تەسکنوەیچی تر.9 )

پەیوەنـــدی/ ڕابـــردو ئێســـتا/ چـــەمکو بنـــەڕەت شـــێواو بـــوە.. چـــونکە تاقیکردنـــەوە لەســـەر هـــەموو شـــتێك دەرچـــونە لەتاکیـــەتیو گەڕانـــەوەی یـــەك بەیەکە بۆ بنەڕەت، کە دەلالەتێکی کامڵی دەبێت.

بنـــەڕەت دەگوێزرێتـــەوە بـــۆ مـــەرج لەتەماهییـــەوە بـــۆ دابـــڕان لەیەکـــەوە بـــۆ زۆرێتیو لەوەسفانیەوە بۆ عەقڵی.

ئـــەم شـــیکردنەوەیە لەمێـــژوی ئێمـــەدا نـــەبووە، لێـــرەدا دوور لـــەو قـــەدەرەی کـــە مێـــژوو کارەســـاتەکان بەرهـــەمیانهێناوە، بـــەرەو ئامـــادەکردنی مانـــا دەڕۆیـــن ئـــەو مانایـــەی کـــە نـــاتوانین لێـــی دورە پـــەرێز بـــین، چـــونکە ناوەنـــدێکی(ســـێمیۆلۆژیە) بـــۆ پاراســـتنی بـــەهاکان، مێـــژوی ئیمـــە ئەوەنـــدەی خـــەریکی دۆزینـــەوەو ناســـینو ڕەشـــو ســـپییە، بـــەدوای واتـــادا وێـــڵ نیـــە.. هـــەروەها پەیوەنـــدی ڕۆشـــنبیریش.. چـــونکە ئـــەم بـــۆ ئـــەو واتایەیـــە کـــە هەڵێـــدەگرێت لەزەمـــەنی ڕوداوو واتـــادا، لەســـەر ئاســـتی زنجـــیرەی زنجیرەکـــان خوێندنـــەوەمان نـــەبوە، یـــان گـــەڕان بـــەدوای بنەڕەتی مەعریفەدا کە ناسنامەو بنەڕەت بدۆزینەوە:

(هـــەمو تیڕامانێـــك گشـــت ڕامـــانێکی بـــەئاگا لـــەڕوح بگاتـــە دەوری خـــۆی بـــێ ئـــەملاو ئـــەولا ئەکەوێتـــە ڕەوتـــی کەلـــەپوری مێـــژویی خـــۆی، ئـــەمیش کلتورێکـــە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ شیکردنەوەی لەڕێگەی ڕامانەوە.10)

ئـــەم هۆشـــیارییە کـــەخود دەیکـــات لەپەیوەندیـــەکانی ئێســـتاو داهـــاتو پرۆژەیـــەکی گەورەیـــە.. لێـــرەدا لەتازەگەریـــەوە لێـــی بـــڕوانین، چـــەمکێکە ڕوانـــینی تـــەواوی لەپەیوەندیـــدا هەیـــە بـــەڕۆژگارەوە، یـــان ســـەردەم بـــەو واتایـــەی دامەزرانـــدن بـــێ وەکـــو فەلســـەفەی خـــۆی بینـــا دەکـــات بەرامبـــەر بـــەجیهان وەکـــو مێـــژوی بینـــاکردوە، لەبەرهـــەم هێنـــراوەوە بـــۆ مانـــا، ئەمـــەش ڕابـــردو ئـــەو جێمـــاوەو ئاماژانـــەی، کـــە هەریەکـــە زنجـــیرەی بیرەوەریمـــان لەبنـــەمای دۆزینـــەوەی

وێنــەدا لــەڕوانینی نوێــدا ســەر لــەنوێ بدۆزینــەوە، لــەو ناوەنــدە ســایکۆلۆژیەی کە هاوشانی زەمەنی ڕوداوەکانە.
زەمــەن ڕابــردو جێماوەکــان زیــاتر لــەبیرەوەری ڕابــردودا نوقمیــان کــردوین، تەنانــەت لەگەڕانــەوەش بــۆ ئەفســانە هــەمان چەشــن بــوە لەپرۆژەکانــدا، داهێنــانی لەســەر نــەکراوە، بەتایبــەتیش لــەبواری شــانۆدا بــەبێ لەبــەر چــاو گــرتنی جیــاوازی کەلــەپورو مــیرات.. کــە بانگەشــەی ڕابردویــەکی پــیرۆزی بــۆ کــراوە، شــانۆ لاســایی ڕابــردوی کردۆتــەوە، بــەردەوام ئــەوەی نیشــان داوە کــە کــراوە نــەك کــە پێشــزانی کردنــی دەکرێــت، ئــەوە لەزۆربــەی شــانۆگەریو تەنانــەت ئــەو هەولانــەی بــە فــیلم بــلاو دەبنــەوە، جگــە لەچــەند هــەولێکیان تــەنیا گێڕانــەوەی ڕوداوی ڕابــردون، تــەنیا نیشــاندانی ئــەو وێنــەو روداوانــەن کــە دیومــانن.. شــانۆی کــوردی لەدەقــە بیانیەکانیشــدا وەکــو ســەردەمو کــاتی خــۆی ئــەو دەقــە نیشــان دەدات، کــە بەرهــەمی عــەقڵو شارســتانی ســەردەمێکی تــری نەتەوەیــەکی تــرە، بــەبێ ئــەوەی پۆلێنکــاری شــوێنو جیــاوازی بکــات. کــە ئــەم جــۆرە کارانــە تــەنیا ئــەوەن بــەناوی هونــەرەوە دەبنــە کــارو هــیچ گەشــەو پێشکەوتنێك بە دەست ناهێنن.
جگــە لــەوەش پێویســتە بپرســین ئــەو رۆڵــە تیئوریــو ریشــەییانە چین کــە لەســەری دامــەزراون ؟ ســینەما بــەر لەهــەمو شــتێك زانســتە، ئێمــەش نیمانــە، ئــەی ناکرێــت تــەنیا ئــەو وەرگرتنــەش جیــاوازی وەربگرێتــو خوێندنــەوەیان بــۆ(اقتبــاس) هــەبێت.. کەئەمــەش پێویســتی بــە جیــاوازی هەیــە لەتــەکنیکو زمــانو روداوو شــێوازدا.. نــەکو بــاز بــازێن لەشــانۆوە بــۆ ســینەما.. بــەبێ ئــەوەی هیچیــان خوێندنــەوەیان بــۆ کرابێــت؟. جگــە لەمانــەش پێویســتە بپرســین بــۆ پێکهاتــەی ســینەما لــەروی زانســتو ئــامێرو دەقــو کاراکتــەری ســینەما کــە

پێویستی بە مەعریفەیەکی قوڵو پرۆڤەی بەردەوام هەیە، کە لەفلمە کوردیەکاندا وای لێهاتوە پێویستە مەکتەبێك بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی دەیانەوێت دەوری ئەکتەر ببیننو بۆ وەرگرتنو پێویستی دەرهێنەر بکرێتەوە، لەبری ستۆدیۆی ئەکتەر.. ئایا کامەیە واتاو بزوتنەوەو مەعریفەو زمانی ئەکتەر، یا خود سینەما بە پێکهاتەکانیەوە؟.

شانۆ زمانە.. زمانی تۆڕی ئاماژەو نیشانەو بیرکردنەوەیە چونکە زمان گواستنەوەی بیری نەتەوەیە هەروەکو لای هایدگەر دوا پێناسەی دەدات:

(زمان نیشتەجێ بونی بونە.11)

بەم پێیە زمان واقیعێکە بەگۆڕانی هەمیشەیی تێدەپەڕێت شانبەشانی ڕۆشنبیری هەموی، بەوەرچەرخانی چۆنیەتی کە دەلالەتی زمانە.. بەم پێیەش خوێندنەوەو بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوو مێژو گواستنەوەی ئەو مێژوە بۆ ڕابردو ئیمرۆ لەجیهانێکەوە بۆ جیهانێکی نوێ.. کاری شانۆیە ئەو لەدایکبونە لەناواخنیدا هەڵبگرێت، چونکە گۆڕینی واقع دەکات بۆ خەیاڵی ڕێژەیی..

شانۆ لەپرۆژەی خۆیدا هەڵگری بونیادی دەلالیو نیشانەو ئاماژەیە، هەڵگری کێشەی شارستانیو ئیستاتیکیو هونەریە..

لێرەدا پێویستە بزانین هۆکاری ئەو پەیوەندیانە چین کە ناسنامەی شانۆ لەسەر ئاستەکانی زەمەن دەردەخەن؟.. ئێمە گەڕاینەوە بۆ (بنەڕەت ڕابردو ئێستا) پەیوەندیەکانمان شیکردەوە، ئەوەی کەلامانە لەڕابردوی شانۆ لەکارپێکردنی وەکو هونەر لەم چاخەدا جگە لەزمانو ئاینو شارستانیو لەو پەیوەندیە ئاهەنگ سازیە، کە شێوەی شانۆی وەرگرتوە هیچی ترمان نیە، ئەوەش ڕابردو لەڕێگەی نهێنیو ڕۆحیو ڕەمزەکانیەوە بەکۆمەڵی یالاسایی

کردنـــەوەوە بەرهـــەمیان هێنـــاوە، کەپێویســـتە لەوێنـــەی ئێســـتادا لـــەدایك بینـەوە، لەسـەر ئاسـتی ئێسـتا، نـەکو هێنانـەوەی مـیرات وەکـو لای عبـدالکریم برشید هەیە، یاخود شانۆی کوردی، چونکە ئەوە پەلاماردانی مێژوە.

(ئەگـەر ویسـتمان پـەلاماری مێـژو بـدەین ئـەوا مێـژو لەسـەر خـۆی کێلـۆن دەدرێتـو دادەخرێـت وەخـۆی گێـل دەکـاتو خـۆی نـادات بەدەسـتەوە ئەمـە شکست هێنانە بەهیواکان.12)

شـانۆی کـوردی خوێندنـەوەی ڕابـردوی خـۆی نـەکردوەو لەسـەر پەیوەندیـەکانی زەمـەن خـۆی نەدۆزیوەتـەوە، هـەتا ریشـەی خـۆی دابمـەزرێنێت.. تـەنیا کـار کردنـە لـەو وەرگرتنـو فێربونـەی کـە لەسـەری هەیـە.. کەشـانۆ دەبێـت ریشـەی تیئوریـو بنـەمای کـارکردنی هـەبێت هـەتا جیـاوازی دروسـت بکـات.. ئـەوەی کـە سـاڵی ڕابـردو نـویێ بـوە، ئـەمڕۆ کۆنـە.. تازەگـەری گرنگیـەکی مێژوییـە بـۆ چەرخی نویێ بۆ بزوتنەوەی زەمەنو داهاتو:

(کـەس ناتوانێـت لەسـەر مێـژو بـدوێت لەڕسـتەیەکدا بـەئازادی تـەنیا کەسـێك نەبێت کە لەمێژودا نیشتەجێیە.13)

مێـــژو بەردەوامیـــە، ئامـــادەکردنی مانایـــە وەکـــو لای(هۆســـرڵ) لەئاوێنـــەی شۆفێری ناو ئۆتۆمبێلەوە ئاماژەی بە ڕابردو ئێستاو داهاتو کردوە.

ئەگـەر لـەم خاڵـەوە بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو زەمینەیـەی کـە بـەرەو پـرۆژەی شـانۆو ئـەنجامی کـارکردنیو، هـەروەها هۆیـەکانی ئـەو پەیوەندیـەو هۆکارەکـانی دانەمەزرانـدنی شـانۆی کوردیـو نـەبونیو گـەڕان بـۆ هـەڵکۆڵینی مـەعریفی سـەرەتاییو پاشمـاوەو جێماوەکـانی بـاپیران ئـەوا ناچـار دەبـین کـە گـەڕانێك بکەین  بزانین چیمان هەیە؟

ئاشـــکرایە کـــە مێـــژوی کـــورد لەســـەرەتاوە هـــەتا ئـــەمڕۆ لەناوچـــەی شـــاخاویو جێگـــە ســـەختەکاندا بـــوەو بـــەردەوام خـــەریکی شـــەڕو کوشـــتارو بـــەرگریکردن بـــوە لـــەباری جوگرافیـــو نەتـــەوەیی خۆیـــو شـــەرەو کەرامـــەتو لەبەرامبـــەر چەکیشـــدا هەمیشـــە کەلـــەڕەق بـــوە، ئـــەوە هـــەر لەهێرشـــی پـــەنجا هـــەزار کەســـی یۆنـــانی بـــە ســـەرکردایەتی(زەینـــەفون)و لەئیســـلامو داگیرکەرانـــەوە کـــە توشـــی چـــەند شـــەڕی خوێنـــاوی هـــاتوە، ئەگـــەر ســـەیر بکـــەین دەبیـــنین وشـــەی شـــەڕەف بوەتـــە ئەفسـانەیەکو نەیهێشـتوە نێـرو مـێ بەیەکـەوە بـە ئـازادی بـیرو بـاوەڕی خۆیـان بگۆڕنـەوە، یـاخود بتـوانن لـەژیان بگـەن، پەرەیـەکی ئەفسـوناوی لەبـەر چـاوی خـودی مرۆڤـی کوردیـدا کێشـاوە ڕوانینـەکانی تـەڵخ کـردوە، گرێـی ئودیـب لـەدوبارە بونـەوەدا بـوە، خـود هەسـتی بـە سەربەسـتی نـەکردوە، تـەنها لەڕێگـەی باوکیـەوە فێـری هـەمو شـتێك بـوە، ئـەم چـەمکەش کاریگەرێتیـەکی گەورەیـە لەســـەر کەســـێتی کـــوردی.. هەمیشـــەش بـــە پاراســـتنی شـــەرەفو کەرامەتـــەوە لەبۆتـەی شـەڕدا بـوە.. یـاخود شـەڕی نێـو خـۆیی تـیرەو هـۆزو عەشـیرەتگەریی، ئەگـەر سـەیری بـاری جـوگرافی بکـەین دەبیـنین بـەهۆی سـەختی شـاخو کێـوو زەمینـــەی خاکەکـــەی لـــەو ئاســـتەی ســـەرەتای مرۆڤایـــەتی(کۆمۆنـــەی ســـەرەتایی)و نـــەبونی کەرەســـتەی بەرهەمـــەێنان، ئـــەوە بـــارێکی زۆر ســـەختی هـەبوە کـە زیـاتر لەبـەر بـژێوی ژیـانی ڕوبەڕوبونـەوەی پێداویسـتیەکانی زمـانی بـەکار هێنـاوەو فێـری بـوە، کـە ئەمـە سـامانێکی گـەورەو لقێکـی مـەعریفی ژیانیەتی،

بـەڵام ئـەم زمانـە گوتـارێکی مـەعریفی بەرجەسـتە نـەکردوە، نەهاتۆتـە بـواری نوســینو خوێندنــەوەوە، بــەو بابەتــە ســەختەی ژیانیــەوە لــەکاروانی ڕۆشــنبیری دواکـەوتوە، پشـکنینی مێـژویی کـوردیش حەفـەریاتێکی مـەعریفی نیـە کـە

زنجیرەکـانی میـّژویی دابڕانـو جیابونـەوەیانو پەیوەنـدیان لەسـەر ئاسـتی سۆسـیۆ میـّـژویی بەیەکــەوە ببەســتێتەوەو پەیوەنــدی جیاکاریــەکان دەربخــات، بەرهەمهێنانی مەعریفە لەبونیادی میکانیزمی کارکردنیدا ڕوی نەداوە،
چـونکە خوێندنـەوەو نوسـینی نـەبوە، بۆیـەش گوتـاری خـۆی بـۆ بەرهـەم نـەهاتوە لەســەر ئاســتی حەفەریاتــەکانی مەعریفــەدا، چــونکە هــەمو دابڕانێکــی میـّـژویی دەبێــت هــەڵگری گۆڕانــە تیۆریــەکان بــن، دابــڕان لەچــەمکی ئایدۆلۆژی ڕابردو.
(چــونکە کردنــەوەی میـّـژو یــاخود دانــانی گوتارێکــە بــۆ گەیانــدن وهەســتی مرۆڤایەتیــە، ئــەو سەرچــاوەیەی کــە هــەمو کۆششــێکە زینــدوێتی وەکــو میـّـژو پچــڕان نییــە، بــەڵکو بەردەوامیــە بزوتنــەوەی ناوەوەیــە نــەکو تــەنها پەیوەنــدی کــاری، چــونکە ئــەو کارێکــە بــۆ سەربەســتی، بــۆ ئــەوەی هــەوڵێکی بــەردەوامی هۆش بێت، هەستی خودی تیادا بەدی بکرێت.14)
ئــەم دابڕانــەو ئــەم هەســتی خــودە لەبنــەمای میـّـژویی، عــەقڵی کوردیــدا نــەبوە، ئەگــەر ئاســایی بــڕوانین دەبیــنین لەســەر ئاســتی هەســتو نەســتدا شــیرازە پچــڕاوبوە، لەســەرەتای میـّـژوەوە بــەردەوام لــەناو شــەپۆلی نەســتدا ژیــاوە، یــەکێك لەخاڵــە گرنگــەکانی لەئێستاشــدا ئەوەیــە کەسۆســیۆ ڕۆشــنبیریەکی جیاکارو نا پێکهاتەی هەبوە، ئەگەر بەدو قۆناغ شیبکەینەوە:
ســەرەتا ناپێکهاتــەو بێگوتــاری مــەعریفی، دوایــیش(جیاکــار) تــاکرەو بــوە، لەســەرەتادا زەمــەنی خوێندنــەوەو نوســینی نــەبوەو دوایــش نــەیتوانیوە سۆســیۆ ڕۆشــنبیری خــۆی هــەبێت، بنــەماکانی ســەرخانو ژێرخــان دابڕژێــت، پیــادە کردنــی دەوری ســەرکردایەتی تاکــە کــەس لــەوێوە ئاراســتەی واقــع کــراوە، لێرەشــدا ڕۆشــنبیری هــەرەس دێنێــت، ئەمــە دورە لــەڕوداوی ڕۆژانــەوە،

جيهـانێكى ڕۆحييـە دژى مـادى، سۆسـيۆ ڕۆشـنبيرى پەيوەنـدى نێـوان بونيـەى سـەرخانو ژێرخانـە، لەسـەر بناغـەى ئـەم پەيوەنديـەوە نوانـدنى سەرچـاوەى تيـۆرى دەكـات بـۆ كـارى سۆسـيۆ ڕشـنبيرى تـاك، كەجێگەيـەكى تايبـەتى هەيـە بـۆ دەسـتەى ڕۆشـنبيرەكانو پەيوەنـدى ئەنـداميێتى نێـوان هـەردو بونيەكـە لەساتێكى مێژويى ديارى كراودا.

سۆسـيۆلۆژى ڕۆشـنبيرى شـيكردنەوەى سروشـتى پەيوەنـدى ئێسـتايە، كـە لـەنێوان شـێوەكانى بەرهەمـەێنانى فيكريـو بونيـەى كۆمەلاّيـەتيو ديـاريكردنى ئەركەكانيـەتى، ئەمـە لـەو كۆمەڵگايانـەى كەلەيـەك هاوتـاى چـينايەتيدان، واتـە سۆسـيۆلۆژياى كۆمـەڵگاى مـەدەنى.. شـيكردنەوەى سۆسـيۆلۆژى بـونى دەركەوتـەى تـاك ڕەت ناكاتـەوە كـە فرۆيـد لەنەسـتدا نـوقمى دەكـاتو خـودى تـاكيش ڕەت ناكاتـەوە، بـەڵكو لەبەرهەمـەێنانى فيكرەوە بۆ پەيوەنديەكان لێى دەڕوانێت.

لـەم ڕوانگەيـەوە هونـەر لەئيسـتاتيكاو شـێواز.. هتـد خـۆى دەردەخـات.. ئەمـەش شـيكردنەوەى ئـەو ديـاردەو دەركەوتانـەى سۆسـيۆ مێژوييـە، ئـەم لێكۆڵينەوەيـەى مێـژو پەيوەنـدى تـاك بـە كۆمەڵـەوە كۆمـەڵيش لەپەيوەنديـەكى هاوسـەنگو گشـتيدايە..خوێندنـەوەى ئێمـەش لـەم پەيوەنـدى كاريەدا نەكراوە.

جگـە لەپاڵـەوانێتيو دەركەوتـەى ئەمانـەو نوسـينو گێڕانـەوەيان، وەدەركەوتـەى خـود وەكـو خـۆى، وەكـو پەيوەنديـەكانى لەسـەر بناغـەى پەيوەنديـەكانى كۆمـەڵ نـەبوە، شـێرازەى پەيوەنديـەكانى تاكـە كـەس بەسۆسـيۆلۆژى ڕۆشـنبيرييەوە دانەمـەزراوە، سۆسـيۆلۆژى تايبـەت بـەخۆمان نييـە، وەكـو لێكۆڵينەوەيـەك پشـكنينى حەفرياتـەكانى مـەعريفى كردبێـت، ڕۆشـنبيريش

تــاك ڕەوبــوەو لەتــەوەرەی نەســتدا خولاوەتــەوە ئــەوەی شــوێنەوارو مانــەوەی مێــژوی مــەعریفی ئێمــە بێــت (زمانــە)کــە گــرنگترین پێناســەی شارســتانیەتی هاوچــەرخمانە، بــەڵام ئــەم زمانــە تــەنها گواســتنەوەی مێــژوی نەتــەوە بــوە بــۆ ئاخــافتنو بیرەوەریــو ئەفســانە.. لەبــەر چــڕیو ســەختی کوردســتانو کــەمی ڕێگــاو دوری لەرۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت، پەیوەنــدی نــاوخۆییو دەرەوەی داخراوبــوە. زەمــەنی نوســینو خوێندنــەوەی نــەبوەو نــەیتوانیوە گوتــارە مەعریفیــەکان بەرجەســتە بکــات.. زمــانیش تــەنها مەعریفەیــەکی ســەرەتایی تاکەکەســو کۆمەڵــە لەبەرامبــەر خۆیــو پێداویســتیەکانی سروشــتداو زمــانی جوتیــاریو بەرگریو مانەوە بوە.

ئەگــەر چــاوێك بــە مێــژوی شارســتانیدا بخشــێنین، دەبیــنین کــورد خــاوەنی شارســتانی گــەورە بــوە یــاخود دەســەڵاتی لەشارســتانیەتەکاندا هــەبوە، وەکــو میــدیاو ساســانیو لۆلــۆو بــابلیو ئاشــوریو ســەردەمی زەرادەشــتو دواییــو هــەمو میرنشــینەکانی بــەر لەئیســلام، دوای ئــەویش کــە هــەمویان بــاڵا دەســتو نــاودار بــون، بێگومــان مانــای ڕاســتەقینەی شارســتانێتی بونــو عــەقڵێکی پێشــکەوتوی ئــەو چــەرخانە بــون، گومــان لــەوە ناکرێــت کەپێشــکەوتو بونــو ئــەوروپا بەئەوروپییــە کێویــەکان بــەناوبانگ بــوە.. بــەڵام پێشــکەوتنی تەکنــەلۆژیای ئــەوان وایکــرد کــە ببنــە بــاڵا دەســت.. مانــای ئەگــەر شــۆڕ ببینــەوە ئــەوا دەبێــت کــورد خــاوەنی هونــەر بــو بێــت؟ یــاخود لەشــانۆ نزیــك بوبێتــەوە؟ ئەگــەر ســەیری جێماوەکــان بکــەین لــەگردو تەپۆڵکــەکان جێمــاوەو شــوێنەواری مــیرو وەزیــرو قــەڵاو شــوراکان، کەســاڵەهای ســاڵ زانســتی شــوێنەواریان لەســەر بــوە، جێمــاوەی ئــاڵتونو مســو دەیــان مــادەی دەســت ڕەنگینیــان تێــدا بــوە، بێگومــان ئەمانــە ئــەوە دەردەخــەن کــە لــەو چــاخانەدا بــەپێی بــارودۆخی

**هاوکاتی جیهان کورد پێشکەوتو بوە، لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵئەدات لەبونو نەبونی ئەو جێماوە هونەریو مەعریفیانە ئەویش لەیەك خاڵدا گری دەدەین، کە زۆربەی میرنشینەکان بەهۆی شەڕو گەمارۆدانەوە لەناو چونو داگیرکەر هەمو شتێکی بردون.. بۆیە ئێمە ئەمە بەهۆیەك دادەنێین کە جێماوەیەکی مەعریفیو هونەریو زانستیمان بەدەست نەکەوتوە، نەبونی دەسەڵاتو مەعریفە خۆی پرسیارێکە؟ ئەگەر ببوایە دەبو کارتێکردنی بەسەر عەقڵوخودی مرۆڤی کوردییەوە هەبوایە.. گەڕانەوە بۆ ئەم جێماوەیە ڕەنگە لەزۆر گومان دڵنیامان بکات.. چونکە کە عەقڵی کوردی شیدەکەینەوە هەمان بنەمایە کەتائیستا بناغەی لەوە تێپەری نەکردوە، مانای ئەگەر جێماوەیەکیش هەبو بێت ئەوەدەورە گرنگەی نەگێڕاوە، ئەمەش لەدوای ئیسلامەوە ئاشکرایە تەنها گومانەکەمان بەرلەوەو هیچی تر.**

**ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین شانۆیە، گەڕانەکەمان بەدوای دۆزینەوەی بونیادو چەمکی ئەودایە، شانۆ جێماوەیەکی هونەریانەی نیە هەتا لەناو نیشانەکاندا (العلامات)دا مابێتەوە، لەسەر ئاستەکانی تریش هەمان چەشن، ئەمەش پرسیارێکی سەرسورهێنەرە.. ئەگەر بەراوردێك بکەین بۆ ئاستی دێرینەی شانۆو رۆشنبیری جیهانی پێویستە بزانین بۆچی بەدرێژایی مێژو کورد خۆی بۆ رێکنەخراوەو دواکەوتو بوە.. ؟**

**ئەوادەگەڕێینەوە بۆ چەند خاڵێك:**

**1ـ باری جوگرافی کوردستان.. کە ناوچەیەکی سەختو شاخاویو دور لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوەو لەپەیوەندی جیهانیو ناوخۆیی داخراو بوەو نەیتوانیوە خۆی دابمەزرێنێت*.**

2ــ نــەبونی ســنوری ســتراتیژی دەریــا.. ئــەم هۆکــارە زۆر گــرنگ بــوە لــەبواری پەیوەنــدی جیهــانیو لــەبازاری هاوبەشــو پەیوەنــدیو بازرگــانی جیهــان دابــڕاوەو نەیتوانیوە فێری مەعریفەی جیهان ببێت.

3ـــ ســـەختیو چـــڕی ناوچـــەکە.. کاریگـــەری ئـــەوەی هـــەبوە کەرێگـــەو پـــردو هاتوچـــۆی نـــاوخۆیی کـــەمبێتو ئەمـــەش کاریکردۆتـــە ســـەر پەیوەندیـــەکانی لەهـــەمو رویەکـــەوە، هـــەمو میرنشـــینێکی بـــە هێرشـــێك روخـــاوە، چـــونکە پەیوەنـدی هاتوچـۆی تـەواو گـران بـوە.. بەتایبـەتی نـەهاتنی داگیرکـەر، کـە تـا ئێستاش میسر شانازی بە ناپلیونەوە دەکەن کە فێری شارستانی کردن.

کوردســتان تــەنیا ئــەو شارســتانیەتەی بــوە کــە خــۆی بەرهــەمی هێنــاوە.. هــاتنی ئەســکەندەری مەقــدۆنی لــەتورکیا شــاهیدی ئــەم راســتیەن.. کوردســتان هیچــی تیــا نــەبوەو نەبۆتــە جێگــەی تــەماع تــا تیایــا بمێنننــەوە.. هــاتون کاولیــان کــردوەو رۆیشــتون.. هــەتا دۆزینــەوەی نــەوەت کــە راســتەوخۆ ســەردەمی زێــڕینی کــوردو چاو کردنەوەی بو.

4ـــ تێکچـــونی شـــێوازەی چـــینایەتی.. بـــەم هۆکارانـــەوە شـــێوازەی چـــینایەتی پچـڕاوەو بەدرێـژایی مێـژو خـۆی بـۆ رێکنـەخراوە.. بەشـداری هـیچ شۆڕشـێکی پیشەســـازیو ریشـــەییو بـــۆرژوازی نـــەکردوەو دەســـەڵاتێکی بـــەردەوامی نـــەبوە، بـــەهۆی دوری لەرۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتو نـــەبونی بـــازاڕی ئـــابوری ســـتراتیژیەوە.. نــەیتوانیوە خــۆی رێکبخــاتو گــۆڕانی چــینایەتی بــۆ نــەکراوە.. جگــە لەپیشــەی خۆمــاڵیش پیشەســازی نــەبوەو تــەنیا کشــتوکاڵو ئاژەڵــداری کــردوە، کەئەمــەش وەك خۆی بەبەردەوامی هێشتویەتیەوە.

5ـــ یەکنـــەگرتنی شـــێوەی زمـــانی کرمـــانجی ســـەرو خـــوارو.. بـــەهۆی نـــەبونی خوێندنـــەوەو نوســـینو ســـەختی ناوچـــەکە کۆمـــەڵێك شـــێوە زمـــانی ناوچـــەیی

هـەبوە، ئەمــەش کـاری کردۆتـە سـەر دروسـتنەبونی زمـانی رۆشـنبیری.. لـەدوای ئیسـلامەوە فێـری خوێندنـەوەو نوسـین بـوەو بـەهۆی داخراویـو نـەبونی پەیوەنـدی نـاوخۆییو جیهانیـەوەو نـەبونی پێگـەی رۆشـنبیریەوە زمـانو رۆشـنبیری دروسـت نـەکردوەو هـەتا هـاتنی چـاپەمەنی کـە(علـی حـرب)لەچـیاکانی لوبنانـەوە نـاوی زەمـەنی مۆدێرنێتـەی بـۆ عـەرەب لێـدەنێت.. تـا ئـەو زەمەنـەی چـاپخانە نـاتوانین بـاس لەمۆدێرنێتـە بکـەین.. وەك(بـاختینیش)ئامـاژە بەزەمـەنی خوێندنـەوەو نوسـین دەکـات بـۆ رۆمـان.. هـەوڵی زۆر هـەبوە وەك شـەرەفنامە.. مـەمو زیـن.. .هتـد کـە دوای چـەند سەدەیەك بینراون.

6ــ هەوڵـدانی گوندنشـینیو خۆبچـوككردنەوە بـەرەو شـاخو سـەختیو دور کەوتنەوە لەشارو شارستانیەت.

ئەمانـە کاریگـەری ئـەوەیان هـەبوە کەدەسـەڵات دروسـت نـەبوبێت.. میرنشـینیەك دروسـت بوبێـت بـەهۆی گـۆڕانێکی مێژوییـەوە دەسـەڵاتێکی بەردەوامی نەگرتوەتە دەست.. هەتا لەو نێوەندەدا گوتارێك سەرهەڵبدات..

بەرلەئیسـلام کەسـێتی کـورد خـۆی لەبـەردەم ئەفسـانەو کێشـە ئاڵۆزەکـانی گەردونـدا دەدی.. هـاتنی ئـەمانیش وەکـو گوتارێـك عـەقڵی نەتـەوەیی داپۆشـیو بـو بەچـاودێرو یاسـای عـەقڵی.. لەبـەر ئـەوەی خـۆی دەسـەڵاتو خوێندنەوەی نەبوە.. لێرەدا دەتوانین ئاستەکان بکەینە چوار قۆناغ:

یەکـەم: پـێش زەرادەشـت کەسـێتی کـورد لـەنێوان خـودو ئەفسـانەدا بـوە، شـەپۆلی نەسـتی لەدەرکەوتـەو غەیبانیـەت تێکـەڵاوبوە، دوای زەرادەشـت لـەنێوان خـودو کەینونەیـەك یـان پـەروەردگارێکی شـەفەوی داو ئاکـارێکی کۆمەڵایەتیو ئاینی گەورەی هەبوە.. ئەو بەهایەی بەبێ داهێنان ماوەتەوە.

لــەدوای ئیســـلام لــەنێوان خــودو ڕاســـتەوخۆ پــەروەردگار.. شـــەپۆلە نەســـتەکەی هــەمو وێنەیــەکی لێکــردوە بــەو.. چــەمکی نەســت بــوە بەیاریــدەدەری زاڵبــونی گوتــاری ئیســلامی.. بــەهۆی ئــەو هۆکارانــەوە عــەقڵی کــوردی هــاو کــات گونجــاو بــوە بــۆ ئــەوەی ئــەم گوتــارە ببێتــە بــاڵا دەســتی بیرکردنــەوەی، بــەهۆی ترســی خواوەنـــدو بڵاوبونـــەوەی ئاینـــەوە ملکـــەچ بـــوە.. ئەمـــەش لـــەڕوی نـــەبونی مـــەعریفیو بونیادنـــەنانی عـــەقڵی خۆیـــەوە ئـــەم زەمینەیـــەی خۆشـــکردوە.. ورد تــر هەمیشــە بــەهۆی ئاینــەوە کەوتۆتــە ژێــر ڕکێــف، هۆکــاری ئــەو چــەمکە هەمیشــە ترســاندویەتی، لەگــەڵ ئــەوەی ئیســلام چــۆتە زۆربــەی وڵاتــانی جیهــان، ئــەوان توانیویانـــە سودیشـــی لێوەربگرنـــو خۆیـــان دروســـت بکـــەن.. چـــونکە خوێندنــەوەو گوتــاری خۆیــان هــەبوە.. دەبــو ئیســلام ببوایــە بــە پانتاییــەکی کـــــراوە چـــــونکە خوێندنـــــەوەو نوســـــینیش لـــــەوەوە فێربوینـــــو یاســـــا کۆمەڵایەتیــەکانش لــەئاینی ئیســلامەوە پیــادە کــراوە..بــەڵام کــورد بــەهۆی داخراویــەوە پــرۆژەی خــۆی نــەبوەو ئــەو هۆکارانــەی کــە ئاماژەمــان پێــدا وەك هــەمو بیرو ئاینــەکانی تــر بۆتــە کــارێکی ترســناك بــۆی.. ئەگــەر ئاســایی بــڕوانین کــورد لــەخاکێکی ســنوردارو چــڕو شــاخاویدا ژیــاوەو دەســەڵاتێکی عەشــایەری یانیمچە ناوچەییو دەسەڵاتێکی خۆبەخۆیی هەبوە لەبوارێکی بەیاردا.

هــەمو ئەمانــە بونــە هــۆی ئــەوەی کــە گوتــاری ئــاینی زاڵ ببێــت بــەبێ ئــەوەی کــورد پرۆژەیــەکی خــۆی هــەبێتو لــەو نێوەنــدەدا کەســێتی کــوردی نــەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە.

ئەگــەر لێــرەوە بــەرەو ســەرهەڵدانی ئــاینی بچــینەوە، دەبیــنین نــاکۆکی لەئاینــدا نیــە، چــونکە مــرۆڤ دەخاتــە نــاو نەســتێکی شــاڵاو بــەرەوە لەبــەر ئــەوەی هەمیشــە ئــایین لەدڵیــدا دەگــەڕێت، سەربەســتی وەرناگرێــت چــونکە ئــایین ســەرەکیترین

دەرکەوتـــەی کۆمەلایەتیـــە، ئیشـــکەرێکە خـــەڵك ڕێکـــدەخات، بەپێچـــەوانەی ئابوریـــەوە کەلـەدەرەوەی ویـژدانی کۆمەلایەتیدایـە، جگـە لەمــەش پشـتیان بــەوە نەبەسـتوە کــە دەرکەوتــەی فیکریــو گیــانی بەیەکــەوە ببەســتنەوە، هـــەر بۆیـــە خـــودی مرۆڤـــی کـــوردی پێناســـەی کەســـێتی خـــۆی نـــەکردوە، لەســـەرەتای مێژووەوە ڕەوتێك بەسەریدا کشاوە.

ئاشـکرایە هــەرگیز عــەقڵ بەئاسـانی ڕزگـار نابێـت لەکۆمــەڵێك دەرکەوتــەی سـەرەتایی کـە رەگـی لەعــەقڵو نـاخی مرۆڤـدا داکوتـا بێـت، یـاخود لەنەسـتدا ئـەو جێگەیـەی کەوێنـەی خـەیاڵو ئەفسـانەیە، ئەمــەش نـەوە بەنـەوە چـین بـە چـین بەجێیان هێشتوە.

خـاڵی چـوارەم، بـەهۆی ئـەو شـالاوە زۆرەی کراوەتـە سـەری، یـان قورسـاییان هـــەبوە، لـــەدوای ئیســـلامەوە مـــەغۆلو تاتـــارو عوســـمانیو فارســـو عـــەرەب، چـونکە چـوارەم خـاڵ گوتـارە تێکەڵەکانـە، گوتـاری جێمـاوەی کۆنـو گوتـاری ئیسـتعمارگەریی، زۆر جـار بـەم هێرشـانە هـەموی شـوێنەوارێکی بـوە بـەکای سـەرمله، هـــەر بەوپێودانگـــەش جێمـــاوە مەعریفیـــەکان بەدەرناکـــەونو عـــەقڵی کوردیش گۆڕانی تیادا نەکراوە.

لێـــرەدا دەگەینـــە ســـەرهەڵدانو جێمـــاوەی مـــەعریفی.. چـــونکە کەمێـــژوی ئەســـینا دەخوێنینـــەوە ئـــەوا بـــەهۆی ئـــەفلاتونو ســـوقراتو ئەرســـتۆوە هـــەمو زانیارییـەکی ئـەو کاتـە وەردەگـرین، بۆیـە ئامـاژەی جێمـاوەی مەعریفیـەکان بـۆ ئێمـە ناکرێـت، چـونکە گـرنگترین خـاڵ خۆنەدۆزینـەوەی خـودی مرۆڤـی کوردیـە تائـەم سـاتە، چـونکە سیسـتەمی نوانـدن هەمیشـە جێگـەی خـۆی بەجێـدێڵێ بـۆ توانـــای شـــتەکان، لەجێگـــەی خۆیانـــدا ڕاســـتەوخۆ بـــێ ونبـــون، بـــەبێ ئـــەوەی شیرازەیان بپچڕێت، لەکرداری زهنیدا دەمێنێتەوە.

ئاساییە ئەگەر بڕۆینە ناو پانتایی یەکی تر، بەرەو خۆ نەدۆزینەوەی خودو نەبونی حەفریاتە مەعریفیەکان لەسەر ئاستی هونەر، چونکە ڕزگار بونی جیاکاری نویٚ لەگەڕانەوەی ئەو شتانەی کەنواندنی خودی خۆیان دەکەن لەڕێگەی ترەوە، نەوەکو ئەو وێنانەی کەلەبیر دەچنەوە، ئەگەر بگەڕێینە بۆ ئارکیۆلۆژیا ئەو چەمکێکە لەشتەکاندا، لای (فۆکۆ) (میتا الاشیاو)، ئەو گەڕانەی بۆ دابڕانێکی ئەبستمۆلۆژی بێت ئەوا دەبێت دۆزینەوەو لابردنی شتێکی کۆنو هێنانە کایەی شتێکی نویٚ بێت، خۆ دۆزینەوەی خود لەڕوبەری مێژوەوە سەر هەڵدەدات، ئەو مێژوەی کە ڕێرەوی خۆی پاراستبێت.

(مێژوی لکاوو بەردەوام بەرامبەرێکی پێویستە بۆ ڕۆڵی دامەزرێنەرانەی خود، هەر ئەو دەتوانێت ئەوەی کە لێی ونبوە بۆی بگەڕێنێتەوە، پیٚ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە زەمەن جیاوازی لەنێوان شتەکاندا ناکات، تەنها بۆ ئەوە نەبێت کەیەکێتیەکەیان بگەڕێنێتەوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت هەمو ئەو کارو کردارانەی کە جیاوازی ڕایمالێون لەتوانای خود دایە.

(لەوێنەی هۆشمەندی مێژوییدا) ڕۆژێك لەڕۆژان بیگرێتە خۆی بۆ ئەوەی بالا دەست بێت لەسەریداو ئەوەی تێدا بەدی بکات کە دەکرێت ناوی بنێین نیشتەجیٚ.15)

لێرەدا فۆکۆ ئەو پەیوەندییەمان نیشان دەدات کە ئاستی خۆ دۆزینەوەی خودو جێماوەکانو پەیوەندی کاری مێژویین، لێرەشدا بەرەو ئەو خۆنەدۆزینەوەو داهێنانە مەعریفیە دەچین، ئەو دەسەلاتە غەیبیانەی کە بەسەر عەقڵی کوردیدا زاڵ بوەو مێژویەکی لکاوو بەردەوامی مەعریفی

خـۆی نـەبوە، لەشـالاوی گوتـارە تێکەڵەکانـەوە ژێـر دەسـتەیی چـەند زمـانێکی جۆراو جۆر بوە.

جگـە لەمانـە خـاڵێکی گـرنگ هەیـە ئـەویش هـاتنی ئـەو گوتارانەیـە کـە وەکـو گوتـارێکی یاریـدەدەری رزگـاری هـاتون.. ئـەوانیش جـۆرێکی ناعەقلانیانـەیان گرتـوە، لەوانـەش مارکسـیزم، ڕاسـتەوخۆ بـو بـە یاسـای پێوانـەیی بەسـەر عـەقڵی کوردیـەوە، هـیچ دابڕانـو گـۆڕانێکی نـەکرد، چـونکە خـودی مرۆڤـی کـوردی خـۆی لەبـەردەم مارکسـدا دەدی، مارکسـیەکان نـەهاتن شـیکردنەوەی سۆسـۆلۆژیای کـورد بکـەنو لـەناو میکـانیزمی عـەقڵی کوردیـەوە مارکسـیزم بـلاو بکەنـەوە، وەکـو (مـاکس فیـبر) سۆسـیۆلۆژیایەکی نـوێ دابرێـژن، بـەڵکو ئـەوانیش وەکـو مـەلاکان مارکسـیەتیان بـە پـیرۆز کـردن هێنـا.. مارکسـو لینینـو سـتالین چـیان گوتبـو هـەر ئـەوە بـو، یـا تـەنیا کێشـەی بـونی خواوەنـدو نـەبونی، سـەردەمانێکی زۆر ئـەم ڕستەیە عـەقڵی کـوردی داگـیر کـرد بـو، دوای ئـەوەش بـیری وجـودی سـارتەر کـە لـەوە باشـتر هـەنگاوی نـەنا، سـەیرە ئـەم بـیرە فەلسـەفیانە لـەناو هـەمو ولاتـانی ڕۆژهـەلاتو ڕۆژئـاوادا دەبنـە مایـەی گـۆڕانێکی گـەورە.. بـەلام لـەلای ئێمـە هـەمو بونەتـە حاڵـەتێکی ناعـەقلانی، ێمـە سـەیری هـەر مەزهـەبێکی ڕەخنـەیی ئـەوروپی دەکـەین دەبێـت ڕەچـاوی ئـەوە بکـەین کـە لـەبنیادی کلتـوری خۆیانـەوە بنیـاد نـراوە، ئێمـە توانـای تێگەیشـتنمان نـەبوە لـەوان.. لێـرەدا خـاڵێکی گـرنگ هەیـە بەرهـەم هێنـانی عـەقڵ لـەمیکانیزمی کارکردنـدا، نـەکو بـە واتایـەکی تەقلیـدی ڕەخنـەگرتن لـەناو عەقڵـدا کـە پێوانـە بێـت چـونکە ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ فینۆمینۆلۆژیـا لای (باشـلار) عـەقڵ بەرهەمێکـە لەبەرهەمـەکانی زانسـتو مەنهـەجیش وەکـو عـەقڵ وایـە، لێـرەدا بـەرەو پەیوەنـدی نـاوەوەو دەرەوەی کـردار دەڕۆیـن، ئـەم

خاڵە گرنگە لەسەر تێکشاندنی ئەو چەمکو بونیادانەی عەقڵی کوردیو نەگەیشتنی تیۆرە زانستیو مەعریفیەکان، بەشێوەیەك کە خودی مرۆڤی کوردی دروست بکەن، لەسەر ئاستێکی سۆسیۆلۆژیش بینای کۆمەڵگای کوردی نەکراوە،

ئەم خۆنەدۆزینەوەی خودە دەرفەتی ئەوەی نەداوە کە بتوانێت لقە مەعریفیەکانی دابمەزرێنێتو لەسەر ئاستی شانۆش ئەو کارەساتانە بەربەستیان لێ کردوە.

لێرەدا تەنها گەڕانمان بۆ لقێکی تری مەعریفیە، ئەو پەیوەندیەی کە کەسێتی بە شانۆوە هەیبوە، ئەگەر ئاسایی بڕوانینە مێژوی کورد لەسەرەتاوە بەهۆی خۆدۆزینەوەی لەگەڵ ژیانو دیاردەکانیدا ڕوبەڕوبونەوەی پێداویستیەکانی، ڕاوکردنو ژیانە تایبەتیەکانی ئەشکەوت، لەمانەوە کەشێتیەکی بەرفراوان لەناویدا بوە، ئەوی دیارو ئاشکرا بێت لەدوای زوحاکەوە، شێوەکاری لاسایی کردنەوەی بیرەوەریو ئاهەنگسازی خۆی دەست پێکردوە، بەوپێیەی ئاوو هەواو خاکو مێژوو رەوڕەوەیەکی تایبەتیو گەڕانێکی ئاهەنگسازیانەی کۆمەڵی بوە، دوای سەرکەوتن بەسەر زوحاکدا ساڵ بەساڵ چیرۆکی ئەو سەرکەوتنە نوێندراوەتەوە.. ئاگرلەسەر چیاکان کراوەتەوەو خەڵکی بەجلی جوانەوە بەشدار بون، چەندەها روداوی لەم جۆرە باوبوە، لەڕەوشتو بیری کۆمەڵایەتیدا بزوتنەوەی سەماییو ئاهەنگە کۆمەڵایەتیو خێڵایەتیو ئاینیەکانو سۆفی گەریتیو خەڵوەو وەرزاو وەرزی خێڵو هۆزو خێڵایەتیو قەرەجو کۆچو کۆچ بارو شتومەکی دەستکردی هەمە جۆرەی کۆمەلایەتی، ئەمانە بەشەفەوی شێوەیەکی سارەتایین بۆ کەشێتیو بنەمای هونەری شانۆ، زۆر قولایی گرنگیش هەیە وەکو ئاینی

زەردەشـــتو کەشـــێتیەکەی، لاســـایی کردنـــەوەی مـــیرو وەزیـــرو دەســـتەڵاتدارانو یـاریو ئاهــەنگی قەشــەنگو بەهلــەوانێتی، بــەپیێ میــێژو بــەهۆی جەژنــە ئــاینیو وەرزییەکانــەوە، حیکایــەتو گۆرانیـــو ئەفســـانە کوردیـــەکان، ســـاڵانە بوکـــە بەبارانـــە، ئەمانـــەو دەیـــان شـــێوەی تـــر ســـەرەتایەکی گـــەورەو پەیوەندیـــەکی سەرتاسەری چێژێکی هەمیشەییان بەنەتەوە بەخشیوە.

دیـــارە هـــەر لەســـەرەتاوە، پەیوەندیـــەکی خۆڕســـك بەشـــانۆوە هـــەبوە، ئەمـــەش پەیوەندیـــەکی مەعریفیانەیـــە، بـــەڵام نـــەبونی شـــانۆیەکی ڕەســـەنی کوردیـــو سۆســـیۆلۆژیای تایبـــەت بـــەخۆی پرســـیارێکە ســـەرهەڵدەدات، ئاشـــکرایە وەکـــو تـــوخمێکی هونـــەری شـــانۆ لەشـــوێنکاتی ڕۆشـــنبیری هاوچـــەرخیدا خـــۆی نەدۆزیوەتەوە.

لێـــرەوە بناغـــەو لقـــە مەعریفیـــەکانو پەیوەنـــدیکاریان بەشـــانۆوە شـــیکرایەوە، بـەرەو بناغـەیـەکی گـرنگ دەچـین کـە شـانۆ دامەزرانـدنی خـۆی بکـات، کاتێـك کـە شۆڕشـی نوێخوازیـو هاوچـەرخێتی دەسـت پێـدەکات.. گـۆڕان بەسـەر بەسـەر شـــتە ســـواوەکانی رابـــردودا دەکـــات، ئەوانـــەی کـــە مردونـــو توانـــای نـــوێ بونـــەوەیان نیـــە، ئـــەم خاڵـــە گرنگـــە بـــەرەو گرێـــدانو گەیشـــتنی واتـــای ئـــەو بناغەیـەمان دەبـات کـە بـۆ شـانۆی کـوردی ببێتـە بناغـە، چـونکە گەڕانـەوەمان بـــۆ کەلـــەپور لەســـەر ئاســـتە مێژویـــەکان بـــاس بکرێـــت پەیوەنـــدی بـــەگوتاری شـــانۆوە کـــارێکی گرنگـــە، ڕەنگـــە یـــەکێك بێـــت لـــەو نەخۆشـــیانەی شـــانۆی کـــوردی کەبـــەبێ چارەســـەر ماوەتـــەوە.. ئاشـــکرایە هـــیچ کاتێـــك ژیانمـــان واتـــای ڕاســـتی وەرناگرێـــت ئەگـــەر هـــەمو چـــەمکە شـــێوێنداراوو لەکـــەڵك کـــەوتوەکان داڕن نـــەکات، شۆڕشـــی نوێخـــوازی ناگـــەڕێت بـــە شـــوێن شـــتی کۆنـــو دوبـــارەوە بـــو، ئەوانـــەی کەنوانـــدنیان ناکرێـــت، بۆیـــە کـــاتی خۆیـــەتی ئامـــاژە بـــەوە بکـــەین

کەشـــانۆی کـــوردی نـــەیتوانیوە خوێندنـــەوەی مەعریفیانـــەی مێـــژوی خـــۆی بکـات، لەچـەمکو بونیادەکـانی ڕابـردو سـود وەربگرێـت، یـاخود لەعـەقڵی ئێسـتاو روانینیـدا بیخاتـە کـار، زنجـیرەی زنجیرەکـانی مێـژو بەیـەك گەشـتنو جیاکـاریو دابڕانیـان بدۆزێتـەوە بـۆ زەمینـە داڕشـتنی خـۆی، بەبـەردەوامیو لەسـەر ئاسـتەکانی گەیانـدنو دابـڕان بیانخوێنینـەوە، ئـەم چـەمکە شـێوێندراوە لەشـانۆی کوردیـدا بۆتـە ئەفسـانە، نـەیتوانیوە ئاوڕدانـەوەو خوێندنـەوەی مەعریفیانـەی لەسـەری هـەبێت، لەبـەر ئـەوەی نیـەتی ژیـان بەیـەك گەیشـتنێکی بەردەوامـە، بـە واتایـەکی زینـدوی بـەردەوامی، کـە ژیـانی ئێسـتامان پەیوەنـدی کۆمـەڵێك ویسـتو خواسـتە، چـونکە هەمیشـە ڕابـردو کـاتێکی بەسەرچـوەو ژیـانیش بەردەوامـە، تـەنها تاقیکردنەوەیەکـە کەپێشـکەش بـە جیهـانی دەکـات، ئەمـەش لـەدەنگی تایبـەتی خۆیـو شـێوەو هاوکێشـەی تایبـەتی، ئەگـەر ڕابـردو تـەنها بـیر کردنـەوە بێـت، ئـەوە چـێژی لێوەرناگیرێـت.. پەیوەنـدی نێـوان ڕابـردوو ئێسـتا لەسـەر بناغـەی درکانـدنی ڕاسـتی ئـەو نهێنیانەیـە کـە جێمـاوە، کـرداری ئێسـتامان پەیوەنـدی هەیـە بـەداهاتووە، ئـەوە کـارێکی بێگومانـە، چـونکە پەیوەنـدە بـە جێمـاوەو سـەر هەڵدانەکانـەوە، ڕابـردو زەمـەنێکی بێکۆتاییـە کـە دەمانگەیـەنێت بـە ئێسـتاو بـە داهـاتو، تـەنها ڕێڕەوێـك ئەوەیـە ڕابردومـان دەخاتـە بـەردەم، لێـرەدا دەچـینە نـاو نەبونـەوە، لـەنقومبونی ڕابـردودا لەخـەونی ونـدا سـەرگەرم دەبـین، یـان خـەیاڵاتێکی بێوێنـە، بـەڵکو دەبێـت ڕابـردو لەبـەردەوامیو سـاتە گرنگـەکانی پەیوەنـدیکاری مێـژو بێـت، ئـەم چـەمکە لای فۆکـۆ لـەزنجیرەی زنجیرەکـانو دەستنیشـان کردنیانـدا، یـاخود نەخشـەکان (الجـداول). کـە ئەمـەش تەقەنیـەی سینەماو بزوتنەوەی لەنیشانەدا (العلامە.)

کەلـەپور لـەناوەڕۆکی زمانمادایـە، نـەوەکو بیرێـك بێـت، بـەڵکو هەڵوێسـتەیەکە کـە لەئامادەبوندایـــە، چـــونکە نامەیـــەکی نەوەکانـــە.. ئـــەم سیســـتەمە جیابونـــەوەی نابێـــت لەئێمـــە، بـەڵکو ئێمـە جـارێکی تـر لـەدەریای ڕوانــینی لــەدایك بــو دروســتی دەکەینــەوە، نــەکو بیرکردنــەوە.. بەبــەردەوامی لەگــەڵ زنجـیرەی ئێسـتاو داهـاتوو رابـردودا دەبێـت لەسـاتەوەختە مێژوییـە گرنگەکانـدا لــەدایك ببێـت، ئەوکاتـە لـەڕوانینی ئێمـەوە وێنـەی داهـاتو ڕەنـگ دەداتـەوە، ئــەوی گرنگــە لێــرەدا دوانــدنو لــەدایك بــونی کەلــەپورە، یــاخود گەڕانــەوەی بــەرەو مێــژو، ئێسـتا مێـژو لەڕواڵـەتێکی فیکریـو مـەعریفی باڵادایـە، ئـەو کاتـە بەسـەر چـو کەهـەڵکۆڵینی مـەعریفی هـەوڵی جێگیرکردنـی جێماوەکـان (الاپـــر) بکـــات لەشـــوێنەواری مـــردووەوە، جێماوەکـــان خـــامۆش بـــونن لـــەرابردوداو مانـــەوەی لەسیســـتەمی ئاماژەکاندایـــە، وە مێـــژوی ئێســـتا بــەرگێکی نــوێی گرتــوە، کێشــەکان پەیوەنــدیان بــەکۆی زنجیرەکــانو دیــاری کردنی توخمەکانیان هەیە.

(ئــەو مەدلولــە ئاســۆییە کــەزنجیرە یــەك لــەدوای یەکــەکان دروســتی دەکــەن، هــەروەها ئــەو وێنــە پێویســتو بــاڵا دەســتانەی کــە دەکرێــت لەنێوانیانــدا گەشــە بکــەن، وە هــەمو ئەوانــەی دەکرێــت جیــاوازی زەمانــە جیاکــان وێنــە جــۆراو جۆرەکــانی مانــەوەی لــێ لــەدایك بــبێ، هــەروەها ئەوکۆمەڵــە لێــك جودایانــەی کەلەهــەمان کاتــدا لەڕەگــەزەکان خۆیــانی تێــا ئــەنوێنین، بــەکورتی بــەوەوە ڕاناوەســتێ لەبــەرگێکی نوێــدا پرســیار لــەزنجیرەکان بکــات، بــەڵکو زنجــیرەی زنجیرەکان، یان بەواتایەکی تر نەخشەکان. 16.)

بۆیــە مێــژو لەئاوڕدانــەوەی تەقلیــدیو بیرکردنــەوەی بێهودەییــدا ناتوانێــت خوێندنــەوەی هــیچ ئاســتێکی مــەعریفیان بــۆ بکــات کــە لــەدایك بــون لەســەر

زەمینــەی ئێســتادا لــەخۆ بگرێــت، باشــترین شــێوە بــۆ ئــەوەی مێــژو لــەدایك بــون لــەخۆ بگرێــت، لەبــەرگێکی نــوێی هاوچــەرخیو نوێــدا بدۆزێتــەوە چــەمکی جیابونەوەیــە، بــۆ ئــەوەی لــەگوتاری مێژوییــدا ڕێکبخرێــت دوای جموجوڵــەکانی خــۆی کەئەمــەش چــەمکی جیابونەوەیــە، جێگەیــەکی گــەورەی هەیــە لــەلقی مەعریفی مێژوییدا، پانتایی خۆی داگیر دەکات.

مێــژوی کــورد ئــەو بەســەردا چــونە مەعریفیــەی نــەبوە، ئــەو پرۆســە گرنگــەی نەکەوتۆتــە کــار، کــە توانــای لابردنــی لــەلای مێــژو نــوس هــەبێت، چــونکە ئەمــە وێنــەو ئــەرکی خــۆی چــۆنیەتی تــر وەردەگرێــت لــەناو حەفەریاتەکانــدا، لەمەیــدانی توانــای خۆیــدا، بەرهەمــەێنانی مــەعریفی لابردنــی شــتێکی کۆنــە کــە تەقنیــەك بچــێتە جێگــەی ئــەوی تــر، ئــەو پانتاییــە دەبێتــە منــداڵێك بــۆ مەیــدانی لــەدایك بــون. چــونکە زنجیرەکــان پێویســتیان بــە دیــاریکردنی توخمــو ســنورو دەســەڵاتیانەوە هەیــە لەشــوێن کــاتی خۆیانــدا، وەپەیوەنــدی کــاری جیابونەوەیان، لەسەر بناغەی یاسای جیابونەوەو ڕێکخستنیان.

لێــرەدا گەڕانــەوەمان بــۆ مێــژو مانــای ڕاســتەقینەی خۆیــو ئاســتەکانی مەعریفیانــەی دەردەکــەوێت، دور لــەو هەڵــدێرەی کــە بــیری لێدەکرێتــەوە لەشــانۆی کوردیــو بگــرە لــەبوارەکانی تریشــدا، کەلــەپوری زینــدو هەمیشــە هاوڕێگــاو هاودەنگمانــە گوتارێــك دروســت دەکــات، کاتێــك کــەدەنگێك دێتــە بــەر گــوێ وێنەیــەکی فۆتــۆگرافی خــۆی نیشــان دەدات، ئــەو کاتــە هەســت دەکــەین کەلەزیندویــەتی وێنــەو دەنگێــك لەبــەر چــاودایە، دەبێــت شــانۆ لــەڕوانینی کەلــەپوردا خــاوەنی گوتــارێکی ڕەســەنو تایبــەت بەهەســتو دەرونــی ئــەو نەتەوەیــە خــۆی بێــت، کاتێــك کەلــەپوری زینــدو بخرێتــە بەرچــاو لەوێنەیــەکی

هاوچـەرخیو هاوکاتـدا ئـەوە تـەنیا شـتێکی ڕابردوییـی هەسـت پێـدەکرێت، لـەو هەستەدا لەمنداڵدانی ئێستادا.

کەلـەپور ئەگـەر نـەتوانێت مانـای لـەدایك بـون هـەڵبگرێت مانـای مـردوە، یـان بـەمردوویی دەخرێتـە بەرچـاو، وەکـو دەرهێنانـەوەی ئێسـقانە لەگۆڕێکـدا، ئەگـەر مـوفرەداتی کەلـەپور وەربگـرین، مـردوە، خالێکـە لەمێـژودا بـۆ تـوخمێکی سـەرەکی زینـدو دەبێتـەوە، لـەناو ئێسـتای سیسـتەمی شـانۆدا وەکـو کەلـەپور نامێنێتـەوە، بـەڵکو وەکـو لـەدایك بـونێکی نـوێ، چـونکە مێـژو خوێندنـەوەی خـۆی هەیـە، ئەگـەر چـاوێك بـە مێـژوی هونـەری خۆمانـدا بخشـێنین ئـەم دابڕانـە نـەبوە بەقـەد ئـەوەی وەکـو خـۆی نیشـان دراوە، وەکـو وێنـەو خـەیاڵ، بیرکردنـەوە، لـەناو قـاڵبی بـەرگێکی شـێوادا، گەیشـتن لـەمانای کەلـەپور سەرلێشـێوان بـوە، ئەگـەر کەلـەپور مانـای زیندویـەتی خـۆی لـەبیرو بـاوەڕو هەسـتو نەسـتماندا دروسـت کـرد بێـت ئـەوە گشـت کاتێـك لەسـەر بناغەیـەکی نوێ خوازیانە دەوری دەگێڕێت..

شـانۆ تریفەیـەکی پاکـژە، بـۆ پاکـژی مرۆڤایـەتیو مادەکـانی پێویسـتە شـتی کۆنـو دوبـارەوە بـو لـەخۆی نـەگرێت، مانـای کەلـەپور دەبێـت لەبـەرگی هاوچـەرخیدا پرسـیارە مەعریفیـەکانمان بـۆ دروسـت بکـات لـەم سـاتەدا، چـونکە هـەمو ئـەو مادانـە دەبێـت لەپرۆسـەو پرۆسیسـی خۆیانـدا مانایـەکی تازەگەریانـە هـەڵبگرن لـە(جەسـتەو زمانوگیانـدا) لـەدایك بـون لەشـوێنو کـاتو کەشو بارو دۆخی تایبەتیدا، بۆ ئەوەی لەنەخۆشی باوك پارێزراو بین.

کەلـەپور نابێـت تـەنیا پـیرۆز کـردن بێـت، هـەڵگرتنی ئـەو واتـا گرنگـەی کەلـەپور پێویسـتی بـەو بەسەراچـونانەوە هەیـە، ئاشـکرایە شـانۆش تـەنیا بـریتی نییـە لـەو یـاخود تـوخمێکی سـەرەکی ئـەو بێـت، بـەڵکو شـانۆ زمانـە، ناتوانێـت

قسـەی گـەلێك بكـات جگـە لـەڕێگای زمـانی خۆیـەوە نـەبێت، كەلـەپور بەگشـتی ئـەو جێماوەیەیـە كەلەسـەرەتای چـەرخەكانەوە ماوەتـەوە، لـەدایك بـوی كـرداری نەوەكانـە نەتـەوە لەمەعریفەیـەكی فراوانـدا كۆدەكاتـەوە، هـەمو ئـەو شـتانەی كەلـەنرخی شارسـتانی مێـژویی دەكـەن، نوسـراو، یـان هەڵكەنـدراو، بەواتایـەكی ترئەوانـەی بـاپیران بـەجێیان هێشـتبێت، داهێنـانو بـەها بەجێماوەكان، بەگێڕانەوە یاخود بەنوسراو.

كەلـەپور مـەرجێكی گرنگـە بۆهـەمو فیكـرو داهێنانێـك، دەسـتكەوتێكی فیكـری رابـردوەوە.. پەیوەنـدی بـە شـانۆوە تـازە نییـە لەسـەردەمی ئەغریقیـەوە هـەبوە، لەكۆنـدا یـەكێك بـوە لەپێكهاتـە گرنگـەكانی شـانۆ، لەسـەر جەسـتەی ئەكتـەریش كاریگـەری خـۆی هەیـە، بـە مـەرجێك لـەناو زمـانی شـانۆدا مانایەكی لەدایك بو لەمێژودا وەربگرێت.

مێـژو لەشـێوەی كۆنـدا هەوڵـدان بـو بـۆ جێماوەكـانی ڕابـردو.. ئێسـتا مێـژو بـەرەو بونیـادی جێماوەكـان دەڕوات، ئـەو نومایشـی چـەند یـەك لەتوخمـەكان دەكـات، دەكرێـت دابڕێنـو كـۆ بكرێتـەوەو ڕزگـار بكـرێن، پەیوەندیـەكانیان لـەناوەوەی كۆمەڵەكانـدا، مێـژو ئەگـەر گەڕانـەوە بێـت بۆمادەكـانی رابـردو هەڵـە دەكەوێتـەوە، بـەڵكو لەڕێگەیـەكی بنچـینەیی بەڵگەنامـە بـۆ جێماوەكـان، كـە مێـژو مانـای لـەدایك بـون وەربگرێـت، دەبێـت بـەگوتار نزیـك بكەوینـەوە لێـی.. چـونكە بـەرەو حاڵـەتێكی لـەدایك بـو دەڕوات.. بـەرەو سـەلماندنی پەیوەنـدی هـەمو ئـەو شـتانەی كـەپێمان دەگـات لەبونیـەی گوتـارێكی مەعریفیدا، كەمادەو شوێنەوارو جێماوەكان بگرێتە خۆ.

ئاشـكرایە شـانۆ نابێتـە تـوخمێكی سـەرەكی بـۆ كەلـەپور، بـەڵكو شـانۆ پێكهاتـەی كۆمـەڵێك زانسـتیو بـیرو بـاوەڕی زانسـتیو هونەریـە، وەكـو

دەرونزانیــــو ڕەگەزناســــیو ئیســــتاتیکاو فەلســــەفەو زانســــتی مــــرۆڤ..هتــــد. وەهــــەروەها پێکهاتــــەی چــــەند هونەرێکــــە وەکــــو تەشــــکیلیو مۆســــیقاو ســــەما.. هتــد. دەبێــت بــەها ئیســتاتیکیەکانی خــۆی لەدەســت نــەدات، گوتــاری شــانۆ بپارێزێت.

لێــرەدا بــەرەو ئــەو خاڵــە بنچــینەییە بچــین، دەکرێــت دامەزرانــدنێکی خۆڕســك بــۆ شــانۆ بکــەین، زۆربــەی شــانۆی جیهــانی لەســەر بناغــەی کەلــەپور دانەمــەزراوە، وەکــو شــانۆی مەلحەمیانــەی بریختــو شــانۆی تــەعبیری ئــەڵمانی، بــەڵکو ئێمــە لێــرەدا بڵــێین، ئــەو خەرمانــەی کەلــەپور هەرکــەس دەتوانێــت لەواتایــەکی لــەدایك بــو ســودی لێوەربگرێــت پەیوەنــدی بــە هــەوڵی خۆیــەوە هەیە.

شــانۆ دەتوانێــت لــەنێو چــەمکەکانی ئێســتادا خــۆی دابمــەزرێنێت.. ئەمــەش بــە خوێندنــەوەی نوێــو بــە تیئــوری شــانۆو پڕکردنــەوەی کەلێنــەکانی.. لێــرەدت گەڕانــەوەو خوێندنــەوەی پێکهاتــەی بناغــەکانی دامەزرانــدنی شــانۆی کــوردی لــەم گەڕانــەدا جەمســەری خــۆی گــرت لەســەر ئاســتێکی نــوێ، بــۆ میکــانیزمی کارکردنو خۆدۆزینەوەی بەرەو ئایندە.

سەرچاوەکان:

1ـ ارکیولوجیا المعرفە/ میشیل فوکو/ ت-سالم یفوت/ص9

2ـــ فلســـفە المانیـــە حدیپـــە/ تـــالیف/ رودیجـــر بـــوبنر/ ت. فـــؤاد کامـــل، ص86، مراجعــە وتقــدیم: د.عبــدالامیر الاعســـم/ ســـنە 1987دار الشـــؤون الپقافیە العامە.

3ـ ارکیولوجیا المعرفە/ص9

4ـ ارکیولوجیا المعرفه/ص7
5ـ المعرفه والسلگه مدخل الی قراوه میشیل فوکو/ جیل دولوز/ ت: سالم یفوت ص89
6ـ المعرفه والسلگه مدخل الی قراوه میشیل فوکو/ص89
7ـ ارکیولوجیا المعرفه/ص9
8ـ گۆڤاری گوتار/ ژماره1/ دەسەڵات و نوێگەری/ جۆرج بالاندیه
9ـ گۆڤاری گوتار/هەمان سەرچاوەی پێشو
10ـ فلسفه المانیه حدیپه /ص8
11ـ فلسفه المانیه حدیپه /ص70
12ـ گۆڤاری گوتار/هەمان سەرچاوەی پێشو
13ـ فلسفه المانیه حدیپه /ص9
14ـ ارکیولوجیا المعرفه/ص13
15ـ ارکیولوجیا المعرفه/ص13
16ـ ارکیولوجیا المعرفه/ص11

*زۆر لەو خالانە لەرێبازی بزوتنەوەی ئازادی خوازی کوردستان/ سەرکردایەتی کاتی(پ.د.ك) 1979 ئاماژەی پێکراوە.

*دەستنووسە کۆنەکە هەڵەی زۆر تیا کرابو هەڵەکانم راست کردۆتەوە جارێکی تر دامرشتۆتەوەو گۆڕانم تیا کردوە. لەگۆڤاری شانۆی ژمارە (7) ی 2008 بلاو بۆتەوە.

سۆسيۆلۆژياى گوتارە جياكارەكان

لـــەم خالّـــەوە دەچـــينە نێـــو قـــولأيى باســـەكە، كەهـــەلّگرى كۆمـــەلّێك پرســـيارە لەســـەر ئاســـتى سۆســـيۆلۆژياى شـــانۆ.. كەپێكهاتـــەى گوتـــارى جياكـــارو چـــەمكو روانينو بونيادى شانۆى كوردييە.
ئـــەم شـــۆڕبونەوەيە لەبـــەر تيشـــكى هونـــەريو شـــى‌كردنـــەوەو بـــەراورد كـــاريو روانـــينى نوێـــو هاوچـــەرخيو تازەگەريێتيـــدا، بێگومـــان توشـــى دودلّيـــو راراييـــو گومـــانو كۆمـــەلّێك پرســـيارى گرنگمـــان دەكـــات، لەگێـــژەنگى ئـــەو هـــەمو كەلەبـــەرو بۆشـــاييە هونـــەريو مـــەعريفيو گوتـــارە جياكارانـــەى كەلـــەم چـــەرخە پـــڕ

بایەخــەدا.. لەســەردەمی روناکبیریــدا بەجەســتەی شــانۆی کوردیــەوە بۆتــە نەخۆشی کوشندە.

ئاشــکرایە رەوتــی هونــەرو لــەکار کــەوتنی کــارێکی ســەختە لەســەر سۆســیۆ رۆشــنبیری کۆمــەڵ.. چــونکە هونــەر تــەنیا ئــەوە نیــە بڵــێین هەمانــە، یــان پراکتیکــی دەکــەین، بــەڵکو ئەوەیــە بــزانین چــیمان دەداتێــو چــی لایــە؟ کــام پرســیارانەی هــەڵگرتوە؟ چــی پەنجەرەیــەکی نــوێ دەکاتــەوە؟ چــۆن ئاینــدەمان نیشـــان دەدات؟ .. .هتـــد. بـــە پێچـــەوانەوە دەبێتـــە خـــاڵێکی بەربەســـتەی پێشکەوتن.

ئــەم شــۆڕبونەوەیەمان لــەم ئاســتەدا ســەرەتا بــەرەو ئــەو پرســیارانەیە کــە ئێســتا واقیعـــی ژیـــانو هونـــەر لێمـــان دەکـــەن.. یـــاخود مێـــژو لەبـــەردەم رەوتـــە نەوەستاوەکەیدا دەیکات.

ئاشــکرایە هــەتا ئێســتا شــانۆی کــوردی نــەیتوانیوە ببێتــە شــانۆیەکی رەســەن، هــەتا لەســەر ئاســتی سۆســیۆلۆژی بونیــادی خــۆی دانەمــەزرێنێت.. نــەیتوانیوە تیـــۆرو روانینـــو خوێندنەوەیـــەکی قوڵـــو سەرتاســـەری خـــۆی هـــەبێت، جگـــە لەلاســـــایی کردنــــەوەی ناعەقڵانیانــــەی شـــــانۆی عـــــەرەبیو جیهــــانی.. هەوڵدانــەکانی شــانۆی لەســەر ئاســتی نومایشــتی شــانۆیی زۆر ســەرەتایی پێناســەی دەقــی کــردوەو زۆربــەیان بــە مانــای دەقــی شــانۆ مــردون.. یــان دەقــە بیانیــەکانی وەك خۆیــان هێنــاوە بــەبێ جیــاوازی زەمــەنو شــوێنو روانــینی نــوێی دەرهێنـــان.. نکـــۆڵی لەهـــەوڵێکی ســـەرەتاییانەی وەرگێـــڕان ناکرێـــت لـــەدەقو رەخنـــەو باســـی شـــانۆیی.. یـــاخود چـــەند هـــەوڵێکی دڵســـۆزانە..ئەمانـــە نەگەیشــتونەتە ئــەو ئاســتەی تینــوێتی شــانۆ بشــکێنن.. شــانۆ لــەبونیادەکانی خۆیـــدا دانەمـــەزراوە.. رەخنـــەو لێکۆڵینـــەوە لەســـەر ئاســـتێکی هونـــەری

نــەیتوانیوە لــەدەروازەی شــانۆ بــدات. ئەگــەر لەســەر دو ئاســتەوە شــی بکەینەوە:

1- توێژینــەوەو رەخنــەی شــانۆ.. لــەبواری توێژینــەوەی شــانۆیی ئــەوە هــەژاری بەجۆرێکــە خوێندنــەوە بــۆ وەرگــرتنیش نــەکراوە.. بــواری رەخنــەش رەخنەیــەکی بــێ توانــاو مــردو بــوە.. توانــای ئــەوەی نــەبوە لــەناوەوەی بونیــادو دەقــدا کــار بکــات.. توانــای دوانــدنی دەق (اســتنگاق الــنص)و دۆزینــەوەی بونیــادە دەلالیــو موفرەداتــەکانی شــانۆی نــەبوە.. بەقــەد ئــەوەی کــەپێك هاتــەی کۆمــەڵێك رستەی ســواو بــێ کــەڵك بــوە.. ؟ بــارت گوتــەنی: نەگەیشــتۆتە ئــەو ئاســتەی پێــی بگــوترێ:(میتــا زمــان).. هــەر بۆیــەش ئــەو ئاســتەی شــانۆی کوردی نادیارە ئەگەر کارێکی جوانیش بوبێت لەو گێژەنگەدا بزر بوە.

کــاری رەخنــە لەدەقــدا دۆزینــەوەی دەلالەتــەکانو دوانــدنو کــار کردنــە لەتــەوەرەکانی بونیادەکــانی دەقــو دۆزینــەوەی روانینــو چــەمکی ئیســتاتیکاییو گوتــاری شــانۆیە. لەنومایشــتی شانۆشــدا هــەمان چەشــنو بگــرە قــوڵترە بــەرەو زمــانی جەســتە (لغــە الجســد)و مــادەو شــتەکانو چــۆنیەتی پەیوەنــدی کــارکردنی(ســیمیوگیقی) بــەدەقو نمایشــتەوە.. بــارت لای وایــە: شــانۆ ئــامێرێکی ســیبرنیتیکیە.. چــونکە شــانۆ هــەڵگری بونیــەی نیشــانەیە (علامــات) رەخنــەی شــانۆی کــوردی بــەهۆی ئیفلیجــی خۆیــەوە نــەیتوانیوە خــۆی لــەم ئاســتە بــدات.. لەئامۆژگاریــەکی ســادە تێپــەڕی نــەکردوە.. یــاخود رەخنەیــەکی کۆنــو ســواو.. ئەمــەش کــەلێنێکی گــەورەی دروســت کــردوە.. رەخنــە وەکــو گوتــارێکی رەخنــەیی کــاری خــۆی ئــەنجام نــەداوە.. جیــا کــار بــوە لــەبونیادە دەلالیــەکانی شــانۆ.. شــانۆش توانــای گەشــە ســەندنی نــەبوە.. گوتارەکــانی بــەجیاکاری کاریــان کــردوە.. توانــای ئــەوەی نــەبوە گوتارەکــانی

لەسۆسیۆلۆژیای شانۆدا رێك بخات.. کەلەناو زمانی شانۆدا کار بکات.. ئەمەش نەبونی سۆسیۆ رۆشنبیری کوردی لەسەر ئاستی سەرخانو ژێرخان، هەر بۆیەش نەتوانراوە بنەمایەکی تیئوری دابمەزرێتو هەر هیچ نەبێت خوێندنەوەیەك بۆ ئەو وەرگرتن(أقتباس)ە بکرێت ؟ یاخود لەتەقینەوەی روانینی دەرهێنەرەوە ئەو جیاوازیانە بزانین، کە لەشێوەو زمانی شانۆو هۆکاری تەکنیکو روانینی دوارۆژو بزوتنەوەو گوتاردا بەرجەستەیە.. بۆیەش سۆسیۆلۆژیای شانۆی کوردی دانەمەزراوە.

لێرەوە لەم ئاستەوە گریمانەو گەڕانمان لەسەر ئاستی کردەی شانۆی کوردیو زەمینەی سەرەتای کار کردنیەتی تا ئێستاو خۆ دۆزینەوەی لەبونیادی گوتارە جیا کارەکانو چۆنیەتی میکانیزمی کار کردنی لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەك لەشانۆو ئاستەکانی هونەری لەجیهاندا.. بۆ یەکگرتنو دۆزینەوەی ئەو چەمکو گوتارو بونیادانە.. چونکە یەکێك لەئەرکەکانی (نیشانە) (علامە) لەشانۆدا یەکبونی توخمەکانی نومایشتی شانۆیەو یەکخستنیانە لەشێوەی گوتاردا، سۆسیۆلۆژیای گوتاری شانۆیی لەمیکانیزمی خۆیدا.. والاّ کردنەوەی ئەو پەردەیەی کەسەڵەهای ساڵە شانۆی کوردی لەتراژیدیا نوقم کردوەو نەیهێشتوە لەروانینێکی نوێدا کاری خۆی بکات.. شێوازی هەڕەمەکی سواو توشی کارەساتیان کردوە.. هەمیشە بەهۆی زاڵ بونی گوتارێکی شێواوەوە زمانی شانۆ لاڵ بوە.. پتر عەقڵی شانۆی کوردی لەپێوانەدا کاری کردوە.. ئەم پێوەدانگە زۆر جار تیوری سەدەیەك لەوە بەر بوەو لەبەر پێودانگی عەقڵێکی سواو پیادە کراوە. یاخود لەحاڵەتی نەست (لاشعور) کاری کردوە.. یاخود لەشالاّوی تراژیدیای دوبارە بونەوەدا بوە.. لەسەر ئاستی سۆسیۆ رۆشنبیری توانای

داهێنـــان نـــەبوە.. وەك خـــود خـــۆی لەپەیوەنـــدیکاری کۆمەڵـــدا نەدۆزیوەتـــەوە.. لـــەم گێژەنگـــەدا کەوتۆتـــە نـــاو کـــردەی پـــیرۆز کـــردن.. بۆتـــە عـــەقڵێکی ســـۆفی گـەری بـۆ تیـورێکی جیهـانی بـەبێ خوێندنـەوەو بەرهـەم هێنـانو خسـتنە سـەر.. هـــەر ئەمـــەش باڵادەســـتی گوتـــارێکی کـــردوە سیاســـی یـــان درامـــی.. .هتـــد. چارەســـــەرێکی سۆســـــیۆلۆژی ســـــەربەخۆی بـــــەگوتارەکان نـــــەداوە لەبـــــەهای ئێســـتاتیکیدا.. بەدۆزینـــەوەی ئەرکـــەکانی   خـــۆی، بـــۆ بـــەردەوامی ئـــەم بەهایـــە یـــاخود بـــۆ ژیاندنـــەوەی لـــەباروودۆخێکی دیـــاری کـــراودا.. شـــێوازەی ئـــەم پەیوەندیانـــەش پێویســـتیان بـــەقوڵ بونـــەوەو شـــۆڕبونەوەیەکی بـــەردەوامو تازەگەریانە هەیە.

لەســـەرەتای شـــانۆوە هـــەتا چـــەند چـــەرخێکی بەســـەردا چـــو زیـــاتر لەهـــەمو جیهانـدا تـەنیا بایـەخ دان لەسـەر دراماو کـاری درامـا بـوە.. وەکـو تـەنیا درامـا داهێنـەری سـەرەکی شـانۆ بێـت.. ئـەوە ئـەو قۆناغـە هـەولۆ بنچـینەی سـەرەتای شـــانۆ بونـــو بـــەپێی گۆڕانـــەکانی مێـــژو گۆڕانیـــان بەســـەردا کـــراوە، پـــاش تێپـــەڕبونی چـــەند ســـەدەیەك لەشـــانۆی جیهانیـــدا، لەشـــانۆی کوردیـــدا هـــەتا ئێســـتاش بـــاس کردنـــی کـــاری شـــانۆیی راســـتەوخۆ دراماو چـــەند ئـــەرکێکی تەقلیـــدیو کۆنـــە.. بـــەبێ ئـــەوەی هۆشـــیاری گۆڕانـــە گـــەورەکانی درامـــا بـــن.. لێـــرەوە کـــاتی خۆیـــەتی لەچـــۆنیەتی شـــانۆو ئامـــانجو رەوشـــتو ئێســـتاتیکای بپرســـین؟ لەگـــەڵ قۆناغـــەکانی مێـــژودا کـــە بەســـەریدا رۆیشـــتوە.. ئەگـــەر لەســـەردەمی ئەغریقـــەوە پرســـیار بکـــەین.. ئـــەوان پابەنـــدبون بـــەدروشمی ئـــاینی ریتـــواڵ بـــۆ گـــەلی یۆنـــان.. بـــەڵام درامـــا هـــەنگاوی گەشەســـەندنی خـــۆی نـــاوە.. لەرێگـــەی ئاهـــەنگی دیـــۆنیێزی کەشـــێتیو ســـەماو ســـرودە جۆراوجۆرەکـــانی گۆڕانی بەسەردا هاتوە.

ئـیلام سـەرەتا کتێبەکـەی بـەوە دەسـت پێـدەکات : کـە ئایـا دەتـوانین کتـێبی هونـەری شـیعری شـێوە ئەرسـتۆ دوبـارە بکەینـەوە لـەزمانێکی سـیمیاییدا، کـەمانای هـەمو بیروباوەڕەکـان (پەیوەندیـەکان، نواندنـەکان، لۆجیـك، ئەندێشە، زمانەوانی، بونیەویەت لەشانۆو درامادا بێت.)

ئـەم خاڵـە پرسـیارێکی جەوهـەری چـڕە..ئەگـەر چـاوێك بەمێـژودا بخشـێنین دەبیـنین نـاکۆکی مرۆڤایـەتی رۆژ بـەڕۆژ لەگۆڕانـدا بـوە.. هـەر لەکۆمۆنـەی سـەرەتاییو کۆیلایـەتیو دەرەبەگایـەتیو سـەرمایەداری.. جگـە لەگۆڕانـەکانی تـری نێـو خـۆی ژیـانو سروشـتو جیهـان.. بـەم پێیـە بـەپێی هـەمو نـاکۆکیو گۆڕانکاریـەکان بێگومـان درامـاش لەشـانۆدا رواڵـەتێکی تـری وەرگرتـوە.. چـونکە ئەگـەر لێـرەدا وشـەی (درامـا) بگـرین بـە مانـای نـاکۆکی دێـت بۆیـە هـیچ کـات نابێـت لەقاوغێکـدا بمێنێتـەوە، چـونکە ئـەم مانەوەیـەی مانـای ژەنـگ هەلـەێنانو مـردن دەگرێتـە خـۆی.. چـونکە نـاکۆکی وەسـتاو نییـە.. هەمیشـە لەشـەپۆڵدایە.. کاتێـك بوەسـتێت زەنگـی کۆتـایی ژیانـە.. مانـای درامـا بـێ سـنورە.. لەگـەڵ گۆڕانـەکانی مێـژوو ناکۆکیەکانـدا لـەدایك دەبێـت.. لای من (میتا گیانە*) لەسەرو گیانەوە.

ئەگـەر بـەوردی چـاوێك بخشـێنین ئـەو گۆڕانانـەی کـە لـەروی هونـەری یـەوە بنچـینەی درامـای گـرت.. لەسـەدەی شەشـەمەوە شـانۆ گـۆڕانێکی گـەورەی بەخۆیـەوە گـرت.. کـە لـەو رەوتـەی خـۆی هاتـە دەرو لـەناو زمـانێکی ناوچـەگەریدا.. گۆڕانـو ئـاڵوگۆڕی زمـان شـەپۆلێکی خسـتە شـانۆوە.. ئەمـەش یـەك خـاڵی گرنگـی بـە دەسـتەوەدا کـە نـاوەڕۆکی شـانۆی کـردە دەقێکـی درامی.

ئاشکرایە پێشکەوتنی دراما پتر لەهەمو شتێك پەیوەندی بە ناکۆکی یە مرۆڤایەتییەکانەوە هەیە.. لێرەوە هونەری شانۆ رەورەوەی گەشەسەندنی گرتوە.. لەگیانی ئاینی لای ئەغریقیو سەدەی ناوەراست شێوەیەکی گەلیو خەیالّی وەرگرت.. کەئەم روبەرە گۆرانێکی گەورەو هەژاندنێکی زۆر بو بۆ ئەوەی بەرەو پێشی ببات.. هەتا لەسەردەمی مەلەکیەتی ئینگلتەرەدا کەوتە ناو مەوداو قولّ بونەوەیەکی تر.. ئەمانەش بەپێی شوێنکاتی خۆی بوە.. شانۆ بەبەردەوامی پێویستی بەگۆرانو سۆسیۆ رۆشنبیری هەیە.. شۆرشە بەهێزەکەی رۆمانسی لەسۆزو توانای روانینی رۆمانسیانەدا لەقۆناغێکی تردا شانۆی گرتە ئامێزو روالّەتێکی تری پێ بەخشی.. دراما لەم پەیوەندیە سۆزو روانینە قولّەدا هاتە ناو مەیدانێکی تری گەشە گرتو.. لەو قاوغەی کلاسیك هێنایە دەر کە تەنیا گێرانەوەی ژیان بێت.. کە بەردەوام ئاراستەی جێگەیەکی تر دەکرێت کە لەرابردودا دیاری کراوە.. بەلّکو هاتە سەر ئاستی دروست بونیواقیعو دۆزینەوەی راستیەکان.. دوای ئەوەش رەخنەی کۆمەلاّیەتی شانۆی هاوچەرخو هەولّدانی هونەر دۆزینەوەو شی کردنەوەو رەخنە گرتنی واقیعی کۆمەلاّیەتیو سریالیەتو رەمزیەتو ئیمائیەتو تەئسیریەتو واقعیەتی سۆسیالیزمیو عەبەسیەت. کە هەر هەمو ئەمانە بون بەهۆی زەمینە خۆشکردنی ناکۆکیە مرۆڤایەتیە قولّو جیاجیاکانی جیهانو توانیان شۆرشی هونەری بۆ بەرەو پێش چونو گەشەسەندنی دراما بکەن.

هەرچەندە ناکۆکیە قولّو جیاجیاکانیان کارتێکەرێکی راستەوخۆی شانۆبون بەگشتی.. بەلاّم لەمخالّەدا لێکۆلّینەوەکەمان لەسەر گۆرانە بنەرەتیەکانی درامایە لەشانۆدا..

(کیر ئیلام ئەو جیاکاریە دەکات بەوەی کەمەبەست لەوشەی شانۆ ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتنی دیاردەی هاوبەشی لەمامەڵەی (گەیەنەرانو بینەران) واتە لەبەرهەم هێنانی واتاو گەیاندنی لەرێگەی نومایشت خۆیەوەو ئەو ڕەوتانەی کەبناغەیان بۆ پێکهێناوە.

وشەی دراماش مەبەست ئەو خەیاڵ بردنەوەییەی چاودێری نواندنی شانۆییە کە لەسەر پێکهاتنی درامی تایبەت بنیات نراوە.. لێرەشدا باسکردنی شانۆیی کورت دەبێتەوە بۆ ئەوەی لەنێوان گەیەنەرانو بینەراندا رودەدات.. ئەمەش لەکاتێکدا ئاماژە بە کۆمەڵێك هۆکار دەکات کەبەخەیاڵکردنی ئەکتەرەوە دەبەسترێتەوە لەنێوان دوجەستەدا کە جیاکردنەوەیەکی رەها نیە.. بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە بە واتایەکی تر جیاوازە بۆ دیاردەی یەك رۆشبیری بۆ هۆکاری شیکردنەوە. ئەمەش لەوەوە سەیر دەکات کە لێکۆڵەرەوەیەك لەشانۆدا دەڕوانێتە دو رەوتی جیاوازی تەواو بۆ مادەی دەق، ئەو رەوتەی لەشانۆدا بەرهەم هێنراوەو ئەو رەوتەی لەپێناوی شانۆدا ئامادە دەکرێت)1.

ئەگەر رەوتی شانۆی درامی لەئەسخیلۆسەوە دەست پێ بکەین دەبینین هەتا (بەرنادشۆ)و (بیراندیلۆ)و (ئارسەر میلەر) هاتو لەشانۆی ناماقوڵ (لامعقول)دا کۆتایی پێهات.. ئەویش لەسەر بناغەی کردنەوەی کێشەی ناکۆکیەکان.. ئەوان نوێ بونەوەیان لەدرامادا بەجۆرێك سازاند کە بۆ ناوەڕۆکی درامیو کردنەوەیەکی نوێ بو.. ئەمەش ناکۆکی دۆزینەوەی دایەلۆژە کە ناکۆکیدا لۆژیکی ترە.. وەدابڕکردنی پەیوەندی گەیاندن.. بەپەیوەندی گەیاندنی ترەوە.. لێرەدا دراما لەو قاڵبە کۆنەی خۆی هاتە دەرەوە..ئەگەر لەم خاڵەوە بگەڕێینەوە بۆ گۆڕانی(ئەبسن)کەلەدرامادا

کـردی.. ئـەویش بەگشـتی کێشـەیەکی خـەبات کردنـی گرتـەخۆ.. زیـاتر بـەوەش کـــەڕەوتی شـــانۆی لەشـــیعرەوە گواســـتەوە بـــۆ پەخشـــانو هـــەنگاوی بـــاڵای لەنوســـەرێکی کۆمەڵایەتیـــەوە بـــۆ نوســـەرێك کـــە تێـــڕوانینی قوڵـــو تێڕامـــانی هـەبێتو لەسـایکۆلۆژیادا قـوڵ ببێتـەوە.. ئـەو بـەراورد کاریانـەی کەلەتەبیعیـەوە بـۆ رەمزیـەت کـردی.. ئـەم گۆڕانانـە لـەجیهانی شـانۆدا بـەربڵاون.. چـونکە رەنگـە دەیـانی تـر هـەبێت ئاماژەیـان بـۆ بکرێـت لـەناو پانتاییـە قوڵـەکانی شانۆدا، هەر لەشکسپیرو راسینو.. هتد.

گـرنگ ئـەوگۆڕانو نوێکاریانـەن کـەهاتون، نکـۆڵی لـەو تازەگەرێتیـەی سـترندبێرینغ ناکرێـت لەگواسـتنەوەی بیناسـازی جێگـرەوە بـۆ بونیـەی ناشـێوەییو، هـەروەها لای بریـوو ڤیـدیکترو هاوپتمـانو پێتسـو برنادشـۆ، کەهەریەك لەمانە لەروانینێکی قوڵەوە کاریان تیاکردوە.

بـەڵام سـەرجەم لـەو زنجیرە یـەك لـەدوای یەکانـە بـون کەلـەگوتارێکی درامـی رزگاریـان نـەبوە.. هـەتا گۆڕانـە سەرتاسـەریەکەی شـانۆی نامـاقوڵ، دوای ئـەوەش لای برێختـو پیتـەر فایسـو چـەندانی تـر.. بـەڵام ئـەم رەوتـە لەشـانۆی کوردیـدا بۆتـە گوتـارێکو زاڵـە.. روانـینی هونەریانـەو گوتـاری رەخنـەیی زیـاتر تـەنیا درامـاو گرنگـی دانـە پێـی لەسـەر بناغەیـەکی زۆر زۆر کـۆن.. ئاسـاییە کـە درامـا واتـای ناکۆکیـەو نـوێترین شـێوازی درامـیش ناکۆکیـە مرۆڤایەتیەکانـە.. چـونکە ئـەمرۆ جیهـان لـەبارودۆخێکی تـری ململانێکانـدا دەژی.. درامـا سـنوری نییـە وەکـو عەقلـە سـەلەفیەکان لەتـەوقێکی ئاسـنیندا (دۆگمـانیزم) لێیـدەڕوانن، چـونکە(درامـا) نابێتـە هـۆی بەرهـەمهێنانی دەق.. دەق بەرهـەم ناهێنێـت.. ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ (زمـان)ئـەوا نکـۆڵی لێکـردن لەزینـدوێتی زمـان کـارێکی مەحاڵـە.. درامـا لـەناو بونیـادی زمانـەوە دروسـت

دەبێــت.. درامــا چــی یــە؟ ئەمــە پرســیارێکە؟ ئەگــەر لــەبونیادی دەقــدا نــەبێت مانــای بــونی نــی یــە.. چــونکە ئــەو کەینونەیــەکی غــەیبی نییــە.. ئەگــەر زمــان نــەبێت.. زمــانی قســەکردنو جەســتە نــاکۆکی لــەکوێوە پەیــدا دەبێــت؟..چــونکە ســــەرتاپای روانینــــەکانی دەق دایدەپۆشــــێت.. دەق پێکهاتــــەی دەلالــــەتی فراوانــە.. هــەڵگری بونیــەی ســیمۆلۆژیە.. هــەر رەخنەیــەك بــۆ درامــا لــەزمانو بونیــادی دەقــەوە نــەبێت مانــای رەخنەیــەکی جیاکــارو دور لــەدەقو نمایشــتو بونیادەکانیانە.. دراما توخمێکە لەتوخمە هونەریەکان.

شــانۆ تــەنیا بــریتی نییــە لــەدراما.. بــەڵکو پێکهاتــەی بونیــادی دەلالیــە.. کــارکردنێکی ســیمۆتیقییە، کەپەیوەنــدی هەیــە بەچــۆنیەتی پەیوەنــدی لــەنێوان نومایشــتو دەقــدا.. لێــرەدا کــاری رەخنــە لــەوە قــوڵتر دەبێتــەوە..کەبەتــەنیا درامــا وەك ئێســــقانێك دەربهێنێتــــو لەشــــوێنەردا شــــیبکاتەوە.. شــــانۆ گــــەڕانێکی نوێیــــە.. ناگــــەڕێت بــــەدوای شــــتی ســــواوو دوبــــارەوە بــــو.. هەمیشــــە لــــەنوێ بونەوەدایە.

ئــەم رەوتــە لەشــانۆی جیهانیــدا گــۆڕانێکی هونــەری بــاڵای بەســەردا کــرا.. درامــا دیــل نیــە تابخرێتــە قــاڵبو ســنور دیــاریکردن.. بــەڵکو ناکۆکییــە.. نــاکۆکی بەردەوامــە.. بــەپێی بــارودۆخو ســەردەمو چــرکە گــۆڕدراوە.. بــە تایبــەتی لەچــەرخی بیســتەمدا.. گــۆڕانی بنچــینەییو قوڵــو نــاکۆکی فیکریــو فەلســەفیو نــاکۆکی مرۆڤایــەتی بــاڵاو جــەنگی ســەر مــانگ.. ئەمــە کــارێکی کردۆتــە ســەر ئــەوەی درامــا بێســنور بێــت.. ئەگــەر نمونەیــەك لەشــانۆی رەش بــین (غـچـب) بهێنینــەوە.. لای (ئــەلبێر کــامۆ) بــون لەهــەر وێنەیەکــدا بمێنێتــەوە باشــترە لەنەبون (عدم) بەڵام لای (ساموئیل بیکت) هەمو شتێك نەبونە (عدم).

ئـەم ناكۆكیـە قوڵـە مانـای لەسـنوری بیركردنـەوەی شـانۆی ناماقوڵـدا گۆڕانـو جیاكـاریو نـاكۆكی جیهانیمـان دەخاتـە بەرچـاو.. ئـەو گۆڕانـو ململانـێ فوتوییانـــەی رۆژانـــەی رودەدەنـــو بێســـنورن.. نـــەوەكو وەك یاسـایەكی(دۆگمـانی)، ئەگـەر سـەیری شـانۆی تـوڕەیی (غچـب) بكـەین، لای (ئـۆز بـۆرن)و (جـۆن ئـاردن)و (هارۆڵـد بینتـەر)و (تـۆم سـتۆبارت) ئـەوە دەبیـنین هەریـەك لەمانـە روانینـو جۆرێـك بـەكارهێنانی درامایـان هەیـە.. كـە هەریەكـە جیـاوازە لـەوی تـر.. چـونكە واتـای نـاكۆكیو كێشـەو ململانـێ مرۆڤایەتیـەكان بـێسـنورن.. ئـەوە هـەر لەشـانۆی سیاسـیو پێشـرەو تـورەیی (غچـب) بـەراورد بكـەین.. چـەندەها گۆڕانـو روانـینی جـۆراو جـۆر دەبیـنین.. دەتـوانین تـەنیا لەشـانۆی رامیاریـەوە، لای(بیسـكاتۆر)و(برێخـت)و(پیتـەر فـایس) كـە هـەمویان لەیـەك پانتاییـدا كاریـان كـردوە.. لەبیركردنـەوەی شـانۆی رامیاریـدا بـەڵام لای هەریەكـەیان شـێوازێكی تـری وەرگرتـوە.. بچـوكترین نمونـە ئەگـەر سـەیری یاسـای دژ بـە دژ بكـەین لەدیالتیكـدا كاتێـك نـاكۆكی نـەمێنێت ژیـان دەوەسـتێت.. دوا خـاڵی یاسـا تەقلیدیەكـەی درامـا چارەسـەرە، كـە ئەمـە وەسـتانی ناكۆكیەكانـە.. بـە دەسـتەوەدانی وەڵامـە.. ئەگـەر بـەپێی تازەگـەرێتی بـڕوانین ئـەوا هـەر دەقێـك وەڵام بـو مانـای ژیـانی لەدەسـت داوەو مـردوە.. چـونكە دەبێـت هـەڵگری پرسـیاری مـەعریفی بێـت..كەلـەناوەوەی كایە ئەبستیمیەكانی عەقلی مرۆڤایەتیدا كار بكاتو پرسیار بێت.

لێـرەدا دەگەینـە ئـەو خاڵـە گرنگـە كـەدراما بێسـنورە.. لـەدیاری كردنـی ناكۆكیەكانـدا.. هاوكێشـەو پێوانـەی نییـە.. لێكۆڵینـەوەی درامـا پەیوەسـتە بـە بونیـادی كـارە شـانۆییەكەوە بـەزمانو گوتـاری شـانۆوە.. دەق لـەزمان پێكـدێت.. لـەو ئاسـتەدا لـەبونیادی سیسـتەمی زمانـەوە خـاڵی درامـی

شـــیدەکرێتەوە.. لەســـەر ئاســـتی پەیوەندیـــەکانی بـــە توخمـــەکانی تـــرەوە.. لـــەم خاڵەشدا بۆئەو چەمکو بونیادانە بچین کە پێکهاتەی ناکۆکی دەکەن.

دراما واتای ناکۆکیـــــە..چــــینایەتی..خۆشەویســـــتی..رامیــــــاری.. کۆمەلآیەتی..مرۆڤایەتی..هتد.

نـــاکۆکی لـــەورووداوەی کـــە هەیـــە.. ئەگـــەر ورد ببینـــەوە دەلالـــەت یـــاخود رووداوێکـــی ئاســـایی ناتوانێـــت زاڵ ببێـــت.. لەبـــەر ئـــەوەی دەق کـــۆی دەلالەتـــە تـــەنیا گوتـــارێکی ئایـــدۆلۆژی، دەرون زانـــی نییـــە هـــەڵگری بونیـــادو دەلالـــەتی فراوانـــە.. کەلـــەتیۆرەکانی شـــانۆو زانیـــاری مرۆڤـــەوە بەرهـــەمی دەهێنێـــت.. مانـــای یـــەك خـــاڵی مێتێـــۆدی دەبێتـــە هـــۆی هـــەرەس هێنـــانی دەق.. چـــونکە خـــاڵی دوەم لەتازەگەرێتیـــدا زاڵ نـــەبونی ئایدۆلۆژایایـــە.. واتـــا کاتێـــك کـــە ئایـــدۆلۆژیا زاڵ بـــو بەســـەر دەقـــو نومایشـــتدا یـــان هـــەر کـــارێکی هونـــەریو ئەدەبیـــدا.. هونـــەر تـــەنیا دەبێتـــە گوتـــارێکی رامیـــاری.. شـــیعارات.. گوتـــاری شـــانۆو سۆســـیۆ گوتـــاری شـــانۆ تێکدەشـــکێت.. چـــونکە ئـــەدەبو هونـــەر لـــەو رەوتـــە تەقلیـــد ئـــامێزە دەرچـــونو کـــۆی دەلالـــەتن..نـــەکو چـــەمکو بیروبـــاوەڕێکی تـــاك رەوو داســـەپاو زاڵ ببێتـــو ببێتـــە سیســـتەمی ســـەرەکی، شـــانۆ مانـــا قوڵـــو فراوانەکـــەی هونـــەرو بونیـــادو وێنـــە ئێســـتاتیکی جۆراوجۆرەکـــانی دەخاتـــە بەرچـــاو..دەقـــی درامـــی چـــەمکێکی رەمزیـــو پێکهاتـــەی وشـــەو ئاماژەیـــە..کـــۆی دەلالەتـــە..یەکەیـــەکی زمـــانی دەلالـــەتی جۆراوجـــۆرەو بـــەپێی هـــەمو ســـەردەمێك گۆڕانی دەلالیانەی قوڵی خۆی دەکات.

ئەگـــەر لێـــرەدا لەشـــانۆی رەمزیـــو شـــیکردنەوەی واقیعیـــو شـــانۆی پێشـــڕەوو رامیـــاری.. هتـــد پیـــا بـــێین ئـــەوە هەســـت بـــە گۆڕانـــە ســـەرەکیەکان دەکـــەین.. رووداوی درامـــی هـــۆی ناکۆکیـــە لەشـــانۆدا.. روانـــینی نوســـەر لەهـــەمو چـــەرخو

بارودۆخێکـــدا شـــێوەیەکی بەرهەمـــهێنی درامـــی نـــوێی هەیـــە.. نومایشـــتێکی نـــوێ دادەهێنێـــت.. شـــێوازێکی هونـــەری نـــوێ.. لەلایـــەکی تریشـــەوە پێـــك هاتـــەکانی شـــانۆ مانـــای درامـــا ناگرێتـــەوە بەتـــەنیا.. بـــەوەی بەســـەر کـــارە هونەرییەکانـــدا زاڵ ببێـــت.. یـــاخود ببێتـــە گوتـــارێکی بـــاڵا دەســـت، دەق لەپرۆســـەی شـــانۆدا دەتوێتـــەوە.. لـــەکاری هونەریانـــەدا هـــەمو توخمـــو گوتـــارو زمانـــەکان دەبنـــە زمـــانی شـــانۆو لـــەناو ئـــەو زمانـــەدا کـــار دەکـــەن.. هـــەمان چـــەمکو واتـــا لەسەرچـــاوەی دەقـــو لـــەروانینی هونەریانـــەدا.. بۆیـــە خۆپاراســـتن لـــەگوتارە جیاجیاکـــان گوتارێـــك کەلـــەزمانی شـــانۆدا یەکنـــەخرێت.. یـــاخود گوتارێـــك بێـــت گوتارەکـــانی تـــر لاببـــات.. ئـــەوە کـــارێکی گرنگـــی میکـــانیزمی کار کردنە.

ئـــەم بۆشـــاییە بۆتـــە هـــۆی لاوازی شـــانۆی کـــوردی.. تێگەیشـــتنی درامـــا تـــەنیا لەقالبـــە کۆنەکـــەی خـــۆی دەرنەچـــوە.. زیـــاتر بایـــەخ بـــە درامـــا دراوە.. بـــە تایبـــەتی لەســـاڵانی رابـــردوو تـــا ئیســـتاش.. هەرچـــەندە شـــانۆی کـــوردی لەچـــەند تـــاقی کردنەوەیـــەکی تـــردا خـــۆی دیـــەوە، بـــەردەوام هەرشـــتێکی نـــوێی بهێنایـــە راستەوخۆ دەبوە گوتارێکی جیاکار.

ئەگـــەر لـــەم خاڵـــەوە بگەڕێینـــەوە بـــۆ درامـــا ئـــەوە ئـــەم رەوتـــە هـــەتا شـــانۆی نامـــاقوڵ(لامعقـــول) لـــەهێزدا بـــو..(شـــانۆی نامـــاقوڵ) هێنـــانی گوتـــارێکی دەرونـــی بـــو..زیـــاتر گرنگـــی بـــەم چـــەمکە دەدا..ئـــەویش لەئـــەنجامی تیۆرەکـــانی فرۆئیـــدو دەنگدانـــەوەیان لەجیهانـــدا. کەراســـتەوخۆ زۆربـــەی دەرهێنـــەرانی جیهـــان کەوتنـــە ژێـــر کـــار تێکردنیـــەوە. فرۆیـــد تـــوانی شـــیکردنەوەی دەرونزانـــی لەشـــانۆدا بکـــات، وەکـــو لەئـــەدەبو زانســـتو مرۆڤایەتیـــدا کـــردی.. میکـــانیزمی دەرونـــی بەســـتەوە بـــە میکـــانیزمی عـــەقڵی مرۆڤایـــەتی.. بـــەخۆڕایی نییـــە

کەزۆربــەی تیئورزانــانی ئــەوروپی فرۆیــد بــەو کەســە دادەنــێن کــە توانیویــەتی دابــڕان لەگــەڵ پێشــودا بکــاتو لــەکلتوری پێشــو دابڕێــت.. شــیکردنەوەی فرۆیــد پەیوەنــدی مرۆڤــو میکــانیزمی دەرونــی مــرۆڤ بــو.. بــەو جــۆرە شــیکردنــەوەی خوێندنــەوەی شــانۆ لــەرێگای دەرون زانیــەوە تەفســیری دەکــرا.. بەتایبــەتی شــیکردنەوەی گرێــی ئۆدیــب (عقــدە اودیــب) دەنــگ دانــەوەی جیهــانی هــەبو.. ئــەم هۆکارانــەش کــار تێکردنــی دەرونیــان کــردە گوتــارێکی بــاڵا دەســتی شانۆ.. ئەمەش وەك رۆلان بارت ئاماژەی بۆ دەکات: کاری پزیشکەکانە.

شــانۆ تــەنیا بــریتی نییــە لــەدەرون زانــی وەکــو پێشــتر لــەدراما‌دا رەچــاو دەکــرا.. ئــەم رەوتــە لــەناو شــانۆی کوردیشــدا هــەولی لەســەر درا.. لــەزۆر تــاقی کردنــەوەداو تــا ئێســتاش.. هەرچــەندە ئەگــەر بگەرێینــەوە بــۆ ســەرهەڵدانی لەجیهانــدا، دەبیــنین لەســەردەمی(ئــەنتۆنان ئــارتۆ)ەوە زاڵ بــو بەســەر شــانۆدا.. وەکــو گوتــاری دەرونــی.. یــەکێك لــەو هۆیانــەی کەبەربەســتی گەیشــتنی رەخنــەکانی ئــارتۆی کــرد مانــەوەی بــو لــەم بازنەیــەدا.. هــەولی ئــارتۆ دەرون زانــی بــو.. مانــەوەی بــو لــەکرداری نــاوەوە (بــاگن) دا ئەمــەش نەســت (لاشــعور) زاڵ دەکــات بەســەر هەســت (شــعور)داو لەهــەمو شــتێك بــێ بــەشمان دەکــات.. تیئورەکانی ئارتۆش لەو خەونەدا تێپەڕی نەدەکرد:

(شــانۆی تونــدو تیــژی بەڕاســتی شــانۆیەکە بــۆ خــەون، بــەلام خــەونێکی قــورس، واتــە پێویســتو ســنوردارە.. بەشــێوەیەکی موتلــەق، خــەونێکی پــێش بــینی کــراوو ئاراســتە کــراوە، دژ بــەو ئــاژاوە ئەزمونگەریــەی کــە ئــارتۆ لەخــەوە خۆبەخۆیەکەیــدا دەیبیــنێ، رێــو شــوێنو وێنــەکانی خــەو دەکرێــت بەدەســەلات گرتن بەسەریدا گوێیان لێبگیرێت)2

هەرچەندە ئارتۆ بیری شانۆی شیکردنەوەی دەرونی رەتکردەوە.. کە بە شانۆی دەرونی ناو ببرێت.. یاخود درامای دەرونی بێت.. لەشیکردنەوەی دەرونی فرۆید خۆی دورە پەرێز دەگرت.. دەیویست لەرێگای شانۆوە لەخەون نزیك ببێتەوە.. کە لەخەون کەشتیەکی رەسنی لێدروست بکات.

ئەو خەونە ئارتۆی لەنەست (لاشعور) نزیکدەخستەوە، هۆشمەندی لای ئارتۆ لەکوشتنەوە دەژیایەوە.. هۆشمەندیەکە بەکوشتن.. ئارتۆ هەوڵی کوشتنی باوکی دەدا (مقتل الاب) دژی خواوەندی شانۆ کە مل کەچی دەسەڵاتی وشەو دەقە.. بەم پێیە یەش چوە ناو جیهانی نەستەوە:

(لەدواییدا.. شانۆیەکی شیکردنەوەیی دەرونی پڕ کێشیدەکات.. کە بەرەو جەمسەری پیرۆزی دەڕوات.. بەمە رۆژئاوا لەپرۆژەکەیو لەرێڕەوی خۆیدا دەچەسپێنێت، بەڵام شانۆی توندوتیژی شانۆیەکی کەشییە.. گەڕانەوەشی هەر بۆ نەستە)3.)

لێرەدا پەردە لەسەر جیهانە نەستەکەی ئارتۆ لادەدرێت.. ئەگەر ئاسایی بڕوانین ئارتۆ لەشێتییەوە توانی داهێنانی خۆی بکات کە ئەمە تواناو گرنگیە مەزنەکەی ئارتۆیە.. بەڵام تواناو هەوڵی ئارتۆ لەو بارودۆخە ناهەموارەی تێیکەوت ئەو شێت خانەیە بو، کە لەئامێزی گرت.

شانۆ دوای ئارتۆیش کەوتە ژێر گوتارێکی دەرونی.. لەشانۆی پێشڕەودا بایەخێکی گەورەی پێدرا.. هەرچەندە ئەمە کودەتایەك بو کارێکی گەورەی خستە سەر پێشکەوتنی شانۆی جیهانی، ئەویش ئەنجامی تێکەڵ بونی شاڵاوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمو دوەمو کپبونەوەی مارکسیزم لەعەقڵی رۆژئاواو ئیستیبدادیەتی ستالینی بو.. ئەگەر لەروانینی ئێستاوە سەیری بکەین.. دەبینین تیۆرەکانی فرۆیدیش بۆ نەست (لاوعی) بو

کەهەست (وعی) هیچ دەورێکی نەدەما.. زاڵ بونی ئەم چەمکەش لەهەمو شتێك بێ بەشمان دەکات.. ئەم کودەتایەش لەلای (کلۆدلیڤ شتراوس) و(جاك لاکان) کۆتایی پێهات، لەرەوتی شانۆشدا بەهۆی روداوەکانی جەنگی جیهانیو کارەساتەکانی مرۆڤایەتی گوتاری رامیاری سەری هەڵدا.. واقعیەتی سۆسیالیزمی شانۆی خستە ناو گوتارێکی ئایدۆلۆژی.

ئەم رەوتەش لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە رچەی گرت.. واتە شان بەشانی گوتاری دەرونی لای (ئاروین بسکاتور) لەئەڵمانیا.. لەئەنجامی تێکشکاندنی سەربازی جەنگی جیهانی یەکەم.. پاش ئەوەی تەعبیریەت نەیتوانی بەهۆی سۆزو قوڵبونەوەی چەمکە مرۆڤایەتیە پڕ لەسۆزەکانیەوە تێپەڕی گێژاوەکانی جەنگ بکات، بۆیە شانۆی رامیاری ئەو کەلێنەی پڕکردەوە.. هەوڵەکانی بسکاتۆریش گرنگی دان بو بەڕامیاریو کێشەکانیو پەیوەستەی هونەری شانۆ.. ئەم هەوڵدانەشی لەسەر ئاستو بیرکردنەوەیەکی رامیاریانە بو.. شانۆی رامیاریش پڕۆپاگەندەی رامیاریو فێرکردن دەگرێتە خۆی.. هەروەك بسکاتۆر خۆی ئاماژەی بۆ دەکات.

لەلای برتولد برێخت بە تەواوەتی کەوتۆتە ناو پانتاییەکی فراوانتر.. شانۆی مەلحەمیانە تیئورو بناغەکانی لەسەر ئەم بناغەیەو واقعیەتی سۆسیالیزمی دارشت.. دوایش شانۆی(وپائقی) بەڵگەنامەیی پیتەر ڤایس ئەم هەوڵدانە زاڵ بونی ئایدۆلۆژیو جیاوازی چینایەتی سورو رەش کە تێکەڵ بونی (دراماو مەلحەمە) یە.

(کیر ئیلام لەشیکردنەوە قوڵەکەیدا ئاماژە بە بونیادگەرانی پراگ دەکات، کە دوای ساڵی 1930 چەند لێکۆڵینەوەیەك دەرکەوتن لای اوتارکارزیش زانستی ئیستاتیکاو هونەرو دراما.. کە ئەو رەوتە باوەی گۆڕی کە

شـــاعیریەتی درامیـــو زانســـتی وەســـفی بالأدەســـت بێـــت.. هـــەروەها گرنگـــی پەیوەنـدی نێـوان رەوتـە ناهـاو رەگـەزەکان کـە ئـەمیان سـەر بەویانـە لەشـانۆدا.. هـەروەها ئالیـەتی دەقـی نوسـراوی لابـرد ، کـە لەرەوتەکانـدا جێگـەی خـۆی دەگرێتـەوە.. هەڵدەسـتێت بـە نوانـدنی درامـی هـەموی.. بابـەتی شـانۆیی خـۆی جێگەی مەدلولە جیاوازەکان دەگرێتەوە.

دوای ئـــەو مۆکارۆڤســـکی شـــیکردنەوەی بونیـــەوی پێکهێنـــا.. بـــەرێرەوی سـیمیایی تایبـەت بەنومایشـت.. وایـدانا کـە هـەر کـارێکی نمایشـتی شـانۆیی وەك هەمویـەتی.. دەقـی نومایشـت نیشـانەی گـەورە بێـت واتـای خـۆی لەسـەر بنـەمای روداوێکـە کەهەمویـەتی..یەکەیـەکی سـیمیاییە(هـەر شـتێك لەشـانۆدا بێـت دەبێتـە نیشـانە)..ئـەو سـتراتیژیەتەی مۆکارۆڤسـکیو هاورێکـانی ئـەوە بـو، کەبنـەمای لێکۆڵینـەوەی نومایشـت نیشـانەیەکی تـەنیا نیـە، بـەڵکو یەکـەی سیمیاییە پەیوەندی دەکەن بە رەوتە جیاوازە ناکاتەکانەوە.

دوای ئـــەوەی بۆگـــاتیریف پێشـــنیازی جەســـتەو شـــتەکانی کـــرد ، کـــە ریشـــەیی دەگـــۆڕدرێن تیایـــدا کـــەدیاری کـــراون.. بەمـــەش هـــەوڵی جیـــاوازی مـــادەی شـانۆیی کـرد کـە هـەڵگری مەدلولـە، دەبێـت مێـزی شـانۆیی لـەمێزێکی تـر جیابکرێتـەوە کەئەندێشـە ئـامێزە..بابـەتی شـانۆیی دەگۆڕدرێـت بـەوی تـر بـۆ یەکەیـەکی سـیمیایی. ئەمـەش یانـدریش هونزلـو برۆسـاکو چـەندانی تـر پـەرەیان پێـداو(تـاودیۆ کـاوزان)ی پۆڵەنـدی کـەتوانی ئامـاژەی سروشـتیو دروسـتکراو لێـك جیـا بکاتـەوە، بـەم پێودانگـە نومایشـت نیشـانەی سروشـتی دەگۆڕێـت بـە نیشـانەی دروسـتکراو.. لێـرەدا دەتوانرێـت نیشـانە دروسـت بکرێت .

وەهــەروەها لای لاونســو ڤلتروڤســکی چــەندانی تــر کاریــانکردە ســەر گــۆڕانی باڵا لەشـانۆدا.. ئەمــەش کـارێکی کـرد کەسـەرتا سـەری شـانۆی جیهـان هـەوڵی دامەزرانــدنی بیروبـاوەڕی دەلالــی شــانۆیی بــدەن.. دوای ئــەوەش لــەزۆر وڵاتــی جیهان پرۆژەی سیمیایی بەرز بوەوە.

ئــیلام جیــاوازی لــەنێوان ســیمیاییەکی درامیــو ئــەوی تــردا لــەنێوان جیهــانی خــەیاڵیو حەقیقــەتی داســەپێنراوەوە دەردەخــات.. ئامــاژە بــە بــیتر هاندکیــەو ئــەزمونی بیرانــدیلۆ دەکــات کــە جیهــانی درامــی فــراوان دەبێتــەوە، نوســەرو بینــەرانو هــەتا شــانۆش بگرێتــەوە.. پێویســتە گەشەســەندنی ژینگــەی ئەکتــەر ئامــاژە بــۆ شــانۆو دیکــۆر بکــات، بــۆ نمونــە ئەکتــەرەکان کەسەرچــاوەی درامــین.. لێرەدا پەیوەندی ئیمائیو بونیەی بەرهەم هێن بەدەست دینێت.

لەشـــانۆدا گرنگـــی گـــەورەی درامـــی لـــەرۆڵی ئاگـــادارە بێژەییەکانـــەوە، لەفەراهــەم کردنــی جیهــانی درامیــدا دەبێــت.. وەســفکردنی نیشــانەی نیشــانە پێکــراو گــرنگ لــەرەوتی ئامــادەوە بێــت کــە هاوتــای رەوتــەکانی ئێرەیــە..کامــە راســتیە کــە داڤیــد لــویز ئامــاژەی پێــدەکات ئــەوە ئاگــادارە وەکــو(أ) لێــرە ئێســـــتا لەگەڕانەوەیـــــدا پشـــــت دەبەســـــتێت لەســـــاتەوەختی بێـــــژەیی. لای ساندروسـیرپیری پەیوەنـدی کەسـایەتی درامــی بینـراوو بیسـتراوە، کـە چەسـپاوەو ریشــەو پەیوەنـدی هەنـدێك بــە هەنـدێکی تـرەوە یـان بەشـتەکانەوە، یـان بەفــەزای شـــانۆوە.. لەرێگـــەی پەیوەنـــدی فەزاییـــەوە.. لەبـــەر ئـــەوەی شـــانۆ گێڕانـــەوەی راسـتەوخۆیە بـۆ ژیـان نـەکو جیابونـەوە لـەگێڕەرەوە..بـاوەڕی دارِشـتنی نوانـدنی درامــی خەیاڵکردنــەوەی ئامــادەبونی جیهــانی ناســراوە.. پێویســـتە کەســـایەتی درامــی پابەنــدبن بــە درامــاوە، بەگشــتیو کــرداری درامــی هەمیشــە دەکەوێتــە ئێســتاوە.. ئــەو تێپــەڕینی زەمــەنی ئێســتا لــەدرامادا دیــاری دەکــات.. ئێســتا

دەرواتــو دەگۆڕدرێــت بــۆ رابــردو، لێــرەدا دەوەســتێت بــەو پێیــەی ئێســتایە.. ئێستا تێدەپەڕێت ئامادە بونێکی نوێی جیاواز دادەمەزرێنێت.

بــەم پێــەش درامــا قــەرزار بــاری بونیەویــەتی براغــە کــە(سلاڤنســکا) و (جانســن) توانیــان توخمــە درامیــەکان دیــاری بکــەنو بــە تیئــوری هلمســلیف شــیکردنەوەی وشــە بکــەن، کــە لەگــەڵ شــێوەی درامیــدا گونجــاوبن.. یەکەیــەکی بنــــەرەتی دیـــــاریکراو بەهاتنـــــەناوەو چــــونە دەرەوەی کەســــایەتیەکان. مارتشــلوپانیینی شــوێنکەوتوە گێڕانەوەییــەکانی پیــادە کــرد، کــەلای بــارت لەســەر خۆرافەیــە لــەدراما‌دا.. ســیرپییری لەلێکۆڵینــەوەی دابــڕینی بــۆ دەقــی درامــی پیــادەی کــرد.. هــەروەها لــەرومانیاو ولاتــانی تــر هــەوڵی پەیوەندیانــدا لــەنێوان دەقــی درامیــو دەقــی نومایشــتدا. پەیوەنــدی دەقــی نوســراو----- دەقــی نومایشــت پەیوەندیــەکی پێکهاتەییــە لــەو رێکخســتنە ئــاڵوگۆڕەوە، کەپەیوەنــدی دەقئــاوێزانێکی ئــەکتیڤ پێکــدەهێنێت.. هــەمو دەقێــك شــوێنەواری دەقێکــی تــری تیایــە بــۆ ئامــادەبون، هــەروەك جۆلیاکریســتیڤا ئاماژەی پێدەکات. . ئەمەش دایەلۆژ دروست دەکات. 4

شــانۆی کــوردی لەوهەوڵــە تێکەلاوەیــدا ســەردەمانێکی زۆر بــەپێی بــاری چەوســاندنەوەو کامــڵ نــەبونی خۆیــەوە کەوتــە ژێــر کــارتێکردنی گوتــاری سیاســی، زۆر جــار چــەند رســتەیەکی ســواو گوتــاری شــانۆی دەمرانــد.. چــونکە خۆبەســـتنەوە بەبســـکاتۆرو پیتـــەر ڤایســـو برێخـــت بەشـــێوەیەکی زۆر ناعاقلانیانــە بــوە.. ئــەو راســتەیش بخەیتــە بەرچــاو هــەتا ئێســتاش زۆربــەی شــانۆی عــەرەبی بــەم دەردە دەتلێتــەوە.. ئاهــەنگ ســازی لــەلای (عبــدول کــەریم بەرشــید) تــەنیا جیاوازیــەکی لەگــەڵ برێختــدا ئەوەیــە ئــەو لــەدو رەنگــەوە جیــاوازی چینایەتی دەردەخــاتو ئــەم لەچــەند رەنگێکــەوە..بــەلام شــانۆی کــوردی

چـونکە خـاوەنی تیئـورو لێکۆڵینـەوەو روانینـو بەرهـەم هێنـانی رۆشـنبیری خـۆی نـەبوە.. ئـەم کـارە نـاقولاَ کەوتۆتـەوە وەرگرتنـو گواسـتنەوەیەکی سـادەو ناعەقلانیانـە.. چـونکە ئـەو هۆیـەو سسـتەمی رۆژانـەش ئـەم هێـزەی زیـاد کـردوە.. هـەر بۆیـە گوتـاری شـانۆ ئـاڵۆزو جیاکـاربوەو هـەر ماوەیـە گوتارێـك بـالاَ دەسـتی گوتـاری شـانۆ بـوە.. بـە مانـای هونـەر دەوری ئێسـتاتیکای خۆیـان نـەگێڕاوە.. چـونکە ئەگـەر بـەوردی سـەیر بکـەین دەبیـنین ئـەم گوتـارە هونـەر دەخنکـێنێ.. ئـەو مەیدانـەی کـەئابوری لەسـەر شـیدەکرێتەوە نزیـك دەکەوێتـەوە لەئایـدۆلۆژیا.. چـونکە چـینی بالاَدەسـت لەهـەمو زەمانێکـدا بـیرو بـاوەڕێکی سـەپێنراوو تـاك رەوو بـالاَ دەسـتە.. هـەروەکو مارکسـو ئـەنجلس لەئایدۆلۆژیـەتی ئـەڵمانیادا رونـی دەکەنـەوە.. چـونکە ئەگـەر پەیوەندیـەکانی لەسـەر ئاسـتی سـەرخانو ژێرخـان (البنـاو الفـوقی _ البنـاو الـتحتی) شـیبکەینەوە.. ئایـدۆلۆژیاو چـینی بالاَدەسـت تـاکرەو دەبێـت پەیوەنـدی بەبونیـەکانی تـرەوە بکـەن.. لەسـەر بناغـەی سۆسـیۆلۆژیای کۆمـەڵگای مـەدەنی.. چـینە بالاَدەسـتەکان لەرێگـەی گوتـارێکی ئایدۆلۆژیانـەدا دەژیـن.. بـالاَ دەسـتن.. لێـرەدا ئەگـەر بونیـەی سـەرخانو ژێرخـان شـیبکرێتەوە بـەهۆی ئایـدۆلۆژیای بالاَدەسـت تەفسـیری تونخمـەکانی سـەرخان بـۆ ژێرخـانی کۆمەلاَیـەتیو ئـابوری دەپچـڕێت.. لێـرەدا بونیادەکـان کـاری تـوخم کـاری خۆیـان ناکـەن..لـەم خاڵـەوە ئایـدۆلۆژیاو زاڵبـونی بەسـەر هـەر کـارێکی ئـەدەبیو هونەریـدا مایـەی خنکانـدنو نەگەیشـتنیەتی.. بۆیـە دەربـاز بـون لـەو هەولەتەقلیـد ئامێزانـەو رزگـاربونی هونـەری شـانۆ لـەو سیسـتەمە ناعـەقلانیو تێکـەلاَوو جیاکارانـە.. چـونکە شـانۆ پێکهاتـەی دەرون زانیـو درامیـو ئیسـتاتیکیو ئایـدۆلۆژیو رەگـەزە زانسـتو.. هتـد.. نـەوەکو

(ئایـــدۆلۆژیا)و(دەرونزانـــی)و(درامـــا).. ببنـــە گوتـــارێکی بـــاڵا دەســـت.. گوتارێـــك كـــە توانـــای رێكخســـتنی گوتارەكـــانی تـــری نـــەبێت (لەشـــانۆدا سیســـتەمی بـاوك دروسـت بكـات).. ئـەوی گرنگـە ئامـاژەی بـۆ بكـەین هونـەر بـەر لەهـەمو شـتێك (گوتـارێكی ئیسـتاتیكی)ە پێویسـتە هـەمو زمانـەكان لەیەك زماندا كار بكەن كەزمانی رەسەنی شانۆیە..

كێشـەو ململانێـو روداوەكـان مانایـەكی ئیسـتاتیكی دەبەخشـن.. سروشـتو كـاری هونـەری روانینـو گەڕانـەوەی گوتـارێكی ئیسـتاتیكیە بـۆ یـەكتر.. لێـرەوە بـەرو بونیـادو چـەمكی ئیسـتاتیكیو دەلالەتـە قوڵـەكانی شـانۆو گوتـاری شانۆدا رۆدەچین.

بـەرەو سۆسـیۆلۆژیای گوتـارە جیاكارەكـانو یەكخسـتنیان لـەناو زمـانی شـانۆدا.. لای ئـیلام جیهـانی گوتـار تێپـەڕی بازنـەی جیهـانی درامـی دەكـات كـە بینـەران دایدەمـەزرێنن.. لێـرەدا قسـەكەر روداوو كەسـەكان بیردەهێنێتـەوە بـەبێ وەسـتان.. بابەتـەكانی گوتـار ئـەو بونـەوەرە واقیعیـو ناواقیعیانـەن، كـەدەتوانین قسـەیان لەسـەر بكـەین.. تایبەتمەندێتیـەكانی جیهـانی درامـا بابـەتی داهێنانـە.. یەكـەم جیهـانی گوتـارە واتـە هـەر شـتێك كـە قسـەكەر بۆیدەگەڕێتەوەو دایدەمەزرێنێتەوە.

گوتـار پێكهاتـەی كۆمـەڵێك ئەدلەیـە.. لەسـەر دوروانگـە دەسـت پێـدەكات، ئـەویش پەیوەسـتە لـەنێوان یاسـاكانو پێكهاتـەی شـتەكانە.. نوسـراو یـان گـوتراو بـەڵكو قـوڵتر بینـەوە رارایییەكـە لەهەسـتماندا.. لـەناو هـەمو كۆمەڵێكـدا بەرهـەمی گوتـار چـاودێرە.. رێكخـەرە بـەپێی ئـەو دەورەی كەلەدەسـەڵات دور دەكەوێتـەوەو دابەشـدەبێت.. لەشـیكردنەوەی دەرونیـدا جۆرێكـە لەبابـەتی ئارەزوەكـاری.. بـەڵكو ئیدایـە كـە نـاكۆكی لـەرێگاوە

دروســـت دەبێـــت.. یـــاری خوێندنـــەوەو نوســـینە.. یـــاخود لـــەئالۆ گـــۆڕی ئـــەو نێوەنـــدە دروســـت دەبێـــت کـــە دەبێتـــە هـــۆی دروســـت بـــونی رەمـــز، لێـــرەدا سیســـتەمی دال(نقـــام الـــدال) دەســـەپێنێ.. چـــونکە گوتـــار — چـــەمکی روداوو زنجیرەیەکـــە پەیوەنـــدی بەچـــەمکی تـــرەوە دەکـــەن بـــەبێ جیابونـــەوە.. ئەمـــەش پەیوەندیـــەکی جەدەلیانـــەی بـــەرەو ئـــەو مادانـــەی کـــردار تیـــا کـــراون.. نـــەکو تـــەنیا پەیوەندیـــەکی جەســـتەیی.. بـــەڵکو پەیوەنـــدی کارکردنـــە..ئـــەم دۆزینەوەیـــەش لـــەو پرۆســـەیەدا ســـەرەنجامی خـــۆی هەڵـــدەگرێت.. کـــە هەیـــەتیو ئـــەوە دەبێتـــە گوتـــار.. چـــونکە وردتـــر بـــۆ کێشـــەکە بـــڕۆین — مەیـــدانێکی گشـــتیە.. بونیـــادە بـــۆ کۆمـــــەڵێك دەســـــــتەواژە (العبـــــارات) ئەمـــــەش لەبناغەیـــــدا کارکردنـــــە لـــەمیکانیزمی خۆیـــدا.. دەلالـــەت ئاماژەیەکـــە بـــۆ وەســـفکردنی لەکۆمـــەڵێك دەســـــتەواژەی دیـــــاری کـــــراو.. لای فۆکـــــۆ دەســـــتەواژە لەســـــەر ســـــێ ئاســـــت شـــیدەکرێتەوە، ئاســـتی مـــەنتیقی کـــە لەبونیـــەی خـــۆی دەردەچـــێت.. لێکدانـــەوەی ئـــەوەی کـــە کۆمـــەڵێك تـــوخمی زمانیـــە لەوێنـــەی رســـتەدا.. کـــرداری زمـــانی کـــە جیابونـــەوەی زمـــان دەســـتەواژەیە یـــاخود جەســـتەیەکی بینـــراوە.. کـــە دەســـتەواژەی لێـــوە دروســـت دەبێـــت.. لێـــرەدا بنـــەمای گوتـــار کـــرداری بنچـــینەیی خـــۆی دەکـــات.. پەیوەنـــدی بەچـــەمکەکانی تـــرەوە دروســـت دەبێـــت.. چـــونکە شـــانۆ لەپێکهاتـــەی سیســـتەمی دەلالەتـــە قوڵەکەیـــدا (نقـــام الدلالـــە) هەڵدەســـتێت بەئـــەرکی ســـیمیائی نیشـــانە (علامـــە) بونیـــەی ئەمـــەش جـــۆراو جـــۆرە کـــە لـــەپێك هاتـــەی شـــانۆو لەشـــیکردنەوەی ئەرکـــەکانی بونیـــادو دەلالەتـــەکانی گوتارەکـــانی واقعیـــەوەو دەلالەتـــە نهێنیـــەکانی دروســـت دەبێـــت.. هەریەکـــەیان گەڕانەوەیـــە بـــۆ ئـــەوی تـــر.. چـــونکە نیشـــانە (علامـــە) لەشـــانۆدا تـــەنیا گرنگـــی دان نییـــە بـــەوەی کـــە بڕوانێتـــە شـــتێکی خـــەیاڵیو بـــەس.. بـــەڵکو ئەندامێکـــە لەئەندامـــەکانی

یاخود دالێکی بیّ زمانیە.. کە هەوڵی دروست بونی زمان دەدات.. لەسەر تەختی شانۆ بەرهەمی ناکۆکی لەنێوان نیشانە (علامە)و دروست بونی وێنەو گوتاری نومایشتەکە، لەرێگەی نیشانە (علامە) لەسەر تەختی شانۆ.. چونکە سروشتو کاری هونەری چەمکێکی نێوەندە بۆ مادە، ئەم گەڕانەش ئیستاتیکیە.. نیشانەی بێزمانیە.. چونکە شانۆ پێك هاتەی بونیەی ئاماژەییە.

نیشانە لەشانۆدا لەرێگەی بەستنەوەو پەیوەندی هەندێك بەهەندێکی ترەوە.. لەبینای کۆمەڵێك دالدا دەردەکەوێت.. (سیمیاو) لەشانۆدا توانای گواستنەوەو گۆڕینی هەیە لەمادەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.. ئەم دەسەڵاتەشی لەتوانای نومایشتی شانۆییەوەیە.. ئەگەر لێرەدا، نیشانە شیبکەینەوە زانستیەکە گرنگی بەلێکۆڵینەوەی سیستەمی نیشانە دەدات.. زمانو سیستەمی ئاماژەیی (نظام الاشارات)و فێرکردنو هتد.. کە نیشانە مادەیەکی هەست پێکراو وێنەیەکی ناوەند لەروانیندا دەگرێت.. بەشێوەیەك کە گەمارۆدانێکی گرنگیە لەئیحای پەیوەندیدا.. چونکە نیشانە (علامە) ئەو نیشانە دالەیە کە توانای گەیشتنی واتای هەیە.. پەیوەندی نێوان دالو مەدلولو هۆو هۆکارە.

لێرەدا بۆ قوڵایی ئێستاتیکا رۆبچین.. لەو وێنە سواوانە دەرباز ببین کەبونەتە هۆی پەکخستنی گیانی شانۆ.. ئەمەش لەئەنجامی دروست بونی گوتارێکی ئێستاتیکیەوە چارەسەر دەکرێت.. ئاشکرایە ئێستاتیکا بەرەو رۆچون لەناوەڕۆکی بیرکردنەوەیدا لەسەردەمێکی نوێدا دواندنی دەلالەتە قوڵەکانی کارێکی گرنگی زانستی ئێستاتیکی یە (علم الجمال) کە بەواتای سۆزو تەفسیری دەرکەوتەی هونەریە.. هەروەك لەپێناویدا وشەی

(ئێستاتیکا) مانای مەلیکەی هەست کردنە، هەوڵی ئەوە دەدات کە کام هەست پێ کراوو دیارە.

هونەر وێنەیەکی واقیعیە.. هاوکێشەی ئەم ئەزمونە قوڵەش لەڕێگای زانستەکانی ترەوەیە وەك دەرون زانیو زانستی مێژوو رەوشتو کۆمەڵایەتیو زانستی هاوجوت بون (المماپلە)و ئەوانی تر کە لەزانستی ئێستاتیکا نزیك دەبنەوە، ئەم وشەیە مانای هەستی خودە.. یاخود هەست کردنە بەپەیوەندی لەمەعریفەدا.. ئەگەر لەدو روانگەوە سەیری بکرێت.. لە(هەستیو عەقڵی) یەکەم زۆر ئالۆزە.. دوەمیشی ئاشکرایە.. لێرەوە زانستی ئێستاتیکا لەمەیدانی ئەو دو نێوەندەدا خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆلای هێگەڵ لای ئەو هەستیو عەقڵیو رۆحە.. هەرچەندە ئەو رزگاری نەبو لەمانای ئێستاتیکا میپالی.. چونکە تەفسیری زانستی بەشێوەیەکی گشتی نواندنو روت بونەوەو هەڵبژاردنو ناوەڕۆکو لێکۆڵینەوەیە لەتیئۆرزانیدا.. بەڵام زانستی ئێستاتیکا خۆی نواندنە لەزیهنی خوێنەردا.. ئەگەر سیستەمی هێمایی (نقام الرمزی) سیمای بکرێتە دو بەش: مەنتیقیو سۆز.. مەنتیقی پەیوەندی بەڕوانینی بابەتی بۆ جیهانی دەرەوە هەیە کەخۆی دەسەڵاتی دەکات.. پەیوەندییەکە دور لەسۆز.. لێرەدا دەلالەتی ئێستاتیکا شتە هەست پێ کراوەکانە.. ئەرکەکانیشی تەنیا گەیشتنی نامەیەك ناگرێتە خۆی بۆ واتا بەڵکو لەسەر ئاستی خۆی خودێکە.. ئەگەر قوڵ لێیبڕوانین مادەو نامەیە.. ئەمەش ئەرکی دالی ئێستاتیکی ئەو ئاوەڵ واتایەی هەیە کە جاکۆبسن ئاماژەی بۆ دەکات (ئەرکەکانی شیعرییە) چونکە زانستیەکی فەلسەفیە گرنگی دەدات بەفەلسەفەی ئێستاتیکا نەکو تەنیا بەمەرجەکانی ئێستاتیکا لەئەدەبدا

وەکـو بـیر هەیـە.. جیـاوازی ئـەم روانینـە لەگـەڵ هونـەردا تـەنیا لەوەدایـە کـە لەهونەردا هەستییە (حسی).

لیّـرەدا تـەنیا مەبەسـت وشـەو دەنـگ نییـە.. یـاخود وشـەو دەسـتەواژە چـونکە هاوکێشـەکە لـەوە قـوڵتر رۆچـوە.. دەنـگ هـەڵگری وێنـەو واتـاو سـۆزە.. بۆیـە لەهونـەردا هەسـتیەو لەئەدەبـدا هەسـتی فیکریـە.. لـەم خاڵـەدا بگەڕێینـەوە بـۆ ئـــەو پەیوەندیکاریانـــە لەشـــانۆدا.. کـــە کودەتایـــە لەعـــەقڵی مرۆڤایـــەتی.. ئەمـەش لەسـەر گوتـارێکی ئێسـتاتیکییە چـونکە بینـەران لەوێنـە فۆتۆگرافیـو بینراوەکانـــەوە بنـــەمای کـــارە شـــانۆییەکە دەخوێننـــەوە، لەگریمانـــەی ئـــەو مەیدانـــەوە کەئەکتـــەر بونیـــادێکی ئێســـتاتیکی دەخاتـــە بەرچـــاو.. نـــەکو وێنەیـەکی سـواو.. ئـەم گوتـارە پەیوەسـتە لەهـەمو بۆشـاییو رەوتـو بزاوتـەو مــادە هونەریەکانــەوە، تەنانــەت بەشــوێنەوە..ئەمــەش تایبەتمەنــدی خــۆی لــەوەوە وەردەگرێــت کــەدیاریکراو نــەبێت.. تــەنیا مەبەســت لەبوعــدی ماتمــاتیکی یـاخود فەلسـەفەی نییـە.. بینـەر لەهۆڵێکـدا دانیشـتوە لەوێنـەی ئێسـتاتیکای ئـەو ژیانەدایـە کـە دەخرێتـە بەرچـاویو دەلالەتـە قوڵـەکانی دەخوێنێتـەوە..شـوێن لەکەشــێتی شــانۆوە لەرێگــەی پرۆســەی دەرهێنــانو نواندنــەوە ئــەو روانینــە دەخاتـە بەرچـاو، کـە جێگـەی رودانـی روداوو وێنـە مێژوییەکـە بێـت.. واتـە شوێن ئاسمانو زەوی پرۆسە هونەریەکەیە.

نومایشــتی شــانۆیی چــەند ئــەرکێکی هەیــە بــۆ دیــاریکردنی پەیوەنــدی.. نیشــانە (علامــە)لەشــانۆدا دەبێــت گــۆڕینی مــادی بکــات.. ئیشــکردن لەبینینـەوە بـۆ بیسـتنو بەپێچـەوانەوەش..هـەروەها توانـای گۆڕینکـاری تـەواوی هــەبێت.. پێویســتە دیــاریکردنی پەیوەنــدی یەکــەمو دیــاریکردنی شــوێن.. چــونکە شــوێن لەجێگــەی نومایشــدا روبــەرێکی تــرە..دەبێتــە(دال) ئــەویش

دەبێــت ببێتــە هــۆی پرســیار، لــەلای بینــەر، چــەمکی ئێســتاتیکا دەخاتــە مێشــکی بینــەرەوە.. لێــرەدا بگەڕێینــەوە ســەر گــرنگترین کێشــە ئــەویش بوعــدی فەلســەفەیە.. دیــاریکردنی جێگــە دەبێــت کەشــیتی لەروانینــدا بســازێنێتو ببێتــە متمانــەی خوێندنــەوەی بینــەر، ئــەویش لەهــەولّو کــرداری دوبــارە نــەبو.. دور بـــون لەجوینـــەوەو ســـازدانی چـــەمکی ئێســـتاتیکی لەمێشـــکی بینەردا..نمایشت دەبێت لەدایك بون بگرێتە خۆی.

شــوێن سیســتەمی نیشــانەیە (نقــام العلامــە) ئەکتــەر لــەروانینێکی هونەریانــەدا یــاری هونــەری دەکــات.. گــۆڕان بەســەر زەمــەنو جێگــەی روداودا دێت.. لەحاڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر.. لەپلەو پایەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر.

ئــەم گۆڕانــە بەپلــەی یەکــەم لەشــوێنداو دوایــی لەتوخمــەکانی تــر وەکــو دیکــۆر..دیکــۆری نیشــتەجێ تاکۆتــایی نابێتــە کــردەی لــەدایك بــون، لەبــەر ئــەوەی دیکــۆر ئەگــەر لەســەرەتاوە تــا کۆتــایی مایــەوە مانــای لــەدایك بــون ناخولقێنێــت.. مانــای نیشــانە (ســیمیاو) پەیوەنــدی خــۆی دروســت ناکــات..چــونکە دیکــۆر بەپەیوەنــدی بــە مــادەو کەســێتیەکانەوە هەیــە.. نیشــانەو ئــاڵو گــۆڕین هەیــە..دیکــۆری وەســتاو وەکــو لەزۆربــەی هــەرە زۆری شــانۆی کوردیــدا هەیــە، وەکــو ئــەوە وایــە ئەنــدامی جەســتەیەکە لــەکار بکــەوێت..ئــەم ئیشــکردنە بــە کــار خســتنەی لەڕێگــەی گۆڕانەوەیــە..بەتیشــك..کەشــێتی.. یــان گــۆڕانی بنچــینەیی.. یــاخود پــەردەو گواســتنەوە.. ئــەوە کــاری دەرهێنــەرە.. ئــەم گۆڕانکاریە لەچەمکی جێگەدایە.

سیســتەمی نیشــانە (نقــام العلامــە) یــەکێك لەئەرکــەکانی نیشــانە لەشــانۆدا یەکەیــەکی توخمــە نمایشــی شــانۆییە.. نمایشــی شــانۆیی یەکەیــەکی ســیموتیقیە لەهۆشــی بینــەردا.. بــەبێ وەســفکردنیو شــیکردنەوەو باســکردن.. بــەڵکو

بـەهۆی گەیانـدنی دەلالـەتو چـەمکە ئێسـتاتیکیەکانەوە.. دەق قسـە دەکـات لەرێگـەی پەیوەنـدی خۆیـو هونەرمەنـدو نومایشـتو دیمەنـەوە.. لەگـەڵ خـۆی وەکو هەمو بابەتی خۆی بێت هەتا بگاتە بینەر.

لێـرەدا دەلالەتـە پێکهێنـەرەکانی نمایشـی شـانۆیی دیـاری دەکـەن.. ئەکتـەر کـە دێتـە سـەر شـانۆ.. مرۆڤێکـی تـرە.. پـیر..گـەنج.. ژن.. پیـاو..دەبێـت کۆمـەڵێك مـەدلولی نـویێ بخاتـە بەرچـاو..کەلەوەبـەر نـەبینرابێت..(سمگیقیـە)ەی شـانۆیی پەیوەنـدی بەئەکتـەرو سـیفەتە جەسـتەییو زمانـە جەسـتەییەکەوە هەیـەو یەکەیـەکی دینامیکییـە بـۆ کۆمـەڵێکی تـەواو لەنیشـانەو توانـای گێڕانـەوەی نواندنی جەستەی ئەکتەرو گۆڕینی بۆ شتێکی دی هەیە.

لێـرەدا دەکەوینـە نێـو ئـەو تـۆڕەی کـە هونـەر لەکۆتاییـدا جێگـەی چـاوپێکەوتنی نێـوان داهێنـەرو ئەرکەکانیـەتی..دەکەوینـە نێـو ئـەو پەیوەندیکاریـەی کـە بونیادەکـان بـە یـەکتری دەبەسـتێتەوە.. بنـەمای دەلالـی پەیوەنـدی یـەکتریان دادەمـەزرێنن.. چـونکە ئەگـەر وەکـو بنـەمای جەمسـەر بـونی سۆسـیۆلۆژیای گوتـارە جیاکارەکـان بکـەین ئـەوە دەبیـنین لـەبینای سـەرخانو ژێرخانـدا پەیوەندیـەکان پەیوەندیـەکی سۆسـیۆ رۆشـنبیرین.. هـەمویان پەیوەنـدیان بەیـەکترەوە هەیـە.. بـەبێ جیابونـەوە.. یـاخود زاڵ بـونی گوتـارێکی ئایـدۆلۆژی یـان دەرونزانـی.. یـا درامـی.. بـەڵکو کـاری شـانۆ لـەوە قـوڵتر بۆتـەوە..لـەو بونیادانـەو پەیوەنـدیان بەیـەکترەوە خـۆی دەدۆزێتـەوە..یـەکێك لەئەرکـەکانی نیشـانە لەشـانۆدا یـەك بـونی توخمـەکانی نومایشـتی شـانۆییو رێکخسـتنیانە لەشـێوەی گوتـاردا..شـانۆ پێکهاتـەی کۆمـەڵێك زانسـتیو بـیرو بـاوەڕی زانسـتو هونـەرە.. دەبێـت بـەها ئێسـتاتیکییەکانی لەدەسـت نـەدات..

**هـەمو توخمـو زانسـتو هونـەرەکان لەیـەك زمـانو گوتـاردا کۆدەبنـەوە کـە گوتـار و زمانی شانۆیە.**
**لێـرەدا پـەردە لەسـەر ئـەو تراژیدیایـە هەڵدەدرێتـەوە کـە شـانۆی کـوردی گرتۆتـەوە.. بـیری داهێنـانی گوتـارێکی ئێسـتاتیکی نەکردۆتـەوە نـەیتوانیوە خـۆی لـەم بونیـادو چـەمکانە بـدات.. ئەگـەر سـەیری شـارای شـانۆو درەنگـە کـاتی سـەرهەڵدانی بکەینـەوەو نـەبونی تیئـورو رەخنـەو لێکۆڵینـەوە ئـەوا دەبیـنین کارەکـان لەسـەر روانینـو رۆشـنبیریەکی تـاکرەو کراونـو ئـەو کەلێنانـە کەوتونەتـە سـەری.. پێویسـتە بپرسـین ئایـا بـونی شـانۆی کـوردی تـەنیا بـۆ ئەوەیـە بڵـێین ئـەوە شـانۆو فلمـان هەیـە بـە کـوردی ؟ یـاخود بـۆ بونێکـە کـە جیـاوازی خـۆی هـەڵگرتبێت؟ کـە ئێمـە بخاتـە نـاو بیرکردنـەوەو پرسـیارەوە ؟ کـە گـۆڕان دروسـت بکـاتو بتوانێـت واقیعمـان لێبگۆڕێتـو ئێسـتامان لێبکاتـە ئاینـدە.. ئەمـەش بـەوە ناکرێـت کـە تـەنیا هونـەر بـە کـوردی ببیـنین بـەڵکو جیـاوازیو خوێندنـەوەو تێپەڕانـدنو لێکدانـەوەی نوێـو خـەونی ئاینـدەو خسـتنە سـەرو داهێنانـە لەهـەمو رویەکـەوە.. کامـە هـەڵگری کێشـە مەعریفیـەکانی ئێمەیە؟چـۆن دەبێتـە ئاوێنـەی ئۆتۆمبیلەکـەی هۆسـرل؟ئەم گۆڕانانـە زۆریـان دەوێـت جێگـەی سەرسـوڕمانە کـە دەرهێنـەری زنجیرەیـەکی درامـای تەلـەفیزیۆنی کتێبێـك یـان خوێندنەوەیـەکی جیهانبینیانـەی لەسـەر تـەنیا ئـەو أقتباسـەوە نـەبێت کـە لەسینەمادا دەیکـات.. یـا خـود شـانۆ.. جگـە لـەم نـامۆ بونـە سـەیرە لەدەیـەها پرسـیاری تـری بێـوەڵام دەچـن، زنجیرەیـەکی درێـژ دەکـەن کەلەئاسـتی کلتـوری ئەوروپاشـدا قورسـە.. ەك فەیلـەق ئەکتـەری دەوێـت ئەمـە بەرپرسـیاریەتێکی گەورەیـە.. چـونکە بـڕۆ لـەبازار ئەکتـەر پەیـدا بکـە.. بـەس پێـی بڵـی ئـاوا بجـوڵێرەوە..ئـەی کامەیـە چـێژو ئیسـتاتیکاو زمـانو فەلسـەفەی**

ئەکتەر؟کامەیـــە پەیوەندیـــەکانی دالـــو مـــەدلولو خوێندنـــەوەکان..؟یـــاخود پەیوەندیـەکانی بینـەرو ئەکتـەر؟ ئەمـەو دەیـەها پرسـیاری تـر.. ئەگـەر بـۆ دەقـو سـیناریۆ بچـین ئـەوا جگـە لـەزەلیلیان ئـەو رووداوانـەن کـە بینراونـو سـواون.. تـۆ بڵێـی هارپیپۆرتـەرت نیشـان بـدەن؟.. یـان هەڵبجـەو ئـەنفال ببنـە سـەر مـانگ..؟ عیشـق ئێسـتا چـۆتە نـاو ئەسـتێرەوە، بـە ئەفسـانەی تەکنـەلۆژیا تێکـەڵ بـوە، کەچـی بـە داخـەوە جگـە لەوعیشـقی زەمەنـە تەقلیدیـەی دیویانـە بـە بێهێـزی هیچـی تـر نیـە.. نامـەی قوتابیـەکانی سـەرەتایی بـەهێزترە لەودەقـە مردوانـە؟ لەهــەموی ســەیرتر ئەوەیــە لەســەر کەناڵــەکان دەڵــێن ســینەمای کــوردی..کــام کوردیە؟چـیت هەیـە لەزانستەکان؟کەسـینەما بەرلەهـەمو شـتێك زانسـتە..چـی خسـتنە سـەرێکت بـۆی هەبوە؟چـی جیاوازیـەکت دروسـت کـردوە؟ کـام گۆڕانـە لـەبیرو تـەکنیکو زمـانو شـێوەدا؟ کـام ریشـە تیئوریـەت هەیـە..؟ ئەمـە زۆر ترسـناکە زۆر وادەزانـن بـە گـۆڕینی چـاکەتو پـانتۆل بـە جلـی کـوردی مانـای سـینەمای کـوردی بەرجەسـتەیە.. دوا پرسـیارمان ئەوەیـە ئێمـە هونـەرمان بـۆ چـیە..؟ ئەگـەر نەبێتـە مایـەی کارتێکـەریو گۆڕانـو یـاری عـەقڵو بـیرو هۆشـو ببێتـە ئاوێنـەی ئاینـدەمانو ئێسـتاو رابردومـان بخاتـە بـەر توێژینـەوە.. نـەوەکو نیشـاندانی رابردویـەك کـە لاڵـەو هیچـی نادیـاری تیـا نیـە.. نهێنیـەك نیـە بیـدەم بـە نـەوەی چـەرخی بیسـتودو..یـا خـود لەئێسـتادا قسـە کـەر بێـت.. مـن بیردەکەمـەوە کەواتـە مـن هـەم سـەرقاڵم بکـات..کەلـەم پانتاییەشـدا دەکرێـت ئامـاژە بکـەین بـە رۆڵـی سـینەما لەبەشـەکانی تـری کوردسـتان کـە جیـاوازە بـەهۆی کارتێکـەری کلتـوری تورکیـو فارسـی لەسـەریان.. ئەمـەش پرسـیارێکی گرنگـی بـواری رۆشـنبیریو کلتـوری ئێمەیـە کەخوێندنـەوەمان بـۆ

ئـەو جیابونـەوەو یەکگرتنەوەیـەش نیـە.. وە هـەروەها بـۆ چـەند هـەوڵێکی جـوان کە لەبواری کورتە فلمدا کراون.؟

لێـرەدا پرسـیارەکانمان بـۆ هەوڵـدانو بەسـەرا چـونەوەو رەچـەیەکی نـویێ هـەتا بتوانێت لەسەر بناغەی قوڵەکانی شانۆ کاری هونەری خۆی بکات.

شـانۆ هـەڵگری هـەمو ئـەو بونیـادو چـەمکانەیە.. بـەبێ ئەوانـە ناتوانێـت گیـانی زینـدوی خـۆی دەربخـات، لێرەشـدا ئـەو بناغەیـە دەردەکـەوێت.. لەخەرمانـەی تێبینیەکانـەوە کەشـانۆی کـوردی کـاری لەسـەر کـردوە.. بۆیـە لەسـەر ئاسـتی سۆسـیۆلۆژیای گوتـارە جیاکارەکانـەوە شـیکردنەوەی ئـەو بونیـادو چـەمکە سـواوانەمان کـرد بـۆ بونیـادو چـەمکو دەلالـەتی نـویێ.. بـەرەو دامەزرانـدنی شـانۆی کوردیـو رێکخسـتنو کـار کردنـی هونەریانـەی خـۆی.. چـونکە بونـو زینـدوێتیو بناغـە دارشـتنی شـانۆ گرنگیـەکی مێژوییـە لەگۆڕەپانی ئێستای سۆسیۆ مێژوییو سۆسیۆ رۆشنبیری کۆمەڵگای کورد.

تێبینی:لەرۆژی1992/8/11

لەرۆشـنبیری جـەماوەر ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـەکۆرێکی فراوانـدا خوێنرایـەوە. بۆجگەرگۆشـەکانم(هونەرمەنـدەکان)لەگـەڵ(ئارکیۆلۆژیـایشـانۆی کـوردی)دا(بەهـەمو ئـەو هونەرمەندانـە پێشکەشـە کەپارچـەیەکن لەجـەرگمو لەناوجیهانی خۆشەویستیمدا دەژین بەنەمری.)

لـە1998/6/11لەفیسـتیڤاڵی شـانۆی عێراقیـدا لەبەغـداد لـەهۆڵی منتـدی المسـرح لـەکۆرێکی تایبەتـدا پێشکەششـکراوە..کەقسـەم لەسـەر نومایشـتەکانی ڤیسـتیڤاڵیش کـرد..بەرێوەبـەری پـەیمانگای هونـەرە جوانـەکانی بەغـداد گـوتی: تـا ئێسـتا کـۆری وا دەولەمەنـد لەسـەر شـانۆ لەپایتـەختی بەغـداد نـەگیراوە، کـە کاکـە لـەو شـاخەوە هـاتو پێشکەشـی کـرد.

هەر ئەو رۆژە بۆ شەوەکەی لەسەر رەخنەی من ستیودێوی ئەکتەر لەبەغداد بڕیاری کرانەوەی درا .

سەرچاوەکان :

1ـ بڕوانە سیمیاو المسرح والدراما: کیر أیلام : ت. رئیف کرم :1992

2ــ مسرح القسوه وحدود التمپیل، الکتابە و الاختلاف، جاك دریدا، ت کاڤم جهاد، ص 89.

3ـ هەمان سەرچاوە ل 91

4ـ بڕوانە سیمیاو المسرح والدراما: کیر أیلام، هەمان سەرچاوەی پێشو.

*)میتا گیان) (میتا) وشەیەکی یۆنانیە.. لە(سەرو) لەگەڵ وشەی گیاندا لێکداوە واتە (لەسەرو گیان)وە وەك (میتا زمان.(

**دۆگماتیزم: بریتی یە لەو وشەی کە لەبەرگێکی ئاسنی نەگۆڕدا دەمێنێتەوە.. دژی دیالیکتیکە یاخود بەپێچەوانەوە.

لەگەڵ دەستنووسە کۆنەکەدا تەواو دەستکاریم کردوە و بەهێزم کردوە.. کە بەشێکی لەگۆڤاری شاکارژمارەی (32)ی وەك کۆنەکە بڵاوبووەوە نەیانزانی بو کەدەستکاریم کردوە.. بەشی دوەمیشی بڵاوبوەوە لەژمارە 33 ی 2008ی هەمان گۆڤاردا.

**فەزای شانۆ**

**فەزای سیمیایی سدرا ڕەمزو کۆدەکانی نمایش**

**سدرا نمایشێکی فیستیڤاڵی شانۆی عێراقی بو لەبغداد لە1999/3/21 پێشکەش کرا.**

**نوسینی: دخزعل الماجدی**

**دەرهێنانی: د.ڤاچل خلیل/ ڕاگری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداد**

**ئەکتەرەکان**

1 **عزیز خیون ___________ حام ________ کوڕە گەورەی سدرا**

2 **د.میمون الخالدی ______ سدرا________ پیرە باوك : سدرا**

**________عمرا_________ برای سدرا**

3 **أقبال نعیم __________ لیلیپ ________ ژنی سدرا**

4 **هیپم عبد الرزاق _______ هام ___________ کوڕی بچوکی سدرا**

5 **فیصل جواد __________ یافپ __________ کوڕە ناوەنجی سدرا**

بەرلــەوەی بکەوینــە خوێندنــەوەی بونیــادو ڕمــزو نیشــانەو کۆدەکــانی ســدرا پێویســتە تــەنیاو تــەنیا چرپەیەك لەســەر فــەزا (الفچــاو SPACE))بکــەین، چــونکە ئــەم زاراوەیــە نوێیــە ئێســتا بۆتــە زانســت، ئەمــەش ئــەنجامی بایــەخ دانــی بــو لەهــەمو بوارەکانــدا. هــەر بۆیــە لــەلای زانــای ئــەمریکی ئیــدوارد هــال بــو بــە زانســتی بونیــاد (علــم البــون أو البونیــه) واتــە زانســتی جێگــە (علــم المکــان) لەبــەر ئــەوەی ئــەم زاراوەیــە لەســەر ئاســتی شــانۆ زۆر نوێیــەو بایــەخێکی گــەورەی پێــدراوە، چــونکە فــەزا لەشــانۆدا هــەر گشــتگیریەك نییــە، بــەڵکو لەفــەزای جێگــەوە بــۆ فــەزای درامیــو فــەزای وەهمیــو فــەزای ڕەمزیــو فــەزای دەقــو فــەزای...هتــد. ئەمــەش بێگومــان بــۆ شــانۆی گــەلانی کــەنار قورســاییو زەحمــەتی هەیــە، بــە هــۆی کــەمی سەرچــاوەو زۆر هۆکــاری تــر، لەکاتێکــدا ڕۆژ بــەڕۆژ لەجیهانــدا پــەرە دەســتێنێت.. . بــەردەوام ســیمائیەکانی زانســتی برۆکســیمیا بەرهەمــەێنانی لەســەر دەکــەن، ئــەم زاراوەیــە بــەوەوە نەوەســتاوە کەتــەنیا بەڕوبــەر یــان بــەپانتایی نــاو ببرێــت، بوعــدێکی فیزیکیــو فەلســەفیو هەندەسیشــی هەیــەو لەســەر ئاســتی زمــانیش بــەهای تایبــەتی خــۆی هەیــە. لەشانۆشــدا بــەردەوام لەلایــەن تیۆرزانانــەوە گەشــەی پێــدەدرێت، (پیتــەر بروکــو ئۆبرســفیلّد) لەســەر ئــەوە تــەبان کەشــانۆ لەســەرتاداو بــەر لەهــەمو شــتێك شــوێنگەی بەتاڵــە (الفچــاو الفــارغ) ئەمــەش مانــای شــانۆ لەهــەمو شــوێنەوارێکی بینــاییو دیکــۆرو شــتی تــر خــاڵی بێــت، ئەمــەش شۆڕشــە بەســەر هــەمو ئــەو شــتانەی لەشــانۆدا بــەمردویی دەمانــەوە، بۆیــە فــەزای بــەتاڵ مانــای گــۆڕان.. گــۆڕانی هەمیشــەیی لەشــتەکاندا لەشــتێکەوە بــۆ شــتێکی دی. لەفــەزای بەتاڵــەوە کــە بــەدەنگو جوڵــەی کەســەکانو پەیوەنــدی شــتەکان فــەزا پــڕ دەبێتــەوە، ئەمــەش دەرخســتنی هێــزی فــەزاو جیهانبینیــەتی، بــەم پێیــەش

هەمیشــە کــردەی گــۆڕانی شــتەکان دەکــات، هــەر بۆیــە ئــەم زاراوەیــە ئــەرکو ســـیفاتی لەشـــانۆدا زۆرەو ڕۆشـــنبیرییەکی فراوانـــی دەوێـــت بـــۆ پیـــادەکردنی لەشـــانۆدا لەهـــەمو لایەنەکانـــەوە، چـــونکە تەمـــەنی ســـەرهەڵدانی خـــودی زاراوەکــە (50) ســاڵە کــە دواتــر بــڕەوی پێــدراوەو بــۆ شــانۆش زۆر نوێیــە.

ئەوانەیشی کە گەشەیان بەم زاراوەیە دا:

(جاســتۆن باشــلارو یــۆری لوتمــانو ناپــان نــوبلر جینــدریك هــونزل، کــیر ئــیلام، یاســین نەصــیر، ئــۆبر ســفیلد، پیتــەر بــروك، ســامیە ئەحمــەد، ســیزا، ئەحمــەد قاسم، ئەدوارد هال.. تاد )

بەتایبــەتی لــەلای (ئــەدواردەال) ئــەم زانســتی برۆکســیمیایە لێکۆڵینــەوەی تــەواوی هەیــە بــۆ هەســتی مرۆڤایــەتی بەرامبــەر بەشــتەکانو بایــەخێکی گــەورەی لەلای هال وەرگرت.

(کەئــەویش لەبنەڕەتــدا چارەســەری چــەمکی ڕوبــەر دەکــات لــەدەرەوەی مەیدانی هۆشدا (1)، ل46.

بــەم پێیــەش بایــەخو تایبەتمەنــدی زۆری هەیــە بــۆ شــانۆو پەیوەنــدی بەهــەمو کۆدەکـــانی شـــانۆو کۆدەکـــانی ســـینۆگرافیو وێنـــەو بیناســـازیو دیکـــۆرو ئیکسیســـوارو مۆســـیقاو شـــیکردنەوەی درامـــاو پەیوەنـــدی کەســـەکانو پەیوەندیـــە ئــابوریو کۆمەڵایەتیــەکانو ئایینیــەکانو زمــان.. . هتــد هــەبو، هــەر بۆیــە لای ڕەخنـــەگرو زانایـــانی عـــەرەب بـــەدوا گـــەڕانێکی زۆریـــان لەســـەری هەیـــە بەگەڕانـــەوەیان بـــۆ ڕاکـــانی (عەبـــدوالقاهر جرجـــانی)و(ئـــیبن ســـینا)و(ابـــن خەلــدون)و(محمــد مورتــەزا ئــەل زوبەیــدی)و(ســەیفەدین ئەلئەمــەدی)و(جــوبران مەسعود)و (فەراهیدی)و چەندانی تر.

(فەراهیــدی دان بــەوەدا دەنێــت، فــەزا :(جێگەیــەکی فراوانــە)جــەبران مەســعود لەفەرهــەنگی ڕائیــددا پالْپشــتی دەکــات، پێناســەی فــەزا دەکــات بــەوەی کــە سیفەتێکی چۆڵو فراوانی هەیە)(2) ل8.

بــەم پێیــەش جێگــە (المکــان)و فــەزا لێکۆڵینــەی زۆر لەســەر وەســفو ســیفەتو واتایــان هەیــە، لای زۆر لــەتیۆر زانــان جێگــە بــە کێڵگەیــەکی دەلالــی چــڕ دەزانــن یــان بەسەرچــاوەی لــەدایکبون. هیــدیجر لەبیرچــونەوەی جێگــە (المکــان) بەمەرگ دەزانێت.

(لێرەدابــون پــیرۆزی جێگــە ئاشــکرا دەکــات، جێگــە ئــەو شــتەیە کــە ڕێگــا بــۆ مرۆڤ دەکاتەوە کە مرۆڤ بێت، ونبونی جێگە مردنە(3 ل18 .

ئەمــەش ماناکــانی جێگــە، بــەڵام جیــاوازی جێگــەو فــەزا، توێــژەران فــەزاو بوعدی فەزاو وەسفکردنی بەزیاتر دەزانن لەجێگە (المکان).

(فــەزا ســیفەتێکی کراوەیــە بــۆ جێگــە، بــەڵام خــودی ئــەو جێگەیــە نییــە، هــــەروەها وەســــفکردنی زیــــاترە لەجێگەیــــەکی گــــەمارۆدراوو دیــــاریکردنی بەتەنیا سیفەتێك(4ل8

بــەم پێیــەش فــەزا ســیفەتی زیــاترە لەجێگــە، هــەروەك بەرامبــەر بــە وشــە لاتینیەکـــــەی کـــــە هەیـــــەتی، لەبنەڕەتـــــدا لای زۆر لـــــەزانایان مانـــــای درێژبونەوەیــەکی دیارینــەکراوە کــە پێکهــاتوە لەدرێــژ کــراوەی بچــوکترو دیاریکراو .(*)

بــەم پێیــەش فــەزا بێســنورە..لــەبواری شانۆشــدا گــۆڕان لەهــەمو بونیادەکــانی شــانۆو بــوارە کۆمەڵایــەتیو ڕۆشــنبیرییو هونــەری...تــاد دەکــات، چــونکە فــەزا شــێوەیەکی گشــتگیرییە(شمولیــە)لەشــانۆدا کۆمــەڵێك ئــەرکی تایبــەتی لەهەمو ڕوبەرەکاندا گرتوە، هەروەك لای ئیبن خەلدون:

(ڕوبــەری خــانو وەك مزگــەوت وایــە فەزایەکــە بــۆ ئەوانــەی تــەواف دەکــەن (5 ل29 .

فــەزا جگــە لــەوەی کــە ئێســـتا زانســـتە لــەوەو بــەریش خوێندنــەوەی قــوڵی لەســـەرکراوە، لەبەرئـــەوە بەرامبەرەکـــەی بـــەکوردی بەدواگـــەڕانێکی پســـپۆری دەوێــت نــەوەك بــەپانتایی دابنرێــت، بــەڵکو پێویســتە فــەزا ماهیــەتی خــۆی ون نــەکات ڕۆحــی زاراوەکــە بەکوردیەکــەی ببینینــەوە. هەرچــەندە ئێمــە پاشــخانی لــەوەو بــەرمان نییــە بــە تــەنیا هــەوڵێك بــەناوی (فــەزای کــراوە لــەنێوان فــەزای داخـــراو لـــە(ڕۆمـــانی مۆســـیقای مـــەرگی ناوەختـــە)م دییـــوە، لەنوســـینی ســـیامەند هـــادی، کەئـــەویش توێژینـــەوەی ڕۆمانـــە( ** )لـــەم لاولا وەرگێـــڕان هەبوە، بەلأم زۆربەیان هەر پانتاییە ئەو بوارەش دەگمەنە.

هەرچـــەندە لەشوناســـی نادیـــارو سروشـــتی ڕۆمـــانی کـــوردی لـــەم دواییـــەدا ئامــاژەم بــە فراوانــی دابــو، بــەلأم دیســان هەســتدەکەم کەبوعــدی فەلســەفی نیــەو وەك فــەزا بیریــاران قســەیان لەســەر نــەکردوە، بۆیــە پێناچــێت هــیچ وشــەیەك جێگەی بگرێتــەوە، هــەر بۆیــە ئێمــە پــاش خــانی تــەواومان نییــە بــۆی، مــن هــەر فەزام داناوەتەوە.

فــەزا لەشــانۆدا تــوانی هــەمو بوارەکــانی نمایشــت بگرێتــەوە، دەق، ئەکتــەر، دەرهێنـــان، فـــەزای دەق.. ســـەکۆیی، ڕەمـــزی، درامـــی.. . تـــاد، کـــە هـــەمویان پەیوەنــدیان بەڕێکخســـتنی فــەزاوە هەیــە، هــەر بۆیــەش گــۆڕانێکی بنچــینەییو سەرتاســەری ســازاند..ئەگــەر بــە شــانۆی چــەرخی 19 بــەراوردی بکــەین، کــە بــەدیکۆر دەســتی پێــدەکردو بەبەندیخانــە کۆتــایی دەهــات، ئــەوا ئــەو جیــاوازیو گۆڕانکاریـــە دەبیـــنین، چـــونکە شـــانۆی نـــوێ فەزایـــەکی بەتاڵـــە، نـــەوەك دیکــۆرێکی نیشــتەجێ لەســەر شــانۆ بمێنێتــەوە، هــەر بۆیــەش فــەزای شــانۆیی

بــەهای خــۆی هەیــە پێویســتە بەســیفاتەکانی خــۆی لەفــەزا خــەیاڵیو کۆمەڵایەتیــەکان جیــا بکرێتــەوە، هــەروەك عــەواد عــەلی ئــەو ڕەخنەیــە لەڕەخنــەگرو وەرگێڕەکــانی عــەرەب دەگرێــت، کــە لەشــیکردنەوەیاندا بــۆ فــەزای درامــی لــەناو نمایشــتدا ئاوێتــە دەکــەن بــە ئامــاژە پێــدانو وێنــا کردنــی بــە فــەزای تری کۆمەڵایەتی :

(فــەزای کۆمەڵایــەتی وەك مــاڵو کۆشــکو ژور، یــان فــەزای ڕۆشــنبیریی وەك هــۆڵی موحــازەرەو هــۆڵی ســینەما، یــان فــەزای ســەرکوتکەر وەك بەندیخانــە، فــــەزای ئــــایینی وەك کەنیســــەو مزگــــەوت، یــــان فــــەزای پیشــــەیی وەك بەڕێوەبەرایەتیەکانو کارگەو تاقیگاو یان بەپێچەوانەوە6ل 33)

بــەم پێیــەش عــواد زاراوەی فــەزای شــانۆیی لەجێگــەی شــانۆو فــەزای درامــی دەزانێــت، فــەزای جێگــە کــە ســەرجەم ڕوداوەکــانی شــانۆی تیــادا دەبینرێــت، بەپێی تیۆرەکەی ئوبرسفلێد پۆلێن کاری دەکات:

1ـ جێگەی شانۆییو شار

(جێگــەی شــانۆیی بەپەیوەندیــە مــادیو بیناســازیەکانی بەشــارەوە دیــاری دەکرێت) دواتر ئەو جێگەیەیەی کە لەناو فەزای شاردایە.)

2ــــ جێگــــەی ســــەکۆیی(المکــــان المنصــــی) شــــوێنی هونەرمەنــــدە ئەزمونکارەکانــە، هــەمو ئــەو پێویســتیانەی دەبێتــە هــۆی چــالاکیو جوڵــەی ئەکتەرەکانو کۆڕە تایبەتیەکانو بونی دیکۆر یان نەبونی.

3ــ فــەزای ســەکۆیی(الفچــاو المنصــی) بەلایــەنی کەمــەوە دەســەپێنرێتە ســەر سەرجەمی ڕوداوەکان کە دەچنە سەر سەکۆ.

4ـ فەزای درامی کە ئەمەش لەدو چەمکەوە گەشە دەکات،

أ) فـــەزای ســـەکۆیی کـــەدەتوانێت فەزایـــەکی مـــادی دیـــاری بکـــات بـــۆ دەقـــە شانۆییەك.

ب) فـــەزای وەهمـــی کەلەدەقەکـــەوە وەرگـــیراوەو لەویشـــەوە ســـروش وەردەگرێـــت (7 ل(35.

گرنگـــی فـــەزا دەردەکـــەوێتو گۆڕانـــە بنچـــینەیەکانی لەشـــانۆدا بـــەم جـــۆرە زاراوەیـــەکی قولـّــەو فـــەزا لێکۆڵینـــەوەی زۆری دەوێـــت، هـــەروەك پزیشـــکی ئەمەریکی هیمفری ئوزمون سەرەڕای ئەم پانتاییانە وای پێشنیاز کردوە:

(ناونـــانی چـــەند نمونەیـــەکی فـــەزا وەك فـــەزای کێشـــکەر بـــۆ کۆبونـــەوە وەك ئـــەو گۆڕەپانانـــەی کـــە خـــەڵکی تیـــادا کۆدەبێتـــەوە، یـــان گـــازینۆی پاریســـیو بیـــانزای ئیتـــاڵی، ئەمـــەش هاوشـــێوەی فـــەزا بەدوکەوتوەکانـــە.. . وەك ژوری چـــاوەڕوانی نوســـینگە گـــەورەکان، کلینکـــی پزیشـــکیەکانو دەرونیـــەکان کـــە ئیشـــیان بـــە دابڕینی خەڵك دەناسرێتەوە(8) ل(51 .

لێـرەدا تـەنیا پەنجەرەیـەکمان لەسـەر فـەزا کـردەوە، کـە لـەلای ئیـدوارد هـاڵ ئـەم زانســـتە بەداســـەپاندنێك دەزانێـــت لەپێشکەشـــکردنی مـــرۆڤ بـــۆ فـــەزاو چالاکیەکانی بینا سازی ناو ماڵو مەدەنیەت.

****

لەفەزایـــەکی بـــەتاڵ (الفچـــاو الفـــارغ) یـــان جیهـــانێکی پاکـــژو نـــوێ، خـــاڵی لەهـــەمو شـــوێنەوارێك وەك پەرەیـــەکی ســـپی بـــۆ جیهـــانی بینـــەران، کـــە گومـــانی خۆیـــانو ئاماژەکانیـــان بەخـــەیاڵی خۆیـــان تەشـــکیل بکەنـــەوە، چـــونکە بینـــەران لەهۆڵێکـــدا دانیشـــتون ســـەیری جێگەیـــەك دەکـــەن کـــە هـــیچ شـــوێنەواریەکی تیـــدا نییـــە، جیهـــانێکی نوێیـــە، ئەمـــەش پێچـــەوانەی بینـــەری شـــانۆی تەقلیدییـــە کەبـــەر لەنمایشـــتو بـــەر لـــەڕوداوەکان لـــەدیکۆری جـــێگیرو وێنـــەو شـــتومەکو ئـــەو

موفرەدانـەیان دەڕوانـی کەلەسـەر سـەکۆی نمایشـت هـەبون، وەك شـوێنەواری چێشـتخانەو مـاڵ بـەجێگیری دەمانـەوە، ئەمـەش لەشـانۆی نوێـدا بـە پێچـەوانەوە فـەزای بـەتاڵ هـەر لەسـەرەتاوە پەیوەنـدی نێـوان بینـەرو ئەکتـەر لەسـەر بنـەماکانی خـەیاڵو وەهـم دروسـت دەبـن بەرامبـەر بـەو جێگەیـەی کـە لـەجیهانی واقیعیـدا نییـە، چـونکە فـەزای بـەتاڵ وەك لاپەڕەیـەکی سـپی وایـە شـتی مـردو نیشـان نـاداتو هەمیشـە هەڵدەسـتێت بـەگۆڕانی شـتەکان، بینـەر سـەرەتا هـیچ شـتێك نـابینێتو لەگـەڵ ڕوداوە کتوپڕیەکانـدا ئەندێشـە دەکـات.. . چـونکە شـیکردنەوەی بینـەر سـەرەتا بـۆ دەقـی شـانۆییە، کەبـەپێی بـاری ڕۆشـنبیریو ئایـدۆلۆژی خـۆی هـەمو کۆدەکـانی نمایشـت هەڵدەوەشـێنێتەوە(فـك الکـودات)بـۆ بـەکۆدکردنی نـویێ(تکویـد)ئەمـەش واتـای ئـەو لەدایکبونەیـە لەشـانۆداو ئـەو گۆڕانەیـە لەشـتێکەوە بـۆ شـتێکی دیـو بەپێچـەوانەوە، چـونکە پـرۆژەی شـانۆ گۆڕانـە لەهـەمو شـێوازەکان، ئەمـەش بـە پێچـەوانەی ئـەو نمایشـتانەی کەبـەکۆداتی وێنـەیی وەرگـیراو دەڕازێنرێنـەوەو پێشـانگایەك بـۆ بینـەر دەسـازێنن، چـونکە سروشـتی شـانۆ جیـاوازە لەپێشـانگاو ڕوانـینی کەلوپـەلی ناومـاڵ بـەڵکو پەیوەنـدی بـەئاڵو گـۆڕی شـتەکانەوە هەیـە، چـونکە شـانۆ تـۆڕێکی نیشـانەییەو بـۆ دامەزرانـدنی سیسـتەمی نیشـانە هـەوڵ دەدات، دەبێـت ئـەو شـتانەی کـە کاریـان پێـدەکات لەگـەڵ داهێنـانی ئەکتـەردا بێـت، چونکە لەجیهانە واقیعیەکەی خۆمان جیهانێکی ترمان نیشان دەدات،

هـەر لێـرەوە گەمـەی ئەکتـەرو بینـەر دروسـت دەبێـت، ئەکتـەرو ئەکتـەر، یـان بینەرو بینەر،

ئەمـەش لەفـەزای خەیاڵیـەوە بەرجەسـتە دەبێـت.. . چـونکە گوتـاری شـانۆیی پێکهاتـەی جیهانـە درامیەکەیـە، ئـەوەی کـە بینـەر تێیـدەگاتو بـونی هەیـە،

بۆیــەش پەیوەندیــەکان لەوســاتەوە دروســت دەبــن کــە ئەکتــەر بەجولــەو دەنگــی خۆیـــان فـــەزا دەخـــولقێنن، چـــونکە تازەگـــەرێتی لەشـــانۆدا لەبـــەدیهێنانی فەزاوەیـــە کەهـــەولی گواســـتنەوەی بیناســـازی دەدات بـــۆ دینامیکیـــەتی بونیەتی ناشێوەیی(لاشكلی)

هەر بەم پێیەش بنەماڵەی سدرا

لەجیهانێکەوە< > بۆ جیهانێکی تر،

لەلافاوەوە بۆ< > وشکانی،

لەگوناهەوە< > بۆ پاگژی

بـــەتۆڕی گومانـــە ئەزەلیەکـــەیان.. بەرامبـــەر بـــەبونو نـــەبون، لەدۆزینـــەوەی جێگەیـەك لـەجیهان، لـەجیهانێکی ونـەوە بـۆ جیهـانێکی تـری نـەزانراو هـاتن، کـە لەئێسـتای ئامـادەبونی بینـەردا..لـەڕێی ڕسـکاندنی خەیالـەوە جیهـانێکی وەهمـی خولقانـد، ئەمـەش داهێنـانی فەزایـە لەڕێگـەی دایـەلۆژی کەسـەکانو بونیـان لەوجێگەیـەدا، ئەمـەش دیـاریکردنی فـەزای جێگـەبو، کـە لەفـەزای دەقـەوە سەرچـاوەی گرتبـو، چـونکە هەمیشـە ئـەو پرسـیارە دەکرێـت کـەدەق چـی فەزایـەك دەخولقێنێـت؟ ئەمـەش توانـاو زینـدوێتی دەقـە بـۆ دیـاریکردنی فـــەزا، ئاشـــکرایە دەقـــی شـــانۆیی هەمیشـــە لەســـنوری فـــەزادا هەســـتی پێـدەکرێت، هـەروەك ئـەو پەیوەندیانـەی کـە دەقەکـە دایدەمـەزرێنێت، فـەزای درامی سدراش چنینی ئەو ڕوداوەبو کەلەدەقەوە سەرچاوەی گرتبو.

دەقـی سـدرا خوێندنـەوەی دەرهێنـەرو جیهـان بـینی هێزێکـی تـری پێبەخشـی بـو، ئەمـەش بـەکردەی دەقئـاوێزان(التنـاص)بەچـەند دەقێکـی شکسـپیر وەك ماکبێسو هاملێتو شالییرو ئۆتێلۆو چەند دەقێکی تری.)

خوێندنـەوەی دەرهێنـەر بـۆ دەقـی شـانۆیی پێویسـتی بـەڕوانینو جیهـان بـینی نـویێ هەیـــە، ئەمـــەش دەلالـــەتی گۆڕانـــو هاوچـــەرخیمان لـــەلا نیشـــان دەداتوهـــەڵگری کێشـــەو مەعریفەکانمانـــە، چـــونکە دەق ڕەنگدانـــەوەی زەمینـــو زەمـــانو شارســـتانی کـــاتی خۆیـــەتی، پێویســـتە لەئێســـتادا وەك ئێســـتا مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

(تـا ئێسـتاش بـەردەوام لێکۆڵینـەوەی سـیمیائی دەقـی شـانۆیی پـەیڕەو دەکـات وەك بەشـێکی ئـەدەبی هاوشـێوە بـەڕۆمانو چـیرۆك. لەکاتێکـدا مامەڵـە لەگـەڵ نمایشـتکردنی شـانۆییدا تـەواو دەبێـت لـەڕوی بۆچـونی سـیمیاییەکی تـرەوە (9) ل58)

لێـــرەوە چـــۆنیەتی خوێندنـــەوەی جۆراوجـــۆر بـــۆ دەقـــی شـــانۆیی هەیـــەو دەردەکـەوێت کـە بـەردەوام پێویسـتی بـە جیهـان بـینی نـوێ هەیـە.. .چـونکە شـانۆ ئـەو ئاوەیـە کـەناتوانرێت دوجـار خـۆی پێبشـۆرێت. بـەو هـەمو گۆڕانـو جیاوازیانـەی بەسـەر پەیوەندیـەکانی دەقـو دەرهێنـانو نوانـدن کـە بەگشـتی لەکردەی نمایشتدا ڕەنگ دەدەنەوە.

شـــانۆی تەقلیـــدی لەســـەرەتاوە دەقـــی دەخوێنـــدەوە، دەرهێنـــەر ملکەچـــی نوسـەرو ئەکتـەر ملکەچـی دەسـەڵاتی دەرهێنـەر، زۆر جـار ئـەو دەقانـەی کـە هـی چـەند سـەدە لـەوەو بـەربون بەهـەمان ڕواڵـەتو جیهـان بینیـو زەمـەنی خۆیـەوە نیشـاندەدرا، کەئەمـەش هـەڵگری کێشـە مەعریفیـەکان نـەدەبو..شـانۆ ئێسـتا پێـی ناوەتـە قۆناغێکـەوە کـە کودەتـا بەسـەر دەقـدا بکـات، کودەتـای دەرهێنـەر سـەرەتا بـۆ دەق دوای ئـەوە کودەتایـەکی کۆمـەڵی کـە جیهـان بـینی ئەکتـەرەکانو دەرهێنـەر.. . کودەتـای ئەکتـەرە لەسـەر دەسـەڵاتی دەرهێنـان..

چـونکە ئـەوان خۆیـان داهێنــەری فــەزاو زمــانو ڕوداون، داهێنــەری وێنــەو.. .. تاد

شـانۆ ئاوێکـە نابێـت لەخـەونو ڕابـردوی چـەند سـەدە لـەوەو بـەر نوقمـان بکـات، دەبێــت لەئێســتادا قســەکەر بێتــو هــەڵگری کێشــە مەعریفیــەکانمان بێــت، لەبـەر ئـەوە هەڵبـژاردنی هـەر دەقێـك بـۆ نمایشـت پێویسـتی بەخوێندنـەوەی نـوێ هەیە.

ســدرا دەقێکــی(د. خەزعــەل ئەلماجیــدی)بــو، پرۆژەکــانی ئــەویش دروســت بونـەوەو ڕوخانـە، ئـەم دەقـەش دەقێکـی نـوێ بـو هـەڵگری کێشـە مەعریفیـەکان بــو، لــەلای دەرهێنــەریش خوێندنەوەیــەکی نوێــو جیهــانبینیو دارشــتنەوەیەکی نــوێی بۆکردبــو، ئەمــەش وایکــرد کــە نمایشــتەکە هــەڵگری چــەمکە مەعریفیــەکان بێــت..هــەروەها پێوەندیــەکانی(تناصــیە)دەقگــیری، کــە بــو بەمایـەی گۆڕانـو جیهـان بینیـەکی نـوێی دایـە دەقەکـە.. . بـەو کـردەی بەیـەکا ترژانــی دەقــەکانیش هێزێکــی تــری بــەم نمایشــتە بەخشــیو نــاکۆکیو پەیوەنــدی ئــاڵو گــۆڕ دروســت بــو، تــۆڕی ڕەمــزو نیشــانە بەرجەســتە ببــو..هــەروەها پەیوەنــدی گشــتی بەفــەزای شــانۆوەو ئــەو پەیوەندیانــەی کــە فــەزای دەق بەرجەسـتەی کـرد بـون، پەیوەندیـە نێـو دەقیـەکان کاریگـەری تـەواویان هـەبو، جولیا کریستیڤا ئەو پەیوەندیانە بەم جۆرە دیاری دەکات:

(دەق گۆڕانکــاری دەقــەکانی دییــە، پرۆســەیەکی نێــو دەقیــە، لەفــەزای تــەنیا دەقێکــدا وشــەو ڕســتەی دەقــی دیکــە هەیــە کەیــەك یــەکتری بــەتاڵ دەکەنەوە(10) ل(145.

بـەم پێیـەش سـدرا پرۆژەیـەکی بـەهێز بـو لەپەیوەندیـەکانی نێـو دەقیـو بـە یـەکا تــرژان، ئــەمیش بەرهەمەێنــەری گوتــاری شــانۆیەو پەیوەنــدی بــەو داهێنانــەی

ئەکتـــەرەکان هەیــە کەلەنمایشــتدا کردیــان، چــونکە شــانۆ نامەیــەکی شــێوە زمــانی دەگــەنێت لەبــەر ئــەوەی فــەزای درامــی لەوشــەکان دروســت دەبێتــو چــەمکێکی تایبــەتی هەیــە بــۆ فــەزای ســەکۆیی کــە دەبێت فەزایــەکی مــادی بــۆ دەقــی شــانۆی دیــاری بکــات، هەرجێگەیــەك لەفــەزای ســەکۆیی وێنەیەکــە لەجێگــەی ئێمــە لەعالــەمی واقیعــی، ئاشــکرایە فــەزای جێگــە ســروش لەفــەزای دەقــەوە وەردەگرێــت، هــاتنی کەشــتییەك لــەجیهانێکی رابــردو شــۆراوە بــەلافاوێکی ســەرتا ســەری، تەنیاوتــەنیا بنەماڵــەی ســدراو کەشــتییەکەی، ئــەمیش لەبابــەت کەشــتییەکەی نوحــو هــەمان روداو بــۆ مرۆڤــایتی.. .ئەگــەر بەپەیوەندییــە نێــو دەقــەکانیش بێــت ئــەوا پەیوەنــدی بــە بەشــێکی ئــەو ڕوداوەوە هــەبو،(نــوح) کورەکــەی بەجێهێشــت هــەتا بخنکێــت.. ســدراش (یــام)ی بەجێهێشت .

لێـرەوە لـەلافاوو دوای لافـاو پـێش لافـاو کـردەی ئامـادەبونو ونبـون دروسـت دەبـو، ئەمــەش هــەڵگری دەســەڵاتو چــەمکەکانی دەســەڵات بــو لــەپێش زەمــەنی ڕوداوەکــانو دوایــی..ئــەو دەســەڵاتە دەســەڵاتێکی غەیبییــە یــان دەســەڵاتی ئێستای جیهان کە بەجەنگی سارد لەیەك چرکەدا جیهان خاپور دەکات؟ !

پەیوەنـدی ئـەو جیهانـە بـەجیهانی واقیعـەوە.. ئێمـە لـەجیهانی واقیعـەوە سـەیری ڕوداوێکمــان کــرد کەلەواقیعــدا بــونی نــەبو، ئەمــەش ئەفســانەیەکی دروســت کــراو بــو هــەروەك" بــارت " ئامــاژەی پێــدەکات، ئــەم ڕوداوەش لــەهێزی دەقــەوە سروشــتی وەرگرتبــو، کــە تــوانی نــوحێکی هاوچــەرخ لەچرکەســاتی ئێســتادا نیشــان بــدات، نــەوەك ئــەو نوحــەی پێشــو، یــاخود هــەمان ڕوداو، بــەڵکو ســود لــەو ڕوداوە بــە شــێوەیەکی فــەنتازی وەرگیرابــو، ئەمــەش لــەهێزی دەقەکــەوە

**سروشــتی ئــەو ئەفســانەیەی وەرگرتبــو، ئەمــەش پێوەندیــەکانی فــەزای خورافیــە بەفەزای واقیعییەوەو ئاستی ئەو پەیوەندیانە دەردەخات.**

**فـــەزای دەق بـــەجیهانبینی نوێـــو هێـــزی خـــۆی فـــەزای جێگـــەی دیـــاریکردو لەفەزایـەکی بەتاڵـدا یـاری کەسـەکانو پەیوەنـدی ئـاڵو گـۆڕی شـتەکانو تیشـکو مۆسیقاو زمان(من، ئێرە، ئەوێ)ئەمەش دیاریکردنی فەزایە.**

***

**شـوێنکات لـەڕابردوو ئێسـتا دیـاریکراو نـەبو، ئەوجیهانـەی کەشـتیەکەی لێـوە هـاتبو تـەنها لەلایـەن کەسـی قسـەکەرەوە لەئێسـتادا دەگێڕایـەوە، لـەڕێی گێرانـەوەوە ئامـادەبونی ڕابـردو هـەبو، ئـەوەی لەفـەزای سـەکۆیی دەبینـرا، ئەمـەش سروشـتی فەزایـەکی وەهمـی بـو، چـونکە گێرانـەوە لەفـەزای سـەکۆیی پابەنـدی وەهمـە بـۆ جێگەیـەك لەعالـەمی واقیعـی، ئەمـەش پەیوەنـدی بـە وەهمـەوە هەیـە هـەر بۆیـەش گێڕانـەوەی ئـەو جیهانـەی ڕابـردو بـەلافاوو کارەسـاتە کتوپڕیەکـە فـەزای وەهمـی خولْقانـد، گرنگـی ئـەم نمایشـتە لـەوەدا بـو لەچـوار چـێوەی ئـەو فـەزا وەهمیـەوە بـە وێنەیـەکی خـەیاڵی لـەلای بینـەر تەشـکیل دەبـوەوە، چـونکە نیشـاندانی ئـەو جیهانـە دیسـان ئـەم جیهانـە واقیعیـە بـو لـەڕێی وەهمـەوە تەشـکیل دەکرایـەوە، هـەر بـەم پێیـەش پەلکێشـی ڕوانینـو جیهـانبینی نمایشـتەکە دەبـوین لەخوێندنـەوەی ئـەو ئامـاژەو وێنـەو ڕەمزانـە کـە هـەبونو بـەردەوام هەڵوەشـاندنەوەی کۆدەکـانو بـەکۆد کردنـی نوێـو کـۆدە لاوەکیەکانو بەرەو کۆداتی کۆمەڵگەی بونیەی گشتی دەبردین.**

**هـۆڵی شـانۆ خـاڵی لـەڕێی سـەکۆی بـەرزو(پـەردە.. سـتارە)جیـاوازی نێـوان فـەزای نوانـدنو هـۆڵی بینـەران دەبینـرا، چـونکە جیـاوازی ئەمـەش بـۆ فـەزای شـانۆیە کـە فەزایـەکی کـراوەی چـۆڵ بـو، کەسـەکان لـەڕێی تۆمـارکردنی**

زانیـــاری خۆیانـــەوە لەســـەر لافـــاو، ڕابـــردو، شـــتنەوە، کوشـــتار، نـــاکۆکی، دەســـەڵات، مرۆڤایـــەتی، فـــەزای شـــانۆیان خولْقانـــد، گومـــانو وەهـــم بەرامبـــەر بەکێشەو سەرنج لەڕەمزو نیشانەکانو کۆدەکان. ..

کەشـتی ڕەمـزی دەسـەڵات بـو هـەروەها ئامـادەبونی ئـاو، ئەمـەش ئامـادە بـونی ونبـوو بـو، ئـاو دەلالـەتی دوانـی هـەبو، لەلایـەك بەرامبـەر بـە جێگەیـەکی نادیـارو لەلایـەکی تـر جیهـانو مرۆڤایـەتی، بەرامبـەر بـەو جیهانـەی ڕابـردو پرسـیارە مەعریفیـەکان دروسـت دەبـو، بەرامبـەر بـەجیهانێك کـە لەئێسـتای ئامـادە بونـدا بـونی هـەبو لەڕێگـەی وەهمـەوە لەعالـەمی واقیعیـدا جێگەیـەکی دەگـرت، ئەمـە پرسـیارەکانی دەوروژانـد ئـەو جیهانـە چـی بـو ؟ بەچـی تاوانێـك مرۆڤـەکانی نـوقمی شـەپۆلکران ؟ بـۆ تـەنیا بنەماڵـەی سـدرا بەکتێبـە پیرۆزەکەیانـەوە دەرچـون؟ ئایـا پـەیامێکی غـەیبی بـو ؟ یـان دەسـەڵاتێکی تـر لەپشـتی زەمـەنی ڕوداوەکانـەوە هـەبو؟ کـە هـەر ئەوکۆمەڵـە کەسـەی کـەئامادەبون لەسـەر فـەزای سـەکۆیی لـەجیهانی واقیعـدا بونیـان هـەبو، ڕوداوی ئـەو ڕوداوە ڕابردویـەیان لەئێسـتای ئامـادە بونـدا دەگێڕایـەوە، بـەم پێیـەش فـەزای وەهمـی بەرامبـەر بـە بونـو نـەبون لـەو پاکـژیو لافـاوە لـەو زنجیرە ڕوداوەی کـە تـۆڕی دەلالـەتی نمایشـتەکەیان پێکهێنـابو، بـەردەوام بینـەرانی خستبوە نێو کردەی ئێستاو ڕابردو.

ئەکتـەری یەکـەم بـە ڕاکێشـانی پـەتی کەشـتیەکە، دوایـی دوەم، ئـەویش هـەمان چەشـن وێنـەی مانـدویی یەکـەم لەجەسـتەی دەبینرایـەوە بەراکێشـانی کەشـتییەکە، ئەوسـا ئەکتـەرەکانی تـر. بـەهاوارو دەنگـە سـیمیوتیکەکەی سـەرەتایانەوەو بـەو سـرودە بـەهێزە بەتێکـەڵی تیشـکو مۆسـیقا فـەزایان پڕکـردەوە، کەسـی یـەکو دوەم ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئـاوا یـا بـاکورو باشـور یـان

ڕاستو چەپی فەزای جێگەیان گرت، کە دەلالەت بو لەدابەشکردنی دەسەلاّتی جیهان.. یاخود دیاریکردنی جوگرافیا.. یا بەشکردنی میرات.. .تاد

ئەوسا کەشتیەکە وەستاو کەسەکان لەسەر ئێستاو رابردو دایەلۆژیان پێك هێنا:

*(من، تۆ، لێرە، لەوێ..ئێستا) دەستیپێکرد، ئەمەش واتە ئێمەی فەزایی.

فەزا لەبێشێوازییەوە دروست بو لەنێوان(لافاو وشکانی) هەر لەگەڵ پڕکردنەوەی فەزا ئەو فەزا درامیەی لەئەنجامی گێڕانەوەی نمایشتەکەوە فەزای وەهمی خولّقاند، بەرامبەر بەو فەزا ڕەمزیەی کەڕوبەری شانۆی کرتەوە ئەمەش سیفاتێکە لەسیفاتەکانی شانۆی زیندو:

(*ئەم کاتە پیرۆزە نەدالّ دەبینم نەقە لەڕەش (***)

(*لەماوەی چل شەوو ڕۆژدا خودا جیهانی شت، هەمو گیانە شەڕانگێزیەکان لەمرۆفدا ڕۆشتنو ئاویش هەمو ئەوانەی لەسەر زەوین لەپاشماوەکانیان پاکی کردنەوە (11ل10 (

جیهانبینی لەکاتێکی پیرۆز خالّی لەبونی قەلّو دالّ بەرامبەر بەو لافاوو شتنەوەی مرۆڤایەتی کە زەمەنی شتنەوەی جیهانە،

لێرەدا ئاو چەند چەمکێکی هەیە، لەونبونو ئامادەبون کە دیسان دەلالەتی جیهانە..هەروەها ونبونو ئامادەبونی قەلو دالّ کەدەبێت ڕمزێك بێت بۆ کارەساتەکان.

ئەم ساتە پیرۆزە کە قەلو دالّی تیا نابینم، مانای بەر لەو کاتە بینیومە.

قـــەلو دالّ دیســـان ڕەمـــزی دەســـەلاّتن، ئەمـــەش بینـــەر دەخاتـــە ســـەر تەشـــكیل كردنـــەوەی ڕەمزەكـــان بەخـــەیاڵی خـــۆی، وەهـــم بەرامبـــەر بـــە (خوداوەنـــد، دەســـەلاّت، پەیامبـــەر، مرۆڤایـــەتی، مـــەرگ، ژیانـــەوە، بـــون. .تـــاد)ئەمـــەش پەیوەنـــدی هـــەمو كردارێكـــە كەلەســـەر بـــەهای نامـــەی ڕاگەیانـــدن دەوەســـتێت، بـــەم پێیـــەش زانســـتی ســـیبرنیتیكا پەیوەنـــدی بـــەكردارەكانیو پەیوەنـــدی دەســـتگرتن بەســـەریانداو لەهـــەمو ئـــامرازو بونەوەرەكانـــدا هەیـــە، ئـــەم پەیوەندیانـــەش هـــەر لـــەدەنگی ئەكتەرەكانـــەوە بـــە شـــێوەیەكی ئیقـــۆنی یـــاخود گرۆگـــاڵی ســـیمیوتیكی هـــاتنو لەپەیوەنـــدی زمانـــە جەســـتەییەكەیانەوە پـــەیامنێری ئامـــاژەیی(مرســـل الآشـــارە) تـــا پەیوەندیـــەكانی تـــر. ئەمـــەش لـــەلای(هـــال) تـــەنیا لـــەنێوان ئەكتەرەكانـــدا نییـــە، بـــەڵكو لـــەنێوان ئەكتـــەرو تەماشـــاكاراندایە، ئـــەو پێوەندیـــەی كـــە لەجەســـتەی ســـدرا بـــۆ جیهـــانگیری دیـــاری دەدا حەزێك بو دەیویست پاش شتنەوەی جیهان دیسان بیگرێتەوە.

ســـدرا چـــی دەویســـت؟ تێكـــدانی جیهانێـــك بۆدروســـت بونـــەوە؟ نـــەوەكانیش دەیانویســـت گـــۆڕان بكـــەن، هـــەمو ئـــەو ڕوخـــانو دروســـت بونەوەیـــەیان دەویســـت، كـــێ ســـدرای كوشـــت؟ ناكۆكیـــەكانی نێـــوان وەچـــە لەشـــەڕە شمشـــێر چـــی پـــەیامێكی هـــەبو؟ ئەمـــەش لەڕێگـــەی كـــەناڵی ڕاگەیاندنـــەوە دەردەكـــەوت، هـــەروەك هـــال ئـــەو پێوەندیـــەی نێـــوان ئەكتـــەرو بینـــەر بـــەو چـــەند كەناڵـــە ڕاگەیاندنـــە نوێیـــە دەزانێـــت كـــە لەنمایشـــتەكەدا هـــەن، وەك بۆنكردنـــو دەســـت لێـــدان. چـــونكە لای ئـــەو هـــەمو شـــیكردنەوەیەكی شـــانۆییو هـــەمو ڕەوتێكـــی نمایشـــتوكۆدەكان بەرێكخســـتنی فـــەزای شـــانۆییو فـــەزای نێوكەســـایەتی دەزانێت . ****

ئەمـــەش لای ئـــەو ناونـــانی پەیوەندیـــەکانی بونیـــەی هەیـــە، بـــەم پێیـــەش جیهـــانێکی نـــوێ دامـــەزرا.. ئـــەم پەیوەندیانـــە لەڕێکخســـتنی فـــەزای شـــانۆیی لەفـــەزای ســـەکۆییو فـــەزای درامیـــو فـــەزای ڕەمزیـــو فـــەزای وەهمـــی نمایشـــتدا بەکشـــتی دیـــاری دەدا، چـــونکە پەیوەندیـــەکانی نێـــو کەســـایەتی پەیوەنـــدی هەیـــە بەهـــــەمو نمایشـــــتەکەوە لـــــەئاڵوگۆڕی شـــــتەکانو پەیوەنـــــدی کەســـــەکانو پەیوەندیـــەکانی تـــر، پەیوەنـــدی بـــە تـــۆڕی نیشـــانەو ئامـــاژەو ڕەمـــزو ئیقۆنـــە بـــەو ڕوداوەی لەســـــەر ســـــەکۆ دەگێڕدرێتـــــەوە، ئـــەم پەیوەندیانـــە لـــەم نمایشـــتە بـــە ڕێکخســـتنی فـــەزای شـــانۆ بەرجەســـتە دەبـــو، چـــونکە گۆڕانـــەکان لەڕێگـــەی ئەکتـــەرو هـــەمو کـــۆدەلا وەکیـــو چـــونیەکیەکان، بەتایبـــەتی ئەوکۆدانـــەی کەئـــــەدای ئەکتـــــەریان ڕێکدەخســـــتو لەنامـــــەی گوتـــــاری شـــــانۆییەکەدا کۆیاندەکردنەوە.

گوتـــاری درامـــی تۆمـــارکردنی ســـاتێك لـــەئامادەبونی فـــەزاییو قســـەکەری درامی لەڕێگەی:

(لێرە، من، ئەو)

(بۆ بەجێهێش)

تا (لەوێ، ئەم کاتە پیرۆزە، پاکژبونەوەی ئەوان، ئەمان ئەو.. .تاد)

ئەمەش دیاریکردنی فەزا بو.

(ئەم وشکانیە) ئیرەی فەزاییمانە هەروەك حام دەڵێ:

*(مەرگ باشترە (12 ل(2

ئەمانـــەو چـــەندین دایـــەلۆژی تـــرو کـــەناڵی تـــری زمـــانی هاوبەشـــیکردنی زەیـــنی بـــون بـــۆ ئـــەو جـــۆرە نیشـــانە تەعبیریانـــەی لەنمایشـــتەکەدا هـــەبون، هـــەمو نامـــەکانی شـــانۆیی شـــێوازیو زمـــانی هـــەمو ڕەمـــزو ئیقۆنـــەکان لەڕێگـــەی

ئەکتەرەوە ڕادەگەیەنرا ، چونکە ئەکتەر داهێنەری شتەکانو پەیوەندیەکانو داهێنەری فەزا بو. جگە لەوەش کردەی ئامادەبونو ونبون بەردەوامی هەبو .
(هەلۆ ، قەل، خوداوەند ، شتنەوە ،مەلیك، سدرا ، دەسەلات، کتێبەکە ، مرۆڤایەتی ،کەشتی ، ئاو ، مردو.)
بەرامبەر بە تۆفانێك کە لەڕابردو هەلی کردبو ، لەئێستادا لەسەر زاری کەسی قسەکەرەوە دەگێڕدرایەوە ، نمایشتەکە لەئالوگۆڕی دوجیهاندا بو ، هەر ئەم ڕوداوەی کە لەڕابردودا هەبو دیسان ئامادەگیان هەبو ، بەکەسایەتیەکانیشەوە لەفەزای جێگەدا.
فەزای وەهمی وێنەیەکی گرنگ بو لەگێڕانەوەی ئەو ڕوداوانە کە گێڕانەوەیەکی وەهمی هەمیشە لەفەزای سەکۆیی دەبو بەجێگەیەك بۆ ئێمە لەعالەمی واقیعی ، کە ئەویش فۆتۆیەك بو لەفەزای ڕاستەقینە ، بەم پێیەش بینەران بەخەیالی خۆیان ئەو ڕەمزانەیان تەشکیل دەکردەوە ، تاکێتی خۆیان بزر دەکرد ، کردەی دابڕانی خود دروست دەبو.
فەزای بەتال بە بونی ئەو کاراکتەرانە سازا ، کەواتاو دەلالەتی خۆیان دەگەیاند لەجێگەی شانۆییەکە ، کەجێگەیەکی ئەفسوناوی بو ، ئەمەش بونی ئەو کارەکتەرانەی بەبینەر دەگەیاند ، نمایشتەکە لەجێگەی شانۆییدا دەوری دەگێڕاو لەڕوانینی بینەردا بەکاردەهێنرا ،
(ئەو جێگەیەی کە نمایشتەکەی تیا دەکرێت دو بواری سەربەخۆی ئۆرگانی لەخۆدەگرێت، ئەویش بواری یاریەکە کەنمایشتی تیادا بەرجەستە دەبێتو بواری بینین، ئەوجێگەیەی کەبینەرانی تێدایە(13 ل(34
بەم پۆلێنکاریە دەرخستنی گوتاری شانۆییەکە دەلالەتەکانی بو لەبواری نمایشتەوە بۆ بواری بینین، هەلگری بونیادێکی گەورە بو لەڕوداوە

ڕۆشـــنبیریو کۆمـەڵایەتیـــەکان، یەکەیـــەکی ســـیمیۆلۆژی پێکـــدەهێنا، فەزایـــەکی بـــەرفراوان بـــوە بەشـــێك لەفـــەزای خـــەیاڵی بینـــەر بـــەوجۆرە تەشـــکیلیان دەکردەوە.

(ئـــەو فـــەزا درامیـــەی کـــەدەقی شـــانۆیی وێنـــای دەکـــات، کـــە لـــەم ڕێگایـــەوە دیگێڕێتـــەوەو دەیناسـێت، واتـــە ئـــەو فەزایـــەی کەلەســـەر شـــانۆ هەیـــە بەشـــێکە لەفـــەزای ئەندێشـــەکردن، کەبەشـــێوەیەکی بینـــراوو ویســـتراو دەبینرێـــت لەســـەر شـــانۆ، کەئـــەوە شـــوێنی ڕوداوە کەلەســـەر شـــانۆ وێنـــا دەکرێـــت بەتوخمـــەکانی دیکۆرو ئێکسسوارو جوڵەی ئەکتەر (14ل(34.

ئـــەم نمایشـــتە لەڕێگـــەی فریشـــتەیی ئەکتـــەرەوە بەوپەیوەندیـــەی لـــەئالۆگۆڕی بـــە موفرەدەوەو شتەکانەوە:

(عەرەبانە، شمشێر، گۆڕ، دار، پەت، مورو، تاج، بەرگ، کتێب.. .تاد)

ئـــەو ڕوداوە ئەفســـانە ئـــامێزەی فـــەزای دەقـــو پەیوەنـــدیو گـــۆڕانی شـــتەکانو کەســـەکانو ڕوداوەوە بەرهەمـــدەهات، قســـەکەری درامـــی چـــرکەکانی ئێســـتایان تۆمار دەکرد، چرکەکانی ئەم فەزا درامیە:

(ئەوەتا لێرەن ئامادەن)

سدرا لێرە ئامادەیە بەکەشتیەکەوە، لەدوای گۆڕانی کەشتی بە عەرەبانە،

حام لێرەدا هاوار دەکات . ..

یافپ.. .تاد...

بـــەو جـــۆرەش گوتـــاری شـــانۆییەکە دەگەیشـــتە ئاســـتە زەمەنـــە جیـــاوازە جوراوجۆرەکـــان..لەئێســـتادا ئیشـــیان دەکـــرد، ئـــەو زەمەنانـــەی لـــەڕابردوو داهاتودا وەك لافاوی ڕابردو جیهان، مرۆڤ..

(یـــام) کـــە ڕەمـــزی مرۆڤایەتیـــەو هـــەروەها گەیشـــتن بەدەســـەلاتو باوکایـــەتیو مـــیرات، هـــەمو ئەمانـــە لەئێســـتادا قســـەکەر بـــون، ئـــەو جێگەیـــەی لەئێســـتای ئامادەبونـــدا بـــونی هـــەبو، لـــەو فـــەزای جێگەیـــەدا تـــوانی ئـــەو کـــردەی ئامـــادەبونو بزربونـــە بەرجەســـتە بکـــات، فـــەزای جێگـــە فـــەزای ڕوداوەکـــانی دەق بـــو، کارەکتـــەرەکان لـــەو فـــەزای جێگەیـــەدا کـــردەی ڕوخـــانو دروســـت بونـــەوەیان ســـازاند، لەبـــەر ئـــەوەی جێگـــەی شـــانۆیی تایبەتمەنـــدی خـــۆی لـــەبواری بینینـــو یاریەکەدا هەیە.

(بـە واتایـەکی تـر هـەمو جێگەیـەك دەشـێت ببێتـە جێگـەی شـانۆ، بـە مـەرجێك جێگەیـــەکی تـــەواو بـــەجێبهێڵێت بـــۆ جوڵـــەی ئەکتـــەرو بـــونی بینـــەر (15 ل(35 .

دیـــاریکردنی جێگـــەی شـــانۆیی لەفـــەزای دەقەوەیـــە بەوپێیـــەش تایبەتمەنـــدی خـــۆی لـــەپانتایی نێـــوان یـــاریو بینینـــدا هـــەبێت.. ئـــیتر فـــەزای شـــانۆ لـــەڕێی کەســـەکانەوە جێگـــە ئەفســـوناوی دەکـــات.. لـــەڕێی وەهمـــەوە.. ئەوجێگەیـــەی دەکاتـە جێگەیـەك لەعالـەمی واقیعـی، ئەمـەش پابەنـدی وەهمـە لـەم نمایشـتەدا بـــەئالۆ گـــۆڕی نیشـــانەو ڕەمزەکانـــە خولقانـــدیان، وەهمێـــك کەلەڕێگـــەی خەیاڵمانـــەوە ڕســـکا.. بەرامبـــەر بەکەشـــی نمایشـــتەکە، لەلاپەڕەیـــەکی ســـپیەوە تۆمـــاردەکرا..هەمیشـــە بینـــەران لـــەکردەی ئامـــادەبونو بزربونـــدابون، هەمیشـــە ئەوەی بوە ئامادەگی هەبو:

(ئـــەو بیرۆکـــەی ئامـــادەبونو بزربونـــە کەدەگاتـــە بـــەرزترین لوتکـــەی ســـنوری خـــۆی، بـــەردەوامیش ئامـــادەگی هەیـــە لـــەکاتی کارکردنـــدا، لەهەمانکاتـــدا بـــزر دەبێت تادەسەلاتی نەسەپێنێتە سەر کارەکە(16) ل(10

ئاماژە جیاوازەکانی ئەم نمایشتەش لەو کردەی ئامادەبون بزربونەوە تۆمار دەکرا.. کەهەمیشە ئامادەگیان هەبو، ئەمەش لەهێزی دەقەکەوە سەرچاوەی گرت بو.. ئەو کودەتایەی کەدەرهێنەر لەخوێندنەوەی دەقەکەدا کردیو هەروەها کودەتای ئەکتەر بەرامبەر بە دەسەلاتی(دەقو دەرهێنان) هەروەها کودەتای گشتی لەلای (من) کودەتای بینەرانە بو بەتەشکیل کردنەوەی ئەو رەمزانەی بەخەیاڵی خۆیان لەجیهان بینیو روانینی خۆیان بەو کردەی نێو دەقیەو پەیوەندیەکانی کەکاریگەری تەواوی هەبو لەسەر هوشیاری بینەر، کودەتای نوسەر بۆ گۆڕانە..کودەتای دەرهێنەر دیسان بۆ گۆڕانە، کودەتای ئەکتەر بۆ گۆڕانە.. هەمو ئەو کودەتایانە بۆ ئەو کودەتایەی بینەرانە.. چونکە ئەگەر بینەر نەبێت نیشاندانی شانۆ واتای نییە.

دەق.. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. دەرهێنان

ئەکتەر.. .. .. .. .. .. .بینەران. . .. .. .. .. ..

هەمو ئەوکودەتایانە لەدەسەلاتی دەقو دەرهێنان گۆڕانیان لەهەمو بنەماکانی نمایشتدا کرد.. ئەم گۆڕانەش واتایەکی نوێی بەنمایشتەکە بەخشیو بەتەواوی بە تۆڕی رەمزو نیشانەو دەلالەت چنرا، لەپەیوەندی رێکخستنی بەسیستەمی ئاماژەوە بەرجەستە دەبو کەئەمەش دەبێتە بەرجەستە بونی رێکخستنی فەزای شانۆیی.

ئەم ئاڵوگۆڕە هەر لەدەقو دەسەلاتی دەرهێنان بەرامبەر بە یاری کەسەکان کرا.. کارەکتەرەکان لەرێی داهێنانی خۆیانەوە توانیان ئەو گۆڕانانە بکەن، فەزا لەرێی داهێنانی ئەوانەوە بەرجەستە بو.

ئەمەش لەجێگەیەکدا کەدیاری کراو نەبو.. (شوێن کات) بوعدێکی فەلسەفی هەبو نەکو ماتماتیکی، کەدیاریبکرێت، هەروەك کرۆتۆفسکی ئاماژەی پێدەکات.

بەم پێیەش لەو جێگەیەدا ڕوداوەکانی لەفەزایەکی بە تاڵەوە خاڵی لەهەمو شتێك لەهەمو شوێنەوارێکی بینایيو دیکۆر وەك شانۆ تەقلیدیەکان. بەکتو پڕی لەڕێی داهێنانی کەسەکانەوە لەپەیوەندی بە شتەکانو ئالۆگۆڕیان دروست دەبو، لەم نمایشتەدا شتەکان لەڕێی کەسەکانەوە واتای خۆیان هەبو، لەڕێی ئەمانەوە گۆڕانیان بەسەردا دەهات، نەوەك جێگەی دیکۆرێکی مردو بۆ جوانی. ئەم گۆڕانەش بەپێی ڕوداوەکە بەرجەستە دەبو. لەلافاوەوە بۆ وشکانیو هاتنی کەشتی سدرا.

لافاو <____________________> وشکانی

ڕابردو<__________________-> ئێستا

فەزای جێگە < _____ فەزای درامی ________فەزای خۆرافی ______ فەزای واقیعی __________ فەزای ڕەمزی ____________ فەزای وەهمی

ئەفسانەی ئەم نمایشتە سروشتی لەدەقەوە وەرگرت بو، ئەمەش پەیوەندیەکانی فەزای خورافی بو بەفەزای واقیعەوە، لەڕێگەی وەهمەوە جێگەیەکمان لەعالەمی واقیعدا نیشاندەدرا..وێنەیەکی وەهمی بو بۆ جێگەیەك لەواقیع.

***

ئەگەر لەپەیوەندیەکان، پەیوەندی شتەکان، موفرەدە، تیشك، دیکۆر، ئیکسسوار..پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکانو پەیوەندیە ئایدۆلۆژیەکانو پەیوەندیە

ڕۆشــنبیریەکان بــڕوانین، کەلــەم نمایشــتەدا تــۆڕێکی دەلالیــان پێــك هێنــا بــو.. لــــەئالۆ گــــۆڕی شـــــتەکانو کەســــەکانو هەڵوەشــــاندنەوەی کۆدەکــــانو بــەکۆدکردنیان، شــتەکان ببونــە هۆکارێــك بــۆ ڕەوتــی نمایشــەکە، نــەك وەك دیکــۆرو شــتێکی مــردوی وێنــەیی، کــردەی خوێندنــەوەی هــەمو ڕەمــزو نیشــانەکانی لــەزەینی بینــەردا بەرجەســتە دەکــرد.. شــتەکان هــەمو ئــەو جیاوازیانــەیان دروســت دەکــردو لــەنێوان مرۆڤــو جیهانــدا.. هــەروەها هــەمو کۆدەلاوەکیــــەکان لەوپەیوەندیـــــە ڕۆشــــنبیرییو ئایدۆلۆژیــــەوە لەئـــــەنجامی جیــاوازیو نــاکۆکی کەســەکانو ئــالۆ گــۆڕی شــتەکان..دیکــۆر هــەر ســاتە بــەپێی ڕوداوەکــانی گــۆڕانی بەســـەردا دەهـــاتو جـــێگیر نـــەبو، لـــەڕێی جوڵــەی کەســەکانەوە بەرجەســتە دەبــو، ببــوە هۆکارێــك بــۆ جیــاوازی نــەك چەســپاندنی هەمیشــەیی. لەشــتێکەوە دەگــۆڕدرا بــۆ شــتێکی دی.. ئــالۆ گــۆڕی لەچــرکە ساتەکاندا دەکرد ..

ســەرەتا کەشــتی ڕەمــزی زەمــەنو ڕابردویــەك بــو لەئێســتای ئامــادە بونمانــدا ئــەو ڕابــردوە نیشــان دەدرا، جێگــە شــوێنی ڕوداوو وێنــە گــرتنی توخمــەکانی شــانۆ بــو، گوتــاری شــانۆییەکە پێکــدەهات، کــە چــنراوی تــۆڕی ئامــاژەو نیشــانەو شــفرەو ئیقۆنــەو ڕەمزەکــان بــو، فــەزا فــەزای تەماشــاکەرانو تەماشــاکراوان بــو، بەتایبــەتیش ڕەمزەکــانی ئــەم نمایشــتە قســەکەر بــون، بــەردەوام کــردەی ئامــادە بونــو بزربــون هــەبو، هــەمو ئــەو ونبوانــە دیســان ئامــادە دەبونــەوە لەســاتەوەختی ئێستادا.

(ئامــادەگی ڕێــك یەکــە یەکــە لەگــەڵ نمایشــەکەدا وەك دەســتەیەك وەلامــدەرە، زۆربـــەی شـــانۆکارە فۆرمخـــوازە مۆدێرنـــەکان خوازیـــاری وەلاوەنـــانی دەســـتەی کۆمەڵــــە، چـــونکە ســـەرباری لـــەخۆگرتنی یەکـــەی هـــۆڵی بیناســـازیەکە،

کەپێویستە دواتریش لەڕوی تیۆریەوە دەست بەرداری ئەو ئەرکەی وەك تاك دەبێت کە فەزایەکی تایبەتی دیاریکراوی بە شێوەیەکی ئاشکرا هەیە، کە بەر پەرچکردنێکی تاك ڕەهەندی بەرپەرچدانەوەیەکی ڕێژەیی هەیە دژی لێکخشاندنی مادی بەهەمو نمونەکانیەوە، هەروەها دژی تێڕوانینیشیان کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی جەخت کردن لەسەر پێزانینی کەسەکەو، وەڵامدانەوەی لەبری پێزانینی کۆمەڵو وەڵامدانەوەیان لەبری کۆبونەوەو خستنە ناوەوەی شێوەیەك لەگۆشەگیری لەئەزمونی کۆمەڵیەکە(17) 101و((102

هاتنی بنەماڵەی سدرا بەکەشتیەکەوە جیاواز لەهەمو ڕەگەزی مرۆڤایەتی.. بە بەرگێکی ئەفسانەیی کە ڕەمزی بەرگی دەریا بون.. بۆنی دەریاو ئاویان لێدەهاتو دەلالەتی زەمەنێکی بزریان لێدەرکەوت.. کە ئەو ڕابردوەش لەلایەن کەسی قسەکەرەوە ئامادەگی هەبو.. هەر لەخوێندنەوەی دالەکانی بەرگەوە تازمانی جەستەو شتەکان هەمو لەپەیوەندیەکی دەلالیدا بون.. هیچ شتێك بە مردویی نەدەبینرا پاش بەجێهێنانی ئەرکە دەلالیەکەی دەگۆڕدرا: وەك (بەرگ، کەشتی) هێنانو لابردنی شمشێر، پەت، کتێب، مورو.. تاد

هەمیشە بینەران شتی نوێیان دەبینی..ئەمەش ئەو جیهانە وەهمە بو.. ئەو گۆڕانانە لەلایەن ئەو کەسانەوە بو، کە لاسایی ئەم جیهانە واقیعەیان دەکردەوە، کە لەجیهانی وەهمدا بەرهەم دەهاتەوە

(لەڕاستیدا وەهم ئەوەیە کە دەبێتە هۆی کۆپیەکی پێویستو بەپێچەوانەشەوە گێڕانەوە ئەوەیە کە دەبێتە هۆی دەستە بەرکردنی وەهم (18) ل(38.

وەهــم لەفــەزای شــانۆیی خولّقــا، لــەو جێگەیــەی کــە دەقــی تیــا پێشکەشــکرا، ئــەو دەقــەی کەبنەماڵــەی ســدرای خســتە ســەر واقیعــو لەوەهمــدا بەرهــەمی هێنایەوە، ئەمەش بینەر بەخەیاڵی خۆی تەشکیلی ڕەمزەکانی دەکردەوە.
ئــەو ڕوداوەی ســەر ســەکۆ لەڕێگــەی ڕەمــزو ئامــاژەو نیشــانەکانەوە فەزایــەکی ڕەمــزی بــو، کــە بــەمانای وشــە فــەزای ســیمیائیە، فــەزای ڕەمــزی لەدروســت کردنــو بەرهــەم هێنــانو داهێنــانی ئەکتەرەکانــەوە بــو، بەپەیوەندیــەکانیانو بــەو گۆڕانانــــەوە کــــە لەشــــتەکاندا دەکــــرا.. نــــەك وەك دیکــــۆر، چــــونکە تــــەنیا وێنەیــــەکیان لــــەجیهان دەدایــــنێ.. فــــەزا لەســــەر بناغــــەی پێداویســــتیو پێشکەشــــکردنی مرۆڤــــەوە بــــۆ هــــەمو چــــالاکیە بیناســــازیو ناومــــاڵو شارســتانیەتیەکان دادەهێنــرا.. نــەك وەك دیکــۆرێکی مــردو، هــەروەها ئــەو فەزایــەی لەســەر شــانۆ دەبینــرا بەشــێك بــو لــەو فــەزا خەیاڵیــەی کــە فــەزای شــانۆ بەتوخمــەکانی ئێکســســوارو بزوتنــــەوەی ئەکتــــەر لەســــەر فــــەزای ســــەکۆیی بەرجەســتەی کردبــون، چــالاکی ئەکتــەرەکان بــەو گۆڕانانــەوە بــو، کەلەشــێوەو وێنەکانــدا دەیــانکرد، گێڕانــەوەی ئــەو ڕوداوە وێنەیــەکی وەهمــی بــو بــۆ جێگەیــەك لەعالــەم، ئەمــەش پابەنــدی ئــەو وەهمــە بــو کەلەفــەزای شــانۆییدا هــەبو، بەچــەمکی ئــەو پەیوەندیانــەی لەفــەزای ڕوداوو فــەزای خورافیــەوە دروســت کرابــون، ئــەم نمایشــە بــۆ بەرهەمــەێنانی دەلالــەت جــەختی دەکــرد.. گوتــاری فــەزاو چــەمکو نــاوەرۆکی فــەزا ســەربەخۆیی وەرگــرت بــو، پەیوەندییــە مەعریفیــەکانی دەســازاند، دەقــی شــانۆیی لــەکرداری ئەکتەرەکانــدا بەشــدار بو، فەزای درامی بە شێوەیەکی گشتی فەزای جێگە بو .
(خوێنــەری دەقــی درامــی دەتوانێــت کەئــەو فــەزای جێگەیــە بێنێتــە بەرچــاو لەڕێگــەی وەســفی گێڕانــەوە، کــە کــاری نیشــانە (الاشــارات)ی بیســتنو بینینــو

بۆنکردنــو بزوتنــەوەی هاوکــاتی بــەدوای یەکــدا هــاتوکۆت بکــات بــۆ بینــەر لەسۆزی شوێنکاتی دیاریکراو، لێرە، ئێمە، ئێستا.. (19)ل60 .(
ئەمــەش داهێنــانی ئەکتــەرە، هــەروەك ئــەم نمایشــە کــە بێگومــان ڕوداوی لــەم واقیعــەی ئێمــەدا هــەبو، چــونکە بــەردەوام هــەڵگری ئــەو زانیاریانــە بــو لەســەر بــزر، بەمەســتی وەهمــو ئەوقورســاییەی کــە هەیــەتی لەســەرمان، بــەم پێیــەش ئامــادەگی ونــدەبو، ئامــادە بــو بــە گێڕانــەوەی پەیوەنــدی بــەو وەهمــەوە، کەڕوداوەکــە ڕەخســاندبوی، ئەمــەش لــەڕێی خەیاڵمانــەوە بەرجەســتە دەکرایــەوە، هــەر بۆیــەش فــەزای شــانۆ دەبــو بەوێنــەی وێنەیــەك، چــونکە ئــەو فەزایــە بەشــێك بــو لەخــەیاڵی بینــەرو شــێوەیەکی ناشــێوەیی وەرگرتبــو..بەکەســەکان پڕدەکرایــەوە، بەدەســتەیەکی کتــو پــڕی لەپەیوەنــدی بەشــتەکانەوە وەك ســاتە وەختی دروست کراو هەمیشە پەنجەرەی نویَ دەکرایەوە لەفەزایەکی خاڵی .
(گــۆڕینی شــوێنی تایبــەت بەشــانۆی ئیهــامی بــە فــەزای دروســت بــونی ناشــێوەیی کــە پێــك دێــت لەدەســتەیەکی کتــو پــڕی بــۆ نمایشــکردن دەردەکــەوێت، لەبونیــدا بــە هــەمان شــێوەیە نــەك وەك وێنەیــەك کــە نــەتوانرێت دەسکاری بکرێت (20) ل108
ســدرا دیمــەنێکی نوێــو پەنجەرەیــەکی نــوێی نیشــاندەدا هــەرگیز نــەبینراو، بــەو ئــاڵوگۆڕەی لەشــتەکاندا دەیکــرد..هــەر ســاتە پەنجەرەیــەکی نــویَ دەکرایــەوەو ئەوی تر لادەبرا.
***
*(حــام: بۆچــی دیســان منــت ڕاپێچــکردە کەشــتیەکەتەوە ؟ کــەدەزانیت ئەمــە کەشــتی هەڵبــژاردە چــاکەکانە؟ ئایــا یــامی بــرام هەڵــە نــەبو کــە بەجێتهێشــت

تانەبيتــە خــۆراكى شــەپۆلەكان؟ ئــەى بــۆ نەتهێشــت مــنى لەگەڵــدا بم ؟ بۆچــى ئەويشت نەهێنا تا لەگەڵ خۆماندا بوايە بەخۆيو گوناهەكانيەوە؟)

*(ســدرا: بۆيــە بــەجێم هێشــت تــا نــوقم بــێ لەشــەپۆلى تۆفانەكــەدا، هــەتا بڵێن : لەوێ دو پلە هەيە بۆ سزا: مردن، سڕينەوە(21ل1)

ئــەم ڕابــردوە لــەڕێى ئامادەگيــەوە لەئێســتادا دەبيــنين (حــام) بــەدواى ماهيــەتى حەقيقەتــدا دەگــەڕێت، كــە هاوتــاى شــتێك بــن لەگــەڵ ئەقڵــدا، هــەروەك لاى هيــدجر ويســتنى ماهيــەتى حــەقيقى مانــاى حەقيقــەت هاوتــاى شــتێكە لەگــەڵ مەعريفە ..

حــام بــەدوا گــەڕانێكى وردى هەيــە دەيــەوێت حەقيقــەتى شــێوەكەو واقيعيــەتى بزانێــت، بــەلآم ســدرا دەيبەســتێتەوە بەســزاو مــەرگ، ســڕينەوە مســخ ى بــۆ داناوە.

لێــرەوە لەڕێگــەى (بەجێتهێشــت) (نەبێتــە) (لــەوێ دو پلــە) بــەم جــۆرە ئێــرەى فــەزايى دەگرێتــەوە، واتــە ئــەم نمايشــتە پرۆژەيــەك بــو بــۆ تازەگــەرى نــەك لــەواتاكانى ڕابــردودا نوقممــان بكــات، ئەمــەش گرنگــى فــەزاى ســەكۆييە. وێنــەگرتنى گێڕانــەوەى جێگــەى وەهمــى، هــەر جێگەيــەك لەفــەزاى ســەكۆيى وێنەيەكــە لەجێگــەى ئێمــە لەعالــەمى واقيعيــدا، بــەلآم ئــەم جێگەيــە جێگــەى خنكانــدنى يــام كۆييــە؟ دەريــا، يــان جيهانێكــە بــوە بــە دەريــا؟ ! ئــەم وەهمــە عالـــەمى واقيعـــى لێگـــۆڕين، يـــام ڕەمـــزى بەشـــەريەت بـــو، ئەمـــەش ستراتيژيەتێكى نمايشتەكە بو.. بەم شێوەيە :

يام (لێرەبونى منو لەوێ بونى ئەوو تاوانباركردنى تۆ )

ئەمانـــەش پەيوەنـــديان بـــەداهێنانى فـــەزاى شـــانۆييەوە هەيـــە، هۆكـــارى شـــيكردنەوەى هـــەمو ڕەوتێكـــى نمايشـــو كۆدەكـــانى لەڕێگـــەى ڕێكخســـتنى

فەزای شانۆییو فەزای نیو کەسایەتی (بیشخصیە)ەوەیە، لێرەوە شیکردنەوەکەمان دەچێتە سەر ئەودەسەڵاتەی ڕابردوو ئێستا، لەدوای سدرا دەسەڵات لەڕێی غەریزەی(لیلیپ)ەوەیە، نەوەکان بەکوشتنی باوك توشی گومان دەبن، بەم پێیەش دوای سدرا لیلیپ لەڕێی غەریزەکەیەوە دێت کە ژنە، ئەمەش لەسەر بنەماکانی چێژەوە سدرا وەك پەیامبەرێك بۆ ئەو بانگەوازە دیاریدەدا، ئەوەتا یامی کوڕی بەجێهێشت، لێرەشدا دەسەڵات کۆمەڵێك دەلالەتی هەیە لەپشتی زەمەنی ڕوداوەکانەوە، دوای کوشتنی سدرا گومان دروست بو :

*هام کێ ئەمەی کرد؟

*حام: کێ ئەمەی کرد؟

*یافپ: کێ ئەمەی کرد؟

*حام: تۆ

*یافپ: تۆ

*هام: ئێوە(22ل5(

گومانو کێشەکانی دەسەڵات دەردەکەوێت ئەمەش لەڕێی غەریزەی (لیلیپ)ەوە باڵادەبێت.. ئەوبەغەریزەکەی هەمویان سەرقاڵ دەکات.. بە تایبەتی شەڕەکان، لێرەدا گواستنەوەی دەسەڵات لەسدرا <     > لیلیپ لەنێرەوە بۆ<     > مێ.

ئەم پەیوەندیانە لەلای لیلیپ هەر لەهەڵلەرزینی پەنجەکانی دەستیەوەو بزوتنەوەی برژانگەکانی چاوی، بە تاجەکەی سەر سەریەوە دەسەڵات بو، بەوپێگەیە لەڕێی غەریزەوە دەیویست کۆتایی بە نەوەکان بهێنێت، ببوە شەوە ئەوە کردەی کوشتن:

(کوشـــتنی ســـدرا)و(یـــام لەتوفانـــدا)و(کوشـــتنی حـــام) هـــەروەها (یـــافپو عمرا (..
غەریزەکـەی لیلیـپ بـۆ دەسـەڵات لەڕێگـەی مەرگـەوە بـاڵا دەبـو.. کوشـتنی نـەوەکان. بـەم پێیـە ئـەم نمایشـتە تـوانی فەزایـەکی درامـی بخولقێنێـت بـۆ تـۆڕی ڕەمـــزو نیشـــانەکان..ئامـــاژە جیاوازەکـــانی لەلاپەڕەیـــەکی ســـپیەوە بەرجەســـتە دەکرا، هەروەك (مۆریس ڕینۆ) لەسەر کۆکۆس دەڵێ:
(شـانۆی نمونـەیی لـەلای کۆکـۆس ئەوەیـە، کەلەلاپەڕەیـەکی سـپی دەچـێت، کـەدەتوانێت هـەمو ئامـاژە جیاوازەکـان لـەخۆبگرێت، کـە بێگومـان ئەمانـەش کەسایەتی شانۆییەکەن (23ل12 (
سـدرا لاپەڕەیـەکی سـپی بـو، هـیچ شـوێنەوارێکی تیـا نـەبو.. لەفەزایـەکی ناشـێوەیی ڕوداوەکـان بەرجەسـتە دەبـون.. لەپەیوەنـدیو چـۆنیەتی ئامـاژەو تـۆڕە دەلالیـەکان لـەڕێی ئـاڵوگۆڕی بـەردەوامی جێگـەی سـەکۆیی.. ئەمـەش لـەڕێی ئـەو فـەزا خەیاڵیـەی بەشـێوەیەکی ئاشـکرا دەزانـدرا، کـە ئـەوە شـوێنی ڕوداوە، کـە وێنـای دەکـات لەسـەر شـانۆ، لەبەرئـەوەی فـەزای وەهمـی لـەڕێی خەیاڵـەوە تەشـکیل دەکرێـت، بەوێنەیـەکی خـەیاڵی، ئەمـەش لـەو پەیوەندیانـەی لەسـەر فەزای سەکۆیی:
(فـەزای سـەکۆیی ئامـاژەی واقیعـی دروسـت دەکـەن، لەچـوار دەوری ئـەو ڕوبـەرەی کـە جوڵـەی کەسـایەتیەکانی شـانۆی تێدایـەو تویژینـەوەی ئـەم ڕەمزانـە کێشە کۆمەڵایەتیەکان ڕوندەکاتەوە (24ل38(
لەفـەزای سـەکۆییدا هـەمو پەیوەندیـەکانی تیشـکو ئێکسسـوارو دیکـۆر دەگرێتـەوە، بەپەیوەنـدی ئەکتـەر بـە هەموویانـەوە هـەر بۆیـەش گرنگـی فـەزای سەکۆیی ئەوەیە.

لێرەدا ئەو ڕایەی ئۆبرسفیلّد لەسەر برێخت گۆڕانی بەسەردا دێت.
لای ئوبرسفیلد لەسەر(ون بونە) ئەم باس لەو ونبونە دەکات کەئامادەببێتەوە لەئێستادا، فەزای سەکۆیی هەمیشە دەبێت زانیاریمان بداتێ لەسەر بزر(الغائب) بەئامانجی وەهمو بەها واقیعیەکەی، لای ئەو فەزای سەکۆیی وەرگێڕانێکی مادیە بۆ وەهمو فەزا لەبنەڕەتدا تەشکیلکردنی ڕەمزەکانە، ئەم تەشکیلکردنە فەزاییە پابەندە بە وەهمەوە .
(زاراوەی فەزای شانۆیی دێتە پێشەوە کە جارێك مەبەست لەجێگەی شانۆییەو جارێکیتر مەبەست لەفەزای درامی ئاوێتە بوە یان بەپێچەوانەوە (25 ل33 )
وەهمیش لەفەزای درامیەوە سروش وەردەگرێت، کە ئەم دیاریکردنی فەزایە لەلای ئۆبرسفیلّد جیاکاریەکی هەیە.. ئۆبرسفیلّدو بیتەر بروك هەردوکیان لەسەر ئەوە ڕێکن کەشانۆ لەسەرەتادا فەزای بەتاڵە، بەلاّم شانۆ کە جێگەیە دو شێوازی هەیە. شانۆی بولیڤار، شانۆیەکی بۆرژوازی تەقلیدیەو جێگەی سەکۆیی دیاریدەکات لەڕوی بینەرانو جارێکیتر بە دیکۆر، بەلاّم شانۆی تەخت بەپێچەوانەوە هەر شتێك لەسەر سەکۆیە لەپەیوەندی بەردەوامدایە لەنێوان ئەکتەرو بینەر.
لەم نمایشەدا جێگەی سەکۆییو دیکۆر دیاریکراو نەبون، شتەکان لەپەیوەندی بەردەوامدا بون لەنێوان ئەکتەرو بینەردا. فەزای شانۆیی وێنەیەکی ئیقۆنی بو بۆفەزای دەرونیو پەیوەندیەکی بەڵگەیی بەوەهمەوە هەبو.. هەمو پەیوەندیەکان ڕوداوو گێڕانەوە.
ئامادەکردنەوەی ڕابردوی ڕوداوەکان وەهمێك بو کە بە دروست بونی وێنەکان لەخەیاڵدا تەشکیل دەکرا.. جیاوازی جێگەی سەکۆییو بینین

لەوەهمــــەوە دیـــاری دەدا.. هـــەروەك هـــال لـــەبارەی قســـەیەكی ڕۆلان بـــارت هەروەك ئەو دەڵێت:
(فــەزای جێگــەیی كۆمەلایــەتی هەوڵــدەدات بــۆ گواســتنەوەی ڕوداوی كتــوپڕی كاری بیناسازی تاكی لەئاستی قسەكردنەوە بۆ ئاستی زمان(26 ل50)
گرنگــی فــەزا لەوەدایــە لەهــەمو بنەماكانــدا ســەر لــەنوێ نیشــتەجێمان بكاتــەوە.. شــتی تــازەو ڕوداوی نــوێ ببیــنین، بــەردەوام گــۆڕان لەشــتەكاندا هەبێت.
گۆڕێك هاتە سەر شانۆ گۆڕی سدرا بو، مانای سدرا ئامادەگی هەبو.
بەر لەلافاو (سدرا ـ یام ـ هام ـ حام ـ یافپ)
دوای تۆفان (سدرا ـ هام ـ حام ـ یافپ ـ لیلیپ ـ عمرا)
كۆتایی (لیلیپ ـ هام)
ســدرا لــەڕێی كەســی دوەمــەوە، كــردەی ئامــادەبونو بزربــون ئامــادەگی هــەبو.. جێگــە واتایــەكی مــەجازی لەســـەر كەســەكان هــەبو، پەیوەنــدی شــتەكان بــەجیهانی دەرەوە، تاجەكــەی لیلیــپ ڕەمــزی دەســەڵاتو جێگرتنــەوەی بــو، هەڵماقۆكـــەی بـــەمورووەكان ڕەمـــزی كوشـــتنی نـــەوەكان بـــو یـــان لەهەڵبژاردنیان ..
جگــە لەمــەش شــەڕە شمشــێری براكــان (خەنجــەرو پــەتو شمشــێرو عەرەبانــەو بــەرگو كتێب.. .هتد )
هــەمو ئەمانــە دەگــۆڕدران لەشــتێكەوە بــۆ شــتێكی دی.. . ئامــاژەی ئــەم شانۆییە وەك كونزان باسی دەكات:

یەکـەم بیسـتنە دوەم بیـنین، لای وایـە ئامـاژە بینینـەکان هـەمویان لەفـەزای جێگــــەدا کـــار دەکـــەنو ئامــــاژە بیســـتنەکان لەڕێگـــەی زەمەنــــەوە دەگوێزرێنەوە *****.

هـەمو ئـەو گۆڕانـو پەنجـەرە نوێیانـەی ئـەم نمایشـە بـەپێی سـتراتیژ بـو، نـەك لاوەکـی، ئـەوەش توانـای کاسـتی ئیشـەکەبو، کـەتوانیان ڕێکخسـتنی فـەزای شـانۆ بەفەزایـەکی ناشـێوەیی بەرجەسـتە بکـەن، ئەمـەش ئـەم جیـاوازی فەزایـە لەلای ئەدوارد هال سێ شێوەی سەرەکی هەیە:

(بـواری جـێگیرو بـواری نیمچـە جـێگیرو بێشـێوازین، فـەزای جـێگیر هـەمو شـــێوازەکانی بیناســـازی ســـتاتی دەگرێتـــەوە لەشـــانۆدا، ئـــەم بیناســـازیە سـتاتیەش پەیوەسـتە بەشـێوەی سـەرەکی بینـایی خـودی شـانۆ، ڕەهەنـدو هـۆڵی شـــانۆی فۆرمگـــەراییو خانوەکـــانی ئـــۆپێراو شـــانۆ ئیتاڵیـــەکان.. تـــاد فـــەزای نیمچـــە جـــێگیر هـــەمو ئـــەو جێگایانـــە دەگرێتـــەوە کـــەدەتوانرێت بجوڵێنـــدرێن بـــەڵام ئەودینامیکیـــەی تیانییـــە کـــە لەبناغـــەدا هەیـــە، هـــەمو ئـــەو بەشـــانەی کـەدیکۆر دەیگرێتـەوە لەشـانۆدا، هۆکارەکـانی تـر وەك ڕونـاکیو ڕێکخسـتنی شـانۆو هـۆڵی شـانۆی بێشـێوەییەکان، بـەڵام جـۆری سـێیەم فـەزای ناشـێوەیی پێوەندیـــە دورو نزیکـــەکان دەگرێتـــەخۆ لـــەنێوان تـــاکو گۆڕاوەکانـــداو یەکـــە تایبەتیـــەکانی ئـــەمیش بەســـەر شـــانۆدا پـــەیڕەو دەبێـــت لـــەئاڵوگۆڕی ئیـــدای ئەکتەرەکان، ئەکتەرو ئەکتەر یان بینەرو بینەر ـ بینەر 27ل 99(

لێرەشـــدا جیاوازیـــەکانی نێـــوان شـــانۆی تەقلیـــدی کـــەوەك وێنـــەی تەقلیـــدی دەمێنێتـەوەو توانـای جوڵانـدنیان نابێـت، لەگـەڵ شـانۆی نـوێ کەفریشـتەکانی نمـایش دەتـوانن لـەڕێی داهێنـانی خۆیانـەوە گـۆڕانی شـتەکان بکـەن.. ئەمـەش

**دیـــاریکردنی شـــانۆی نوێیـــە، فەزایـــەکی ناشـــێوەیی هەیـــە لەپەیوەندیـــە دوورو نزیکـــەکانی نێـــوان تـــاکو گۆڕاوەکانـــداو یەکـــە تایبەتیەکانیـــدا، لێرەشـــەوە گوتاری فەزاو سیستمی ئاماژەیی بەرجەستە دەبێت .**

**(بـــەردەوام بیریـــارانی ســـیمیائی لێکۆڵینـــەوەی لەســـەر دەکـــەن، هـــەمو ئـــەو پەیوەندیانـــە تایبـــەتی بەفـــەزایی شـــانۆیی دەدات لـــەڕوی شـــانۆوە ســـیمیاییەکانی زانســـتی برۆکســـیما بەرهـــەم هێنانێکیـــان بەشـــێوەیەکی گـــەورە هێناوەتـــە دی واش بـــۆی دەچـــن، کـــە ئەمەبـــە کـــار هێنـــانی مرۆڤـــە بـــۆ ئـــەو فەزایـــەی کـــەدەوری داوە وەك کۆمـــەڵێك یەکـــەی ڕۆشـــنبیری درامـــی خـــاوەنی چـــەندین نیشـــانەی تایبەتە بۆ هەمو گەلێك لەگەلان 28 ل51)**

**فـــەزای شـــانۆیی بەشـــێوەیەکی گشـــتی وێنەیـــەکی ئیقۆنیـــە بـــۆ فـــەزای دەرونیـــو تەشکیلی ئەم فەزاو پەیوەندیە بەوەهەمەوە بە فەزای خەیاڵی.**

**ســـدرا لـــەڕێی ئـــەو ئـــالۆ گـــۆڕەی کـــە لەنمایشـــتەکەدا بـــەردەوام هـــەیبو هـــەر لـــەلافاوو بـــەر لـــەلافاوو دوای لافـــاوو ســـاتەکانی ئێســـتاو ئامـــادەبون لەدەســـەڵاتو غەریزەو نهێنیو ناکۆکی.. تاد**

**بـــەم پێیـــە پەیوەنـــدی بەیـــەك گەیشـــتن دروســـت دەبـــو، هـــەروەك هـــال ئـــەو پەیوەندیانە دیاریدەکات :**

**(لەڕاســـتیدا ئـــەو ڕێگەیـــەی کـــە مـــرۆڤ ڕێـــك دەخـــات لەفـــەزادا شـــێوازێکە لەشـــێوازەکانی پێگەیشـــتن، کـــە مـــرۆڤ ملکەچـــیەتی هـــەروەك بەشـــێك بێتـــو جیـــا نەبێتەوە لەتاکەکانی تر 29ل47)**

**ئەمـــــەش پابەنـــــدە بەرێکخســـــتنی فـــــەزاو سیســـــتەمە نیشـــــانەییەکان.. ئـــــەو پەیوەندیانەی بە گشتی لەفەزای شانۆییدا پەیدا دەبن.**

ئەوەتا لیلیپ لەکۆتایی نمایشتەکەدا بۆ لای سدرا دەچێتەوە:

(*زەوی درەختێکە لەقورڕو مرۆڤ لەقورڕ ڕواوە) ل19

کۆتایی دێنێت:

(*هەستە ئەی سدرا هەستە (30ل 19و 20(

سدرا دەردەکەوێتەوە واتە سدرا لێرەیە ئامادەیە، ئەمەش داهێنانی فەزایە.. .. ئەمە ڕێکخستنی گوتاری فەزاو بەر جەستە بونیەتی، ئەم کردەی (ئامادە بونو بزر بونە) لەئێستای ئێمەدا ئامادەیە، سدرا لەگۆڕەکەی هەڵدەستێتەوە < __ >سدرا ئامادەگی هەیە.

بەم پێیەش ئەم نمایشە ئاو بو، هیچ کەسێك نەیدەتوانی دوجار خۆی بشوات سدرا (ئاو) بو.

پەراوێز

*بڕوانە سیمیاو (المسرح و الدراما) یان (الفچاوالمسرحی)

**بڕوانە ژمارە (50) ڕۆژنامەی دەنگی میللەت

*** پێدەچێت هەڵەی چاپ بێت، کە لەدەقی دەرهێنان کراوە (هژە الساعە مبارکە لا اری او نسرا او غرابا (او) یەکەم زیادە، یان (ای)

)**** البیشخصیە) زاراوەیەکی کامڵە لەنێوان کەسی شخصیو نمونەی بینصیە بڕوانە (سیمیاو المسرح و الدراما (

***** بڕوانە الفچاو المسرحی

سەرچاوەکان

1ـ الفچاو المسرحى/ اكرم اليوسف/ دراسه سيميائيه: جلال جميل محمد/ دار المشرق/ المغرب/ الگبعه الاولى لسنه 1994ـ2000 ص46.
2ـ (المكان.. الفچاو.. الحيز) من اجل الاشتباك الاصگلاحى/ كريم رشيد/ مجله عمان/ العدد43 فى كانون الپانى 1999 تصدر عن امانه عمان كبرى ص8.
3ـ فلسفه چيست؟ مارتن هيدجر/ ت: مجيد مددى/ چاپ اول/ ت فارسى 1367ص18.
4- (المكان.. الفچاو.. الحيز) / كريم رشيد/ ص8.
5- الفچاو المسرحى/ اكرم اليوسف/ ص29.
6ـ (اشكاليه المكان) فى الفچاو نقد المسرحى/ عواد على/ مجله عمان/ عدد38 فى اب 1998 تصدر عن امانه عمان كبرى / ص3 الفچاو 3
7- نفس المصدر/ ص35 و 36(
8- الفچاو المسرحى/ اكرم اليوسف/ نفس المصدر/ص 51 و 50.
9- نفس المصدر/ ص58.
10ـ سيمياو المسرح والدراما/ كير ايلام/ ت: رنيف كرم/ المركز الپقافى العربى / الگبعه الاولى 1992 بيروت ص 145
11ـ سدرا، نص، الاخراج/ تاليف د.خزعل الماجدى/ اخراج د. فاچل خليل ص1.
12- نفس المصدر/ ص2.
13- (اشكاليه المكان) الفچاو فى النقد المسرحى/ عواد على/ ص34.
14- نفس المصدر/ص34.
15- نفس المصدر/ص 35.

16ـ باحپا عن نوع من جدل مع المكان المسرحی/ یانیس كوكس/ شاعر سینوغرافیا ومهندس موگن الخیال/ عواد علی/ مجله عمان، عدد 36 فی حزیران 1998 تصدر عن امانه عمان كبری ص10.
17ـ فچاو المسرح والدراما/ كیر ایلام/ نفس المصدر ص101 و 102.
18ـ (اشكالیه المكان) الفچاو فی النقد المسرحی/ عواد علی/ ص38
19ـ الفچاو المسرحی/ اكرم الیوسف/ص60
20ـ سیمیاو المسرح والدراما/ كیر ایلام/ ص 108
21ـ سدرا نص الاخراج/ص1
22ـ نفس المصدر/ ص5
23ـ باحپا عن نوع من جدل مع المكان المسرحی/ عواد علی/ص12
24ـ (أشكالیه المكان) الفچاو فی النقد المسرحی/عواد علی ص38
25ـ نفس المصدر/ ص33
26ـ الفچاو المسرحی/ اكرم الیوسف/ ص50
27ـ سیمیاو المسرح والدراما/ كیر ایلام/ ص99
28ـ الفچاو المسرحی/ اكرم الیوسف/ص51
29ـ نفس المصدر/ص47
30ـ سدرا نص الاخراج/ص20

*لەژمارە 41 ی گۆڤاری رامان ساڵی 1999 دا بڵاوبۆتەوە.

*بە سێ ژمارەی رۆژنامەی هیومانیزم بڵاوبۆتەوە جارێكی تر كە دو ژمارەیان هەڵەی بێ سنور تیادا كراوە.بەشی سێی خۆم هەڵەچنیم كردوە.توانیم بە چاكی بە بەبێ هەڵەو رێكخستنی بكەمەوە.لێرەدا بڵاویان بكەمەوە.

**سیمیای شانۆو دراما**

**ئـەم باسـە خوێندنـەوەو راڤـەکردنی کتـێبی سـیمیای شـانۆو درامـای(کـیر ئیلام)ە**

**لـەناو پەرەسـەندنەکانی هاوچـەرخ لەسـەر ئاسـتی زانسـتەکان هـیچ ڕوداوێـك ئەوەنـدەی گەشـەی سـیمیا کاریگـەری ڕیشـەیی تۆمـار نـەکرد بەشـێوەیەکی فـراوان. دەکرێـت پێناسـەی سـیمیا بەوەبکـەین کـە زانسـتی تـەرخانکراوە (علـم مکـرس) بـۆ لێکۆڵینـەوەی بەرهـەم هێنـانی واتـا لەکۆمـەڵگادا، ئەمـەش مانـای پرۆسیسـی دەلالـەتو پەیوەندییـە، ئـەو ئـامرازەی کەبەهۆیـەوە واتـا لەدایك دەبێتو ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا هەبێت.**

**بابەتەکانیشـی هـەمو ڕەوتـەکان دەگرێتـەوە، نیشـانەو کـۆدە کەبـەکردار لەکۆمەڵگەو نامەکاندا کار دەکەنو ئەو دەقانەی لەرێیەوە بەرهەم دێن.**

**لەسـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا پێشـنیازی سـیمیا کـرا، کـە زانسـتێکی تـەواوە بـۆ نیشـانەکان.. لای (دیسۆسـۆر)و(پێـرس).. لەسـالانی سـیو چـلەکاندا لـەکاری فۆرمالیستە چیکیەکاندا ڕەنگی دایەوە.**

دوایـــــی لای فەرەنســـــیو ئیتـــــاڵیو ئـــــەڵمانیو ســـــۆڤیەتیەکانو ولاّتـــــە یەکگرتوەکانــدا.. هــەتا پــرۆژەی ســیمیایی جگــە لەشــیعرو ڕۆمــانو پانتــایی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەرز بۆوە بۆ بایەخدان بەشانۆو دراما.

ئامــانجی ئــەم کتێبــە بەسەراچــونەوەی ئەمانــەو بەرهەمــەێنانو پێشــنیازی ئایندەیە.

شــانۆو درامــا ئــەم جیاکردنــەوە بــاوە بــەردەوام داوای شــیکردنەوە ئــەکات، مەبەســت لەوشــەی شــانۆ ئەوەیــە دەگەڕێتــەوە بــۆ پێکهاتــەی دیاردەکــان کەهاوبەشــی لەمامەڵــەی گەیەنەرانــدا دەکــات، واتــە لەبەرهەمــەێنانی واتــاو گەیانــدنی لەرێگــەی نمایشــت خۆیــەوە، ئــەو ڕەوتانــەی کــە بناغــەیان بــۆ پێکهێناوە.

وشـەی درامـا مانـای ئەوخـەیاڵ کردنەوەیـەی وێنـە کێشـە بـۆ نوانـدنی شـانۆیی، وەلەســەر بناغــەی پێکهــاتنی درامــی دامــەزراوە. ناونــانی شــانۆیی بــەم جــۆرە کــورت دەبێتــەوە بــۆ ئــەوەی لــەنێوان گەیەنــەرانو بینەرانــەوە دێــت، لەکاتێکــدا ناونــانی درامــی لەگەڵیــدا نیشــانەیە بــۆ تــۆڕێکی کارکــەر کــە پابەنــدن بــە خەیاڵکردنەوەی ئەکتەرەوە.

شــیکەرەوەی شــانۆیی دەڕوانێتــە دو ڕەوتــی جیــاواز بــۆ مــادەی دەق: ئــەوەی لەســەر شــانۆ بەرهەمــدەهێنرێتو ئــەوەی لــەپێناوی شــانۆدا ئامــادە دەکرێــت. بــەم پێیــەش(ئــیلام) پێشــنیازی ئەوپرســیارە دەکــات: ئایــا دەکرێــت نوســینی هونــەری شــیعری (ئەرســتۆ) لــەزمانی ســیمیاییدا دوبــارە بکرێتــەوە بــە هــەمو بــاوەڕە پەیوەندیــەکانو نواندنــەکانو خــەیاڵ کردنــەوەو مــەنتیقیو زمانــەوانیو بونیەوی لەشانۆو درامادا .

بونیـــەوەتی بـــراغ ســـاڵی 1931 مێژویـــەکی گـــرنگ بـــو بەلێکۆڵینـــەوەی نیشـانەی شـانۆیی.. بەرلـەوە شـاعیریەتی درامیـو زانسـتی وەسـفی بـۆ درامـاو نمایشـی شـانۆیی لەشـانۆدا لەناوەڕۆکـدا پێشـکەوتنیان لەسـەر ڕێـڕەوی ئەرسـتۆ بەدەسـت هێنـابو.. درامـا بەمولکیـەتی ڕەخنـەی ئەدەبییـەوە پابەنـدبو، بـەو پێیـەی نمایشـی شـانۆیی دیاردەیـەکی کتوپربـو بـۆ لێکۆڵینـەوەی مێتـۆدی.. لەوســـاڵەدا دولێکۆڵینـــەوە دەرکـــەوتن بـــۆ شـــیکردنەوەی زانســـتی بـــۆ شـــانۆودراما، زانســـتی ئیســـتاتیکی هونـــەرودراما (اوتـــا کـــارزیش) وە هەوڵـدانی شـیکردنەوەی بونیـەوی بـۆ دیـاردەی ئەکتـەری(یانموکاروفسـکی)ئـەم دو لێکۆڵینەوەیـە پیشـنیازی دەوڵەمەنـد بـونی تیـۆری شـانۆو درامایـان کـرد، لەچـــەرخە نوێکانـــدا بـــۆ ئەوانـــەی لەبونیـــەوێتی بـــراغ دەرچـــون، زانســـتی ئیسـتاتیکای(زیـش)کـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بونیـەوی نـەبو، بـەڵام ئاسـۆی سـیمیا فـراوان بـوەوە، لـەڕێی چـڕکردنەوەی قوتابخانـەی بـراغ لـەزمانی ئاسـاییەوە بـۆ شـیعرو هونـەرو سـینەماو کۆمـەڵیـەکان، بـۆ دامـەزرانـدنی بـڕوای دەلالەتی شانۆیی.

بونیادگـەرانی پـراگ بەشـێوەیەکی دوانـی لەشـاعیریەتی فۆرمالیسـتی ڕوسـیو زمانـــەوانی(سۆســـیۆر)ی بونیەویـــەوە پەرەیســـەند.. لـــە(سۆســـێر)ەوە پـــڕۆژەی شـــیکردنەوەی ڕەوشـــتی مرۆڤـــی دەلالیـــو پەیوەنـــدی لەڕێگـــەی چوارچـــێوەی کـاری سـیمیاییەوە وەرگـرت، وە دیـاریکردنی کـۆی نیشـانە کـە لەدوچـاوگەوە کاربکـاتو پەیوەنـد بێـت بەهـەڵگری مـادەوە، یـان دال بـە وێنـاکردنی زیهـنی مەدلول.

(مۆکارۆفســـکی) پیـــادەکردنی پێناســـەی (سۆســـێر)ی ئاســـان کـــرد بـــە دیـــاریکردنی کـــاری هونـــەری لەســـنوری خۆیـــدا، هـــەمو کـــارێکی نمایشـــتی

شـــانۆیی وەك هەمویـــەتی، نمونـــەی وەك یەكـــەی ســـیمیاییە كـــە دەبێـــت دالـــی لەگەڵـدا بێـت، یـان نیشـانە بـەهۆی هـەڵگرەوە لـەو كـارە خۆیـدا كـە شـتێكە یـان كۆمەڵێك لەتوخمەكانە.

(بـــیتر بۆغـــاتیریف) گرنگـــی نەخشـــەی بـــڕوای ســـەرەتایی بـــۆ ســـاناكردنی شـــانۆیی دانـــا، كـــرداری دالـــی بـــەگرنگ دانـــا بەڕێـــژە بـــۆ هـــەمو توخموكـــانی نمایشت، هەر شتێك لەشانۆدا هەبێت دەبێتە نیشانە.

ئـەم سـانا كارییـە بـە ڕێـژەی دیكـۆر تیشـكی خرایـە سـەر.. ناكرێـت لێـرەدا جیـــاوازی لـــەنێوان مێزێكـــدا نەكـــەین، كـــە لەنمایشـــتی شـــانۆیدا بـــەكار ئـــەهێنرێت بەنمونـــەی ئـــەوەی خـــەڵكی بـــۆ نـــانخواردن بەكاریـــدەهێنن.. بابـــەتی شـــانۆی مـــادی دەگۆڕدرێـــت بـــە شـــتێكی تـــر، بـــۆ یەكەیـــەكی ســـیمیایی لای(ڤلرترۆســـكی)یەكـــەی دینـــامی بـــۆ كۆمـــەڵێكی تـــەواو لەنیشـــانەكان بایـــەخێكی تایبەتـــە بـــە ســـیمیا لەشـــانۆدا، پەیوەنـــدی بـــە ئەكتـــەرو ســـیفاتە مادیەكەیەوە هەیە.

لـــەم ڕەوتـــەوە شـــانۆی مەلحەمیانـــەی (برێخـــت) ڕۆڵێكـــی گـــەورەی گێـــڕا بـــە ڕێـــڕەوی ئـــەدای ئەكتـــەر، كـــە هـــەڵگری نیشـــانەی شـــانۆییەو خـــاوەنی ئیمتیـــازە لەلایـــەك كـــە پەیوەندیـــەكی ڕەمـــزی ڕونـــی هەیـــەو لەلایـــەكی تـــرەوە جـــەخت لەگرنگی ئامادەبونی مادی كۆمەلایەتی ئەكاتەوە.

لەجەختكردنـــەوەی(برێخـــت)دا بـــۆ درامـــاتورجی هـــەوڵی لابردنـــی نیشـــانەی ڕاستەقینە دەدات، كە ئەكتەر لەئەدا غەمگینەكانیا پێیهەڵدەستێ.

لای (بـیتر هاندكیـە) سـەرنجی ئامـادە بـوان ڕادەكێشـێت بـۆ هـەڵگری نیشـانەو بـە شـانۆیی كردنـی زیـاتر لەمـەدلول، وە ئـەوەی هـاوڕەوتی درامیـەتی (هـەتا

بینـــەران هەســـت بـــە جیهـــانی شـــانۆ بکـــەن) لەهـــەمو ســـاتەوەختێکدا لێـــرە واقعی شانۆیی کار دەکات، کورسی لەشانۆدا ئەوە کورسی شانۆیە.

دەلالـــەتی لـــەخۆگرتن (التچـــمن) گـــۆڕانی بـــالآی کـــرد.. رۆڵـــی هـــەڵگری نیشـــانەی لەهەســـتان بەرامبـــەر کۆمـــەڵێك بابەتـــەوە گـــۆڕی بـــۆ ئـــەوەی نیشـــانەی شـــانۆیی واتـــای دوەم هەڵـــدەگرێت، کـــە بـــە رۆڵـــی خـــۆی دەیگێڕێتـــەوە بـــۆ بـــەهای کۆمەلآیـــەتیو ئایـــدۆلۆژی لـــەناو کۆمـــەڵـــدا گەیەنـــەرانو بینـــەران پەیوەنـــد دەبـــن پێوەی.

(بۆغـــاتیریف) توانـــای هـــەڵگری نیشـــانەی لەســـەر دال بـــۆ دوای دەلالـــەتی راســـتەقینە تێبینیکـــرد ، لەدەلالـــەتی رۆشـــنبیری زیـــادەوە.. کامەیـــە بـــەرگی شـــانۆیی؟ یـــان کامەیـــە دیکـــۆر کـــە نوانـــدنی ماڵێـــك دەکـــات لەشـــانۆدا؟ هـــەر یـــەکێکیان نیشـــانەیە بـــۆ نیشـــانەیەکی تـــر، وەنابێتـــە نیشـــانە بـــۆ شـــتێکی مـــادی.. بـــەرگی جـــەنگ خســـتنە ســـەرە بـــۆ پـــۆلی بـــەرگری کـــە لەحەقیقەتـــدا دەلالەتـــە لەئازایـــەتی یـــان پیـــاوەتی.. وە یـــان کەســـێك لـــەماڵێکی بۆرجوازیـــدا دەلالەتی سامانو خۆبەزلزانینو چێژی خراپەیە.

دەلالـــەتی لـــەخۆگرتن پاشـــکۆیەکی ســـیمیایی (گفیلـــی) هەیـــە لەرێیـــەوە هـــەڵگری نیشـــانەیی پەیوەنـــدی نیشـــانە زۆر دەبێـــت.. یـــەك نیشـــانەی تـــەنیا بناغـــەی رێکخســـتنی- ناوەندیـــە بـــۆ پەیوەنـــدی — نیشـــانە (هـــەڵگر- نیشـــانەی نیشانەی شانۆیی(تاج) مانای ناوەندی هەڵدەگرێت.

دیکـــۆرو جەســـتەی ئەکتـــەرو بزوتنـــەوەو قســـەکانی بـــەردەوام دیاریدەکرێنـــەوە لـــەرێی گـــۆڕانی تۆڕێـــك لـــەواتای ســـەرەتاییو ناوەندیـــەوە.. پێویســـتە پەیوەنـــدی شـــانۆیی واتاکـــانی بـــەرز ببێتـــەوە لەئەرکـــە کرداریـــەکان.. ئـــەم تایبەتمەندێتیـــەش فـــرە دەلالیـــە، کۆمـــەڵێکی بێســـنور لـــەواتای ناوەنـــدی هەڵـــدەگرێت.. (بـــەرگ

دەربڕینـــە لەکۆمـــەڵێك تایبەتمەنـــدی کۆمەڵایـــەتی – ئـــابوریو دەرونـــی وە هەروەها رەوشتی.)

ســـانایی شـــانۆیی پشـــت دەبەســـتێت بەبـــەهای بەکۆتبونـــە کۆمەڵایەتیـــەکان، بەو جۆرەی تێگەیشتن لەنومایشت تۆڕێکە لەواتا وەك دەق.

بونیادگـــەرانی پـــراگ شـــانازیان دەکـــرد بـــە توانـــای هـــەڵگرتنی نیشـــانەی شـــانۆییو کەمکردنـــەوەی هۆکـــاری پەیوەنـــدی، ســـەرەتا لەشـــانۆی ئەغریقیـــەوەو کۆتـــایی بەشـــانۆی هـــەژاری(کروتوفســـکی) کـــە بونیەیـــەکی ســـیمیایی دەوڵەمەندی بەرهەمدەهێنا.

نیشـانەی هـەمو بابـەتیك بـە خێراتـرین رێگـە دەگۆڕدرێـت، وە زۆریـان هەمـە چەشـــنن.. مســـتوی شمشـــێرێك لەدیمەنێکـــدا دەکرێـــت لەدیمـــەنێکی تـــردا هەڵبگەڕێتـــەوە بـــە لەخاچـــدان.. وەك دیکـــۆر کـــەدەکرێت بـــەبێ راســـتکردنەوە لەدامەزرانـــدنی بگۆڕدرێـت بـەدیوار یـان شـورای باخچـە.. (مافسـتو فـالیس) لەرێی پاڵتۆکەیەوە دەلالەت لەمل کەچکردنی دەکات بۆ (فاوست.)

لێـــرە هـــیچ نیشـــانەیەکی نوانـــدنی جـــێگیری رەهـــا نیـــە.. دیکـــۆری درامـــی پێویسـته بەئیمائـە نیشـانەی بـۆ بکرێـت، وەك لەمیمیائـدا (نومایشـتی ئیمائـە وەك نومایشـتەکانی شـاپلن) بـەهۆی ئامـاژەی بێـژەیی یـان هۆکـاری دەنگـی تر(دیمەنی دەنگی) کە(هونزل) باسی دەکات :

بـە درامـای ئێزگـەیی، لێـرەدا یاسـای جێگـر نیـە کـە نوانـدنی ئەکتـەر دیـاری بکات بۆ کەسێتی درامی.. دەبێتە بوکە شوشە یان ئامرێز.

(بروســـاك) لای وایـــە ئەکتـــەر رێژەیـــەکی گـــەورە تـــەرخان دەکـــات لـــەکاری رۆژانـــەدا بـــۆ بەرهەمـــەێنانی نیشـــانە.. دەرگایـــەکی وادەکاتـــەوە کـــەئاگاداری بینـەران دەکاتـەوە، کـە ئـەم چـاڵە بـونی نیـە، یـان بەتاڵـە، یـان ئـاو پڕیدەکاتـەوە؟

یــان ئــەم دەرگایــە بــونی نیــە، یــان دەرگایــەکی دوانیــە، یــان تاکــە.. ئەمــە دالەکانتە.

(لاونــس) هــەوڵی پیــادەکردنی بــڕوای هــاوجوت بــون دەدات، یــان لێکچــون لــەنێوان نوانــدنو ئەکتــەردا (شــتی لێکچــو) کــە هــەڵگرانی نیشــانە شــیاوی ئاڵوگۆڕن.

نوانــدنی شــانۆیی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــاڵوگۆڕی توخمــەکانی شــانۆ.. کــرداری بــە کۆدبــون لــەرێی ڕەوتەکانــەوە یەکــەی ســیمیایی وەردەگــرن.(کــام دەرگــا؟) لــەرێی ڕەوتــی زمانەوانیــەوە یــان ئیمــائی دەلالــەتی دەکرێــت.. نــەکو بــەهۆی ڕەوتی بیناسازی یان وێنەیی.

ئــەوەی جێگــەی بایەخــە نیشــانەی پێبکــەین بەرێــژەی کــۆدە – پاشــکۆکانی گواســتنەوەی ئاســۆی ســیمیایی، یــەکێك لەبابەتــەکانی دەرهێنــانی (لاونــس)ە جەدلیــەتی نێــوان مــردو زینــدوە، یــان لــەنێوان خودیــو بابــەتی لەشــانۆدا.. کاتێــك کــە بــیر لەنوانــدنی درامــی دەکەینــەوە ئــەویش خــودی کارکــەر کەئەکتــەر بەرجەســتەی ئــەکات، وەئــەو بابەتانــەی پێــوەی پابەنــدە، کــە لەرێیــەوە هاوبەشــی کردار دەکات.

(ڤلترۆســکی) ئەمــەی گــۆڕی بــە چــەمکی شــیکردنەوە، زیــاتر لــەوەی کــە چــەمکی گەیانــدنی خــودی– بابــەتی بێــت، کەلەرێیــەوە هــەمو هــەڵگرانی نیشــانەی شــانۆییو ئــەوانی تــر لــەڕەوتی نواندنــدا دەجوڵێنــەوە، لێــرەدا ئەکتــەر کار دەکات بە کردار کەبەشێکە لەدیکۆر.

ڤلترۆســکی نیشــانە بــە زۆر لەئەزمونــەکان دەکــات کــە نــاونراون بــە پێشــڕەو لەشــانۆی ســەدەی بیســتەمدا، کــە لەســەر بناغــەی نــۆژەن کردنــەوە بــۆ ئاســتی کارکــەر بــۆ ســانا کــردن، وە دابەزانــدنی ئەکتــەر لەبەرامبــەر" هێــزی کــرداردا ".

نیشانە بە وێنە دەکات لەرێکخستنو هەناردەکردنی هێشوییدا کە سەرنجی ئامادەبوان ڕادەکێشێت.
بەکارهێنانی فیڵی زمان بەرێگەیەك سەرنج لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێت.
ئەکتەر کەرۆڵی سەرەکی دەبینێت لەرێکخستنی هێشویی سەرنجی بینەران ڕادەکێشێت.
کارکردنی ئەکتەر بەشێکە لەدیکۆر.. ڤلتروسکی دەڵێت:
سەرنج بەکاتی جێگیر دەبێت یان بەدرێژایی ماوەی نمایشت لەسەر دیکۆری بەهێزو سەربەخۆ وەکو دیکۆری (بیسکاتۆرو گریك) یان کارتێکەریە روناکیەکان، وەك ئەزمونەکانی(ئاپیا)یان لەسەر دیاردەیەکی جیاواز لەئەدای ئەکتەر وەك ئیمائە وەك ئەزمونەکانی(مایرەۆڵد) یان (کرۆتۆفسکی.)
بیری (ئکتوالزاتسیه) لەبیری تایبەت بە فۆرمالیستی روسیەوە نزیکە تا ڕادەیەکی زۆر، ئەویش (ئوسترانانیه) رەوتی باوێتی یان نامۆ بوونە، ئەمیش فراوان بوونی سیمای دیاردەکانی نمایشتە یان سەربەخۆییە.. بە دروستکردنی ماوە لەنێوان توخمەکانو پاشکۆ بە کۆتبووەکاندا.. بینەر واهەستدەکات تێبینی هۆکارە سیمیاییەکان دەکاتو ەسەرنج دەداتە هەڵگری-نیشانەو پرۆسیسەکانی، ئەمەش یەکێك لەئامانجەکانی شانۆی مەلحەمی برێخت بو ..
وەرگرتنی بیروو بڕوای شکلآنیەتی روسی بوو.. برێخت دیاری کردنی بۆ کردار (ڕێگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی من) بو یان ڕاکێشانی سەرنجی کەسێکی تر بۆ شتێك.

هـــەناردەکردنی شـــانۆیی چوارچـــێوەگرتن بـــە شـــێکی بچـــوك لـــەنمایش دەخوازێـت.. لـەلای برێخـت بـە دابڕانـی لـەپاشماوەی دەقـە.. ئەمـەش هاوکێشـە دەکاتـەوە بـە کـرداری ئاگـادار کردنـەوە لـەنێوان نواندنـدا، کـەڕووداوەو گەشـە دەکـات.. (نیشـانەی دەرخسـتن) وەکـو بەدەسـتی دێنێـت، کاتێـك کـە ئەکتـەر بـە تـەنیایی شـوێن ئـەو شـتە دەکـەوێت کـە رودەدات. یـان بەزنجیرەیـەك فێـلّ کەدورخستنەوەی بزوتنەوەو کارتێکەرەکان بزوتنەوەیان خاودەکاتەوە.

گـۆڕینی تیشـکی کتـوپڕ پانتـایی نواندنەکـە غـەمگین دەکـات.. ڕیبشـارد فـۆرمن دەرهێنـەری ئـەمریکی فێلّـی چوارچـێوەگرتنی بـەکارهێنا لەشـێوەی بینینو بیستندا کە بناغەیەکی ئوسلوبی جیاواز بێت بۆ بەرهەمەکەی.

بـیری ڕێکخسـتنو هـەناردەکردنی هێشـویی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئوسـولّی زمانەوانیـەکان، جگـە لـەوە بەخوازراوەیـەکی جێگـەیی دادەنرێـت.. بـەلاّم فێـلّ لـەدارڕنینی بـاوێتی بێـژەی زمانـەوانی بـەکار دەهێنرێـت، بـەو جـۆرەی لـەڕەوتێکی تـرەوە کـار لـەدرامادا بکـات.. ئەمـەش ڕێگـە بـەوە دەدات کەنیشـانەی زمانـەوانی لەپێشـەوەی نمـایش جێگـە دەگرێـت.. چوارچـێوەگرتن بـۆ زمـان بـەردەوام بـەکار دەهێنرێـت بـەهۆی پشـت زمانـەوە، شـێوەکانی بەدواداچـوونی تـر کـە پێگـەن بـۆ دایـەلۆژی درامـی بـۆ ماوەیـەکی درێـژ، بـەلاّم مەبەسـتی نـامۆ بـوون لەپاشـکۆی واتاکـەیو زیـاد بـوونی غـەمگینی بـە شـێوەیەکی ڕیشـەیی ئـەو ناواتـا کردارییـە کـە ئالفریـدجاری بـە زۆری بـەکاری دەهێنا، وەهەندێك جار شکسپیر.

دوای ئـەوەی بونیادگـەرانی پـراگ لەدواییـدا کێشـەی سـاناکردنیان بـە کـەمی تـەرخانکرد، هـەتا ڕۆلاّن بـارت بـە شـێوەیەکی تـوڕەیی نیشـانەی بـەکۆی شـانۆ کـرد کـەناونراوە بـە(فرەیـی دەنگـە ڕاگەیاندنـە کرداریـەکان) بـە چـڕی

لەنیشانەکان.. سروشتی نیشانەی شانۆیی ئەگەر لێکچوو یان ڕەمزی یان پێکهاتن بێت.. وە دەلالەتی نامەیی ئەگەر ڕاستی بێت یان بەلەخۆگرتن، هەمو ئەم بابەتە بنەڕەتە سیمیایانە لەشانۆدا هەن.

لای کاوزان جەختی کردەوە کە هەموو شتێك لەنواندنی شانۆیدا نیشانەیە، وەسەر لەنویێ چەمکی گواستنەوەو دەرفەتی بەلەخۆگرتنی بونیەوی کردەوە هەولێدا پۆلینکاری بۆنیشانەی شانۆییو ڕەوتەکانو دیاردەکان دابمەزرێنێت.. وەهەولێدا پۆلێنی دیاردەکان بکاتو جیاکردنەوە لەنێوان نیشانەی سروشتیو نیشانەی دەستکرد، کە لەئامادەبوونو ونبوندا لێکدەدرێنەوە.

لای وایە نمایشت نیشانەی سروشتی دەگۆڕێت بۆ نیشانەی دەستکرد.

ئیقونەو بەڵگەو رەمز سێ پاشکۆ نیشانە ناسراوەکەی کە پیرس پێشنیازی کرد.

ئیقونە نواندنی بابەتەکەی دەکات (لەبناغەدا بەهۆی هاوشێوەوە لەنێوان هەڵگری –نیشانەو مەدلولەکەی.. نیشانەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ بابەت کە دەلالەتی لەسەر دەکات.

نمونەی نیشانە ئیقونیەکان کە پیرس بیریان دێنێتەوە وەکو نەخشەی وێنەیی، کە تا رادەیەکی زۆر ئەو هەستە ون دەکرێت کە هەمان شت نەبێت. وەوێنەی فۆتۆغرافی لەنێوان سێ جۆری جیاوازدا لەئیقونەدا جیا دەکرێتەوە.. وێنەو نەخشەو خوازراوە.

ئاگادار.. ئەو نیشانەیەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتەکە، کە لەراستیدا بە هۆی کاریگەر بونیەوە پێی نیشانەی بۆدەکات.. لەتردانی رۆیشتنی دەریاوان دەلالەتی پیشەکەی دەکات.. لێدان لەدەرگایەك نیشانەیە بەبونی کەسێك

لــەدەرەوە.. وە ئــامرازە ئاماژەییــە بێژەییــەکان وەکــو رانــاوی(مــن)و(تــۆ)و ناوەکــانی ئامــاژە وەك ئەمــەو ئەوســاتەوەختی (جێگــەو زەمــان) وەك (لێــرە)و (ئەوێ)و(ئێستا).. .هتد.ڕێژەی هاوشێوەیی.

رەمــز.. لێــرە دەبێــت پەیوەنــدی نێــوان هــەڵگری-ئامــاژەو مــەدلول پێکهــاتنی فەرمی بێت.. ئاماژەی زمانەوانیە.. شانۆ مەیدانێکی تەواوە بۆ ئیقونە.

پــانکوت بــڕوای پێرســی پیــادەکردو ئیقونــەی بــە نیشــانەی شــانۆیی وەرگــرت: ئیقونەی بنەڕەتی لەشانۆدا جەستەی ئەکتەرو دەنگەکەیەتی.

(جولیــان بکــو جودیــت مالینــا) لــەدوای شەســتەکان ئــەوەیان پیــادە کــرد کــە هاوشێوەیی لەنێوان نیشانەو بابەتدا ئەرکێکی رەهایە.

(پــاتریس بــافیس) لای وابــو: زمــانی ئەکتــەر وەك ئیقونــە کــار دەکــات.. بەشــێکی زۆر لەدەوڵەمەنــد بــونی نمایشــی شــانۆیی دەگەڕێتــەوە بــۆ یــاریکردن لــەگۆڕانی رێــژەی پیشــەی ســیمیاییدا. روبــرت ویلســون لەنمایشــێکدا لەشــیراز شــاخە راســتەقینەکەی بــەرۆڵی دیکــۆر دانــاو بەشــێکی بەجەســتەی مرۆییــو ئــاژەڵی بــۆ کۆمــەڵێك دەوری جیــاواز تــەرخان کــردو بەشــێکی تــری بــۆ خــەڵکو دایناسۆرو کەشتی نوح.. .هتد.

(پــیرس) ئیقونــەی بــۆ ســێ بــەش جیــاکردەوە، ئــەویش وێنــەو نەخشــەو خوازراوەیــە. شــانۆی پانتۆمــایم یــان ســریالی دەتــوانن شــێوەی مێزێــك بــە نەخشــە دیــاری بکــەن. وەکــو شــانۆی بــەتاڵ دەگۆڕێــت بــە گۆڕەپــانی کوشــتار یــان بەندیخانە.. .هتد.

لای پــیرس دەربــڕین ئــەو فیکرەیــە کــە لەنیشــانەوە هــەناردە دەکرێــت. بــەو جۆرەی هەر شتێك رێگەی دامەزراندنی وێنە بدات لەلای بینەر.

ئاگـادار وەك ئیقونــە نـین.. بـۆ نمونــە بـەرگ دەلالەتــە لەبـەرگی نمونـەیی درامـی لەهەمان کاتدا بەڵگەیە لەسەر پیشەو پایەی کۆمەڵایەتی.

هـەمو پاشـکۆ نیشـانەیی رەمزیـو ئێقونیـو ئاگادارەکـان دەبێـت لەیـەك کاتـدا لەشـانۆدا ئامــادەبن.. هـەمو ئیقونــەو ئاگادارەکـان لەشـانۆدا گرنگیـان هەیــە لەسەر بناغەی پێکهاتن.

لای جاکۆبســـۆن ئـــالۆگۆڕی خـــوازەیی(مجـــاز) قـــوتبێکی بنــــەڕەتی پێکـدەهێنێت، پـۆلێنی قوتبەکـەی تـر بـە هـۆی وێنـەی رەوانبێژیـەوە دەکـات. بەنمونــە کۆشـکی سـپی پێگـەی سـەرۆکی وڵاتـە یـەگرتوەکان دەگرێتــەوە. لای وایە هەمیشە واقیعی مەجازیەو رەمزی خوازراوەیە استعارە.

هــونزل ئامــاژە دەکـات بــەخوازەی شـانۆیی وەك نوانــدنی گۆڕەپـانی کوشــتار بەهۆی چادرێکەوە وەیان کەنیسە بەهۆی بورجەوە.

شـاردنەوە.. کـاری سـاناکاری شـانۆ بـاوەڕی بـە دەرخسـتنی بابـەتو روداوەکـان هەیــە.. وەهــەمو نمایشــت لەبــەردەم ئامادەبونــدا ئەمــەش نمایشــی شــانۆیی لەرۆمان جیادەکاتەوە کەهەڵدەستێت بە وەسفکردن.

بـەم شـێوەیە ئـیلام بـە قـوڵی بـە نـاوەرۆکی کتێبەکـەی تـوانی شـانۆمان نیشـان بــدات وەك دروســت بونــو هــەمو قۆناغــە گەشـەکردوەکانیو بــەرەو پەیوەنــدی شــانۆییوکۆدەو رە وتــەکانو دەقــی نمایشــتو راگەیانــدن لەشــانۆو نامــەو گوتــارو دەقـو مـەنتیقی درامیـو بوارەکـانی تـردا شـیبکاتەوەو شـانۆ وەك هونـەرێك کـە هــەڵگری گــۆڕانی هەنوکەییــە نیشــانمان بــدات، لەهــەمو پەیوەندیــەکانی بــە گەیەنــەرو بینــەران. بــەکورتی ئــەم کتێبــە ئــەزمونی مێــژوی گــۆڕانی شــانۆو تیئــــۆرێزەکردنی گۆڕانــــو خــــاڵی کــــارکردنو وەرچــــەرخانیەتی لەهــــەمو ســەردەمەکاندا تــا ئێســتا، ئەوەنــدە پــڕ بایەخــە هــیچ نوســینێك نیــە بتوانێــت

حـەقی بـەهای ئـەم کتێبـە بـداتو بەشـەکانی تـر کـە زنجـیرەی پێکـەوە بەسـتراون بەخوێندنـەوە حـەقیان نـادرێتی لەبـەر ئـەوەی تـەواو گرانـو پێکـەوە لچـکاون، وەکـو تـەونی جاڵجاڵۆکـە لەشـیکاری زانسـتی سـیمیاو شـیکردنەوەی هـەمو پانتاییـەکانی نمایشـت.. پـڕە لـەهێڵکاریو نەخشـەو مـوفردەو فەرهـەنگی شـانۆیی، کەپێویسـتە وەك خۆیـان وەربگێـڕدرێن، کەئەمـە پرۆژەیـەکی گـەورەو گرنگیـە بـۆ شـانۆی کـوردی ئەگـەر وەرگێڕێکـی بـاش بـەهاوکاری چـەند کەسێك بیکات.

سەرچـاوە سـیمیاو المسـرح والـدراما: کـیر ئـیلام: ترجمـە وتعلیـق رئیـف کـرم: المرکز الپقافی العربی الگبعە الاولی 1992.
لەرۆژنامەی ئاسۆ ژمارە لە6ی2008 بە زنجیرە بڵاوبۆتەوە.

خوێندنەوەی جەستە لەبونیادی شانۆدا

لێرەوە لەیەك رستەی(نۆرمان مارشاڵ)ەوە سەردەقی باسەکەمان دەشکێنین:
(شانۆی راستەقینە ئەو شانۆیەی کە هونەر بێت لەناوخۆیدا، وەکو مۆسیقاو ئەپەرتمان خاکێکە هەتا ئێستاش نەدۆزراوەتەوەو بەچەند نەوەیەکی تریش نادۆزرێتەوە1)
کاتی خۆیەتی ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە شانۆ بەبێ ئەکتەرو هونەری نواندن چی دەمێنێتەوە.. دیکۆرو مۆسیقاو کەرەستەکانی تر.. ئەم پرسیارە بەرەو گەڕانێکی مەعریفانە پەلکێشمان دەکات.. گەڕانێکی سەرتاسەری لەهەمو پێکهاتەی شانۆ لەروی ئەنتۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیو دەروناسیو ئیستاتیکاو فەزاو هونەرو.. .هتد.. ئەمەش لەو هێزەوە هێڵی سەرەتاییمان دەداتە دەستو بونیادی کارە مەعریفیەکە دەخاتە بەر پرۆسێسی خوێندنەوە، کە زمانی جەستەی ئەو ئەکتەرەیە کە هۆڵی شانۆ دەکات بە سارایەکی تۆفانـاوی.. هەر بۆیە تیشکی سەرنجمان دەخەینە سەر جەستە(الجسد)لەرێگەی بزوتنەوەو ئاماژەو نیشانە دەلالیەکانەوە بینای کارە هونەریەکان بخوێنینەوە.. بینەر وەکو منداڵێك کەسێتی خۆیان بزردەکەن لەبینینی ئەو کاراکتەرەی کەکەسێتیەکی ترە.. لێرەدا خۆرافە (اسگورە)ی نێوان بینەرو نواندن پەرە دەستێنێت.. ئەکتەر بە زمانی بێژەو جەستەو یاری هونەری دەبێتە هەڵگری پرسیاری مەعریفیو بینەر دەخاتە

نـاو کەشـێتیو تـۆڕە دەلالیـەکانی شـانۆوە.. کەسـێتیەکان نهێنیـو دەرونـە پـەنگ خواردوەکانیـــان دەدۆزنـــەوە.. ســـەر لـــەنوێ لـــەدایك دەبنـــەوە.. بـــەبینینی کۆمـــەڵێك ئەکتـــەر کـــەرەنگی هـــەوێنی مرۆڤایـــەتی هەڵـــدەگرن.. نوانـــدنیان کردۆتـە پردێکـی هونـەری لـەئالۆگۆڕی نێـوان تـاکو کۆمەڵـدا یـاری دەکـەن.. ئـەوەش پەیوەندیـەکی هونەریانـەی واقیعیـە.. بینـەر ژیانـە راسـتیەکانی خـۆی لەبەرامبـەر فۆتـۆگرافی رابـردو بـۆ ئێسـتاو تیشـکی ئاسـۆیی داهـاتودا بـزر دەکـات.. دەچـێتە کەسـێتیەکی تـر.. ئاسـۆیی یـاخود سـەردەم.. لەرێگـەی هۆشـەوە (وعـی) جیهـان بینیـو روانینـەکانی ژیـانی لەگەڵێـدا یـاری دەکـەن.. چـێژی هونـــەری لـــەکاری هونـــەری لەحاڵەتـــە(ســـایکۆلۆژی) دەرونیەکانـــەوە پەیـدادەبێت.. کاتێـك کـە خـودی مـرۆڤ لێـی تێدەپـەڕێت.. داهێنـان لـەکاری هونەریـدا پرۆسیسـێکی دۆزینـەوەی شـتی نوێیـە، کەلەوەبـەر نـەبوبێت، ئـەویش لـەو سـاتەدایە کـە مـرۆڤ لەرێگـەی هۆشـەوە کۆمـەڵێك یاسـای ئیسـتاتیکی دابهێنێـــت.. بـــەجۆرێك کـــە بینـــەر هەســـت بـــەبینینی جیهانێـــك بکـــات لەبەردەمیـدا شـتی دوبـارە بـو نـەبینێت.. جیهانێـك بێـت بـەمانا ئەنتـەرپۆلۆژیو ئیستاتیکیو تەکنۆلۆژیو فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو زانستی نوێ.

ئاهەنگسـازی بینـەرو ئەکتـەر بیروبـاوەڕو داهێنـانو هەسـتکردنە.. چـێژی بینـەر لـــەوەوە دەســـتپێدەکات کـــە هۆشـــو ئـــەزمونی خـــۆی بـــەکار بهێنێـــت، ئەوسـا دۆزینـەوەی کـارە ئیسـتاتیکیەکانی هونـەر بکـات.. چـونکە هـیچ کـات نابێـت هونـەر کـاری تەقلیـدی دوبـارە بکاتـەوە، یـاخود هەڵبسـتێت بەنوێکردنـەوەی کـۆن.. هەمیشـە دەبێـت داهێنـەری پرۆسـەیەکی نـوێ بێـت، بـەهۆی هۆشـەوە هـەوڵی دۆزینـەوە بـدات.. ئـەو پرۆسـە گرنگـەی کـە چـێژ لەهونـەردا دروسـت دەکـات هۆشـی کەسـێتیە.. ئەمـە سـەرەتای ئـەو لـەدایك بونەیـە کەلـەپانتایی

شـانۆدا دەڕسـكێن.. بینـەر سـەیری ئـەو كەسـێتییە دەكـات كەلەسـەر شـانۆكەوە دروست دەبێت..بون لەنەبونەوە(الوجود من اللاوجود ).

ئەكتـــەر لەچـــركەی لەدایكبونـــدا لـــەروانینی بینـــەردا لـــەدایك دەبێـــت.. لەنەبونـەوە دێتـە بـون.. ئەكتـەر لـەم سـاتەدا وەكـو كەوتنـە خـوارەوەی ئـادەمو حەوایـە بـە پـەیامی خۆیانـەوە بـۆ سـەر زەوی.. نـەكو هەسـت بـەوە بكـەن كەنوانـدنێكی تەقلیـدی بـۆ بینـەر دەكـەن.. پێویسـتە لەوسـەر زەوییـەی كەلـەدایك دەبـن..لـە(نەبونـەوە بێنـە بـون) بەپەیامەكـەی خۆیانـەوە یـاری راسـتەقینەی ئـەو ژیانـە بكـەن.. ئەكتـەری بـەتوانا لەگـەڵ خـەونو روانینـە راسـتەقینەكانی ژیانیـدا سـەر لـەنوێ لـەدایك دەبێتـەوە.. ئەمـە دەمانگەیەنێتـە سـەر خوێندنەوەیـەكی مەعریفیانـە..گـەڕان بـەدوای ئـەو رەگـەی لەمنداڵـدانی شـانۆدا لـەدایك دەبێـت.. پەیوەندیـەكانی نێـوان وەرگـرو ئەكتـەر ئـەو نیشـانەو زمانـەی كـە لەجەسـتەوە دروسـت دەبێـت، ئـەوە كـەم تـا زۆر لای ئێمـە نەدۆزراوەتـەوە.. روانـین تـەنها لەسـەر رواڵـەتو كـارە مردوەكـان بـوە.. بـەبێ ئـەوەی رەخنـە چـێژی خـۆی وەرگرتبێـت.. جوڵـەو نیشـانەو دەلالەتـە قوڵـەكانی شانۆیی دۆزیبێتەوە.

هـەتا ئێسـتا رەخنـەی شـانۆی كـوردی خـۆی نـەداوە لەقـەرەی دەلالـەتو ئامـاژەو نیشـانەكانی جەسـتە..نـەیتوانیوە بونیـادە دەلالیـەكانی بـدوێنێت.. رەخنەیـەكی ئیفلـیج بـوەو تـەنیا وەسـفو ستایشـو روخـانێكی دەرەكـی بـوە هـیچ پەیوەندییـەكی بەجەسـتەو خوێندنـەوەو بونـو نەبونیـەوە نـەبوە.. تـەنیا چـەند رسـتەیەكی سـاواو بێكـەڵكو مـردو بـوە.. كـە توانـای پێكهاتـەو دۆزینـەوەی دەلالـەتو سـیمۆلۆژی نـەداوە لـەناو بونیـادی كـارە هونەرییەكانـدا.. تەنانـەت قسـەكردن لەسـەر دیكـۆریش هـەر رسـتە بێكەڵكـەكان بـون.. ئیـدی كێشـەی

جەستە لەناو پانتایی کارە شانۆییەکەدا.. وەك تر لەسەر ئاستی رەخنەو لێکۆڵینەوە هیچ خوێندنەوەیەکی مەعریفیانەی لەسەر نەکراوە.. ئاشکرایە جەستەش وەك جەستەیەکی سەردەم ئیستاتیکای سەردەمی نەبەخشیوە.. بینەر نەیتوانیوە چێژی لێوەربگرێت.. توشی تێڕامان بوە.

جەستە فەزای شانۆیی پڕدەکاتەوە لەگەڵ یاریە هونەرییەکاندا پردێکی هونەریانە لەگەڵ بینەردا دروست دەکات.. ئەمە بەرەو کێڵگەیەکی مەعریفیانە دەمانبات هەتا لەو تەوقە تەقلید ئامێزە دەربچینو بتوانین خوێندنەوەیەکی مەعریفیانەی جەستە بکەین.. ئەکتەر لەدایك بونێکی هەمیشەییە لەمنداڵدانی شانۆدا: دەبێت هەمیشە بیر لەلەدایك بونێکی نوێ بکاتەوە.. لەزمانو جوڵەی جەستەو بیرو ریتواڵو هونەری شانۆدا، پێویستە لەبەکارهێنانی زمانو لەنواندنی خۆیدا لەکۆئەندامێتی (فیسۆلۆجیا) بیپەڕێتەوە بۆ دو حاڵەتی سەرەکی:

یەکەم- پاراستنو ئەفراندنو داهێنانی جوانکاری.

دوەم- داهێنانی زمانێکی نوێ وەکو فرۆ بئافرێنێ، لەرێگەی دەنگو ئاماژە(الاشارە)و جوڵەی جەستەییەکەیەوە..چونکە ئاماژە پرۆسیسێکی هونەریانەیە لەدۆزینەوەی ناخە خەفەبوەکەی ئەکتەردا. جەستە بەدەنگو نیشانە دەلالەتەکانی خۆی بینادەکاتو تەواو کاری جوڵەو نیشانەو دەلالەتەکانی تری کارە شانۆیەکەیە.. بینەر دەخاتە ناو کەشێتیو فەزای شانۆکەوە.. کەیەکەم شت لەهۆڵێکی شانۆدا لەدەلالەتی کارە شانۆیەکان پێکهێناوە، لەناو کەشێتی شانۆوە دیکۆرو دەلالەتەکانی بەوەرگر دەگەیەنێت.

دیکــۆر رەمــزە بــۆ واقیــع بینــەر لــەناو خــەیاڵو کەشــێتییەکی ســەرەتاییدا دەخاتــە ئاهەنگســازی.. چــەند چــەمك (مــدلول) دەخاتــە بەرچــاو، لــەنێوان شــتەکانی واقیعــدا توشــی سەرســورمان دەبێــت.. چــونکە دیکــۆر تەعبیرکردنــە لەمــەجاز.. لەســەر واقیــع.. بنــەمای چــەمکەکانی بــۆ دروســتدەکات.. بینــەر دەخاتــە بــیرو خــەیاڵو تێڕوانینێکــی فراوانــەوە.. شــانۆ واقیــع وەکــو خــۆی نیشــان نــادات بــەڵکو نمونەیەکــە لێــی.. پەیوەنــدی نێــوان هونــەرو واقیــع پەیوەندیــەکی مەعریفیانەیـــە، لـــەناوەوەی کایـــە ئەبســـتیمیەکانی عـــەقڵی مرۆڤایەتیـــدا کاردەکاتو ئامانجی ئەبیستیمو شیکردنەوەی واقیعە.

ئــەم پەیوەندیــە لــەنێوان کــارە هونەریەکــەو واقیعــدا.. ئــەوی گرنگــە داهێنــانی جیهـــانبینیو کـــاری هونەریانـــە تـــەواو کـــاری لـــەناو کـــارە شـــانۆیەکەدا.. سەرپەرشــتیکەری دیکــۆر دەبێــت داهێنــەرێك بێــت نــەوەکو تــەنیا دیکۆرێــك دروست بکـات.. چـونکە دیکـۆر تـەنیا بـۆ جوانیـو دەلالـەتی مـردو نیـە.. بەقـەد ئــەوەی پەیوەنــدی بــەبینای کــارە شــانۆییەکەوە هەیــە..ئەگــەر شــانۆ جەســتەیەك بێــت ئــەوا دیکــۆر ئەندامێکیــەتی.. دیکــۆرو جەدەلیــەتی بەشــانۆوە زمانێکــە.. چـونکە دەلالـەت دروسـت دەکـات.. ئەمــەش لـەناو زمـانی شـانۆدا دەبێتـە یـەك زمان کەدەبێتە زمانی شانۆ.

ئــەم پەیوەندییــەش لەســەر ئاســتی هونــەریو ئیســتاتیکای هونــەرە.. قوتویــەك لەســەر تــەختی شــانۆیە دەیــان پرســیار دەخولقێنێــت, کەلەســەر.. دەســتو پەنجــە.. پێســت.. تــەناف.. هتــد.. ئەمانــە دەبنــە هــۆی ئــەوەی مێشــك بــوروژێنن بــۆ گــەڕان بــەدوای بنــەماو بونیــادی ســەرەکیدا. ئەوانــە هــەمو تــەنیا دەبنــە ئــەو وروژانــە.. وەکــو وێنەیــەکی نیشــتەجێ.. جێگــر.. دەمێننــەوە ئەگــەر ئەکتــەر گیانیــان

بەبەردا نەکات.. گیانی زیندوی ئەوان لەگەڵ گیانی ئەکتەردا دەخوێندرێتەوە.. ماناو دەلالەتەکانی خۆیان بەکاملی دەردەخەن.
دیکۆر لەگەڵ کەشێتیو جوڵەی جەستەدا دەلالەتەکانی دەخوێندرێتەوەو مانای خۆیان دەگەیەنن دەلالەیەکی وەستاو یان وێنەیەکی نیشتەجێ بەرەو جوڵەو بنەمای خوێندنەوەی بەرەو ئەوەی کامل ببێتو بکەوێتە ژێر روانینی بینەر.. بخوێندرێتەوە بەو جۆرە بەرەو دەلالەیەکی جولاّوو بەردەوام کاری تەواوکاری خۆی دەکات.. پەیوەندی زیندوانەی نێوان دیکۆرو بینەر لەرێگەی ئەکتەرەوەیە.. کە تەعبیر دەکات لەکرداری شانۆیی(فعل المسرحیە) ئەمەش لەشانۆدا پێویستی بەگۆڕانێکی بنچینەییو سەرتاسەر هەیە.. دیکۆر لەشانۆدا نابێت دیکۆرێکی وەستاوبێت هەتا کۆتایی.. ئەمە لەلایەك شوێن(مکان) دیاریدەکات بەواتایەکی تەقلیدی(ماتماتیکی) نەکو(فەلسەفی) لەلایەکی تریش رەوتی درامی شانۆکە دەکوژێتو ئیستاتیکای ئەکتەریش لەچێژێکی سەرتاسەری دەخات، چونکە شانۆ هەڵگری سیمۆلۆژیە، هەمیشە دەبێت ئەو بونیادی شانە(خلیە) زیندوبن.. دەبێت شانۆ لەو رەوتە تێپەڕێت کەبەرەو ڕەهەندی فەلسەفی بڕوات وەکو(کروتوفسکی) ئاماژەی بۆ دەکات.. دەبێت دیکۆر بەپێی دیمەنەکان گۆڕانی تێبکەوێت، لەگەڵ هەر دیمەنێکیشدا بەپێی دایەلۆژو گۆڕانە بنەڕەتیەکان لەرێگەی تیشکەوە گۆڕانی خۆی وەربگرێت.
دەرهێنەری زیندو لەگەڵ رەوتی زیندوێتی شانۆکەیدا دەژی هەتا کۆتایی.. ئەکتەری زیندوش جوڵەکانی جەستەی بەپێی هەمو دیمەنو کەشێتیە سازێندراوە گۆڕاوەکەی تیشکو دیکۆر دەسازێنێت.. هەروەکو وێنەی کەسێك لەدڵی دڵدارەکەیدا، نەك وەکو وێنەیەکو بەس، بەڵکو هەمیشە

بخوێندرێتەوە، ئەو خۆی رچەی گۆڕانەکانە. لێرەوە دەگەینە ئەوەی شانۆ بەبێ دەمامکو جلو بەرگو تیشك.. هتد.. دەژی، بەلاّم هیچ کاتێك بەبێ ئەکتەر وێنەو گیانی زیندوی تیادانابێت.. کێڵگەی ئەکتەر فراوانترە لەمۆسیقاو وێنەکێش. چونکە ئەو هەمو گۆشەکانی دەرونی دەگرێتەوەو دەیاندۆزێتەوە.. هەمو ئەندامەکانی لەشو هەمو پرۆسەو لێکۆڵینەوەکان.

هونەری نواندن ئەرکێکی ژیانە.. جەستە هەڵدەستێت بە ئافراندنو داهێنانی هەمو توخمێکی بینراو(عناصر المرئی) وەکو تەشکیلیو دەنگ.. هتد.. ئەکتەر لەمیکانیزمی جوڵەی جەستەییەوە دەلالەتو نیشانەو ئاماژە لەناو سروتی شانۆدا دروست دەکات.. پرسیارە لەسەر بونو کێشە مەعریفیەکانی سەردەم یەکگرتنەوەی جوڵەو بزاوتە جەستەییەکان.

زمانی جەستە ئەوە ئەو پرۆسە گرنگە هونەریەیە کە ئەکتەر لەناو لەشی خۆیدا وێنەو دەلالەتی فراوان بەبینەر دەخوێنێتەوە.. بەسۆزو تورەییو هەڵچونو هێمنی.. شالاو.. چەندان وێنەی جۆراوجۆر دەسازێنێت.. وەك لەساتەوەختێکدا بینەر بخاتە ناو ئەوزەنگە ترسناکانەی لەواقیعدا گوێچکەی مرۆڤایەتی کەڕ دەکەن.. یاخود لەرووداوە ترسناکەکان هۆشیاریان بکاتەوەو نیشانەکانی داهاتو بکێشنو کێشە مەعریفیەکان بخاتەرو لەدایکبونو پاکژبونەوە(الولادە والتگهیر) ئەم حاڵەتانە نیشانەی ژیان دەردەخەن شانۆ هەوێنی ژیانە..حاڵەتە گرنگو پڕبایەخەکانێتی لەجەستەی ئەکتەرەوە دەبینرێت.. ناکۆکیو کێشە سەرەکییەکان چونکە جەستە دەلالەتو بێژە دەدۆزێتەوە:

(رەنگــــە جەســـــتە شـــــاراوەی بێـــــژە بدۆزێتـــــەوەو بـــــەرێگای ناراســـــتەوخۆ دەریــــدەبڕێت.. هەڵبەتـــــە گــــرنگترین کەرەســـــتەیەکی ناراســـــتەوخۆیە بـــــۆ دەربڕین2)

ئەکتـــەر وەکـــو لەبێشـــەو جەنگڵســـتانو ســـاراو بیابـــانو ســـەرابدا یـــاری مـــەرگو ژیـــان بکـــات.. دەتوانێـــت دەیـــان حاڵـــەتی ئەفســـانەیی دروســـت بکـــات.. تیشـــکێکی ســـور لەتاریکیـــدا لـــەدورەوە جەســـتەی دەگرێـــت، تـــەنیا جوڵـــەو شـــاڵاوی جەســـتەیەك دەبینرێـــت.. لـــەو حاڵەتـــەدا دەتوانرێـــت دەیـــان دەلالـــەتی جۆراوجـــۆر بەرجەســـتە بکرێـــت، ئەکتـــەر بەهـــەمو شـــێوەیەك یـــاری گۆڕانکـــاری ئیستاتیکی خۆی بکات.

شـــانۆ ئـــاوە جەســـتە مەلـــەی هونـــەریو مـــەعریفیو رۆشـــنبیرییانەی خـــۆی دەکـات.. دەتوانێـت دەیـان پرسـیاری مـەعریفی دابهێنێـت، سـێبەر لـەو حاڵەتـە ئەفســانەیەدا دروســت بکــات لــەژێر شــەپۆلو تیشــکو روبــەرێکی ئەفســانەییدا هـــەمو دەلالەتـــەکانی بەئاشـــکرا بگەیـــەنێت، ئـــەو ســـاتانەی کـــە بەســـاتی لەدایکبونـــەوەی ئەکتـــەر دادەنرێـــت.. ئەوانـــەن کەجەســـتە لـــەونبونو داپۆشـــینو تیشـــکیو ئەفســـانەییدا بتوانرێـــت بەبزاوتـــە جەســـتەییەکەی خـــۆی مانـــای نـــەمردن هـــەڵبگرێت، جـــارێکی تـــر لەبـــەردەم بینـــەردا لـــەدایك بـــونێکی نـــوێ دروســـتبکاتەوە، بـــە تایبـــەتی لـــەو حاڵەتانـــەی کەزەمـــەنی گێڕانـــەوەی دەکەوێتـــە ســـەر..یـــاخود لەتەمەنێکـــەوە بـــۆ تەمـــەنێکی تـــر، لەحاڵـــەتو شـــوێنو کـــاتو پلـــەو پایەکەیەوە بۆ یەکێکی تر..

ئەکتـــەر لـــەو ســـاتانەدا دەکەوێتـــە بـــەر پرۆسێســـێکی نـــاوەوەو دەرەوە.. هەســـتو نەســـت.. (الـــداخل والخـــارج - الشـــعور واللاشـــعور) ســـوڕانەوە لەتـــەوەری لادان لەشوێنکات (الزمان والمکان).

ئـــەم تـــەوەرە لای کرۆتۆفســـکی پەڕینەوەیـــە لەبوعـــدێکی ماتماتیکی بـــۆ فەلســەفی.. لێــرەدا شــوێنوکات دیــاری نیــە، ئەمانــە بەگشــتی ئــەو حاڵەتــە ســەر ســورهێنانەن کەئەکتــەر لەئــەنجامی پســپۆڕی خــۆی لەهونــەری نواندنــداو پلــەی رۆشــنبیری بــەرزیو پرۆڤــەی جەســتەیدا بتوانێــت بــەو پرۆســەو پرۆسیســە گەورانــە هەڵبســتێتو روبــەری پانتــایی شــانۆ پڕبکاتــەوە.. ئەکتــەر تــەنیا لــەکاتی پرۆڤــەدا دەکەوێتــە ژێــر چــاودێری گەیاندنــە هونەرییەکــەی دەرهێنــەر.. لــەکاتی نمایشــی پرۆسیســـە گەورەکـــەی ژیانـــدا خـــۆی مەلـــەوانی جیهانـــە مەزنەکـــەی خۆیـــەتی، دەرهێنـــەر وەك بینـــەرێك ســـەیری دەكـــات.. بۆیـــە هـــیچ دەرهێنـــەرێك ناتوانێـــت ئەکتـــەرێك لـــەدەوری خـــۆی بکاتـــە فریشـــتە، ئەگـــەر خـــۆی فریشـــتەیەکی شـــانۆ نەبێتو پرۆسە گەورەکانی مێشکو دەرونو جەستەی خۆی ئەنجام نەدات.

جەســـتەیەك لەســـەر شـــانۆ هەمیشـــە توشـــی کۆمـــەڵێك پەیوەنـــدی زمـــانیو ڕیتواڵـو جەسـتەیی بینـراو دەبێـت، پێویسـتە وەکـو خـوێن لەلاشـەیەکدا لەگـەڵ هەمویانـــدا بگـــەڕێت..چـــونکە شـــانۆ هەمیشـــە کۆمـــەڵێك هونـــەری پێویســـتو هەڵبــژاردەی تیایــە، کەپێویســتە ئەکتــەر بتوانێــت پەیوەنــدی هونەریانــەی خــۆی بکــات.. لەگــەڵ لێــدانێکی مۆســیقا، پیانۆیــەك دەبێــت بزانێــت چــۆن روانینــو هەستو نەستو بزاوتە جەستەییەکەی لەگەڵیدا یەکدەگرێتەوە.

مۆســیقا کــارتێکردنی مێشــکە.. بیســتنە، لەگــەڵ درامــاو حاڵــەتی داهێنــانی شــانۆدا لێــدەدرێت، چــۆن بروســکەو هەورەگرمــە کاردەکەنــە ســەر سروشــت، چــۆن بروســکە کــارگ هەڵــدەتۆقێنێت، ئاوهــا دەبێــت جەســتەیەك بەپارچــە مۆســیقایەك کــارگ ئاســا دروســت ببێتــو دەلالــەت دەربخــات.. مۆســیقا وەکــو ئــەو تــەزوە دینامیکیــە وایــە کــە باتریــەك شــەحن دەکاتــەوە، یــان بڵــێین: خــوێن لەلاشــەیەکدا.. بــەو جــۆرە زمــانی شــانۆ کــاری تــەواوکاری خــۆی دەکــات، بینــەر

دەخاتــە نــاو کەشــێتییەکی فــراوانتر، لێــرەدا کــاری روبەروبونــەوەو ئاهەنگســازی لەگــەڵ بینــەردا دروســت دەبێــت.. شــتە شــاراوەو نائاشــکراکان(المرئــی واللامرئــی) دەلالەتــەکانی خۆیــان وەردەگــرن لەشــێوەی پرســیارێکی مەعریفیــدا ، لەمێشــکی بینــەردا دروســت دەبێــت، جەســتە لــەبێ جەســتەییەوە(الجســد مــن الجســد) تیشــك لــەتاریکی.. دەنــگ لەبێــدەنگی.. جوڵــە لــەبێ جوڵــەیی.. ئەکتــەر هەڵدەســتێت بــەداهێنانو ئافرانــدنی هــەمو توخمــو شــتێکی بنــەڕەتی، چــونکە شــانۆ هەمیشــە پێویســتی بەبەسەراچــونەوەیەکی ئەقڵانیانــە هەیــە لەخورافــەدا (اســگورە) ، ئەکتــەر وێنــەی دەق دەگرێــت.. لەرێگــەی تەفســیری خۆیــەوە نوانــدنی وشــەکان دەکــات، دەبێــت هەمیشە توانای گۆڕینی وشەکانی هەبێت:

(گــۆڕینی بــیر بــۆ وێنــە بینینــە تایبەتیــەکان..گــۆڕینی وشــەکان بــۆ نوانــدن.. شــتەکانی بەرامبــەری، وەك ئــەوەی هــەمو رێرەوەکــان تاوانبــار بکرێــت بەیــەك شت کەدەستەلاتی دەرهێنانە 3)

شــانۆی نــوێ ئــەو شــانۆیەی کەهــەڵگری نوێخــوازی بێتــو زمــانی نــوێی ســەردەم بێــت دەبێــت هەمیشــە تاقیگەیــەك بێــت بــۆ چــونە نــاو بنیــادی زمــانێکی نــوێ.. لــەناو بیرێکــدا کــار بکــات کــەنوێ بێــت، نــەوەکو بــیرو زمــانێکی ســواوو تەقلیــدی.. ئــەم پرۆســەیەمان وەکــو شــانەیەك (الخلیــە) زینــدو وایــە کەهــەڵگری دوبــارە بونــەوەو مــردن نییــە، هەمیشــە زمــانی شــانۆ دەبێــت بــریتی بێــت لــەبیرو تێڕامــان لــەجیهانێکی واقیــع.. شــانۆ بــەبێ دەقــو ئەکتــەر نییــە.. ئەکتــەر دەق دەگۆێزێتــەوە بــەزمانی تیوریــو بەبزوتنــەوەو ئامــاژەو جەســتەیی وەریــدەگێڕێت، لەهونــەری نوێــدا کــار بــریتی نیــە لەتــەعبیرکردن، بــەڵکو داهێنــانو ئافراندنــە، نیشاندانی سیماو شێوەیەکە کەلەوەوبەر نەبینرابێت.

کـە دەچـینە هـۆڵێکی شـانۆییەوە دەبێـت بـەردەوام پەنجـەرەی نـوێ والاّ ببێتـەوە، دیمـەنێکی نـوێتر ببینرێـت، ئەکتـەر نابێـت تـەنیا نوانـدنی چارەنوسـی خـۆی بکـات بـەڕوانینی تەجریدیانـە.. بـەڵکو پێویسـتە لـەو سـنورە فراوانـەی نواندنـدا بیربکاتـەوە.. هـەوڵی قسـەو نوسـینەوەی بـدات بەگواسـتنەوە، یـان سـەرلەنوێ لەپرۆسیسی کارکردنی خۆیدا.

تـەعبیرەکانی جەسـتە لـەبونیادی خۆیـدا کۆمـەڵێك بونیـەی ئەنـدامی زینـدوی هـەڵگرتوە، کـە دەلالـەتی قوڵیـان هەیـە. بـزاوتنی جەسـتە خـۆی بونیەیـە.. هـەواڵو راگەیانـدنی هەیـە، بەکۆمـەڵێك نمونـەی سروشـتی کـە جێگـەی دەنـگ دەگرنـەوە.. لێـرەوە زمـانی جەسـتە دروسـت دەبێـت، هـەمو ئـەو بزاوتنانـەی کەلـەزمانو قسـەدا دێـت تـەعبیرین.. هەمیشـە مـرۆڤ دەتوانێـت قسـە بەجەسـتەی خـۆی بکـات وەك زمـان، کـە دو دڵـدار دەبیـنین سـەیری یـەك دەکـەن لەجوڵـەو روانینـدا دەلالـەتی ئومێـدو نائومێـدی.. هتـد.. دەخوێنینـەوە.. ئەمـەش ئـەو قوڵاّییـە نیشـان دەدات کـە رەمـزو نیشـانەو ئامـاژە لـەزمانی جەسـتەو زمانـدا هەیـە، جەسـتە بـەپێی ئەندامـەکانی خـۆی.. دەموچـاوو روو جومگـەو دەسـتو قـاچ، پیرێتیـو نێریـو مێـی.. نەخۆشـیو لـەش سـاغی.. دژایەتیو ناکۆکیو چەوسانەوەو ئازارو نەخۆشی.. زیرەکیو گەوجێتی.. هتد.

دەرون لـەدەمو چـاودا رەنـگ دەداتـەوە، لەرێگـەی شـێوەو رویـدا، بـەپێی دەرونـزانیش چـوار دەوری چـاو ئـەو پرۆسـە گەورەیەیـە کـەجیهانبینی تـەواویان لەسـەر دەکرێـت.. رێژەیـەکی زمـانی بـەهێز لەجەسـتەدا بـۆ خۆشەویسـتیو رقـو قینـەو گێڕانـەوەو تورەییـو رازی نـەبونو ئـارەزو.. هتـد.. لەکاتێکـدا دەسـتی دەخاتـە سـەر چـاوی مانـای کێشـەی خۆیـو کەسـێکی تـر نیـە بەقـەد ئـەوەی دەربـڕینی گومـانو راراییـە.. لەنوانـدنو چـاو گرژیـو مۆنیـو تورەییـو هەڵچـوندا

بـەرگو رەنـگ هـەڵگری پەیوەنـدی پێشـبینیو پێشـزانینن.. ئەمانـە لەکەسـێتی جیـا نابنـەوە، گوتـاری جەسـتە لەحاڵـەتی تورەییـو کـەبتو دەمـار گیریـو زیهـنی.. هتد.

زمـــانی نابێـــژەیی(لالفظـــی) وەکـــو نامەیـــەك وایـــە بۆگەیانـــدنی تـــەعبیرو تێگەیشـتن.. پێویسـتە جەسـتە هەمیشـە لـەرێرەوی واتـادا بێـت.. واتـا تـەنیا بـریتی نیـە لەوواتایـەی کەلەوشـەدا دێـت، چـونکە واتـا لەبزوتنـەوەو زمـانی جەستەشدا بەرجەستەیە.

دامەزراندنـەوەی بیناکـاری هـەمو دیمـەنێکی شـانۆیی دەبێـت کودەتـا لەدەقـدا بکـات.. ئەمـەش سـەرکەوتنی دەسـەڵاتی دەرهێنانـە بـۆ دەق.. ئـەم کودەتایـە وەکـو رەنگدانـەوەی دەرون وایـە لەچـاودا.. لێـرەدا دەکەوێتـە بـەردەم کودەتـای ئەکتـەر لەدەسـەڵاتی دەرهێنـەرو نوسـەر، کودەتـا لەسـەر دەق کودەتایـەکی کۆمەڵیـە ئەکتـەرو دەرهێنـەر بەشـدارن. ئەمـەش داهێنانـە بـەزمانی خـۆی.. لەپرۆسیسـێکی نوێـدا.. دەرهێنـەری راسـتەقینە ئـەو کەسـێتیەمان ناخاتـە بەرچـاو کـە دەق پێناسـەی بکـات.. بـەڵکو ئـەو قـوڵتر دەبێتـەوە بـۆ ئـەو شـتانەی کـە دەق نەیدۆزیونەتـەوە.. کودەتـاش لەدەسـەڵاتی دەرهێنـان بیرکردنەوەیـە لەسـنوری کـارکردن، جوڵـەو بزاوتـە جەسـتەییەکان لەرێگـەی هۆشـەوە بیناکـاری خـۆی دەکـات.. لێـرەدا کـاری نوانـدن رزگـار بونـە لـەو دودەسـەڵاتە بـەرەو گەیانـدنی بـۆ بینـەر.. نوانـدنی راسـتەقینە بینـراوە (مرئـی) بیرکردنـەوە بەئەفرانـدن لەنواندنـدا بیرکردنەوەیـە بـۆ بـەهێزیو یـاریکردنی هەمیشـەیی کەلـەدایك ببێتـەوە..چـونکە هەمیشـە شـانۆ هـەوڵی پاکژکردنـەوەی مـرۆڤ دەدات لەبەرئـەوەی هونەرێکـە دادوەری لـەئامێزی گرتـوە.. بیرکردنـەوەی ئەکتـەر تـەنیا ئیشـکردنە لەسـنوری پراکتیکـو پرۆسیسـی تیئـۆری خۆیـدا..

بیرکردنـــەوە بـــۆ ئیســـتاتیکاو ئیشـــەکەی.. چـــونکە ئەکتـــەر هـــەرگیز نابێـــت لـــەدوای دەورەوە بێـــت.. روانـــینی نـــوێ لســـەر دەوری ئەکتـــەر(ئیدایـــە) شـــانۆ هێلێکـی کۆمەڵیـە.. لەخۆشەویسـتی راسـتەقینەوە هـەڵقولاوە.. ئەکتـەر لەگـەڵ ئەندامـــەکانی تـــردا رادەچـــەنێت.. ئـــەوە لەدایکبونـــە نـــەکو مـــردن، بـــەر لـــەدایکبونو لەگـــەڵ بیرکردنـــەوەی پێشـــودا لەدایکبێتـــەوە.. ئـــەوە ئەوحاڵەتەیـــە کـەهۆش خـۆی بـزر دەکـات.. چـونکە نابێـت هەڵچـونی ئەکتـەر مـردو بێـت.. دەبێـت بـە هۆشـو بـیر دەسـت پێبکـات بـەو لوتکەیـەش کۆتـایی پێبهێنێـت.. ئەمـە دۆزینـەوەی ئەوپەردەیەیـە کـەناوەڕۆکی مـرۆڤ دەردەخـات، چـونکە ئەکتـەر لەنواندندا کۆتایی لەخۆ ناگرێت:

(نوانـــدن کۆتـــایی لـــەخۆناگرێت، بـــەڵام توانـــای بیرکردنـــەوەی هەیـــە لەئاســـتی کۆتـایی نەهاتنـدا، بەسـنوری ئـەو توخمـە بازنەییـە لەناواخنیـدا رەمـزی دوبـارە بونـــەوەی جیاکارییـــەکان دەکـــات بـــەبێکۆتایی.. لەبۆشـــایی یاریەکـــەدا، ئـــەم بزاوتە بزاوتێکی جیهانییە بۆ یاریەك/4)

لێـرەوە دەگەینـە ئـەوەی نوانـدن لەیاریـە هونەریـەکانی خۆیـدا بیرکردنـەوە لـەو ئاسـتەدا دەگرێتـە خـۆی کـە کۆتـایی نوانـدنی تیـادا نییـە.. وەکـو تەقلیدیـەکان لەســەری دەخولێنــەوە..(نوانــدن بەبیرکردنــەوە)ئــەوە کۆتاییهێنانــە بەنوانــدن.. پێویســـتە هەمیشـــە ئـــەو دەلالـــەتو نیشـــانەیانەی پێمـــان دەگـــات هـــەڵگری پرسـیاری مـەعریفی نـوێ بێـت.. هەمیشـە لەمنداڵـدانی ئەبسـتیمێکی نوێـدا لـــەدایك ببێتـــەوە.. پێویســـتە کـــردەی لـــەدایك بونـــەوە لـــەزمانو بـــیرو هۆشـــو روانینو بزوتنەوەدا هەبێت.

شـــانۆی نـــوێ پێکهاتـــەی لەدایکبونـــە.. لێـــرەدا گواســـتنەوەی دەق بونیـــادێکی گـــەورە دەرەخســـێنێت. ئـــەو دەقانـــەی کـــە زینـــدونو دەلالـــەتی قولیـــان تێدایـــە

لەساتی گواستنەوەیدا بینەر هەست بەجیاوازیو تەباییو ناتەباییەکان دەکەن لەیەك ساتدا، لەگواستنەوەی خۆیانەوە بۆ ناو پرۆسەیەکی هونەری.. لەو خاڵەدا دەق زیندوێتی خۆی دەردەخاتو نوسەری شانۆیی مانای بەتوانایی خۆی دەردەخات.. ئەمەش لەکاتێکدا کەدەق لەژێر هەردو دەسەڵاتی دەرهێنەرو نوسەر چۆتە دەرەوە.. لەیارییە هونەرییەکاندا رەنگی داوەتەوە.. دەسەڵاتێك لەناو پرۆسە هونەریەکانەوە وەکو کۆمەڵێك سەرهەڵبدات، نەکو دەسەڵاتی دیکتاتۆری.

ئەم پرۆسە گرنگانە گواستنەوەی کەلەنێوان ئەکتەرو نوسەردا دروست دەبن، وێنەی مانگێکە لەدەریاچەیەکی روندا، یاخود دەرون لەچاودا.. دەرهێنەر ئەو بۆشاییە گەردونیەیە لەنێوانیاندا هێزی گەیاندنی هونەریانەیە.

لێرەدا ئاورێك لەپرۆسەو کودەتا سەرتاسەریەکانی شانۆ بدەینەوە، لەسەردەمانی رابردو تائێستاش زۆرکەس بایەخی بە گوتاری شانۆیی داوە لەچوارچێوەی دراما.. یاخود لەکاتی تەقلید هەنگاوی دەرون زانیانە درا.. ئەوە ئیستاتیکای هونەر دەکوژێت، دەرونزانی بایەخی پزیشکەکانە، هونەر دەبێت هەوڵی پیادەکردنی دراماو دەرونزانی بدات لەگوتاری ئیستاتیکیدا، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە ناوەرۆکی نوێ خوازیە (الحداپە) ناگەرێت بەدوای زیندوبونەوەی شتی کۆنو دوبارەوەبو.. بەڵکو دەگەرێت بەدوای داهێنانو لەدایکبوندا.

ئەم پرۆسەیە دەبەستینەوە بۆ خاڵی پێشو لێرەوە دەگەرێینەوە بۆ پەیوەندیەکانی کودەتای دەقو دەرهێنەرو ئەکتەر، دەبێت شانۆ هەوڵی گوتارێکی ئیستاتیکی بدات لەکارە هونەریەکەدا، داهێنان لەهەمو توخمە

بینــراوو نــەبینراوەکان(المرئــی واللامرئــی) بکــات بــەزمانێکی نــویٚ، لیٚــرەوە دەگەینــە ئــەوەی روانینــەکانی دەرهێنــەر دەبێــت لەگــەڵ روانــینی ئەکتــەردا بێت، بەرەو گوتارێکی سەربەخۆ، کە گوتاری شانۆیە.

(پیتربرۆك)لەدوا نوسینیدا بەو جۆرە پەنجە دەخاتە سەر دەرهێنان:

(پێویســتە دەرهێنــەر کاتێــك دەچــێت بــۆ تیــپ هــەڵگری روانینێکــی تــەواو نــەبێت بــۆ شــانۆییەکە.. . وێنــەی شــانۆییەکە نابێــت تــەواو ناســراو بێــت، بــەڵکو دەبێــت لــەکاتی کارکردنــدا لەگــەڵ کۆمــەڵێکی دیــاریکراودا لــەدایك ببێــت. 5).

شــانۆی نــویٚ تێرامــانو بیرکردنــەوەی جیهــانێکی بەسەرچــونیە.. .کــاری درامــی هەوڵدانــە بــۆ سیســتەمی واتــا، زمــانو نیشــانەو ئامــاژە بــەکاردێنێت، هــەمو دەقێکــی درامــی لەشــانۆدا لــەکودەتای دەرهێنــەردا رەمزوشــیکردنەوەیەتی، ئــەوە ئــەو خاڵــە گرنگانەیــە کەدەمانــەوێت بیگــەینیٚ، زیندوبونــەوەی جەســتە بــۆ داهێنــانی ســەر لــەنوێی ئــەو دەقــەو دابــڕان لەهــەردو دەســەڵاتی دەرهێنــەرو نوســەرو هــەمو سیســتەمە تەقلیــد ئامێزەکــان، ئەکتــەر خوێندنەوەیــەکی قــوڵی دەق دەکــات وەکــو ئــەو وێنەیــەی لەچــاوی منداڵێکــدا زنجــیرەی شــەپۆلەکان دروســت دەکــات.. پرۆڤــەی ئەکتــەر لــەو زنجیرەیــەوە دەســت پێــدەکات لــەجیهان بینیــو روانینــە قوڵەکەیــدا خۆیدەدۆزێتــەوە، لــەو کەســێتیەدا بەرجەســتە دەبێــت کەبەســەریدا دەتەقێتــەوە، نــەکو بــۆی بدۆزرێتــەوە.. ئــەم یاریــە هــەتا کــاتی روبەڕوبونــەوەی لەگــەڵ بینــەردا بەردەوامــە هــەتا کۆتــایی، ئــەو دەیــەوێت لــەروانینی بینــەردا خــۆی بدۆزێتــەوە، هــەر کارێــك بکــات پرســیارێکی نــویٚ بئافرێنێــت.. دەبێــت هــەڵگری گواســتنەوەی پرســیار بێــت لەچــنینێکی مەعریفیەوە بۆ یەکێکی تر.. ئەوە مانای یەکگرتنەوە بۆبینەر بینادەکات.

ئەکتەری تەقلیدی هەوڵی ئەوەیدەدا کە هونەرمەند دەبێت گوزارشت لەروانینی ناوەوەی خۆی بکات بەو جۆرە بگاتە بینەر..چونە ناوەوەی خەون بەدەرچونی لەرادەبەدەر دەبێتە دەرچونێکی کۆتایی لەهەمو شتێك بێبەشمان دەکات.. هەر رەخنەیەك تەنیا بیر لەدەق بکاتەوە ئەوە تەنیا بابەتی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیە لەناو خۆیدا.. .رەخنە دەبێت لەناو جەستەی ئەکتەرەوە دەق شیبکاتەوە..دەق لەزمانی ئەکتەردایە، زمانێکی هونەری نوێ، دەق لەرێگەی جەستەو یاریو مادەکانەوە هێز.. تێشك.. کەشێتی.. دابرانی بەسەردا دەکرێت.. شانۆو ئەکتەر دەبێت لەو قۆناغە دەرباز ببێت کە تەنیا بیرو ئەندێشە پەنگخواردوەکانی بهێڵێتەوە.

زۆر لەدەرهێنەرە تەقلیدیەکان بەو جۆرە ئەکتەریان پێدەگەیاند، شانۆ تەنیا هەوڵی دۆزینەوەی بیری نوسەرو پێشکەشکردنی نیە، لەشێوەی شانۆیی وەکو ((مایرهۆڵد)) هەوڵی بۆ دەدا.. بەڵکو جارێکی تر لەپرۆسیسێکی هونەریانەدا دادەهێنرێتو بە زمانێکی نوێ دەگاتە بینەر، کودەتای دەق بۆ پرۆسەی شانۆ وەکو ئەو ئاوە وایە کە دەبێت بەهەڵمو دەچێتە ئاسمانو هەور دروست دەکات لەشێوەی تەرزە.. بەفر.. باران.. دەبارێت.

ئاو دەقی شانۆییە لەئەنجامی شیکردنەوەی تیشکو وەرگێڕانەوەی بەزمانێکی نوێ لەروانینو بیرو هەستو خەیاڵی ئاهەنگسازانی هونەر، ئەکتەرو دەرهێنەر لەپرۆسەی پراکتیکو پرۆسێسی شانۆدا وەکو هەورو هەڵم وان، بینەری هۆشیار هەمیشە ئاگاداری ئەو پرۆسە گرنگەی شانۆیە چونکە دەبێت لەپێش هەمو شتێکدا خۆی بە ئەکتەر بزانێت وەکو (کروتۆفسکی) ئاماژەی بۆ دەکات.

شـانۆ ئـاوە کاتێـك دەقێکـی خوێنـدراوە لەسـەر تـەختی شـانۆ دەبینیـت هەسـت بـەو کودەتـا سەرتاسـەریە دەکـات..کودەتـای دەرهێنـەر وەکـو هـەوا وایـە بـۆ گەیاندنی هەڵم بەهەورو هەور بەباران.

دەق ئـاوە لەگـەڵ ئەکتـەردا روانینـو وەرگێڕانـەوەو زمـانێکی نـوێ دەبێتـە هـەڵم لەشـوێن کـاتی دیـاریکراودا. لێـرەدا مەبەسـت لەشـوێنکاتی لـەدایکبونی کـارە هونەرییەکەیـەو چـرکە سـاتی لەدایکبونـە، ئەکتـەر فریشـتەیەکی هەسـت پێکـراوە دیـارو ئاشـکرایە، وەکـو (غـەیبانی) لەوسـاتانەی کـەدەبینرێتو توانـای داهێنـانی هەیـە بـیرو هەسـتەکانمان بـۆ دەگوێزرێتـەوەو هـەڵگری مەشـخەڵی رۆشـنبیریو جیهانبینیمانـە، لـەو کاتانەش کەدەیەوێت ئەفسانە دابهێنێت یاخود یاری هونەرییانە بکات.

ئەکتـەر فریشـتەیە لەگـەڵ یاریـە هونەرییـەکانی خۆیـدا دیـارەو نادیـارە، ئـەو ئامادەیـە، لەسـاتە خورافیـو ئەفسـانەییەکاندا، وەکـو فریشـتەیەکی راسـتەقینە هـەمو روداوێکـی مێـژویی دەگوێزێتـەوە بـۆ نـاو کایـە مەعریفییەکـەی هونـەر، بـەو جەسـتەیەی کـە هـەمان جەسـتەی پـێش خورافەیـە.. ئەکتـەر دەتوانێـت هـەمان جەسـتەی بـەقوڵایی نهێنییـەکانی ژیانـدا بگێڕێـت.. خـەمو دەورەکـانی ببینێـت، بەمـەرجێك فریشـتەی ئـەو هونـەرە بێت کەخۆراکی ژیانەو ژیان خۆراکی هەمیشەیی لەدایك بونەوەیەتی.

لـەم خاڵـەوە ئەکتـەر دەبێـت هەمیشـە هـەوڵی تەقینـەوەی ناخـەکانی بـداتو تـابلۆ رەنگـاو رەنگـەکانی بینـەر بگەیـەنێت.. بینـەر تـەنیا سـەیری جەسـتەیەك ناکـات، بـەڵکو خوێندنـەوەی مەعریفیانەشـی هەیـە.. پێویسـتە زمـانێکی دەرونـی تایبـەتی هـەبێت ئـەویش زمـانی دەنگـو نیشـانەکانە، ئەکتـەر دەبێـت هـەمو کاتێـك نـاوەوەی دەربخـاتو تەقینـەوەی ناخـەکانی روبـدات لەشـێوەی

دەلالەتـــدا.. کـــرداری نـــاوەوەو دەرەوەی هـــەبێت.. لـــەم ســـاتەدا دەگاتـــە بینـــەرو لەکارەســـاتە خودیـــەکان رزگـــاری دەبێـــت.. ئـــەو بـــە زمـــانێکی نـــوێ شـــانۆییەکە دادەهێنێت.

لەشـــانۆدا هـــەمو شـــتێك زمانـــە، بـــەڵام زمـــان بـــۆ هـــەمو شـــتێك نیـــە.. مۆســـیقا زمانـــە.. تـــەنها تێگەیشـــتنە، ئەگـــەر تێـــڕوانینی هونـــەرەکانی نـــاو شـــانۆ بکـــەین.. دەبیـــــنین شـــــانۆ پەنجـــــەرەی بیرکردنەوەیـــــە.. هۆڵێکـــــە بـــــۆ تیشـــــکو زمـــــانی جۆراوجـــۆر، زۆر جـــار پرســـیاری دەنـــگ ســـەر هەڵـــدەدات.. دەنـــگ شـــتێکی ماددیـــە.. ئەکتـــەر کاتێـــك کـــە دەنـــگ بـــەکار دێنێـــت دەبێـــت تـــەعبیری بکـــات لەجەســـــتەی، جیهـــــانی جەســـــتە(مرۆڤـــــە) روبـــــەروی بیۆلۆژیـــــو کۆمەڵایـــــەتیو عەقڵیە.. لەخانەیەکی یەکگرتوی ئیشکەردا.

ئاشـــکرایە.. کـــە بـــاس لەجەســـتە دەکـــەین، یـــاخود دێینـــە ســـەر فیزیۆلـــۆژی جەســـــتە، لیێـــــرەدا تـــــەنیا مەبەســـــت لەبزوتنـــــەوەی ماســـــولکەو دەمـــــارگیری ئیســـقانو.. هتـــد.. نایـــەت یـــان کـــارێکی میکـــانیکی بێـــت لەجەســـتەدا، بـــەڵکو ژیانەوەی کۆمەڵایەتیو بیرکردنەوەیەتی.

عـــەقڵ لای هیگـــەل هێزێکـــی لەبننـــەهاتوە.. ئـــەوەی گرنگـــە لامـــان عـــەقڵ هێزێـــك نیـــە لـــەناوەوەی خـــودا، یـــان لـــەناو جەســـتەدا..بـــەڵکو لەهـــەمو جەســـتەیەکدا هەیـــە..پەیوەنـــدی بـــەهێزی بەجەســـتەوە پەیوەندییـــەکی هاوکـــاری پەیوەســـتەی ئەنـــدامێتیی زینـــدوە.. ئەمـــەش ئـــەوە دەردەخـــات کـــە ئەکتـــەر بەجەســـتەی بـــیر دەکاتـــەوە، یـــاری عـــەقڵو هەســـتو ســـۆزو هـــۆش، لـــەوەوە ئەندامـــەکانی لـــەش بکەونـــەکاری هونەرییانـــە.. .دەرونـــو جەســـتە بەیەکـــەوە هەڵدەســـتن، ئـــەمیان بـــەوی تریـــان دیاریـــدەکرێت.. مەعریفـــەو پەیوەنـــدی بەجەســـتەوە ســـەرەتاییە، زمـــانی جەســـتە سروشـــتیە..هەڵچـــونەکانی خـــۆی

دەردەخـات لەبـەر پەرچـیکاری مـرۆڤ بەرامبـەر بەدەرکەوتـەو رووداوەکـان، کـە نیشـانە لـەزۆر ئەنـدامی جەسـتەدا دروسـت دەکـات.. ئـەو روانینـەی جەسـتە لەشانۆی بێزمانیشدا هەمان چەشن قوڵتر دەبێتەوە.

دەق پـێش هـەمو شـتێك نـاوەرۆکی فیکـری بێدەنگـە.. لـەدەقی بێدەنگـدا (صـامت) خوێنـەر دەکەوێتـە حاڵـەتی روت بونـەوە (تجریـد) لـەکاتی نمایشـدا تەختـەی شـانۆ جێگـەی یەکگرتنـەوەو بزوتنـەوەو سـیمۆلۆژییە، نـەکو زمـانی وشـە..چـونکە ئەکتـەر لەهونـەری پانتۆمایـدا وشـە بـەکار نـاهێنێتو تـەنها نـاوەرۆك دەگەیەنێتـە بینـەر بـەبێ وشـە.. ئەمـەش دەرکـەوتنێکی هونـەری وەکـو هونـەری سـەما(بالیـە)یـە، نوانـدنی بێـدەنگی هونەرێکـە لەناوخۆیـدا..ئـەم هونـەرە لەسـەرەتای شـانۆوە بایـەخێکی گرنگـی هـەبو.. بەتایبـەتی لەچـەرخی نـۆزدەو بیسـتدا، سـەرەتا لای (جـاك کۆبـۆ) بایـەخی وەرگرتـو پرۆڤـەی سـەرەکی بۆ ئەم هونەرە دانا.

ئـــەوەی گرنگـــە بانتۆمـــایم ئـــامرازێکی گرنگـــە بـــۆ دەلالـــەت دروســـتکردن..تەعبیرکردنـــە لەکێشـــەی روتبونـــەوە(تجریـــد) کەســـانی وەکـــو (جـانلۆی بـارۆ)و((شـارلی شـاپلن)و(مارسـیل مارسـۆ) گـەورەترین ئـەو کەسـانەن کـەداهێنانی نوێیـان لـەم هونـەرەدا کـردوە.. هـەروەها هـەوڵی داهێنـەرانی بـەتوانای وەك(راینهـارتو تـایرۆفو مایرەۆڵـد) گەشـەیان بـەم هونەرەدا.

هونـەری بانتۆمـایم ئـامرازێکی گرنگـە بـۆ گوزارشـتکردن لـەزمانێکی تایبـەتی کـەزمانی جەسـتەیە(لغـە الجسـد)، لـەژیانی رۆژانـەدا نیشـانەی بـیری هەڵـەێنجراوی خـۆی دەکـات، ئەمـەش لەرێگـەی ماسـولکەو دەسـتو دەمـو چـاو، لەمانـەوە ئامـاژە(سـیمۆلۆژی) خـۆی دروسـت دەکـات.. .جوڵانـدنی

دەستو سەر لەبزاوتنێکی هونەریدا، دەرکەوتنی ناوەڕۆکی درامی ئەم بزاوتو گۆڕانکاریە لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، دروستبونی یاخود تەعبیرکردن لەهەستو روداوەکان دەکات لەجەستەدا.

جەستە بەشێوەیەکی سەرەکی کۆی (مفردات)ە کانی زمانی هونەری دەکات..لەدو حاڵەتی شانۆیی بێزمانیو زماندا هەمان کاری دەلالیانەی هەیە.. ئەکتەر کاتێك کەدەنگ بەکاردێنێت دەبێت تەعبیری بکات لەجەستەی..دەنگەکانی تریش هەمان چەشن.. چونکە جەستە بەرپەرچدانەوەی کردارە..دەنگو جوڵەی جەستەی دەلالەتەکانی نێوان وەرگرو نواندن هەنگاوی تەواوی خۆیان دەنێن، دەلالەتەکانی جەستەو کەشێتیو تیشکو دیکۆرو مۆسیقا لەناو زمانە رەسەنەکەی شانۆدا یەکدەگرن.. لای وەرگر دەلالەت دروست دەکەن.. بنەمای کۆمەڵێك پرسیاری مەعریفی دەسازێنن.. جوڵەی جەستەو مۆسیقاو کەشێتی شانۆ(دالێك) بن بۆدروستبونی چەندەها (مدلول) چەمك. خەیاڵی فراوان لەسەر بیرکردنەوەی ژیانو بونو تەوەرەکانی تری ژیان.. دروستبونی ئەبستیمێکی تازەو تیکشکاندنی یەکێکی تر.. ئەوەش لەکاتێکدا ئەکتەر خۆی لەگەڵ دەوروبەریدا دەدۆزێتەوە.. ئەکتەر دەبێت تیشکێکی رۆحی بێت لەژێر تیشکا سێبەرو جوڵەی جەستەی خۆی بینا بکات.

پەیوەندی جل بەکەسایەتی شانۆیی بەبێ مەدلول کارێکی وەستاوە.. دەبێت لەبەردەمی بینەردا بگۆڕدرێت.. چونکە ئەکتەر ئافرێنەرو داهێنەری شتەکانە لەرێگای ئاماژە (الاشارە) وە.. چونکە لەنواندنی جەستەی خۆیەوە هۆڵی شانۆ دەکات بەکەشێتییەکی فراوان.. ئەم گۆڕینەی بەرگ بەتەنیا مانای داکەندنو گۆڕینی سەرتاسەرییانەی نیە.. زۆرجار لەرێگەی

سێبەرو تیشکو گۆڕانی کەسێتیەکانەوەیە.. ئەکتەر دەکەوێتە بەر تیشکێکی تەلەسکۆبی لەتاریکیدا.. وێنەی بەرگو جوڵەو بزاوتە جەستەییەکان ئەفسانەیان سەر دەکەوێت.. زۆر جار بەرگەکەی دەبێتە بەرگێکی ئەفسانەیی.. لەگەڵ مادەکاندا رەوتێکی تر وەردەگرێت.. لێرەوە زمانی شتەکان بەماددەوە دروست دەبێت..جەستەی ئەکتەر هەمو توخمێك دادەهێنێت.. پێویستە زمانی دەنگو بزوتنەوەکان دابهێنێت..کە ئەوەش زمانێکی ئەفسانەییە لەخەونو راستی نزیکمان دەخاتەوە، لێرەدا ئەکتەر لەخۆی دەگاتو بیرە پەنگ خواردوەکانی دەرونی ئاشکرا دەکات.. دەبێت سەربەستی خۆی دەربخات نەکو تەنیا دەرونی خۆی شیبکاتەوە، وەکو لەشانۆی مەلحەمیدا هەیە.

شانۆ پەیوەندی بەلقەکانی مەعریفەوە هەیە، وەکو دەرونناسیو رەگەزە زانست.. لێرەدا پەیوە ندییە خورافیەکان بونێکی سەربەخۆن.. شانۆ پێویستە هەولّی تێکهەڵکێشی کۆمەڵ بدات بەخورافە (اسگورە) وە لەنێوان راستیو کەسێتی بێلایەندا. ئەوەش بەرەو قولاّییەکی تر رامانده‌کێشێت.. گیانێکی زیندو روبەری شانۆکە بگرێتەوە..گوتنەوەی دایەلۆژەکان بەگیانێکی شاعیرانە.. دور لەو شاعیریەتیەی کەنەست (لاوعی) زاڵ ببێت بەسەر خەیاڵی ئەکتەردا، یاخود وەکو شاعیرێك شیعر بڵێت، هەوڵێکی نوێ کە ئەکتەر بیەوێ خودی خۆی لەروانگەی نواندنو جوڵەی جەستەو کەشێتی شانۆکەدا لەگەڵ بینەردا بدۆزێتەوە.. لای کرۆتۆفسکی شانۆ شالاّوێکە بۆ ناو هۆشیاری (وعی)

(پێزانرا کەبەرهەمی شانۆیی بەرەو هۆشاریت دەبات نەك بەرهەمی هۆشیاری بێت. 6)

ئــەم هۆشــیارییە لەیــەك ئاســتدا دەبێتــە هــۆی روانینــو بیرکردنــەوەی ئەکتــەر.. بــیرو هــۆش لەگــەڵ جوڵــەکانی جەســتەدا شــیبیێتەوە.. نــەکو بــیر جەســتەی پــێ بجوڵێنێــت.. هــەروەکو ئەکتــەری تەقلیــدی پێــی لەســەر دادەگرێــت.. کــەبیرو خــەیاڵ کــاری نوانــدنیان پــێ ئــەنجام دەدات.. ئــەم بوعــدە تــەنیا دەبێتــە هــۆی دروســتبونی دوبارەبونــەوەی بــون.. دیوارێــك لــەنێوان وەرگــرو ئەکتــەردا دروســت دەکات، چێژی جەستەو نواندنەکە دەکوژێت.

داهێنــانی ئەکتــەر دەبێــت هەســت بکــات چــۆن جوڵــەی جەســتەو ئامــاژەو روانینــەکان بــەر جەســتەی تیشــکو مۆســیقاو دیکــۆر بکــات.. ئــەو کەســێکە دەوری کەســێکی تــر دەبینێــت پێویســتە هەمیشــە هــەوڵی نوێکردنــەوە بــدات.. نەکو دوبارەبونەوە.

نوێبونــەوە لــەزمانو دەنگــو جوڵــەو هــاوار.. هتــد. بــەو جــۆرە شــانۆییەکە بــەرەو نــەمری لــەدایکبونی خــۆی دەچــێت.. ئەکتــەری رەســەن لــەبینای درامیــو کەشــێتیو کــۆی دەلالــەتی هونەرەکەیــدا هەمیشــە هــەوڵی لــەدایکبونو بەرجەســتە بونــو بــەرەو پێشچــون دەدات، بــەبێ دوبارەبونــەوە، دەبێــت ئــەوە بزانێــت کــە هونــەری شــانۆ تــەنیا بــریتی نیــە لــەدەرونزانیو تــەنیا پێکهاتــەی درامــیش نیــە، بــەڵکو دەبێــت هــەوڵی داهێنــانێکی ئیســتاتیکی بــدات.. ئــەم گوتــارە لەشــانۆی کوردیــدا.. توشــی دابچــڕانو دڵــە راوکــێ هــاتوە.. جەســتە پڕۆڤــە کــارو ئــەزمونکاری جەســتەییو مــەعریفی هونــەریی نیــە.. بــەو پێیــەی فێرکــراوە تــەنیا ئــەو دایەلۆژانــە بڵێتــەوە کــە دەرهێنــەر بــۆی دیــاریکردوە.. ئەمــە ســنورێکە ئەکتــەر نــەیتوانیوە رزگــاری ببێــت..لەبازنەیەکــدا خولاوەتــەوە.. لەکاتێکــدا ئەکتــەر پێویســتە خــۆی بتوانێــت مانــای لــەدایکبون هــەڵبگرێت.. ئەمەش لەزمانو جەستەو رۆحدا.

کــاری شــانۆیی.. ئاهەنگــە.. بەشــداریکردنە.. کۆمــەڵێك فریشــتە یــاری ڕاستیەکانی ژیان دەکەنەوە.. ئاوێنەی ڕابردوو ئێستاو داهاتوی بینەرن.
شــانۆ هۆڵێکــە ســەدان ئاوێنــەی بریســکە داری تێدایــە.. شــەوقی هــەموی ڕوبــەرەکانی ژیــان دەگــرن.. دەرهێنــەر لــەڕوانینو تیشکەکانی خۆیــەوە پرۆســەی گواســتنەوەی دەق دەکــات بــۆ دروســتبونی وێنــە هونەریــەکان، بینــای تــەواوکاری شــانۆ دەبێــت بینــای ژیــان لەدەقــدا بکــات، لەوێنــەی هونەریــدا ڕەنگــی پێبداتــەوە.. ئەکتــەریش ئــەو فریشــتانەن کــەخۆیان لەمەشــقی کەســێتییەکاندا بەرجەســتە دەکــەنو لەکەســێکەوە دەبنــە فریشــتەیەك.. بەزمانێکی هونەری داهێنانی دەق دەکەن.
ئەکتــەری کــورد هــەتا ئێســتاش بــەخوازراوەیی لەکارەکانــدا ڕۆڵ دەبینیتــو کــەم شــانۆ تــوانیبێتی پرۆڤــە بەئەکتــەر بکــات، کــارە هونەریــەکان بــە خێرایــی کــراون، بــە تایبــەتی بــواری فلــم ســازی بــە پیکابێــك دەچــن بــۆ دێیــەکو بەیــەك ڕۆژ فلمەکــە تــەواو دەبێتــو دێنــەوە.. جێگــەی سەرســوڕمانە زۆربــەیان لــەکاتی پرۆڤــە کردنــدا دەکەونــە کــار، ئەمــەش کۆمــەڵێك هــۆی ســەرەکی هەیــە.. هــەتا ئێســتاش ســتۆدیۆی ئەکتــەرمان نیــە.. لــەپاڵ هــەمو شــتێکدا دەبێــت ئــەو لۆجیکــە تێکبشــکێت.. ئــەم یەکگرتنــەوە هونەریــە پێویســتە بەرجەســتە ببێــت هــەتا شــانۆ لــەو پاشــاگەردانیە ڕزگــاری ببێتــو ڕواڵــەتی هونــەری خــۆی وەربگرێــت، ئەمــەش خــاڵێکی گرنگــە شــانۆی کــوردیی هــەوڵی بیناکــاری خــۆی نــەداوە، لەچوارچــێوەی تیپــە هونەریەکانــدا پرۆڤــەو مەشــقی هونەریــەکان بــەردەوام نــەبوە..لــەپاڵ ئەوەشــدا هــیچ لێکۆڵینــەوەو باســێکی تیئــۆری لەســەر شــانۆ نــەبوە..نــەبونی ڕەخنــەو لێکۆڵینــەوە بۆتــە هــۆی خولْقاندنی دەرفــەتێکی گــەورە..ئەگــەر شــانۆی کــوردی بەتوانایــەکی تــەواو هــەوڵی بیناکــاری خــۆی

بـدات بێگومــان دەتوانێــت کۆمــەڵێك ئەکتــەری بــەتوانای بــۆ شــانۆ پــەروەردە بکــات.. چــونکە هــەوڵی ئەکتــەرێکی بــاش زۆر جــار لەبــەناو دەرهێنانێکــدا کــوژراوە.. یــان ئــەو بــەهۆی بێتوانــایی ئەکتــەرەوە توشــی گرفــت هــاتوە.. تائێســتاش زۆربــەی جەســتە لەســەر تــەختی شــانۆ خواســتراوبوە.. دەرهێنــەر لـەملاولاوە ئەکتـەری هێنـاوە.. کـە هـیچ لەمەعریفـەی ئەکتـەرو شـانۆ نازانێـت، جگـە لەلاسـاییکردنەوە.. ئەگـەر چایچـیەك یـان سـەرکردەیەکیان بوێـت دەچـن پیشــمەرگەیەك دەهێــنن، نــەك ئــەو رۆڵــە بــە ئەکتــەرێك ببیــنن.. ئەمــەش لەزنجیرەکانـدا تـەواو کـاری خراپـی نیشـانداوە.. هەسـت دەکـەیت تـەنیا لاسـایی رۆڵێـك دەکرێتـەوە.. ئەمـەش ئـەنجامی ئەوەیـە تـەنیا کـار لەسـەر رابـردو روداوی ئاسـاییو بینـراو دەکـەن، کـە رۆڵـی بـە هـەمو کەسـێك دەبینرێـت.. نـەکو بـۆ ئـەو داهێنانــەی کەشــانۆو ســینەما دەیــەوێت.. تــەنیا دەقێکــی نوســراوی بــەزمانی خۆی گوتۆتەوە.

ئــەو نەخۆشــیانە کــارێکی گــەورەیان کردۆتــە ســەر جەســتەی شــانۆ بەگشــتی، هـــــەتا ئێســـــتاش بیرکردنـــــەوەی لـــــەدەرەوەی خۆییـــــو لـــــەدەرەوەی کایـــــە مەعریفیــەکانی عــەقڵی کوردیــدا بــوە، چــونکە نــەیتوانیوە سۆســۆلۆژیایەکی تایبـەت بـەخۆی دروسـت بکـات.. یـاخود لـەناو عـەقڵی کوردیـدا بـیر بکاتـەوە.. پێکهاتــەکانی شــانۆ (دەقــو ئەکتــەرو تیئــۆرو دەرهێنانــە)..دەقــی کــوردی زۆر کەمــە ئەوانــەش کــە بڵاوبونەتــەوە زۆربــەی هــەرە زۆریــان تەقلیــد ئــامێزن.. لەبوارەشـدا پـڕ لەکـەموکورتیو زۆریـان بـەزمانێکی دور لـەزمانی نـوێی شـانۆ نوسـراون.. یـاخود دەرهێنـەر پـەنای بردۆتـە بـەر دەقـە بینایـیـەکان، کـە ئـەوەش نابنـە مـوڵکی شـانۆی کـوردی، چـونکە عـەقڵی کـوردی نـین.. تیئـۆرو ئەکتـەرو

دەرهێنەریش لەسەرەتاوە پەنجەمان خستۆتە سەر.. ئەو هۆیانە کاریکیان کردوە کە شانۆی کوردی کێشەکەی بۆتە کێشەیەکی ناعەقلانیانە.
بەرەو هەولدان بۆ رزگاری لەو بازارەی کە هەر کەسە بەویستو خواستی خۆی راستو چەپ بەسەر شانۆدا بهێنێت.. چونکە شانۆی کوردی پاش بیستو پێنج چەرخ لەژیانی شانۆی جیهانیدا تا ئێستاش نەتوانین باسی لێوەبکەین، ئەمەیە کارەسات! هەرچەندە زۆربەی هۆکان دەگەرێنەوە بۆ ئەوەی کەشانۆی کوردی هەولی بیناکاری خۆی نەداوەو خاوەنی هیچ تیئۆرێك نەبوەو نەیتوانیوە سوتۆدیوی ئەکتەری هەبێت.. ئەگەر لەلایەنەکانی تریشدا دەولەمەند بێت بەبێ ئەکتەر پەکیدەکەوێت.. تەنیا جەستەیەکی رازاوەی بێگیان دەردەچێت.
بۆ هەولدان بۆ رزگاربونی ئەکتەرو خۆدۆزینەوەی کاتی خۆیەتی بگەرێینەوە بۆ جەستەی ئەکتەر.. گرنگی ئەو لەوەدایە کەمرۆڤە.. پەیوەندی بەکەسیکی ترەوە هەیەو کردارو هەستو ئالوگۆر لەنێوانیاندا هەیەو هەولدان بۆ تێگەیشتن لەخودی خۆی لەرێگەی هەلسوکەوتی مرۆڤێکی ترەوە.. ئەکتەر نابێت فۆتۆکۆپی خۆی بکات هەروەك (ستانسلافسکی) پەنجەی دەخاتە سەر، نابێت ئەکتەرو هونەرمەند لەسەر بناغەی ئیلهام کار بکەن..داهێنانی ئەکتەر شتێك نیە، هونەری نواندن پەیوەندی بەکاتێکی زەمەنی دیاریکراوەوە هەیە.. لێرەوە بەرەو سەربەستیەکی تەواوی ئەکتەر دەچین.. یاریەکانی جەستە بۆ نواندن پێویستی بەهەولدانێکی زۆر هەیە..دەبێت لەژێر درەختی رۆشنبیریو هونەریو هەمومی بەرزی هونەریانەو کەشێتی خەیالی فراوان خۆی پەروەردە بکات.. پەیوەندیەکانی لەکاتی نمایشی شانۆییدا پێکهاتەی کردارو بابەتو وەرگرە، بەلام لەپرۆڤەی شانۆییدا

لـــەنێوان ئەکتـــەرو بابـــەتو دەرهێنەردایـــە، ئـــەوەی جێگـــەی ســـەرنجە پەیوەندیەکانی ئەکتەرە بەدەرهێنەرو نوسەرو بینەرو فەزای شانۆ.

ئەکتـــەر کۆدەتایـــەکی گـــەورەی کەوتۆتـــە بـــەردەم، ئـــەم کۆدەتایـــە هەمیشـــە وەکـــو هـــەڵمو ئـــاوو بـــاران وایـــە.. جەســـتەی ئەکتـــەر پەیوەندیـــە جەدەلیـــەکان دروست دەکات.

جەســـتەی مـــرۆڤ کـــە پانتـــایی نمایشـــی شـــانۆیی پڕدەکاتـــەوە.. دەبێتـــە هـــۆی داهێنـــانی ئـــەو دەلالەتـــە فراوانـــەی تیئۆرەکـــانی شـــانۆو زانیـــاری مـــرۆڤ (ئەنتـــەرپۆلۆژیا) بەرهـــەمی بهێنێـــت.. فـــەزا لاســـایی کردنـــەوەی زانســـتیو رۆشـــنبیری ئەکتەرەکانـــە.. جەســـتە فیزیۆلۆژیـــو نیشـــانەو دەلالەتـــەکانی شـــانۆ دروســـت دەکـــات.. ئاشـــکرایە لەســـەرەتای مێـــژووەوە ملیۆنـــان مـــرۆڤ بـــەبێ چـــێژی جەســـتەی خۆیـــان ســـەریان ناوەتـــەوە، کـــە ئەمـــەش نـــامۆیی دروســـت دەکـــات.. جەســـتە تـــەنیا لەرێگـــەی نمایشـــو بینـــینی کەســـێکی تـــرەوە تێـــروانینی لەســـەر کـــراوە.. لای خـــود شـــتێك بـــوەو لای کەســـی بینـــەر شـــتێکی تـــر، ســـەردەمی تەکنـــەلۆژیاو پێشـــکەوتنی رەورەوەی زانســـتیو بـــیری مرۆڤایـــەتی ئـــەو رەوتـــە شـــاراوەی تێکشـــکاند.. جەســـتە لەســـەر تەختـــەی شـــانۆو فلیمـــە ســـینەماییەکان تـــوانی خـــود ببینێتـــو خـــۆی بدۆزێتـــەوە..چـــێژ وەربگرێـــت..دەیـــان ئـــامراز بونەتـــە هۆی تێکشکاندنی ئەو ئەفسانەیە.

لەکۆمـــەڵگای کـــورددا نـــەك لـــەبوارەکانی تـــردا جەســـتە ئـــازاد نـــەبوە، بەڵکولەشانۆشـــدا وەکـــو جەســـتەیەکی ســـەربەخۆو ئـــازاد چـــێژی لێوەرنـــەگیراوە.. دەرکـــەوتنی جەســـتە بۆتـــە مایـــەی تـــاوانێکی گـــەورە.. زۆر خـــاڵی گـــرنگ هەیـــە ئاماژەیـــان بـــۆ بکـــەین.. ئـــەوەی گرنگـــە جەســـتە سەربەســـت نـــەبوە.. ئـــەوە لەلایـــەك بـــۆ بنـــەما سۆســـیۆکۆمەڵایەتیەکەو لەلایـــەکی تـــر نـــەبونی کاراکتـــەری بـــەتوانا

لەگەیشـــتنی دەلالەتـــەکانی خوێندنـــەوەی جەســـتەدا بنەمایـــەکی تەقلیـــد ئـامێزی هـەبوە.. جگـە لـەوەش کـەتواناى یاریـە هونەریـەکانی نـەبوە.. جەسـتەی ئێمـــە پۆشـــراوە.. سەربەســـتی کـــارە هونەریـــەکانو داهێنـــانو ئافرانـــدن دەپێچـێتەوە، دیوارێـك لـەنێوان روانینـو دەقـو گەیشـتنی کرۆکـە هونەریەکانـدا دروســـت دەکـــات.. شـــانۆ بێبەشـــە لەنوانـــدنی هـــەمو کـــارێکی بینـــراوی جەســـتەیی، نێـــر یـــاخود مـــێ.. جگـــە لـــەوەش ئێمـــە تەنانـــەت هـــەتا ئێســـتا هـەنگاوێکمان نـەبوە بـۆ سـینەما کـە سـینەما بێـت.. کۆمـەڵگای ئێمـە لـەزۆر بـــواری پێشـــکەوتنی مرۆڤایەتیـــەوە بێبەشـــە.. لەشانۆشـــدا جەســـتە بـــەو بەندکراویـــە ماوەتـــەوە.. چـــێژ لەزۆربـــەی روبـــەرەکانی ژیـــان مرێنـــدراوە.. زۆر وشـەی گرنگـی ژیـان خـەتیان بەسـەردا دێـت.. چارەسـەری کێشـە مەعریفیـەکان تـــەنیا ئـــەو دەقـــە کۆنـــو بەسەراچـــوانە دەبـــن کەپەیوەنـــدیان بەکێشـــە ئەبستیمیەکانی سـەردەمەوە نیـە.. قـەڵای ئێسـتای ژیـان لـەوە زیـاتر رۆچـوە.. بەتایبـەتی ژیـانی شارسـتانی کـورد.. دەبـو دەمێـك بوایـە کۆمـەڵێك هـەنگاوی گـرنگ بنرایـە.. هـەتا غـەریزەی نەخۆشـیەکانی کۆمـەڵ بدۆزرێنـەوە.. هـەتا ئێسـتا نـەتوانراوە خۆمـان لەمەسـەلەی سـێکس بـدەین.. تەنانـەت لەدەقیشـدا کـەمتر، تـەنیا یـەك لایـەنمان لەسـێکس وەرگرتـوە، ئیـدی ئـەوانی تـر هـەمو کەوتونەتـە ژێـر پەردەیـەکی غەیبیانـە.. .گـەڕان تـەنیا بـۆ کۆمـەڵێك رسـتەی شـیعاریو ئـەو شـتانەی کەهـەمو کەسـێکی کۆمـەڵ بـەپێی بـاری ژیـانو چەوسـاندنەوەی خـۆی لەهونەرمەندەکـە باشـتری بزانێـت.. گـەرانی هونەرمەنـد گـەڕانێکی ئـەنتۆلۆژی ئەقڵانیانەیـە، هـەتا بتوانێـت دەلالـەتی نـوێ لەکایـە مـەعریفی.. سۆسیۆکۆمەڵایەتی کۆمەڵـدا بدۆزێتـەوە.. نـەکو گـەڕان بـۆ رسـتەو روداوی سـواو.. شـارلی شـاپلن وشـەی بـەکار نـەدەهێنا، بـە بانتۆمـایم نـەك

هەمو ئەوروپا بەڵکو کاریکردە سەر جیهان.. تەنانەت هیتلەری ریسوا کرد.. هەر بۆیە شانۆی کوردیش پێویستە لەو تەوقە رزگاری ببێت.. نەکو ئەو خەیاڵە فراوانو بەهەشت ئامێزە رەخساوەی فریشتەکانی هونەر (جوانکاری شانۆ) بەگوتارێکی سیاسیانەی سواو بمرێنن، جەستە وەکو هەر شتێکی تر میکانیزمی جوڵەو بزاوتنو نیشانەو ئاماژە دەلالیەکانی کارە شانۆییەکانە..دەقێکی نوسراو لەپرۆسیسی کارکردنی هونەریانەو ئاوێنەی نوێی هونەریدا رەنگ پێدەداتەوە..ئەکتەری سەرکەوتو تەنیا دەقی شانۆیەکی نوسراو ناخوێنێتەوە.. بەڵکو لەو گێڕانەوە نمونەییەی شانۆییەکە دەچێتە دەر.. ئەمەش دەیان پرۆسەی هونەری دەگرێتە خۆ.. ئەگەر وردبینانە سەیری شانۆی کوردی بکەین زۆربەی گوتارە ئیستاتیکیەکانمان دەمرن.. دەشاردرێنەوە چونکە هەتا ئێستا زیاتر گێڕانەوەو گوتنەوەو خوێندنەوەیەکی ئاسایی دەق بوە..نەکو وێنەگرتنی ئیستاتیکیانە زیاتر گوتارێکی کۆمەڵی(خگاب الجماعی) بوە.. تاکێتی بەسەر راچەنینی کەسەکاندا زاڵ بوە..جەستە (دالێك) بوە توانای دروستبونی دەلالەتو چەمکی نەبوە، کەمتر توانای داهێنانی هونەریانەی هەبوە.. بە تێروانینو بیرو جەستەو یاسای نەگۆڕی دەرهێنەرو نوسەرەوە گیرساوەتەوە.. دەرهێنەر دایەلۆژی داوەتێو وەکوخۆی خوێندویەتیەوە.. لێرەدا ئەکتەر چێژی نامێنێت.. خۆی لەکارە هونەریەکاندا نادۆزێتەوە.. دەلالەت دروست ناکات.. دیوار لەنێوان خۆیو بینەردا دروست دەکات.. هەر کات ئەکتەر لەو دیکتاتۆرییەی دەرهێنەر رزگاری نەبو مانای ناگاتە وەرگر.. پەیوەندی ئەکتەر بە داهێنانی شانۆوە دیسان وەکو هەڵم وایە، لەدەسەڵاتی نوسەرەوە دەست پێدەکات.. یەکەم کودەتای ئەو کودێتایەیە بەسەر دەقداو

خۆدۆزینەوەیـەتی، واتـە چـۆن ئـاو دەبێتـە هـەڵمو، هـەڵم بـە هـەورو، هـەور بـە بـاران، بـەو چەشـنە دەبێـت تـاکێتیو کەسـێتی خـۆی لەداهێنانـدا بدۆزێتـەوە.. نـەکو ئیشـی بـۆ بدۆزێتـەوە، ئەکتـەر دەبێـت خـۆی بەسـەر دەقـدا بتەقێتـەوە.. ئەوکاتە وەکو ئەکتەرێکی سەرکەوتو دەردەکەوێتو دەگاتە بینەر.

بینـــەر بـــەهۆی خـــەیاڵی فراوانـــەوە پانتـــایی درامـــی پڕدەکەنـــەوە، دیمەنـــە شـــانۆییەکان ئەکتـــەرو بینـــەر لـــەناو فەزایـــەکی ئافرێنـــدراودا کۆدەکاتـــەوە، نوســـــراوەکانی دەق دەگوێزرێتـــــەوە بـــــۆ نەشـــــتەرگەری جوڵـــــەو نیشـــــانە دەلالیـەکانی شـانۆ، ئەکتـەر نوانـدنی روداوو کـردار ناکـات بەقـەدەر ئـەوەی نوانـدنی ئـەو تەوژمـە فراوانـە دەکـات کـە تـابلۆی هونـەریو مـادە وشـتە ونەکانن(لامرئی).

دەقـی شـانۆیی توخمـو بەرهـەمی ئایدۆلۆژیانەیـە، کـردارە پرۆسیسـیەکانی لـەکارە هونەریەکـەدا بـەدرامی شـانۆوە بـەراورد دەکرێـت..لەهـەمو کاتێکـدا درامـا بەرهەمەێنـەری دەقـە.. دەبێـت پێچـەوانەی بکاتـەوە.. هـەمو نمایشـێك لـەدایکبوی ئـەو دەقەیـە.. کـەدرامای تێـدا لـەدایکبوە.. ئـەم پەیوەندیـەش تـەنیا لەپرۆسیســـەکانی کـــارە هونەریەکـــەدا لەدایکـــدەبێت، نـــەکو دەســـەڵاتی داسـەپاوی زەمـەنو مێـژو.. هەڵخەڵتانـدنی بینـەر بـەناوی ئایـدۆلۆژیاو گوتـاری سیاسـیانە.. ئاشـکرایە هـەمو دەقێـك هـەڵقوڵاوی تـوخمێکی ئایدۆلۆژیانەیـە.. بـەو واتـا تەقلیدیـەنا کـە ئایـدۆلۆژیا تـەنیا بـریتی بێـت لەچـینو دەسـتە رامیارییـەکان، یـاخود چـینێکی کۆمـەڵ یاخوێندنـەوەی دەق تـەنیا بـریتی بێت لەئایدۆلۆژیایەکی روت.

فـەزای شـانۆ بـە جوڵـەو یارییـە هونەریـەکان ئەکتـەر دروسـت دەکـات، بەپڕکردنـەوەی پانتـایی دەق..پەیوەندیـە جەدەلیـەکانی نێـوان (نوسـەرو

**دەرهێنــەرو ئەکتــەر) دروســت دەبــن، بــەو جــۆرەی کەشــێتی نومایشــەکە دروست بکـــەن.. شـــانۆ لەئاهـــەنگی هونەرییانـــەدا بگەیەننـــە بینـــەر.. لێـــرەوە چـــێژ لەبنــەمای دەقێکــی هونــەری لەشــانۆگەرییەکەدا دروســت دەبێــت..بینــەر چــێژی لێوەردەگرێتو خەیاڵێکی فراوانی بۆ دەڕەخسێت.**

**بینـــەر ئافرێنـــەری ســـێیەمە لەشـــانۆدا.. بـــەو جـــۆرە دەق لـــەژێر دەســـەڵاتی نوســـەردا دێتـــە دەرو پەیوەنـــدی نێـــوان نوســـەرو دەرهێنـــەرو ئەکتـــەر دەبێتـــە پەیوەنـدی نیـوان بابـەتو ئەکتـەرو دەرهێنـان.. ئەمـە لەسـەرەتای پرۆڤـەدا دەسـت پێـدەکات. لێـرەوە ئـەوە دەردەکـەوێت ئەکتـەر بینـای خـۆی لەپرۆڤـەی شـانۆییدا لەگــەڵ دەقــەوە ســەرەتا هەڵــدەگرێت، پاشــان لەگــەڵ دەرهێنــەر، لــەو تەوقــە سیســـتەمی هونەرییانـــەی خـــۆی دەســـەپێنێت.. نەدەرهێنـــەر دەبێتـــە دایـــەلۆژ دابەشـــکەر، نەنوســـەریش هێزێکـــی غـــەیبانی.. چـــونکە ئەکتـــەر نوانـــدنی شـــانۆیی دەکـــات.. دەرهێنـــەر کەســـێتیەکی ناوەنـــدە لـــەنێوان نوســـەرو ئەکتەردا ..**

**دەرهێنەر**

**دەق.. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. .. . ئەکتەر**

**......بینەر.......**

**نومایشــی شــانۆیی رەنگدانــەوەی هــەوێنو کرۆکــو ڕیتــواڵی دەقێکــی نوســراوە، کـــە کودەتایـــەکی هونەریانـــەی بەســـەردا کـــراوە، دەرهێنـــانیش ئـــەو کـــارە ئێســـتاتیکیو گەیاندنـــە هونەرییـــەو گۆڕانکارییەیـــە، کـــە کودەتـــای خـــۆی دەکـــات، ئەکتـــەریش هەڵدەســـتێت بەنوانـــدنی بـــەزمانی داهێنەرانـــەی خـــۆی وەریدەگرێت.**

ئەگــەر بەچــاوێکی رەخنەگرانــەوە بڕوانینــە شــانۆی کــوردی ئــەوە دەبیــنین ئــەو پەیوەندیــە جەدەلیانــە زۆر کــەم ئــەنجامی خۆیــان پێکــاوە.. بــەردەوام لــەژێر کــارتێکردنی میتافیزیقانــەی شــانۆی کلاســیکیدابوە.. دەرهێنــەر بــە ئــارەزوی خــۆی یــاری بەچارەنوســو روانینــو بیرکردنــەوەی ئەکتــەرەوە کــردوە. ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی لەلایــەك ئەکتــەر وەك فریشــتەیەکی رۆشــنبیرو توانــای هونــەری نــەبوە، ئیــدی دەرهێنــەر بــەپێی زانــینی خــۆی کــاریکردوە.. ئەگــەر چــاوێك بەدەقــدا بخشــێنین زۆربــەی دەقــەکان یابــەمردویی هێنراونەتــە سەرشــانۆ، یاخود مردێنراون.

شــانۆی کــوردی لەســەرەتاوە دەق دەخوێنێتــەوە.. گۆڕانــو روانــینی دەرهێنــەر تــەنیا لابردنوکەمکردنــەوەی چــەند دیالۆژێکــە، زۆربــەی ئــەو دەقانــە خراونەتــە ســەر تەختــەی شــانۆ بیــانی بــون، ئیــدی مەســەلەی تازەگــەرێتیو هاوچــەرخێتی کــەم تــا زۆر ئــاوڕی لێنەدراوەتــەوە.. ئایــا تاچــەند زینــدوەوگیانی زینــدویی بەبــەردا دەکرێــت؟ گــۆڕینی هونــەری تــا چ رادەیــەك تازەگــەرێتی بەســەردا دەکــات.. کرۆتۆفســکی شــانۆیی (مــیری خــۆڕاگر،الامیر الصــامد)ی (کالــدیرۆن)ی دەرهێنــاوە، پەیوەنــدی ســیناریۆی دەرهێنــەر بەدەقــەوە وەکــو پەیوەنــدی لــەحنێکی جۆراو جــۆرە بەمۆســیقاوە، یــان دیمــەنێکی بــەرایی.. ئەمــە کــارێکی گرنگــە زۆرجــار شــانۆی کــوردی پــەنا دەباتــە بــەر دەقــە بیانیــەکان بــەبێ ئــەوەی بزانێــت کــام دەقــە هــەڵگری ئــازارو خــەونو ژانــەکانو چارەســەری کێشــە مەعریفیــەکان دەکــات.. تــا چــەند دەماندۆزێتــەوە؟ ئــەم کــارەش پرۆسیســێکی گــەورەی دەوێــت، ئــەم پەیوەندیــە لامــان تــەنها دەقێکــی ئاســایی بــوە.. ئەمــەش پرۆسیســی کــارکردنی هونەریانــە توانــای ئیشــکردنی لەناویــدا نابێــت.. شــانۆی کــوردی لــەگوتارە مەعریفیەکانــدا بزربــوە.. گوتــارێکی نــوێی نــە ئافرانــدوە..

چـونکە گوتـاری سیاسـیو کۆمەلاّیـەتیو مەعریفـەی کوشـتوە لەسـەردەمانێك رقـوقین بەرامبـەر بـەرژێم گـەڕان بـو بـۆ چـەند رسـتەیەك کـە دژی بکرێـت..کـەمێك گڕەکـەی دەرونـی دامرکێنێتـەوە..ئـیتر زۆربـەی کـارە شـانۆییەکان گوتـاری ئیسـتاتیکیان بزرکـردوە.. نزیکبونـەوە لەشـیعاراتو زاڵبـونی ئایـدۆلۆژیا، لێـرەدا ناعەقلاّنیـەت دروسـتدەبێت.. ئـەم نەخۆشـیە ئێستا پـەرەی سـەندوە، بـەلای زۆر کـەس شـانۆ تـەنها نیشـاندانی هەرزەییانـەی دروشمـو کۆمـەڵێك کێشـەی دەرونییـە.. ئەوانـەی کەهـەمو کـەس بەچـاکی دەیزانێـت.. واتـە تـازە هونـەر بگەڕێننـەوە بـۆ قیتارەکـەی سـتالینو چـاو لەکەللـە سـەرەکەی مایردەۆڵـدو دەیـانی تـر بپۆشـن..ئێمـە نـەك هونـەرمان بـەوە کـوژرا کـەبێئاگایی هونەرمەنـدو دەرهێنـەری بێتوانـا، بـەڵکو لەگـەڵ زۆر لەلایـەنی رامیـاری بـەبێ ئـەوەی ئاگایـان لـەرەوتی نـوێی هونـەرو ئاسـتی رۆشـنبیری جیهـانی ببێـت، دەسـت وەردەدەنـە کـاری هونـەری بەچـەمکو دەسـتەی سیاسـییەوە دەیبەسـتنەوە زۆر رای سـەیر دەردەکرێـت، لێـرەدا بـەرەو ئـەوە بـڕۆین گوتـاری سیاسـی یـاخود کۆمەلاّیـەتی(خگـاب سیاسـیە- خگـاب الاجتماعیـە) زاڵ بـوە بەسـەر گوتـاری ئیسـتاتیکیو هونـەریان بـەرەو خنکانـدن بـردوە.. ئـەم هۆیـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی زیـاتر بینـەر لەشـانۆ بکێشـێتەوە ئـەو جمـەورەی کـە هـەیبوە لەدەسـتی بـدات.. لەلایـەکی تـریش نـەك ئەکتـەری پـەروەردە نـەکردوە بـەڵکو ئـەویش لەگـەڵ رەوتـە مردوەکـەدا مـردوە.. جەسـتە لای ئێمـە لاسـایکردنەوەی کەسـێکی سیاسـییە یـان کێشـەیەکی سـواو.. ئەکتـەر خـۆی ئازادبێـت ئەوسـا ئـازادی بەخـەڵکی دەگەیـەنێت.. خوێندنـەوەی جەسـتەیی بینادەکـات.. جەسـتەی ئەکتـەری کـورد لـەنێوان هۆشوهەسـت (الـوعی و اللاوعـی)دا خـۆی نەدۆزیوەتـەوە، هیچـیان بەتـەواوی بەسـەر

راچـەنینی ئەکتـەردا زاڵنـەبون.. چـونکە زۆربـەی ئەکتـەری کـورد تـا ئـەو رادەیـە فێرنـەکراوە بزانێـت چـۆن دەچـێتە نـاو نوانـدن.. یـاخود پلـەی رۆشـنبیری ئەوەنـدە نـەبوە بتوانێـت ئاسـتەکانی دەرونزانـی بزانێتـو لـەناو پانتـایی شـانۆدا پەیوەندیـەکانی خـۆی بەیاریـە هونەریـەکانی دروسـتبکات، ئەکتـەر دەبێـت دامـاڵینی نەسـت (اللاشـعور) بکـات، روانینـەکان لـەرێگای هۆشـو هەسـتەوە (الشـعور) دەگەیـەنێتو یاریـەکانی خـۆی لەنواندنـدا دەکـات.. بـیرو سـۆزو جەسـتە(الفکـر والعاگفـە والجسـد) نابێـت لەیـەکتر جیابکاتـەوە.. چـونکە نوانـدن زەمـەن لادەبـات.. دیـواری نێـوان رابـردوو ئێسـتا.. ئـەوکردارە وەردەگرێت کە رویداوە.

هەسـتو نەسـت بینادەکـات شـانۆی کلاسـیکیو تەقلیـدی پـەیڕەوی نەسـت(اللاشـعور)ی دەکـرد.. بونیـادی نەسـت پێکهاتـەی ئـاڵۆزی بابـەتو وێنـەی جـۆراو جـۆرە.. پەیوەنـدە بـەژیانو چـەمکی جیهـانی تاکـە کـەس.. ئەگـەر کاتێـك مێـژوی کۆمـەڵو فەرهـەنگی هـەمو مرۆڤایـەتیش بێـت هـەر لـەو بوعـدەی خۆیـدا دەمێنێتـەوە.. ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ شتراوسـو جـاك لاکـان، ئـەوە دەبیـنین بونیادگەریانـە بـەرەو کۆجیتۆیـەکی ئـەقلانیمان دەبـات لـەو حاڵەتـە تەقلیـد ئـامێزە دەربازمـان دەکـات، کـە ئەکتـەر بەنەسـت (اللاشـعور)نوانـدن بکـات.. پێویسـتە ئەکتـەر لـەنێوان ڕیتـواڵ شـانۆدا لەگـەڵ داهێنـانو خـەونو هەسـتو نەسـتە ونـو ئاشـکراکانی خۆیـدا بگـەڕێت.. لـەرێگای هۆشـیاریەوە (وعـی) لـەکارە هونەریەکەیـدا خـۆی بدۆزێتـەوە.. یاریـەکانی جەسـتەی ببێتـە یـاری (عـەقڵیو سـۆزو بـیرو جەسـتە)یاریـەکی عەقڵانییانـە کـە دەلالـەتی خـۆی بگەیـەنێت، نـەکو لەهـەمو شـتێك بێبـەشمان بکـات لەشـەپۆلی نەسـت (اللاشـعور)دا، چـونکە نوانـدن یـاری هونەرییـە، ئـەم کەسـێك بێتـو

ئـــەوی تـــر کەســـێکی تـــر.. لەگـــەڵ جەدەلیـــەتی درامیـــو کەشـــی شـــانۆدا بەرجەســـتەیان بکـــات، هـــەر کەســـەیان ئـــەویتر تـــەواو دەکـــاتو کـــارە شـــانۆییەکە بگاتـــە کـــاملبون، لەگـــەڵ ســـێ حالـّــەتی ســـەرەکی (درامیـــو ئەفســـانەییو ئیســـتاتیکی) چـــونکە لەشـــانۆدا یـــەکگوتار هەیـــە، ئـــەویش گوتـــاری شـــانۆیە، شـــانۆی نـــوێش بـــەرەو پێکهاتـــەی ئیســـتاتیکیو نەشـــونمای هونەریانـــەی خـــۆی دەکـــات، لەزینـــدوێتی جەســـتەی ئەکتـــەر چـــێژ دروســـت دەکـــاتو دەگاتـــە لوتکـــەی خـــۆی.. ئەکتـــەر دەبێـــت روانـــینی بینـــەران شـــەپۆل پێبـــدات، هەمیشـــە هەســـت بـــە لەدایکبونـــەوەو پاکژبونـــەوە بکـــەن.. هونـــەر پرۆسیســـێکی قورســـو ئـــاڵۆزە، پرۆســـەو کـــردارە هونەریـــەکان پێویســـتیان بەتوانایـــەکی لەرادەبـــەدەر هەیـــە.. هەمیشـــە لەگـــەڵ مردنـــی جەســـتەی ئەکتـــەردا دەمرێـــت..پێویســـتە ئەکتـــەر ئەوەنـــدە فریشـــتەی هونـــەر بێـــت مانـــای لـــەدایکبون هـــەڵبگرێت.. نـــەکو لەخـــەونێکی کۆتایـــدا ســـەربنێتەوە..ئەکتـــەر دەبێـــت هەمیشـــە هـــەوڵی هونـــەریو رۆڵـــی ئەزمونگـــەریی جیهانـــە راســـتەقینە سۆســـیۆکۆمەڵایەتیەکە بـــدات..بـــۆ خـــۆ دۆزینەوە.

ستانسلافســـکی هـــەوڵی ئـــەوەی دەدا کـــە ئەکتـــەر خـــودی خـــۆی بدۆزێتـــەوە لەچوارچـــێوەی شـــانۆ لـــەوڵاتو زەمـــەنو واقیعیـــەتی خـــۆی، واقیعیـــەتی نـــاوەوە(داخلـــی). ئـــەم خاڵـــە زۆر گرنگـــە، ئەکتـــەر دەبێـــت ئـــەو هەوڵانـــە بـــدات..گشـــت کاتێـــك لـــەژێر تیشـــکی تازەگەریيانـــەو تاقیکردنـــەوەدا دەژی..هەمیشـــە لـــەکردارەکانی مانـــای لەدایکبونـــدا دەگەیـــەنێت، لەرێگـــەی دەنگـــەوە ئامـــاژە بەشـــیکردنەوەی دەنـــگ دەکـــات..تـــەعبیر دەکـــات لـــەدەرونی خـــۆی..بـــەدەنگی یـــاخود بزاوتـــە جەســـتەییەکەی، جوڵـــەی دەمـــو چـــاوو ماســـولکەو دەستو.. هتد.

نـاکۆکی لەنومایشـدا ناکۆکیـەکی دەرونیـە.. لەگـەڵ وەرگـر.. ئەکتـەر لەرێگـەی هاندەرێکـەوە پەرچـە کـرداری دەرەوە دەکـات..لەگـەڵ هانـدەری کـردار پێکـەوە دەئاخـافتێن..بینـەران هەسـتیان دەخەنـە ناوکەسـێتییەکەوە..ئەمـەش پێویسـتی بـەگیانێکی زینـدوی نـوێ هەیـە، گیانێـك کـە وەکـو پەپولـە بەسـەر خـەیاڵی بینـەرەوە بنیشـێتەوە، ئەکتـەر هەمیشـە دەبێـت ئاهەنگسـازی لەگـەڵ کەشـێتی شـانۆو بینەرانـدا بکـات.. خـودی خۆییـو مردنـو ژیـان لەرێگـەی فەرهـەنگی مرۆڤایەتیـەوە دەربخـات چـونکە شـانۆ وەکـو کارگەیـەکی تاقیکردنـەوە وایـە.. ئەکتـەرەکان سـەماو نوانـدنی تیـادا دەکـەن..لێـرەدا عـەقڵی نهـێنی وەسـتاوە.. بەرهەمـەێنانی لەجەسـتەیەکی داهێنـەری تاکـە کەسـەوە کـە تەقینـەوەی نـاوەوەی لەتێگەیشـتنی هونـەرو ژیـانو لەنومایشـێکی شـانۆییدا دەردەخـات بـەبێ ئـەوەی لـەناوەوە پـەنگ بخواتـەوە.. داهێنـانو نوانـدنی هونەریانـەی ئەکتـەر لـەرێی ئامـاژە (الاشـارە)وەیـە، نیشـانە پەرچـە کردارێکـی مرۆڤایەتیـە.. بزوتنـەوەی ئەکتـەر ئاماژەیـە.. ئامـاژە هـەرگیز بـەبێ تێگەیشـتن نابێـت، پرۆسیسـێکی نهێنیـە، زۆرشـت هەیـە لەشـانۆدا، لێـی تێناگـەینو هەسـتی پێدەکـەین.. ئەمـەش پابەنـدی بیرنیـە.. بـەڵکو پەیوەنـدی تـۆ دروسـت دەکـات.. کـار دەکاتـە سـەر جەسـتە، هـەرکاتێك هەسـت پێکـرا مانـای ئامـاژە(الاشـارە)دروسـت دەبێـت، ئەکتـەر دەبێـت تـەنیا بـۆ خۆیـو بینـەر نمـایش نـەکات.. بـەڵکو لـەناوەوەی خۆیـەوە بـۆ دەرەوە.. نـەکو لـەپێناوی شـتێکدا لـەدەرەوە.. ئەکتـەر فریشـتەیە هـۆڵی شـانۆ دەکـات بەبەهەشـتو دۆزەخ.. ئەکتـەری سـەرکەوتو لـەژێر کـار تێکردنـی تیشـکی شـانۆییدا جوڵـەکانی خـۆی لـەمیکانیزمی تەقلیـدی دەپارێزێـت، سـەماو یاریـە هونەریـەکانی خـۆی دەکـات بەوێنـە، کـە تیشـك کاربکاتـە سـەر هـەمو جەسـتەی.. وێنـەو

کەشـــێتییەکی گونجـــاو بخولّقێنێـــت، زۆرجـــار لەرێگـــەی ســـێبەری خـــۆی لەکەشـــێتی شـــانۆدا ئەفســـانە دادەهێنێـــت پەیوەنـــدی تیشـــك لەشـــانۆدا بەئەکتـــەرەوە پەیوەندیـــەکی جەدەلیانـــەی پڕلەدەلالـــەتو ئاماژەیـــە، تیشـــکێکی زەرد یـاخود سـەوز، سـور، شـین، لەسـەر جەسـتە دەبێـت دەلالەیـەکی نـوێ بینـا بکـات.. تیشـکی شـانۆی سـەرکەوتو هەمیشـە کاردەکاتـە سـەر بـیر، لێـرەدا ئـەو ئاهەنگســازیە دروســت دەبێــت.. تیشــك چــێژێکی هونــەری لەگــەڵ کێشــە ســەرەکیەکاندا هەیــە دەگاتــە بینــەر.. ئەکتــەر لەرێگــەی تیشــکەوە دەتوانێــت بۆشـاییو کەشـێتیو ئەفسـانە بخولّقێنێـت.. جەسـتەی بشـارێتەوە یـاخود لـەناو چـــەند رەنگێکـــدا خـــۆی بگۆرێـــت، زۆر تیشـــکی ســـەرکەوتوو دەبێتـــە پۆشـــاك..هێزێکـــی ئەفســـانەیی تایبـــەتی بـــۆ جەســـتەیەکی روت.. دەبێتـــە هانـــدەرو ئەفســـانەی بەرگـــە سروشـــتیەکە.. بـــەرگێکی هاوچـــەرخیانە.. بـــەرگێك دەیـــان دەلالـــەت دروســـت بکـــات.. زۆرجـــار غـــەریزە جنســـیەکان لەرێگایـــەوە بینـــای خۆیـــان دەکـــات.. ئەکتـــەرێك لەگـــەڵ ئەکتـــەرێکی تـــرو لەگـــەڵ گەیشـــتنە یـــەکتری لەکێشـــە دیـــارو ئاشـــکراو نادیارەکانـــدا تیشـــکی بزوتنـــەوەکانی جەسـتەی کامـڵ دەکـات، بـە ئامـاژەو دەلالەتـە فراوانەکـەی خـۆی بـەرەو هـەوڵی عەقلّیانـــەی هونـــەریو تێڕامـــانو هەســـتو نەســـت پەلکێشـــمان دەکـــات، کاتێـــك کــە تیشــکێکی ســور، یــان ســپی، یــا ســەوز.. هتــد. دەبیــنین راســتەوخۆ دەلالەتـەکانی جەسـتە دەخوێنیتـەوە تیشـکو سـاتو چـرکەکانی شـانۆ بەرجەسـتە دەکـات، دەلالـەتی ئـەو روداوو بزاوتـە هونەریانـەی دەکـات کـە کـاری درامـی بەرجەســـتە دەکـــەن.. ئەکتـــەری ســـەرکەوتو بزاوتـــە جەســـتەییەکانی لەگـــەڵ تیشـکدا دەکاتـە کـارێکی سەرسـورهێنەر، جیاکردنـەوەی تـاریکیو رونـاکی کـە

زۆر جـار کـارێکی سـانایە، هەسـتپێکراوە، بینـەر لەهۆشـەوە تێڕامـانو گومـان دروست دەکات:

(دەتـوانین بەسـانایی تـاریکیو رونـاکی لێکجـودا بکەینـەوە، بـەڵام کـەس ناتوانێت هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان شەوو رۆژدا بکێشێت. 7)

ئـەم جودایـە لەشـانۆدا کـارێکی هونەریانەیـە، لەرێگـەی تیشـکەوە هـەمو ڕیتواڵـو دەرفـەتێکی ئەفسـانەیی دروسـت دەبێـت، لەسـاتەوەختێکدا ئەکتـەر دەکەوێتـە بـەر هـەردو حاڵـەتی شـەوو رۆژ جیهـانێکی خورافیـو گەڕانـەوە..رابـردو..ئێسـتا..داهـاتو..تـەنیا سـێبەرێك جوڵـەی جەسـتە ئاشـکراکەی دەربکـەوێت.. تیشـك بۆکـاری هونەرییانـەی ئەکتـەر کـارێکی شـیاوە، ئەکتـەری هونەرمەنـد خـۆی لەگـەڵ زمانـەکانی شـانۆدا دروسـت دەکـات..یـەکێك لەئەرکـەکانی سـیمۆلۆژیا(ئامـاژە) لەشـانۆدا یەکگرتنـەوەی توخمەکانـە، کـە تایبـەتی خۆیـان بزردەکـەن لەروبـەری هونەریـدا کۆبکرێتـەوە..کەنومایشـی شـانۆیە.. تیشـك کـارێکی دەلالیانـەی قوڵـە، دەتوانرێـت غـەریزەو دودڵیـو رارایبوونبونـو گۆڕانکـاری جەسـتەی بەئەکتـەر بکـات، بـاوەڕ بەوبینەرانـە بهێنێـت کـەدەوریان لەبەردەمـدا دەبینێـت.. ئەکتـەر هـەر رۆژە یـاری هونەریانـە لەگـەڵ چـەند دەسـتەیەکی نـوێی بینـەردا دەکـات.. بـەڵام هـەمو رۆژێـك یـاری هونەری لەگەڵ خۆییو لەگەڵ ئەکتەرەکاندا هەیە.

چـالاکی شـانۆیی هـەڵگری بونیـەی سـیمۆلۆژییە (ئامـاژە) ئەمـەش لەهـەمو کاتێکـدا مانـای ناگـات تـەنیا لەرێگـەی پەیوەنـدی کۆمـەڵێك بـە کۆمـەڵێکی تـرەوە نـەبێت.. سـیمای شـانۆ لـەبینای کۆمـەڵێك دالـدا نوانـدن دەکـات، کۆمـەڵێك(دال)لەبەرچـاوی بینـەردا، دینامیکیـەتی توانـای گۆڕینـو گواسـتنەوەی دیاردەیـەکی هەیـە بـۆ شـوێنێکی تـر..بـەرەو ژیانـەوەی شـتەکان

**ژیـان هەڵـدەگرنو روانـینی فـراوان دەرەخسـێنن.. پێویسـتە هەمیشـە هـەوڵی نوێکردنـەوەی خـۆی بـدات.. دور لـەدوبارە بونـەوە.. پێویسـتە بزاوتـە جەسـتەییو یاریـە هونەریـەکان یاریـەك بـن هـەتا شوشـە زێـڕ نەخشـەکانی هونـەر پەڵـەیان بەرنەکـــەوێت.. پەیوەنـــدی خـــۆی بەتیشـــکەوە بکاتـــە ئـــەو پەیوەندییـــەی بەخۆڕسـکی دێتـە بەرچـاو، نـەکو دەمـامکی بـە زۆر سـەپێنراو، چـونکە تیشـك وەکـو سـۆزی دایـك ئەکتـەر دەگرێتـە ئـامێز، ئەکتـەر دەبێـت بزانێـت چـۆن لەگەڵیـــدا دەژی، زۆر جـــار لەتیشـــکەوە نیگـــاو خەونـــەکانی ئەکتـــەر دەخوێندرێتـــەوە.. ئەکتـــەر لەکێشـــە ئـــەنتۆلۆژیو گرێـــدانی چارەنوســـو ئامـــانجێکی هاوبەشـــدان، هـــەمویان یـــاری زانســـتیانەی ناوکایـــە مەعریفیـــە هونەریەکـەی دەق دەکـەن.. لـەدەقێکی تـەواوەدا هاوبەشـی پرۆسیسـی نـاکۆکی سۆسـیۆ ئایـدۆلۆژیو کرۆکـی هونـەری دەق دەکـەن، کۆمـەڵێك ئەکتـەر لەجێگایـەکی دیـاریکراودا لـەناو ئاسمـانی شـانۆدا کۆبونەتـەوە بـۆ یـاری هونەری.**

**شـــوێن لەشـــانۆدا جێگەیـــەکی گرنگـــە، لەسیســـتەمێکی سۆســـیۆلۆژیدا کۆمـەڵێك بەکۆمـەڵێکی تـر دەبەسـتێتەوە، دەبێتـە بونیەیـەك بـۆ پەیوەنـدی دیـاریکراو لـەنێوان توخمـە پێکهاتەکانـدا، کەبینـەر پرسـیاری لـەلا دروسـت ببێـت.. کـە ئیسـتاتیکای جێگـە ببێتـە هانـدەری.. ئەمـەش لەرێگـەی هەڵبـژاردنی دەرهێنەرەوەیـە، بۆیـە پەیوەنـدی بـەوەرگرو دەرهێنـەرەوە دەبێـت پرۆسـەی خـۆی لەدەقـدا بکـات، کەشـێتیەکان وێنـە بگرێـت.. بـەجۆرێك ئـەوەمان پێبگوترێـت کـە دەق توانـای گـوتنی نـەبوبێت.. ئـەو دەق بـۆ بینـای دەلالەیـەك دیمـەنی شـانۆیی دادەهێنێـت سـەرلەنوێ، دروسـت بـونی ئـەو خەونـە فیکریـو هونەرییانـە.. گومـان لەزەمـەنێکی چـاوەڕوان نـەکراوە، پرسـیار**

لەمندالّــدانی پرســیارێکی تــر.. جەدەلیــەتی عەقلانیانــەی پەیوەنــدی شتومەك.. مادە بە زمانەوە.. پەیوەندی مرۆڤ بەسروشتو مادەکانیەوە.

(ســیمۆلۆژی) ئامــاژەی شــانۆیی توانــای گــۆڕینی توخمــەکانی هەیــە لەبیســتنەوە بــۆ بیــنین، بــە پێچــەوانەوە، ئــەم ئــالّوگۆڕە گواســتنەوەیە بناغەیــەکی نمایشــی شــانۆییە.. شــانۆ دەبێــت پێکهاتــەی گوتــارێکی شــانۆیی بکــات..لــەتوخمی هونــەری بیســتنو بینینــو هونــەرە جۆراوجۆرەکانــدا، لەرێژەیــەکی نوێــدا کەنمایشــتەکە گوتــاری شــانۆ پێکــدەهێنێت.. بــەمجۆرە ئاهەنگســازی نمایشــت کــار کردنــە.. ئــەم کارێــك بکــاتو ئــەوی تــر تــەواوی بکــات، ئــەو جــۆرە کێشــەی ئــەنتۆلۆژی دروســت بونــەوەو روخــان دروســت ببێــت، دور لــەوگوتارەی کەسۆســیۆئایدۆلۆژیو دەســەلاتی داســەپاوی شــانۆکە بێــت.. بــەلّکو کەســێتیەکان دەبنــە ئاوێنەیــەکی هونــەری خــەیالّو بیرکردنەوەیــەکی قــولّ بەرجەســتە دەکــەن، کــرداری شــانۆیی بزوتنەوەیەکــە لــەناوەوەی رووداوەکــان، کەبینــەر دەیبینێتــو دەیبیســتێت.. دەرهێنــەر کــرداری شــانۆیی دەکــات بــەتوخمی (کاتوشــوێن) نیشــانەی بینــینی شــوێنی نمــایش(بیســتنوکات)ە بونیــادی کــرداری پێکهاتەکەیــەتیو هــیچ کــات بینــەر ناتوانێــت هەســت بکــات بــە حالّەتــە دەرونیــو بیســتنو وێنەییــەکان، تــەنیا لەرێگــەی پرۆســەی هۆشــەوە نــەبێت.. لێــرەدا بــەرەو ئــەو قولاییــە بچــین.. کــە گوتــاری شــانۆیی(خگــاب المســرحیە)بینادەکــات.. گوتــاری شــانۆیی لەجەســتەیدا تۆڕێــك لەپەیوەنــدی دال لەنێوان شانۆو هۆلّدا.

دال لەنومایشــی شــانۆییدا بریتیــە لەوێنــەی بینــراو یــاخود بیســتن، کــە پێکهاتــەی مەدلولــە(چــەمك)ە زهنیەکانــە..ئــەم بەیەکگەیشــتنەوەی (دالــو مــەدلول)لەنومایشــتدا تــەنیا لەرێگــەی پرۆســەی هەســتکردنەوەیەن

لەتێگەیشتنو چێژی ئیستاتیکیدا دروست دەبێت. (سیمۆلۆژی)نیشانە لەشانۆدا، توانای لەدایکبونەوەی هەیە، کەبونیادی دەلالی دەوڵەمەندتر بکات، شانۆ ئاوە تریفەو جوانیو کەشو وێنەو تاقیگەیەکی کەفچڕێنە، وێنەی بونو ژیانو کۆمەڵو سروشت لەناو شنە رونەکەیدا رەنگ دەداتەوە.. بەردەوام مرۆڤ پاکژ دەبێتەوە.. لەرزینو گریانو پاڕانەوە، جوڵەکانی تری جەستە.. ئەکتەر هەستو گومانو رارایی خۆی دەکات، بەتێڕوانینیو هەستی شاعیرانەو هونەریانەی خۆی دەریدەبڕێت..زمان بەشێوەیەکی هونەریانە لەگەڵ جوڵەو وێنە ساتە درامیەکەدا بەرجەستە دەکات بەزمانێکی نوێ.. لەگەڵ دەنگو هاوارو سەماو تیشك یەكدەگرنەوە.. كارە هونەریەكانی تر مۆسیقاو تیشك کاردەکەنە سەر بزاوتو جوڵەو میکانیزمی هەستو نەستی ئەکتەر.. خەیاڵی فراوان لەکەشێتی شانۆدا دروست دەکەن.. بینەر دەخەنە ناو جوڵەیەکی میکانیزمی گەڕان بەداوای پرسیارو دەلالەتو ئاماژەو نیشانە هونەریەکاندا..مۆسیقا خۆی زمانێکە.. پارچە ئاوازێکی بیستنە مرۆڤ هۆشیار دەکاتەوە.. راچەنین بەرەو چێژ لەنمایشتەکەو هونەری نواندنو جەستەی ئەکتەرو فەزای شانۆکەدا دروست دەکات، ئەکتەر کاتێك دەمو چاوی وێنەی خەفەتاوی(ئازار.. شەڕ.. خوێن) یان هەر وێنەیەکی تری تێدا بێت، ئەوا پارچە مۆسیقایەکی گونجاو وەکو ئاوازێکی سروشتی بەسەر دارو درەختدا بێت، واتە بوژانەوەی جەستە.. مۆسیقا لەساتە وەختی جوڵەو دەلالەتەکاندا خوێن دەهەژێنێت، مرۆڤ توشی تێڕامانو بیرکردنەوە دەکات.. گەڕانەوە بۆ(رابردو) (ئێستا) (وێنەی نهێنی).. (شەڕ).(لەسێدارەدان).. (لەدایکبون).. (روخان).. (دروستبونەوە).. (ئاهەنگ).. هتد.

سەرپەرشتیکەری ئۆرستکرا پێویستە بتوانێت هێزێکی دینامیکی دابهێنێت بۆ روبەرەکانی شانۆ، هەرچەندە مۆسیقا لەشانۆی کوردیدا هەتا ئێستا هەر لەحیمکاریبوە..دەرهێنان لەکاسێتەکاندا. هەڵبژاردنی مۆسیقا لەگەڵ ئەوساتە دراميیە کەدروست دەبێت.. مۆسیقا فرۆیە.. کارگێکە بە بروسکی تەمومژو کەشی شانۆکەدا دەخولڤێت..تەنیا بۆ ئەوە نیە گوێ لەئاوازێکی خۆش بگرین.. هەڵبژاردنی مۆسیقا بۆشانۆ وەکو گروپی خوێن وایە بۆ جەستەیەك.. ئەمەش کەلەبەرێکە لەشانۆی کوردیدا، مۆسیقا جوڵەکانی جەستەیی بەرجەستە نەکردوە، بیری نەوروژاندوە بۆدەلالەت دروستکردنو ئاماژەو نیشانەکان.. زۆرجار لەجوڵەو غەمو ئازار.. گریان..شیوەن..پێکەنین..پێچەوانە کەوتۆتەوە، دەلالەتی نەدۆزیوەتەوە.. مۆسیقا لەدایکبوی جوڵەی ئەو جەستەیەیە کەساتی درامی دەقەکەو نمایشتەکە دەخولڤێنێت کەحاڵەتی دەرونی دەردەخات.. لەگەڵ ئیستاتیکای شانۆدا خۆی دەدۆزێتەوە، لای من گرێچنی رۆحی نێوان زمانەکانی شانۆیە، کەفی رۆحە.

سەرپەرشتی کەری ئۆرکسترا لەشانۆدا خۆی دەبێتە دەرهێنەرو داهێنەرێکی تر.. دەبێت داهێنان لەسەرەتای کودەتا مەزنەکەی شانۆدا بکات..کودەتا لەعەقڵی مەعریفیو ئەو پرۆسیسە گەورەیەی ڕیتواڵی شانۆیی شانۆییەکەیە، هەمو زمانەکانی شانۆ لەیەك زمانو لەیەك گوتاردا کۆدەبنەوە، کە ئەویش گوتارو زمانی شانۆیە:

(نمایشی شانۆیی دەبێتە زەمینەیەکی زاخاودراو بە گریمانەو گوتاری کراوە. جەخت لەسەر هەمەجۆری چالاکیەکانی خوێندنەوە دەکات بەپێوەری دیالاکتیکی ئامادە بونو بزربون..پێویستە لەسەر رەخنەگر رۆڵی روخێنەری

رای گشــتی بێــت لەســەر دەلالــەتی نمایشــەکە.. نــەك لــەپێناوی پێناســەکردنێك بانگەشــی ئــەوە بکــات زۆرانبــازی نــاوەکی نمایشــتەکانی ناتوانرێــت بەتــەواوی دیــاری بکرێــت.. بــەڵکو رێگــە بــدات بــە هــەمو جــۆرە توانــای مانــا نزیکیــە سیمۆلۆژیەکانی گوتاری شانۆیی بێت. 8)

شــانۆ نــاوە کەســەکان خۆیــان پێویســتە مەلــەی هونەریانــەی خۆیــان بکــەن بەجوڵــەو نیشــانەو ئامــاژەی جەســتەبونی خۆیــان بســەلمێنن، خۆیــان فــەزا پــڕ بکەنــەوە.. هــەر ئەکتــەرێك لــەدەریای شــانۆدا خــاوەنی بــیرو هەســتو رۆشــنبیریو بــاری زانســتیو هونــەری نــەبێت دەخنکێــت.. کــەس نــاوی نــازانێتو جەســتەی نادۆزرێتــەوە..دۆزینــەوەی جەســتەی ئەکتــەر لەچــاوی بینەردایــە.. جەســتە پێویســتە پرۆڤــە کاربێــت، جەســتەی ئەکتــەر وەکــو جەســتەی یــاریزان پێویســتی بــە پرۆڤــە هەیــە، هەمیشــە بەبــەردەوامی پرۆڤــەی خــۆی دەکــاتو بەســەر پلــەکانی هونەریــدا ســەردەکەوێت.. جیاوازیــەك ئەوەیــە ئــەو لێدانــە بەنیشــانەو دەلالــەتی زمانی جەستەی دەردەبڕێت.. وێنە دادەهێنێت.

کــاتی خۆیــەتی بگەڕێینــەوە بــۆ جەســتە.. ئــەوەی لامــان گرنگــە جەســتەی فیزیۆلۆژیــە کــە بەجەســتەی نــوێی دەژمێــرن * جەســتەی فیزیۆلــۆژیش وەکو(بارت) ئاماژەی بۆ دەکات بەپێی مێژو دەگۆڕێت:

(جەســتەی ســەردەم خــودی خــۆی دەوێــت لەروانگەیــەکی جــەماوەریو کۆمــەڵیو ئەفسانەییەوە.. جەستەیەکی لاواز جەستەیەکی گەنج. 9)

جەســتەی ســەردەم لــەو روانگەیــەوە خــۆی دەدۆزێتــەوە..جەســتەی عــەقڵانیو پــەروەردەکردنی جەســتە..ئــەوەی باســەکە بــەکورتی بەرهەمــدێنێت ئیســتاتیکای جەســتەیە.. جەســتەی ســەردەم کــەبتوانێت هەســتەکانمان بۆبگوێزێتــەوە، نــەکو سیســتەمی داســەپاوی میتافیزیقــای شــانۆی کلاســیکی.. هەرچــەندە زۆربــەی

هەوڵدانـــەکانی شـــانۆی کـــوردی ڕەنگدانـــەوەی ئـــەون.. لەجوڵـــەی جەســـتەو بیرکردنەوەیـــدا لەسەربەســـتی.. بـــۆ دۆزینـــەوەی بەرهەمـــەێنانی خـــۆی.. چـــونکە بـــەردەوام وەك ئالـــەتێك وابـــوە بەدەســـتی دەرهێنـــەرەوە..دەیـــان جوڵـــەی پێـــدەگۆڕێت..دەرهێنـــەر لەشـــانۆی کوردیـــدا وەکـــو هونەرمەنـــدێکی شـــێوەکاری وایـــە کـــەخۆی وێنەکـــە دروســـت بکـــات، هـــەمو جوڵـــەو بزاوتنـــو وێنەیـــەکی کاراکتـــەر دەرهێنـــەر بـــوە، بـــەبێ ئـــەوەی کاراکتـــەر خـــۆی تـــوانیبێتی سەربەســـتی وەربگرێـــــت، دەتـــــوانین بڵـــــێین ئـــــەو گۆڕانانـــــەی کەهـــــەوڵی بۆدرابێـــــت. لاســـایکردنەوەیەکی شـــانۆی عـــەرەبی بـــوە، لەوانـــەیش شـــانۆی ئەزمونگـــەری.. ئـــەوە وەك هـــەنگاوێك هاتـــە پێشـــەوەو وەســـتا، جگـــە لەمـــەش هـــیچ تیۆرێکمـــان لەســـەر شـــانۆی کـــوردی نـــەبوە، نـــەك ئـــەوان بـــەڵکو هـــەمو تیپـــەکانی تـــر هـــەمان چەشـــن، تـــا ئێســـتاش هـــەوڵێکی نـــوێ بەرنامـــەو تیۆرێـــك نیـــە هـــەوڵی بیناکـــاری شـــانۆی کـــوردی دابێـــت.. جگـــە لاســـایکردنەوە، زۆربـــەی شـــانۆی عێراقیـــو عـــەرەبیش هـــەتا ئێســـتا خۆیـــان لـــە(برێختـــو پیتـــەر فـــایس) رزگـــار نـــەکردوەو لـــەو مـــەدارەدا دەخولێنـــەوە، ئیـــدی لاســـایکردنەوەی ئێمـــە بـــۆ ئـــەوان پرســـیارێکە ئـــاڵۆز.. کارەکـــە گەیشـــتوەتە رادەیـــەك لەســـەرەتاو ئێســـتاش هـــەر کـــەس بـــۆ خـــۆی بـــوە، هەرِەمەکیانـــە، بـــەڕوانینو بـــیرو هەســـتی تاکـــە کـــەس..لەتەقلیـــدو پـــێش تەقلیـــد تێکـــەڵاو کـــراوە.. ئەکتـــەریش بێخۆدۆزینـــەوە ماوەتـــەوە.. ئەگـــەر چـــاوێك بـــە مێـــژوی شـــانۆی جیهانیـــدا بخشـــێنین ئـــەوە لەهـــەمو ســـەردەمو بارودۆخێکـــدا ئەکتـــەر بـــە عەقڵیـــەتێکی نـــوێی ئـــەو ســـەردەمە کـــاری کـــردوە، پاشـــان ئـــەو دابڕانو هەوڵە نوێیانەی تر هاتون رچەو تیئۆری نوێیان داڕشتوە.

ئەگـــەر گـــەڕانێك بـــەدوای گۆڕانکاریـــەکانی ئەکتـــەردا بکـــەین.. گۆڕانـــە مەزنـــەکانی جیهـــانی ئەکتـــەر رۆژ بـــە رۆژ خـــاوەنی بـــیرو تێـــڕوانینی نـــوێ بـــون،

لەشانۆی کلاسیکیدا ئەکتەر ئەو سەربەستیە رەهایەی وەرنەگرت، لەشانۆی تەقلیدا گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات بۆدابڕان لەوبازنە داخراوەی کەهەیبو،

ئەوگۆڕانە هەرلە(ستانسلافسکی)و(دۆلین)و(میرەۆلد)و(ئارتۆ)وە دەستی پێکرد، ئەکتەر هاتە ناو قەوارەیەکی تر، هەرچەندە ئەوەش بەپێی زەمینو زەمانو هاوچەرخێتی ئەو کاتە بوە، ئەوە ئەگەر لەستانسلافسکیەوە سەیربکەین توانی قوتابخانەیەکی نوێ دابمەزرێنێت، بەڵام لەئیشەکانیدا تەنها سەرهەڵدانێك بو بۆ دابڕان لەوی پێشو.. هەڵگری زیندوبونەوە نەبو لەدۆزینەوەی دەلالەتی نوێدا، شانۆی نوێ، زیندو باوەڕی بەژیانە دور لەشتومەکی جوان:

(لەشانۆدا هەمو شێوەیەکی نوێ لەگەڵ لەدایکبونیدا هەڵگری رەگەزی مردنە، پێویستە هەمو لەدایکبونێکی نوێ لەخۆبگرێت کەناوەڕۆکی نوێ هەڵدەگرێت. 10)

ئەو قۆناغەی ستانسلافسکی بناغەیەکی پتەو بو بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی نوێ بۆ ئەکتەر..لەگەڵ بەرەو پێش چونی رەوتی گەورەی شانۆدا ئەکتەر کەوتە ناو مەودایەکی نوێترو بیرکردنەوەو هەلومەرجێکی تر.. هەرچەندە هەتا ئێستاش شوێنەوارو بناغەیەکی پتەوە، بەڵام ئەم باسە لەگەڵ فریشتەیی ئەکتەرو بەرەو پێشچونو دۆزینەوەی دەلالەتی نوێ لەجەستەیدا کارێکی ترە، شەپۆلی شانۆ لەتەوژمدایە، دوای ئەوەش چەندە گۆڕانی سەرتاسەری لەشانۆدا کرا.. بۆنمونە شانۆی مەلحەمیانەی بریخت باس لەتەقینەوەی ئەکتەر دەکات لەتێڕوانینی دەرهێنەرەوە، کە چاودێری بکاتو وەبینەر شایەتێکی تیژبین بێتو رەخنەگربێت بۆرروداوی شانۆو

کەشـــێتییەکان. ئەمـــە روانـــینی ئەکتـــەر دەکوژێـــت..هەرچـــەندە برێخـــت بـــەر لەهـــەمو شـــتێك هـــەوڵی داهێنـــانی گوتـــاری سیاســـی دەدا.. ئـــەوەش ئەنجامـــەکانی جـــەنگی جیهـــانی بـــو ویســـتی واقیعیـــەتی سۆســـیالیزمی لەهونـــەری شـــانۆدا پیـــادە بکاتـــەوە..رۆڵێکـــی گـــەورەی گێـــڕا بەرامبـــەر ئیـــدای ئەکتـــەر کەهـــەڵگری –نیشـــانەی شـــانۆییەو خـــاوەنی ئیمتیـــازە..لەدراماتۆرجیـــدا جـــەختی لەســـەر دولایـــەن کردۆتـــەوە: پەیوەنـــدی رەمزیـــو بایـــەخی ئامـــادەبونی مادیو کۆمەڵایەتی.

لێـــرە مەبەســـتمان تێگەیشـــتنە لەهونـــەرو نەوەســـتانیەتی، بەدڵنیاییـــەوە ئەگـــەر بێتـــو هـــەوڵی برێختـــو ستانسلافســـکیو مایرەۆڵـــدو ئـــارتۆ لەشـــانۆدا دەربهێـــنین ئـــەوا کۆڵەکـــەی شـــانۆ دەڕمێـــت.. ئەمانـــە ئەســـتێرەی جیهانـــە مەزنەکـــەی شـــانۆن، بـــەپێی قۆنـــاغ گەشـــەیان بەشـــانۆ داوە.. بـــەڵام هونـــەر ناوەســـتێتو رۆژانـــە هـــەنگاوی بـــاڵا دەنێـــت.. ئـــەوەی لامـــان گرنگـــە ئـــەو هەوڵانەیـــە.. کەلەســـەر جەســـتەی ئەکتـــەر کـــراو لەشـــانۆی تەقلیدیـــدا. شـــانۆ هەمیشـــە لـــەنوێ بونەوەدایـــە، هـــەمو ســـاتێك گـــۆڕانی بەســـەردا دێـــت، ئەکتـــەر ئـــەو فریشـــتەیەیە کـــەهیچ کاتێـــك نابێـــت دوبارەبونـــەوەو جوینـــەوە لـــەخۆیبگرێت، نـــەکو ئـــەو دوبارەبونەوەیـــەی لـــەمیتافیزیقیای شـــانۆی کلاســـیکیدا ئەکتـــەری بەنـــدکردبو، شۆڕشـــە مەزنەکـــەی (ئـــەنتۆنان ئـــارتۆ)شـــانۆی توندوتیـــژی(مســـرح القســـوە) ویســـتی کۆتـــایی پـــێ بهێنێـــت.. کـــە هـــەتا ئێســـتاش شـــوێنەواری ئـــارتۆ فەزایـــەکی گـــەورەی داگیرکـــردوە، بالـــەو دەرگایـــەوە دەســـت پێبکـــەین کـــەئارتۆ ویســـتی رزگـــاری ببێتـــو کۆتـــایی بەهونـــەری گێڕانـــەوە بهێنێـــت.. کۆتـــایی بـــەو ئیستاتیکا ئەرستیەی کەمیتافیزیقیای شانۆی رۆژئاوا خۆی تیادا ناسیبو.

هونـەر لاسـایکردنەوە و نیشـاندانو وێنـەگرتنی ژیـان نیـە وەکـو خـۆی.. بـەڵکو پەیوەندیـەکی بـەراوردکاری لەگەڵیـدا هەیـە، ژیـان خـۆی بـاوەڕێکی بـەرزە، هونـەر لەگەڵیـدا دەمانگەیەنێتـە جـوت بـون، کێشـەو ڕەخنـەو باسـەکانی ئـارتۆ جیـاوازە، نکـوڵی لـەو دەورە گرنگـو پـڕ بایەخـەی ناکرێـت کـە هـەیبو.. ئـەوی لای ئێمـە گرنگـە قسـە کردنـە لەسـەر ئەکتـەرو جەسـتەی ئەکتـەر، لای(بـارت)و(کرۆتۆفسـکی)و (دریـدا)توندوتیـژی بەپێشـزانی (التنبـۆ) دەدەنـە قەڵـەم، ڕەخنـەکانی ئـارتۆ لەسـەر ئەکتـەر تـەنیا خـەیاڵو پێشـزانیو جۆرێك لەشیعرەو ئەنجامێکی بەرهەمەێن بەدەستەوە نادات:

(نـاکۆکی لـەبیری ئـارتۆدا لـەو راسـتیەدایە کـەپێش نیازەکـەی جێبـەجێ ناکرێـت، ئەمـە مانـای ئـەوە نیـە کـە ئـارتۆ هەڵەیـە؟ نـەخێر ئـارتۆ لـەپاش خـۆی شـێوازێکی بەڵگـەدار یـان پـەیرەوێکی جێنەهێشـت.. لـەپاش ئـەو خـەیاڵو وێنـە شـانۆییانەوە، بـە بێگومـان ئـەوەش کەسـایەتی ئـارتۆ خـۆی دەردەبڕنـو تارادەیـەکیش ئـەنجامی نـەبونی کـاتو هـۆی پێویسـتیش بۆجێبـەجێکردنی دەگەڕێتەوە11).

شـانۆی تونـدو تیـژی ئـەو پێشـزانیە بـو کـە ئـارتۆ کـردی.. ورد بەسـەر ژیـانی ئـارتۆدا بچـینەوە کـاتو شـوێن یاریـدەدەری ئەوکاتانـەی نـەبون هـەتا بتوانێـت ماناکـانی خـۆی بگەیـەنێت، ئـارتۆ ویسـتی دابـڕان لـەو هێڵـە کلاسـیکیەی بـەر لـەخۆی بکـات هـەوڵی نوسـین بـدات لـەپێش جیابونـەوەی وشـەو دالـو مـەدلولو کـە یـان بـۆ جەسـتەو گیـان.. هەسـتو نەسـت، نوانـدن لەکەشـێتی شـانۆدا، نـەکو لەبۆشاییەکی وندا، واتە نواندن لەجێگای نواندندا.

لای دریـدا ئـەم هەسـتانەی ئـارتۆ دژی خـوی بـو لەنواندنـدا، کـە توانـای دوبارەبونـەوەی هەیـە هـەڵگری دوبارەبونەوەیـە.. ئـەوەی لامـان گرنگـە لێـرەدا

سەرهەڵدانە لەسەر ئاستی ئەکتەر.. ئێمە کە باسمان لەتوندو تیژی کرد بەرەو هەوڵدانێك بۆ دابڕان لەو هێڵەی بەر لەخۆی، ئەم ڕێرەوە لەتوندو تیژیدا ئەنجامی خۆی نەپێکا. ئێمە باس لەئەکتەرو لەدایکبونەوەی دەکەین.. لەسەر بنەمایەکی نوێ.. نەکو بۆ مردنێك پێش لەدایکبونو دوای لەدایکبون:

(گومانی لێناکرێت ئەم ژیانەوەیە (ئەم لەدایکبونەوەیە) تێدەپەڕێت هەروەکو ئارتۆ خۆی لەجارێك زیاتر پێی لەسەر داگرتوە، بەشێوەیك لەبەر پەروەردەکردنەوەی ئەندامەکان، بەلام ئەم پەروەردەکردنەوەیە توانی خۆی بگەیەنێتە ژیانێکی پێش لەدایکبونو پاش مردن. 12)

ئەمە ئەو سلبیەتەیە کە شانۆی توندوتیژی لەخۆی دەگرێت.. چونکە توندوتیژی هەوڵێکی رادیکاڵیانە بو وەك(بارت) ئاماژەی بۆ دەکات. هەوڵدانی ئەوە بو کە گۆڕانێکی بنەڕەتی بکات لەبەشەکانی ژیاندا بکات، کەبیر لەناوەوەی فیزیایی بزوتنەوەی دراما‌دا هەزم بکات.. بەم پێیەش جیابونەوەی ناوەوە دروست نابێتو وێنەی دەرونیش ناخوڵقێت..جەستەش تەنیا نمایشێکی تەقلید ئامێز دەکات:

(ئەوەی دەڵێین لەسەر جەستە هەمان ئەو شتەیە کەلەبارەی شانۆوە دەیلێین.. کەواتە ئێمە دەزانین کە ئارتۆ لەسەرەتای دامالدرانێکا دەژیا.. جەستەی تایبەتی خۆی، واتا موڵکایەتیو خاوێنی جەستەی لێی دزراوە لەسەردەستی ئەوخواوەندە دزە لەساتەوەختی لەدایکبوندا کە خۆی لەدایکبوو. 13)

ژیان لەشانۆی توندوتیژیدا ژیان لەئامێزدەگرێت.. بەجۆرێك کەلەژیانی مرۆڤ لایدابێت.. توندوتیژی تەنیا نواندنی ژیانە.. نیشاندانی وەکو خۆی،

لێـرەدا پەیوەسـتەی ئـەو تەوقـە کلاسـیکیەی دەبێتـەوەو ناتوانێـت بـەراوردکاری لەگـەڵ ژیانـدا بکـات.. هونـەر لەگـەڵ ژیانـدا هاوکێشـەیەکی ئاسـۆیی هەیـە.. لێـرەدا تـەنیا مەبەسـت (لەئـەپۆلۆ دیۆنسیۆسـی نیتشـەوی) نیـە، گـرنگ کـارتێکردنی ئیسـتاتیکیە کـە کـار دەکاتـە سـەر جەسـتە هـەتا بگاتـە بینـەر.. لێـرەوە بـەرەو ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـەدوای ئـارتۆ کـران، ژیـان رەهەنـدێکی نـوێی وەرگـرت.. هونـەر گەیشـتە حاڵـەتی خۆدۆزینـەوە لـەناو کێشـە مەعریفیـەکانی مرۆڤایەتیـدا، هونـەر تـوانی داهێنـانی گوتـاری ئیسـتاتیکی بکـات.. ئـەوە دەمـان گێڕێتـەوە بـۆ ئەکتـەر.. پێویسـتە ئیسـتاتیکای ئەکتـەر فەلسەفیانەو نومایشکارانە بێت نەکو بەپێچەوانەوە،

رۆڵ ئیـدایـە مـرۆڤ لـەناو خۆیـدا دروسـت دەکـات.. لێـرەدا بنـەمای خـۆیو پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ ئـەوانی تـردا دروسـت دەکـات.. هـەمو ئەکتـەرێکی بـەتوانا بـەردەوام لەگـەڵ بـەرز بونـەوەی تەمەنـدا خـۆی پـەروەردە دەکـات.. وەکـو چـۆن منـداڵێك لەدایکـدەبێت، ئەمـەش لەئـەنجامی پرۆڤـە کـاریو سـەرقاڵی هەمیشـەیی هونـەرو بـاری رۆشـنبیری..ئەکتـەری راسـتەقینە هەمیشـە لـەنوێ بونەوەدایـە، تەنانـەت نـاهێڵێ دوبارەبونـەوەو سسـتی بیگرێـت هـەتا دەنگـی بگۆڕدرێـت، دەبێـت هەمیشـە هـەوڵی فێربـونی دەرونـی بداتـەوە، جـارێکی تـر نـەك دەنگـی بـەڵکو خـۆی بدۆزێتـەوە..ئـەم هەوڵـە نوێیانـەی لای کرۆتۆفسـکیو بیتربـرۆگ دەورێکـی بالآیـان گێـڕا، لەپـەروەردە کردنـی پێگەیانـدنی ئەکتـەردا، تیـۆری نـوێ لەسـەر جەسـتەی ئەکتـەرو روبـەرەکانی شـانۆ، بـرۆك دەگـات دوا پێناسە:

(ئێمـە تیـۆری دەزانـین هـەمو ئەکتـەرێك پێویسـتە رۆژانـە لـەخۆی بپرسـێت وەکو پیانۆ ژەنێك یا سەما کەرێك، یا وێنەکێش. 14)

شانۆی کوردی هەتا ئێستا ستۆدیۆی ئەکتەری نەبوە، ئەو پرۆژە کاریەی نەبوە، بەچەند هەفتە شانۆگەری دێتە سەر ژەنرالّ پرۆڤە. ئەگەر سەیری زۆربەی ئەکتەری کورد بکەین دەبینین کەسێکە لەبری کەسێکی تر، یاخود لاسایی کەسێك دەکاتەوە، گێڕانەوەیەکی مێژویی یاحیکایەت خوانیّ دەکاتو هیچی تر.. لێرەدا پەیوەندی شێوازەی شانۆ دەپچڕێت، شانۆ پێویستی بەداهێنان هەیە، هەر شانۆیەك هەمو دەنگەکانی نەگرتەخۆ.. جەستە زمانی ئافراندنو داهێنانی هونەری نەبو مانای هونەر نیە بەقەدەر ئەوەی بابەتێکە لەلاسایی کرنەوەی بەناوی هونەر.

ئەکتەر لەژێر تێڕوانینێکی هۆشمەندانەوە دەلالەکانی خۆی دروست دەکات، پێویستە هەمیشە زمانی جەستە دروست بکات، ئەکتەری کورد لەمیکانیزمی جولّە ئافرێندراوەکەی خۆیدا خۆی نەدۆزیوەتەوە، هونەریش بەر لەهەمو شتێك گوتارێکی ئیستاتیکیە نەکو گوتارێکی کۆمەڵی.. دەبێت گوتارە ئیستاتیکیەکە نەکەوێتە ژێر پەتی دوبارەوەبو، سوسیۆئایدۆلۆژیا تەوەرەکانی گوتاری ئیستاتیك دانەپۆشێت.. هەتا جەستە جوانیەکانی خۆی بزرنەکات.

لێرەدا کاتی ئەوە هاتوە بۆ ئیستاتیکای جەستە بڕۆین، باس لەبەرگی جەستە بکەین، شانۆ دەبێت ئافراندنو داهێنانی بیرێکی نویّ بێت..بەرگ دەلالەیەکی بەهێزی هەیە لەشانۆدا، دەبێت لەگواستنەوەی دەلالەتە فراوانەکەی خۆیدا بەسەربەستی کاربکات:

(بەرگ لەهەمو سەردەمێکی شانۆی گەورەدا کارێکی دەلالی بەهێزی هەیە، نومایشت ناکرێت بۆ ئەوەی سەیری بکەینو بەس، بەڵکو بۆ ئەوەی بیخوێنینەوە، کە بیرو زانیاریو هەستەکانمان بۆ بگوێزێتەوە. 15)

بەرگی شانۆیی دەبێت هەمیشە ئیستاتیکای خۆی دروست بکاتو ببێتە داهێنەری گیانێکی نوێ جیاوازی نەخاتە بەرچاو، پەیوەندی بەرگ بەشانۆوە دەلالەتو سیمۆلۆژی دروست دەکەن، بەرگ مانای کۆمەڵایەتیو ئابوریو دەرونییە:

(پەیوەندی نیوان بەرگو مادەکانی سروشت وەك بەرد وشەو گەڵای درەخت وایە. 16)

لێرەدا لەجەستەی فیزیۆلۆژیەوە بۆ جەستەی ئیستاتیکی، لەم حاڵەتەدا بەرگ دەبێت دالێك بێت..جەستە بەهۆی بەرگەوە هاوچەرخێتی خۆی وەردەگرێت لەکاری تازەگەریانەدا بەسەربەستی کار دەکاتو دەبێتە جەستەی سەردەم..هاوچەرخێتی نوێ بەبەرگ دالێکە بۆ دروست بونی چەندەها چەمکی نوێ..بەرگی شانۆی رەسەن دەبێت دوربێت لەکارتێکردنی ساوایی، کەلەشانۆی تەقلیدیانەدا دەکرێت.. ئاماژەی بەرگ یان شتێکی تر هەریەکەیان ئاماژەیە بۆ ئاماژەیەکی تر..ئەم دیاردەیە لەشانۆی کوردیدا پێچەوانە کەوتۆتەوە.. هێنانو پۆشینی بەرگی کۆن بە نیشانەی زیندو بونەوەی کەلەپورو فۆلکلۆر دەزانن، خەنجەرو چیغو فەقیانە.. هتد.

کەلەپور ئەگەر خۆی زیندوبێت ئەواهەمیشە هاوچەرخو هاورێگامانە، هەمومانە بیرو عەقڵو مێژوە، هەستو روانینەکانمان بۆ دەگوێزێتەوە، ئەوەی گرنگە لێرەدا جەستە دەبێت بزانێت چۆن خۆی دەپۆشێت؟ بەرگ بۆ جوانی چاو هەڵفڕاندنو گوتاری سیاسی نیە، بەڵکو بۆ زیندوبونەوەو راچەنینولەدایك بونێکی ترە:

(سەر پەرشتیکەری بەرگی شانۆیی دەبێت دور بێت لەوەی لەیەککاتدا بەرگدرو وێنەکێش بێت. 17)

بــەرگیش دەبێــت کــارێکی دەلالیانــەی بــەهێز بکــات.. بــەجۆرێك کــە بتوانێــت گیانی شانۆ نەمرێنێت:
(ئــەو گونجاندنــەی کــەبیر پێیــدا تێدەپــەڕێت لــەنێوان بــەرگو ناوەڕۆکەکەیــدا ئەمە یەکەم یاسای شانۆییە. 18)
شــــانۆ ئاهــــەنگێکی هونەریانەیــــە لــــەروانینی جەســــتەی مێــــژوەوە، لەگوزارشــتکردن.. لێــرەدا پێویســتە ئــەوە رون بکەینــەوە بــەرگی شــانۆ دەبێــت هــەڵگری گواســتنەوەی هەســتو نەســتمان بێــت.. بمانخاتــە نــاو بیرکردنــەوەوە نــەکو تــەنیا بــۆ پۆشــینو خۆڕازاندنــەوە.. بــەرگی شــانۆیی مــادی نــەبێت زینــدوێتی خــۆی دروســت ناکــات.. پێویســتە ئەکتــەر ئارایشــتێکی نــوێی بــۆ بکرێــت.. بــەجۆرێك کــە چــێژ لەجەســتەدا دروســت بکــات، بینــەر هەســت بــەوە بکــات کــە ئــەو کەســەیەکە دەوری دەبینێــت.. چــونکە بــەو جــۆرە نــەبێت ناتوانێــت هــیچ ئــەرکێکی ئیســتدلالیانەی خــۆی بکــات.. پێویســتە ئەکتــەر ئارایشــتەکەی نەبێتــە ســـیواغدانێکی دەســـتکرد.. ئـــەوەش ئـــەنجامی جوڵـــەو توانـــای لەرادەبـــەدەری دەموچـــاوو ئەندامـــەکانی تـــری جەســـتەیەتی، هـــەتا مانـــای دەلالەتــە قوڵــەکانی بخوێندرێتــەوە..ئەکتــەر دەبێــت لەبیرکردنــەوەی درامــای فــەزای شــانۆییەکەدا کــار بکــات، پەیوەندیــەکانی خــۆی بــە وەرگــرو دەقــو دەهێنــەرو بینــەرەوە بدۆزێتــەوە.. هــەمو دەنگــو پەیوەنــدیو زمانــەکان دەبنــە یەك زمانو یەك گوتار کە ئەویش زمانو گوتاری شانۆیە.
شــانۆ ئــاوە.. ئــەم کارێــك دەکــاتو ئــەویتر تــەواوی دەکــات.. بــەو جــۆرە پانتــاییو فــەزاو روبــەری شــانۆکە پڕدەکەنــەوە.. نیشــانە ئاســۆییەکەی هونــەر بەســەر نومایشــتەکەدا پــەخش دەبێتــەوەو بینــەرو ئەکتــەر لەئاهــەنگی هونەرییانــدا تێکەڵاو دەبن.

ژێدەر

1ــ المسـرح التجـريبي مـن ستانسلافسـكى الـى يـوم (جـيمس روس) ت: فاروق عبدالقادر ص43

2ـ تأويـل لغـه الجسـد داخـل اللاوعـى الپقـافى العربـى-الفكـر العربـى المعاصـر لسنه 998عدد 54-55ص 65/ على زيمور

3ــ مسـرح القسـوه وحـدود التمپيـل (الكتابـه والاخـتلاف)جـاك دريـدا، ت كاظم جهاد ص88

4ـ نفس المصدر:ص101

5ـ مسـرح نهايـات القـرن العشـرين(بقلـم د.فيـدكوى)ت د.امـين حسـن الجنـابى م الادب المعاصر، المسرح ڤر/ عدد خاص.

6ـ نحو مسرح الفقير/جيزرى كروتوفسكى/ت د.كمال قاسم نادر/ص17

7ـ دليل دراسات الاسلوبيه / د.جوزيف ميپال شرنج ص67

8ـ المقاربـه السـيميائيه للخگـاب المسـرحى/عـواد علـى/ افـاق عربيـه/عـدد رابع نيسان 1992 ص80

9ــ الجسـد ايچـا وايچـا / رولات بـارت /ت د.انگـوان ابوزيـد /الفكـر العربى المعاصر العدد/ السابع1989

10ـ مكان خالى/ بيتربروك / نفس المصدر السابق ص16

11ـ نحو مسرح الفقير/ / نفس المصدر السابق /ت. كمال جاسم ص74

12ـ مسرح القسوه نفس المصدر السابق/ ص76

13ـ مسرح القسوه/ نفس المصدر السابق ص76

14ـ نحو مسرح الفقير ⁄ ص3 مقدمه بقلم بروك
15ـ علل الزى المسرح ⁄ رولان بارت⁄ ت. شكرى المبخوت.
16ـ نفس المصدر
17ـ= =
18ـ= =

لەبلاوکراوەو بەرهەمەکانی نوسەر:

1- کفن پۆش و کەون 1990شیعر

2- جەنگی جیهانی سفر1993 شیعر

3- سقوگ الکون| مجموعه الشعریه| .2003

4- سدره الحسین/الاعمال الشعریه الکامله/2012

5- کەوتنە خوارەوەی گەردون، شارای شیعریم..2000.

6- ئۆقیانوسی مەرگەسات|شانۆیی 2007 .

7- چیای ئاو| شانۆیی2007 .

8- مۆسیقای مەرگی ناوەختە| رۆمان 1992.. .

9-نەفخو وێنەی با| رۆمان 2000..2007 .

10-سدرەو زەیتونو سێو/2007+2008. چامە شیعر. ئامادەیە بۆ چاپ.

11- شوناسی نادیارو سروشتی رۆمانی کوردی/لێکۆڵینەوە ئامادەیە بۆ چاپ.

12- شوشـــەیەك زۆر غـــەمبارە/کۆمەلەشـــیعر/ وەرگێـــران/ ئامادەیـــە بـــۆ چاپ.

13-سەرلەنویٚ نوسینەوەی کوژاوەکان|وەرگێڕان/ئامادەیە بۆ چاپ.

14- حوارات فنون قتالیە.کۆمەڵێك وتارو چاوپێکەوتنە ئامادەی چاپە.

15-ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ |رۆمان 2010

16-بورکانی ئاوێنەی ژەنەڕاڵ/رۆمان/بەرگی دوەم ئامادەیە بۆ چاپ.

17- لاشخصـــــیە اللغــــــە ل(حفریـــــات فی زاکـــــرە اللاوعـــــی المهمل).وتارولێکۆڵینەوە ئامادەیە بۆ چاپە.

18- محیگ الحجر/قصائد/ حائز لنشر/2011

19- ســـیناروّی شـــانۆیی( مـــەکبێس)ولـــیم شکســـپیر. ئامادەیـــە بـــۆ چاپ.

20- بارزانیو هێڵی مێژو.لێکۆڵینەوە 1995 ئامادەیە بۆ چاپ.

21-کوردســـتان جوگرافیـــاو دەســـەڵات لێکۆڵینـــەوەو وتـــار. ئامادەیـــە بـــۆ چـــاپ .

22-حوارات پقافیە کۆمەڵێك چاوپێکەوتنە ئامادەیە بۆ چاپ.

23-کرێکارانی مەعریفەو شۆڕشی سپی/کۆمەڵە وتارو لێکۆڵینەوە.

24- **إنوجـــــاد الآنــــــا والتمپــــــل الكـــــونى فى مجموعــــــه ســـــقوگ الكـــــــون)** لێکۆلینـــــــەوەو وتـــــــار لەســـــــەر شــــــیعرەکانی

چـــەندین پـــەرتوکی تـــر لێکۆڵینـــەوە لەســـەر شـــیعرو رۆمانـــەکان بەعـــەرەبیو کوردی.

- بەدەیـــەها باســـو لێکۆڵینـــەوەی لەرۆژنامـــەو گۆڤارەکانـــدا بـــە عـــەرەبیو کـــوردی نوسیوەو لەسەر نوسینەکانی بڵاوبونەتەوە.

چەند هەڵەیەك کەوتبوە کتێبەکەوە لێرەدا راستمان کردوّتەوە.